دەنیس کاڤاناک

# ململانێی
# هەڵبژاردن

و: ئەبوبەکر خۆشناو

دەنیس کاڤاناک
ململانێی هەڵبژاردن
و: ئەبوبەکر خۆشناو

# ململانێی
# هەڵبژاردن

نوسینی

**دەنیس کاڤاناك**

وەرگێڕانی

**ئەبوبەکر خۆشناو**

**ناوی کتێبەکە بە فارسی**

مبارزه انتخاباتی
( بازاریابی نوین سیاست )
نوشته : دنیس کاوانک
ترجمه : علی اکبر عسکری تلاوت
چاپ اول : ۱۳۷۹
سروش تهران

**ململانێی هەڵبژاردن**

---

***نوسینی : دەنیس کاڤاناك**
***وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو**
***تایپ: هاوڕێ عومەر**
***کاری کۆمپیوتەری: سەبور حەمەشەریف**
***ژمارەی سپاردن: ( ٦٠٨ )**
***چاپخانەی: روون**
***کتێبی رووناکبیری ژمارە ( ٥٣ )**

| | |
|---|---|
| - پێشەکی | ٥ |
| ٢-ململانێی هەڵبژاردن بە ئامرازە نوێکانی پەیوەندی | ١٧ |
| ٣- پێکهاتەی هەڵبژاردن | ٤٧ |
| ٤-راپرسییە گشتییەکانی رای گشتی | ٩٠ |
| ٥-راپرسییە تایبەتییەکانی رای گشتی | ١١٧ |
| ٦-مەودا و تەگەرەکانی بازاردۆزیی سیاسی | ١٥٨ |
| ٧- پوختە | ١٩١ |

# پێشەکی

هەڵبـژاردنی ڕکابـەریی ئـازاد بەبەشـێکی جودانـەبۆوەی دیموکراسـیی هەڵبـژاردن لەقەڵـەم دەدرێ. ئـەم جـۆرە هەڵبژاردنانـە، تـەنیا هـەلی سیستماتیك و ڕێسادارن کە هاووڵاتیان دەتوانن بەهۆیەوە فەرمانڕەواکانی خۆیان هەڵبژێرن. چەند هەفتەیەك چالاکی گشتیی هەڵبژاردن ئەم بوارە بۆ دەنگـدەران دەرەخـسێنێ تـا لەپرۆسـەی داکـۆکیکردنی سیاسـەتمەداران لەپێـشینەکانی خۆیـان، ڕەخنـەیان لـە ڕکابـەرەکانیان و ڕێبـازە پێـشنیارکراوەکانیان بـۆ ئاینـدە ئامـادەبن. هەڵمەتـەکانی هەڵبـژاردن، دەرگاکـانی ڕژێمێکـی سیاسـی دەکەنـەوە و هەڵبـژاردنیش ڕاودیـدی دەنگدەران لەمەڕ ڕابردوو، وئەولەویەتەکانی داهاتووی حزبەکان دەخاتە بەردەسـتیان. لـەم ڕووەوە، چـۆنیەتی بـەڕێوەبردنی ململانێـی هەڵبـژاردن لەلایـەن سیاسـەتمەداران و ئـەو پانتاییـەی کەتیایـدا یـەك هەڵبـژاردەی هۆشیارانە دەدەنـە دەنگـدەران، بەبابـەتێك بـۆ لێکۆڵینـەوە دەسـت نیـشان دەکرێ.

چـالاکی هەڵبـژاردن لەبـەریتانیا، بەشـێوەیەکی سـەرەکی لەبەرانبـەر تەکنیکی نوێ و پسپۆرییەکانی کارمەندانی پەیوەندییەکان لەگۆڕان دابووە. ئەدەبیاتی ئێمە لـەبارەی دەنگدەران، بە بـەراورد لەگـەڵ قـەبارە کەمەکـەی ئەدەبیات لەمەڕ (بەرهەم هێنەران)ی ململانێی هەڵبژاردن، زۆر زیاترە. ئێمە لـەم کتێبـەدا، لـەو گۆڕانکارییانـە و ئـەو کەسـانەی لـەودیوی ئـەم گۆڕانکارییانـەوەن، دەکۆڵینـەوە. هەنـدێ نووسـەرو بەشـدارانی هەڵبژاردنـەکان پێـشوازی لـەم گۆڕانکارییانـە دەکـەن، هەنـدێکی دیکـە

مـــەحکوومی دەکـــەن و ژمارەیـــەکی کـــەمیش لـــەم بارەیـــەوە بێلایـــەنن. سیاسـەتمەدارە ناسـراوەکان باوەڕیـان وایـە کـە تەلـەفزیۆن بۆتـە پێنـاوێکی گـرنگ بـۆ بەرقـەرارکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ دەنگـدەران و هەسـت دەکـەن کەسـوود وەرگـرتن لەپـسپۆڕییەکانی دەزگـای پروپاگنـدە، راپرسـییەکان، راوێـژکارانی رای گـشتی ونووسەرانی گوتـارە رەسمییـەکان، بۆتـە کـارێکی پێویست. لەگەڵ هەندێش، ئەوان بەزۆری بێزاریـی خۆیـان لـە وابەستەبوون بـــەم پـــسپۆڕانە دەردەبـــڕن و یـــادی رۆژانـــی رابـــردووی چـــالاکییەکانیان دەکەنـەوە، کـە پەیوەسـت بـوونی پەیوەندییـە گشتییەکان بـەم چالاکییانە، بایـــەخێکی زۆرتریـــان هـــەبووە. ئـــەوان خزمـــەتگوزاریی راپرســـەکان و راوێـژکاران قبـوڵ دەکـەن، بـەڵام هەسـتی یـەکبوونیان لەگـەڵ دا ناکـەن. لێکۆڵینەوەی ململانێکانی هەڵبژاردن لە ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا نیـشان دەدا کـە ((*زۆربـەی کاندیـداکان ئاگـاداری ئـەوەن پێویـستیان بـە راوێژکارانـە، بـەڵام لەمـەڕ پێویـستی بوونیـان، بەبێ‌ئـەوەی دەرکێکـی دروسـتیان لـەکارەکانیان هـەبێ، بـەگومانن*)) (*سـباتو ١٩٨١، بەشـی ١٤*). هـەواڵنێرانی چاپەمەنییەکان و رادیۆوتەلـەفزیۆن کـە پەیوەندییـەکی نزیـك، بەڵام بێ عاتیفەیان لەگەڵ سیاسەتمەداران و هەڵسووڕێنەرانی ململانێکـانی هەڵبـژاردن دا هەیـە، ئەوانیش گلەییـە تایبەتییـەکانی خۆیـان هەیـە. ئـەوان بـەزۆری، ئـەو شـێوازە زالمانەیـە مـەحکووم دەکـەن کـە هەڵـسووڕێنەرانی حزبـــەکان لـــەتووڕدانی وێنـــا زەینییـــەکان و ســـوودوەرگرتن لەوێنـــەی هەڵبژاردەو بڕگەی دەنگی دەیسەپێنن و رەخنە لەزۆریی شانۆکاری و سووك کردنی رەوتی هەڵبژاردن دەگرن. سیاسەتمەدارانیش لەلایەن خۆیانەوە ئەم

مەسەلانە بەئاکامی ئەو شێوازانە دەزانن کە میدیاکان لەبڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا، بەکاریان دەهێنن. نووسەران و هەڵسووڕاوانی ململانێی هەڵبژاردنیش، گلەیی لەیەکتر دەکەن.

ئەم کتێبە لەپەیدابوونی پسپۆرە نوێکانی ململانێکانی هەڵبژاردن و کاردانەوەی سیاسەتمەداران لەم بارەیەوە، دەکۆڵێتەوە. لەم کتێبەدا، چۆنیەتی خولقاندنی لێکگەیشتن لەنێوان حزبەکان و شێوازە نوێکان نیشان دراوە و نفووزو کاریگەریی راپرسان و دەزگاکانی پروپاگندە لەسەر چالاکییەکانی هەڵبژاردن هەڵسەنگێنراوە. بەکارهێنانی زاراوەی ئەمریکایی (ئەمریکاییبوون) بۆ وەسف کردنی ئەم پرۆسەیە، تەئکید دەکا کە گەلی چالاکی پەیوەست بەمیدیاکان و پشت بەستنی سیاسەتمەداران بەکارمەندانی پسپۆری پەیوەندییەکان، بۆ یەکەم جار لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پەرەی گرتووە و پاشان لەولاتانی دیکەدا چاوی لێکراوە (*باتلەر و رانی ۱۹۹۲، مانسینی و سوانسۆن ۱۹۹۵*). ئەم رەوتانە خۆ بەهیچ سنوورێکی نیشتمانی نابەستنەوە. پسپۆرانی ئەمریکایی و بەریتانی لەم تەکنیکانە، لەو هەڵبژاردنە ئازادانەی لەم دواییانەدا لەئەفریقیای خواروو، وئەورووپای رۆژهەڵات دا بەڕێوە چوون، رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە. حزبەکانی ئەم ولاتانە، برگەی دەنگی و وێنەی هەڵبژاردەیان بۆ بەرنامە هەواڵییەکانی ئێواران ئامادەکردووە و-وەك ئەوەی لەبەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان دا دەبینرێ- راپرسییەکان و ئەو گرووپە ناوەندییانەی بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەگەلی پەیوەست بەدەنگە (وێڵەکان) رێك خراون. لەگەڵ هەندێش، رەوتی ئەم نفووزە یەکسەرە نییە:

ئەگەر چالاکییە سەلبییەکانی **حزبی پارێزگاران** لەساڵی ١٩٩٢ لەدژی **حزبی کرێکاران** لەبواری باجەکان رەنگدانەوەیەکی پروپاگندەی هەڵمەتبەرانەی **بوش** لەهەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ١٩٨٨ بزانین، دەبێ بڵێین شێوازی بوش لەهەڵبژادنی ساڵی ١٩٩٢ تارادەیەك قەرزاری ماناکانی پارێزگاران لەبواری باج ومەسەلەی رێبەرایەتی بوو.

چالاکییە مودێرنەکانی هەڵبژاردن، سێ گرووپی گرنگی یاریکەران لەخۆ دەگرێ. **یەکەم**، دەنگدەران کە تارادەیەکی زۆر لێیان کۆڵراوەتەوە. لەگەڵ ئەو مشت ومڕانەی لەبواری پێشکەش کردنی روونکردنەوەی جۆراوجۆر لەمەڕ رەوتاری دەنگدان هەن، لەباری ئێستادا ئێمە زانیارییەکی زۆرمان دەربارەی چۆنیەتی پێکهاتی رەفتاری دەنگدەران لەبەردەست دایە. (*هیس، جاول و کرتیس ١٩٨٥، ١٩٩١، روزو مەك ئەلیستەر ١٩٩٠*). خزمەتگوزارانی ململانێکانی هەڵبژاردن مەیلێکی زۆریان بۆ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە هەیە، چونکە ئەم لێکۆڵینەوانە یارمەتییان دەدا بۆ ئەوەی دەنگدەران بناسن و پەیامەکانی خۆیانیان بەشێوەیەکی کاریگەرتر پێبگەیەنن. لێکۆڵینەوەی زانستی ئامانجەکانی دەنگدەرانی چینی کرێکاران لەساڵی ١٩٦٠ (**ئابرامزوروز**) کاریان لەبیرکردنەوەی رێبەرانی حزبی کرێکاران دەربارەی شێوازی هەڵبژاردن کرد. لێکۆڵینەوەکانی دواتریش کەلەسەر چۆنیەتی پێکهاتنی رەفتاری دەنگدان بەهۆی هۆکاری ماوەدرێژ چڕ ببۆوە، کاری لەشێوازەکانی چالاکییەکانی هەڵبژاردن کرد. لەساڵی ١٩٩٢، سێ مانگ پێش دەست پێکردنی هەڵبژاردنی گشتی، حزبەکانی کرێکاران وپارێزگاران هەردووکیان بەرنامەکانی خۆیان دارشت و

جوولانەوەیـەکی چارەنووسـسازیان بـۆ وەدەسـت خـستنی پێـشڕەوایەتی لەرای گشتی، دەست پێکرد. لێکۆڵینـەوە ئەنجامدراوەکان نیشانی دەدەن کـە ئـەنجامی هەڵبـژاردن تاراددەیـەکی زۆر پـێش دەسـتپێکی ڕەسمـی ململانێکـانی هەڵبـژاردن دەردەکـەوێ. هەڵـسووڕێنەرانی ململانێکـانی هەڵبـژاردن لەهـەردوو حزبـی کرێکاران وپارێزگـاران بـەم لێکۆڵینـەوە زانـستییەی خـوارەوە کاریـان تـێکراوە، ((**چـۆن دەنگـدەران دەگـۆڕێن: لێکۆڵینەوەی وردی ململانێـی هەڵبـژاردنی گـشتی لەبـەریتانیا لەسـاڵی ١٩٨٧**)) (*میلـەر و ئـەوانی تـر،* ١٩٩١). ئـەم لێکۆڵینەوەیـە نیـشانی دەدا کەچـۆن گۆڕانکـاریی گـشتی و سـەرەکی لـەرەفتاری دەنگـدان (بەریـژە لەگـەڵ پارێزگـاران) لـەخولی شـەش مـانگی پـێش دەسـت پێکردنـی ململانێـی هەڵبـژاردنی سـاڵی ١٩٨٧ بەدەسـت هـات. حزبـە سیاسـییەکان، ئێـستا پێویستیی خەباتی درێژخایەن دەرك دەکەن.

ویـرای هـەبوونی قەبارەیـەکی زۆری ئـەدەبیات لەمـەڕ ڕەفتـاری دەنگـدان، دەنگدەران تەنیا بەشێکی هاوکێشەی پەیوەست بەململانێی هەڵبژاردن پێك دەهێـنن. هـەواڵنێرانی چـاپەمەنییەکان و رادیـۆ و تەلـەفزیۆن بـە**دووەمـین** گرووپـی یاریکـەرانی ئـەم هاوکیـشەیە لەقەڵـەم دەدرێـن. لەمێـژە، پەیوەندییـەکی نزیـك لـەنێوان سیاسـەتمەدارانی بـەریتانی و چاپەمەنییەکاندا–چاپەمەنییەکانی لەندەن و شارەکانی دیکە– هـەبووە. لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم هەوڵی ڕێبـەرانی حزبەکان بۆ کـۆنترۆڵ کردنی میدیاکان لەسنووری دۆستایەتی لەگەڵ ماخۆکانی چاپەمەنییەکان، سەرنووسـەران و ڕۆژنامەنووسە بـەنفووزەکان تێنەدەپەڕی، وبەڕێوەبـەرانی

پروپاگندەی حزبەکانیش تاراددەیەکی زۆر خۆیان بەچاپکردنی راپۆرتە هەواڵی چاپەمەنی لەرۆژنامەکانی جێی رەزامەندیی خەڵکی، دەبەستەوە. هاتنی تەلەفزیۆن و بایەخی رۆژبەرۆژ زیاتری بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی هەڵبژاردنەکان بەوهۆیەوە لەساڵی ١٩٥٩ بەدواوە، پەیوەندی نێوان حزبە سیاسییەکان و میدیاکان و هەروەها پەیوەندی نێوان چاپەمەنییەکان و تەلەفزیۆنی، گۆڕیوە. لەبەرئەوەی زۆربەی زۆری دەنگدەران زانیاری و چۆنیەتی روانینیان بۆ سیاسەت لەمیدیاکانەوە وەردەگرن، سیاسەتمەدارانیش بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ دەنگدەران سوود لە تەلەفزیۆن و رۆژنامەکان وەردەگردن. هەڵسووڕێنەرانی ململانێکانی هەڵبژاردن ئێستا لەپروپاگندەی خۆیان دا سوود لە رێنوێنییەکانی (میدیا-تەوەر) وەردەگرن. لەیەکێك لەباسەکانی (**کتێبی شەڕ**)ی حزبی پارێزگاران دەربارەی رێنوێنییەکانی پەیوەندی (١٩٩٢) گوتراوە: ((**میدیاکان بەگرنگترین گرووپی ئامانج دەژمێردرێن**)).

چڕبوونەوەی بایەخی گەلی لێکۆڵینەوە لەسەر رۆلی میدیاکان لەرێکخستنی بەرنامەی هەڵبژاردندا، واتە چۆنیەتی پێکهاتنی بابەتەکان و مەسەلە گرنگەکانی ململانێکانی هەڵبژاردن. ئایا بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەلایەن میدیاکانەوە، رەنگدەرەوەی بەرنامەی حزبەکانە، یان ئەو شتەیە کە سیاسەتمەداران بەزۆری گلەیی لێدەکەن، ئەوان بەرنامەی کاری خۆیان دەخەنە سەرەتای کارەکانیانەوە؟ وەرامی پرسیارێك کە بەم شێوەیە خرایەروو، زۆر ئاسانە. سیاسەتمەداران لەمەڕ بابەت و مەسەلە سەرەکییەکان ناکۆکن و میدیاکان، لەوانە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن،

بەرنامەكان، ڕۆژنامەكان و گۆڤارەكانیش ئەوەندە لەگەڵ یەكتر گونجاو نین. كەناڵە سەرەكییەكانی تەلەفزیۆن دەربارەی چۆنیەتی بڵاوكردنەوەی هەواڵی مەسەلە سیاسییەكان و هەڵبژاردن، ڕووبەرووی ئەو یاسا و ڕێوشوێنانە دەبنەوە كە لەژێر چاوەدێری هاوسەنگیی خزمەتگوزارییە گشتییەكان دان. لەسەر بنچینەی ئەم ڕێوشوێنانە، لێیان چاوەڕوان دەكرێ پانتاییەكی (گونجاو)ی بڵاوكردنەوە بۆ حزبەكان برەخسێنن. بەڵام ڕۆژنامەكان ڕووبەرووی تەگەرەی لەم شێوەیە نابنەوە و ڕێبەرانی حزبی كرێكاران بەتووندی گلەیی لە ركابەریی ئەنجام دراو دژی حزبەكەیان، دەكەن.

گرووپی **سێیەم** و دواگرووپی پێكهێنەری هاوكێشەی هەڵبژاردن بریتین لەسیاسەتمەداران، راوێژكاران و هەڵسووڕێنەرانی ململانێكانی هەڵبژاردن. واتە ئەو كەسانەی ئیشیان كاریگەر خستنەسەر دەنگدەرانە. لێكۆڵینەوەكانی **كۆلیج نافیلد** لەسەر هەڵبژاردنی گشتی كە لەهەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٤٥ دەستی پێكرد، چەند زانیارییەكیان دەربارەی بیركردنەوە و لێكدانەوەكانی ڕێبەرە سیاسییەكانی بەریتانیا لەسەر هەڵبژاردن و هەڵسووڕێنەرانی ململانێكانی هەڵبژاردن ئامادە كردووە. (*بۆ بینینی نوێترین لێكۆڵینەوە لەم بارەیەوە، بڕوانە باتلەر و كاڤاناگ ١٩٩٢*). بەڵام ناونیشانی سەرەكی تاراددەیەك فەرامۆش كراوە، مەسەلەیەك كە لەمەڕ ڕەوتی تێفكرین و كاری سیاسەتمەدارانیش دەبینرێ. نزیكەی پێش ٣٠ساڵ، واتە كاتی دەستپێكی كاریگەری تەلەفزیۆن، پەیوەندییە گشتییەكان و ڕاپرسی ڕای گشتی بوو كە **ریچارد** روز كتێبی (**كاریگەری لەسەر**

**دەنگـــدەران**)) ١٩٦٧دا نووسـی. نووسـەر، لەنـەبوونی پـسپۆڕیو کـارایی تـەکنیکی لـەناو هەڵـسووڕێنەرانی ململانێکـانی هەڵبـژاردن بـۆ کاریگـەری خستنەسەر دەنگدەران، سەری سووڕما.

لـە ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا، گـەلی لێکۆڵینـەوە دەربـارەی ململانێکـانی هەڵبـژاردنو بـازاڕدۆزیی سیاسـی Political marketing نووسـراون. ناوونیـشانی یەکـەمین لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئـــــەم گـرووپە ((**پەیوەندی گشتیی پیـشەییو دەسـتەڵاتی سیاسـی**)) (١٩٥٦) بوو کـە لەلایـەن (**سـتانلی کیلـی**)یـەوە نووسـرا. لێکۆڵینـەوەکانی روز لەبـەریتانیا دوای ئـەو، پـەرەیان پێنـەدرا. تـەنیا ئـەو کارانـەی لـەم رووەوە کـراون، بـریتیین لـە: **بەراوردێکی ناوخۆیی لـەحزبی پارێزگـاران** کـە لەلایـەن بەڕێوەبـەری پێشووی بەشــی پەیوەندییــەکانی ئـەم حزبـە نووسـرا (بـروس ١٩٩٢)و هــەروەها **لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکان** (**بەزۆری گرژی وروژێنەری**) **نێوان سیاسـەتمەدارانو تەلەفزیۆن** کە لەلایەن **میشیل کاکرل** (١٩٨٨) ئەنجام درا. **دیاردەی بـازاڕدۆزیی سیاســی** نووسـینی **نیکــولاس. ئــۆ. شافنــسی** (١٩٩٠) هەنـدێ ئـەزموونی بەریتانیای گرتۆتەخۆ، بەڵام زۆرتر لەمەسەلەکانی پەیوەست بە ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا دەکۆڵێتـەوە. پێـشکەش کردنـی راویـژ لـەبواری ململانێکانی هەڵبژاردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆتـە کارێکی سەربەخۆو بێگومان شێوەی ململانێکانی گۆڕیوە.

چـاوگێڕانێك بەناوونیـشانی چـەند کتێبێـك دەتوانـێ لەمـەڕ ئاسـتی ئـەو بایەخــەی بــەزۆری بەراویــژکاران دەدرێ، رێنوێنیمــان بکــا: ((**پاشـــا دروستکەرانی نوێ**))، ((**بازرگانانی وێنە سیاسـییەکان**)) ((**قەناعـەت پێکـەرانی**

سیاسی))، ((**پیاوانی هەڵبژاردنەکان: هەڵسووڕێنەرە پیشەییەکانی ململانێکانی هەڵبژاردن و دیموکراسی ئەمریکایی**))، ((**پەیدابوونی راوێژکارانی سیاسی**)) و ((**بەرهەمهێنانی سەرکۆمار**)). ئاکامە وەدیهاتووەکانی ئەم رەوتە نوێیانە، چەند نیگەرانییەکی لەمەڕ چۆنایەتی سیاسەتی ئەمریکا و سەلامەتی دیموکراسی خولقاندووە (**جیمسۆن** ١٩٩٢ **ئەلف**، ١٩٩٢ **ب**، **ساباتو** ١٩٨١، ١٩٩٢، **بنت** ١٩٩٢). ئەم رەوتانە بەهۆی لاوازیی رۆژبەرۆژ زیاتری حزبە سیاسییەکان، زیادبوونی نفووزی گرووپە تاک –بابەت Single-issue، زەمینە خۆشکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئەو سیاسەتمەدارانەی جگە لەرووێکی سەرنجڕاکێش یان پسپۆریی لەکاروباری میدیاکان، تایبەتمەندییەکی دیکەیان نییە و هاندانی رێبەران بۆ پێڕەوکردنێکی کوێرانە و کۆیلەئاسای رای گشتی، گلەییان لێکراوە. بەپێی نووسینی نووسەرێك:

*راوێژکارانی سیاسی کە تەنیا وەرامدەرەوەی کاندیداکان و موشتەرییەکانی خۆیانن و سەر بەحزبە سیاسییەکان نین، گورزێکی توند لەسیستمی حزبی دەدەن و مێشکی بیرکەرەوەی سەرکەوتنی مودێرنی بتەکانی کەسایەتی لەسەر سیاسەتی حزبی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان. ئەوان لەسەرخۆ، بەڵام بەشێوەیەکی رێك وپێك، دەستەڵات و نفووزی (تەقریبەن) بێ رکابەرو ئازادانەیان– تاراددەیەك بەکاری دەستی ئەوان لەقەڵەم دەدرێ– لەسستمێکدا کەڵەکە کردووە. (سباتو ١٩٨١: ٣).*

**بەشی یەکەم**، لەم مەسەلەیە دەکۆڵێتەوە کە چۆن پرۆسەی پروپاگندەی پەیوەست بەململانێکانی هەڵبژاردن بەدرێژایی سەدەی رابردوو گۆڕاوە و

کاردانـــەوەی سیاســـەتمەداران لەمـــەڕ پێـــشکەوتنە بەدەســـت هاتووەکـــان لەبازاڕدۆزیی سیاسیدا، چی بووە. لەواقیعدا، پسپۆڕان داوا لەنوێنـەرانی حزبەکان دەکەن (پەیامی) حزبی خۆیان دەست نیشان بکەن تا ئەوانیش بەســـوودوەرگرتن لەکاریگـــەرترین شـــێوازەکانی بەردەســـت بیگەیەننـــە دەنگدەران. لەم زەمینەیەدا، یەکێك لە سیاسەتمەدارانی حزبی کرێکاران کە ســـەردەمێك یـــەکێك بـــوو لەبەڕێوەبـــەرانی پروپاگنـــدەی حـــزب، دەڵـــێ: ((*پسپۆڕان، هـەوڵی خۆیـان خۆیـان لەسـەر پـەیام، دەنگـدەران و دروسـت کردنی پەیوەندی لەنێوان ئەم دوانە، بەشێوەیەك کە کەمێك لەلێپرسراوان و سیاســـەتمەداران پێیـــان خۆشـــە، ئـــەنجامی بـــدەن، چـــڕدەکەنەوە))* (*چاوپێکەوتنی مەندلسۆن*). گەلی لـەم شـێوازانە یەکـەم جـار لەویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پـەرەیان گرتـووەو (**بەشێوەیەکی بالاتر**) لێـرە هـەن. لـــەم رووەوە، تایبەتمەندییـــە ســـەرەکییەکانی نموونـــەی ((پـــسپۆڕی)) تاراددەیـەکی زۆر لـەو وڵاتـە وەرگیراوە. جیاوازی نێوان هـەر نموونەیـەکی ململانێـی هەڵبـژاردن، بەگـشتیکردنی دەخاتـە مەترسـییەوە، بـەڵام لەگـەڵ هەندێش دەتوانرێ خاڵی لێکچوو ببینرێ.

**بەشـی دووەم**، لەمەسـەلە لێکـچووەکانی وەك رێـسای هەڵبـژاردن-بـۆ نموونـە بودجەی هەڵبژاردن و شێوازی گەیشتن بەمیدیاکان-وهێـزە خولقێنـەرەکانی گۆڕانکـاری لـەناو دەنگـدەران، پێکهاتـەی حزبـەکان، میـدیاکان و بابەتـە پەیوەستەکانی هەڵبژاردن، دەکۆڵێتەوە.

**بەشـەکانی سێیەم وچـوارەم**، کاری راپرسیەکانی رای گشتی وەسف دەکەن بەوردی تاوتوێیـان دەکا. لـەم سـەردەمەدا، راپرسـی رای گشتی رۆڵێکـی وا

گرنگیان لەهەڵبژاردندا پەیداکردووە، کە ململانێکانی هەڵبژاردن بەبێئەوە، قابیلی وێناکردن نیین. رۆڵێك کە بایەخەکەی لەرۆلی میدیاکان، لەراپۆرت دەربارەی ئەنجامەکانی راپرسییەکان کەمتر نییە. پەیامی راپرسییەکان لەم بارەیەوە کە کامەحزب لەپێشەوەیە یان کامەیان پێش ئەوانی دیکە دەکەوێتەوە (**هەڵبژاردنی غارغارێن**)[1] ، یان پەیامی ئەوان لەبواری بەراوردکردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی ئەو وێنانەی کەحزبەکان پێشکەشی دەکەن، تارادەیەکی زۆر پانتایی بلاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبژاردن لەمیدیاکان دەخەنە بەرچاو. ئەوان، هەروەها ورەی سیاسەتمەداران، حوکمی لێکدەرەوەکان و هەتا هەندێجار بڕیاری هەڵسووڕێنەرانی ململانێکان دەخەنە ژێرکاریگەریی خۆیانەوە. راپرسییەکانی رای گشتی لەپێشکەش کردنی خوێندنەوەیەکی موجەرەدی چالاکییەکانی هەڵبژاردنەوە گۆڕاون و بوونەتە بەشێك لەوان. ئاکامەکانی ئەم گۆڕانی پێگەیە لەچاو پێگەی پیشەیی راپرسەکان و لێکدانەوەو ورەی سیاسەتمەداران، بابەتی سەرەکی گەلی لێکۆڵینەوەو مشتومڕەکان بووە.

**بەشی پێنجەم**، لەو شێوازانەی کەحزبە سیاسییەکان بەو هۆیەوە سوودیان لەراپرسییە تایبەتییەکان بەمەبەستی فۆرمۆلەکردنی شێوازەکانی هەڵبژاردن وەرگرتووەو هەروەها لەپەیوەندی نێوان راپرسەکان و

---

[1] Horse-race ئەم زاراوەیە بۆ وەسف کردنی شێوەی راپۆرت دان لەهەڵبژاردن لەویلایەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکاردەهێنرێ و تایبەتمەندییەکەی سوود وەرگرتنە لەزاراوەی باوی پێشبرکێی غارغارانێی ئەسپ. (و.ف).

سیاســـەتمەداران دەکۆڵێتـــەوە. ئـــەم بەشـــە، رۆڵـــە کەمەکـــەی راپرســـە تایبەتییەکان لەبەریتانیا لەچاو هاوتا ئەمریکاییەکانیان، بەراورد دەکا.

**بەشی شەشەمیش**، لـەکۆی لێکۆڵینـەوەو شیکردنەوەکان پوختەیەك دەخاتـەروو، ولەکارامـەیی شـێوازەکانی ململانێـی مـودێرن، تەگـەرەکانی بـەردەم کاراییـان و ئاکـامی ئـەو پێشکەوتنانە بـۆ چۆنایەتی دیموکراسـی لەبـەریتانیا دەکۆڵێتـەوە. هەرچـەندە، ململانێکـانی هەڵبـژاردن لـەگۆڕان و وەرگـۆڕان دان، سیاسـەتمەداران لەبـەریتانیا هێـشتاش لـەژێرباری کـۆتی ئاکـاردان و تەگەرەیـەکی زۆر کەوتۆتـە بـەردەم پـسپۆڕیو هـەروەها کـارایی ململانێکـانی هەڵبـژاردن. تەلـەفزیۆن و شـێوازەکانی بـازاڕدۆزیی سیاسـی چـەند لێکچوونێکیان لـەنێوان ململانێکـانی هەڵبـژاردنی بەریتانیا و ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئـەمریکا، خولقانـدووە، بـەڵام جیاوازییـەکانی نێـوان کولتـوورو دەزگـا سیاسـییەکانی دوو وڵات، رێگـای لـە هاوشـێوەییان گرتـووە. بایـەخی راوێـژکاران و کارمەنـدانی پەیوەنـدی لەهـەردوو وڵات لەسـەر بنـچینەی توانـای حزبـەکان، بەشـێوەیەکی پێـچەوانە، لێـك جـودان. سەرباری ئەمریکا، ئەم شێوازانە لەدیموکراسییە تازە دەرکـەوتووەکانی ئاسیا، ئـەمریکای لاتـین، ئـەفریقیای خـوارو، وئـەوروپای رۆژهـەڵاتیش مایـەی سـرنج دانـە. بایـەخی شـێوازە نوێکـان لەئـەوروپای رۆژئـاوا و دەرکـەوتنی حزبـی نـوێ لـەئیتالیا لەسـاڵی ١٩٩٤ تاراددەیـەکی زۆر نیـشاندەری ئـاوابوونی خـۆری حزبـە کۆنەکانـە. سـستمی حزبـی بـەهێزتر لەبـەریتانیا بـەم مانایەیـە کـە راپرسـان و پـــسپۆڕانی بـــواری پەیوەندییـــە گـــشتییەکان و پەیوەندییـــەکان، هێـــشتا پەیوەندییەکی لاوازو بێمتمانەیان لەگەڵ سیاسـەتمەداران دا هەیـە. لـەم رووەوە دەتوانرێ بگوترێ هەڵبژاردن لەبەریتانیا هێشتا، زۆر (**لەئـەمریکایی بـوون**)ـەوە دوورە.

ململانـــێی هەڵبــژاردن بــە بــەكارهێنانی دوا تــەكنیك و داهێنــانی نــوێی قەناعەت پێكردن و پەیوەندی كاریگەر، بەردەوام دەگۆڕێن و بەرەوپێشەوە دەچـن. لـەم دیـدەوە، حزبـەكان وەك ئـەو ڕێكخـراوە بازرگانییانـە تەماشـا دەكـرێن كــە بــەدوای پڕوپاگنــدە كــردن بــۆ كەلوپــەل و بەرهەمــەكانی خۆیانەوەن: یەكێكیان بەدوای وەدەست خستنی دەنگەوەیە و ئەوی دیكە بەدوای فرۆشتنی بەرهەمەكانیەتی. لە كۆتـایی سـەدەی نۆزدەدا، گـرنگترین شێوەكانی پڕوپاگنـدەی هەڵبـژاردن لـە بـەریتانیا بـریتی بـوو لـە ئاگـاداری، پۆستەر و بەیاننامـەی حزبی كە لەلایـەن هەڵسوڕاوانی حـزب لەبازنـەكانی هەڵبژاردنــدا بڵاودەكرانــەوە. چــالاكی هەڵبــژاردنی حزبێــك لــە ئاســتی نیشتمانیدا زۆرتـر لەلایـەن ڕێبـەرانی حزبـەكان و لـە كۆبوونـەوەی فـراوان و دانــی راپــۆرت لــە ڕۆژنامــەی ناوچــەكان و گــشت وڵاتــدا، ئــەنجام دەدرا. بەگـشتی بـوونی مـاف دەنگـدان لـە سـاڵانی ١٩١٨ و ١٩٢٨ و پەیـدابوونی كۆمـەڵانی دەنگـدەر، حزبـەكانی بـۆ ئـەوە وروژانـد تـا سـوود لـە هۆیـەكانی گەیاندنی نوێ –رادیۆ و سینەما– وەربگرن. **ستانلی بالدوین** لە بەریتانیا و **فرانكلین ڕۆزفلت** لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە دەستەی یەكەمی ئەو ڕێبەرە سیاسییانەدا بوون كە لە دەیەی ١٩٣٠دا بەشێوەیەكی كاریگەر سوودیان لە رادیۆ وەرگرت.

بـەڵام گـەلێ لـە سیاسـەتمەداران بەهێواشـی خۆیـان لەگـەڵ ئـەم ڕەوتـەدا گونجانـد. لـەماوەی ڕۆژێكـی هەڵبـژاردنی گـشتی سـاڵی ١٩٢٤دا ڕێبـەری حزبی كرێكاران، **ڕەمـزی ماكدۆناڵـد**، سەعات ٩ی بەیانی گلاسكۆی بەجێ هێــشت و لــەماوەی دوانــزە ســەعاتدا، لــە ١٦ بازنــەی هەڵبژاردنــدا لــە

کۆبوونەوەی جەماوەریدا قسەی کرد. ئاشکرایە، ئەو لەکۆتایی ئەو ڕۆژەدا، بەهۆی ئەو کارەوە زۆر ماندوو، شەکەت ببوو. (**مارکواند** ١٩٧٧: ٣٧٩). لە ململانێی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٥یش دا، سەرۆکی وەزیران، **سێر ئانتۆنی ئایدن** ڕۆژانی دووشەممە تا هەینی هاوڕێ لەگەڵ دووسێ یاریدەدەری خۆی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی بەسەردەکردەوە و شەوان لە ئوتێلە ناوخۆییەکان دەنوست. ئەو لە کۆتایی هەر شەوێکدا بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ سەرۆکی حزب دەکرد، لەکاتی نان خواردنی بەیانیدا ڕۆژنامەکانی بەیانی دەخوێندەوە و هەموو شەوێك گوتارێکی تایبەتی دەدا. ئەو پێویستی بە داڕشتنی تیژی ململانێی هەڵبژاردن لەڕێگای هۆیەکانی گەیاندن یان چاوەدێری لەسەر ڕادیۆ و تەلەفزیۆن -کەهیچ ڕاپۆرتێکیان دەربارەی ململانێی هەڵبژاردن نەدەنوسی- یان ڕادەربڕین لەسەر ڕاپرسی ڕای گشتی نەبوو. ئەو دانیشتنی ڕۆژانەی بۆ لێکدانەوەی ستراتیژی هەڵبژاردن تەرخان نەدەکرد و کۆنگرەی چاپەمەنی یان گفتوگۆیەکی کەمی لەگەڵ هۆیەکانی ڕاگەیاندندا دەکرد (چاوپێکەوتنی لیندسی).

ئەمڕۆ تەکنیکە نوێکان، ئەم جۆرە ململانێیەی هەڵبژاردنی، (کۆن) کردوە. شێوازە نوێکان سیاسەتمەداران وا لێدەکەن لەڕێگای تەلەفزیۆن یان پۆستی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ملیۆنان دەنگدەر-لەباتی سەدان دەنگدەری ڕووبەڕوو- پەیوەندییەك دروست بکا. ئاکامی ئەم کارە بریتییە لە سوود وەرگرتنی زۆرتری ڕێبەرانی حزبەکان لە ڕستەی کورت لە ڕاگەیەنراوی تەلەفزیۆن و کەم کردنەوەی گوتاری سەرەکی هەڵبژاردن یان ئەو گوتارە درێژانەی لە چاپەمەنییەکاندا بڵاودەکرێنەوە. لە دوا هەڵبژاردندا، **مارگرێت**

**تاچەر، جۆن مێجەر و نیل کینۆك**، هەریەکەی تەنیا چەند گوتارێکی ئامادەکراویان پێشکەش کرد. ئەمڕۆ، پەیوەندی کردن لەگەڵ هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەکارێکی گرنگ دەژمێردرێ و پێویستی بە ئامادەیییەکی زۆر بەرز هەیە.

ئەمڕۆ، ڕێبەرانی حزبەکان، بەپێچەوانەی **ئایدن**، چەندان یاریدەدەریان هەیە، بەهۆی فاکس و تەلەفۆنی -مۆبایل- بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەگەڵ کۆمیتەی باڵای بەڕێوەبردنی ململانێی هەڵبژاردن دا پەیوەندی دروست دەکەن و لەلایەن ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەنوسانیشەوە تاقیب دەکرێن. تەکنیکە نوێکان هەلوبوارێکی زۆریان بۆ هەڵبژاردنە نوێکان لە بواری ململانێی هەڵبژاردندا کە لەبەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و پڕوپاگندەدا بەکار دەهێنرێن و لەراپرسی رای گشتی، پۆستی ڕاستەوخۆ و تەلەفزیۆندا پسپۆرن، رەخساندووە.

حزبەکانی کرێکاران و پارێزگاران لە مەسەلەگەلی سوود وەرگرتن لە ئامرازەکانی پەیوەندی، لێك جودان، جوداییەك کە هەندێ جار دەرەنجامی پێکهاتی حزبی و بەها سیاسییە ناکۆکەکانیانە. بەڵام ئێستا رووە هاوبەشەکەی نێوان حزبەکان لە جیاوازییەکانیان زۆرترە و لەبواری ململانێی هەڵبژاردندا بۆتە پسپۆرییەکی نوێ. لە هەڵبژاردنی ساڵی ۱۹۹۲دا، حزبەکان بە بەراورد لەگەڵ خولەکانی پێشتر، داراییەکی زۆرتر بۆ پڕوپاگندە، پەیوەندییە گشتییەکان، راپرسی و ستراتیژی بازاڕ بەکار دەهێنن. حوکم دانێکی نمونە دەربارەی کارە مەیدانییەکانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە هەڵبژاردندا و هەڵبژاردنی وێنەی جیاواز، ئەمەیە کە ئەم

چالاکییانه (رێکخراوترین، بێکەموکورتیترن و بەئەمریکاییبووترین و ئەو چالاکییانەن کە بەریتانیا تا ئەم کاتە بەخۆوەی دیوە) (**بری** ١٩٩٢: ٥٦٥). لە دیمەنێکی گشتیتردا، بەپێی ئەوەی **بۆب فرانکلین** دەڵێ: ئێمە ئێستا لە فەزایەکی ناوبراو بە (دیموکراسیی هۆیەکانی راگەیاندندا دەژین، دەوروبەرێك کە تیایدا سیاسەتمەداران و سیاسەتەکان بۆ دۆزینەوەی بازاڕ لە هۆیەکانی راگەیاندن و بەکارهێنانی گشتیدا، دەخرێنەروو).(١٩٩٤: ٢٣). بەپێی دیدوبۆچوونی دووکەس لە چاودێرانی ململانێی سەرکەوتووی **ماری رۆبنسۆن** لەهەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ١٩٩٠ی ئێرلەندا (*ململانێی سیاسی وەك پرۆسەی بەرهەم هێنانی کەلوپەلە و دەتوانرێ هەر بەو رێگایە وەسف بکرێ*)، (**باتلەر و کالینز** ١٩٩٣: ٤). دەکرێ، رەوتی هاوشێوە لە مامەڵە و کڕین و فرۆشتن و حکومەتی ناوەندی و ناوخۆیی، گروپەکانی گوشار و گەلی رێکخراوی دیکەدا ببینرێ. (**فرانکلین** ١٩٩٣: ٤) قسەیەکی وەزیرێکی پارێزگارانی وەزارەت لەساڵی ١٩٨٨دەڵێتەوە کە دەڵێ: (*سیاسەت و رێبازەکان وەك (برشتۆك= جۆرێك لەشیرینی)ن کە ئەگەر نەخرێنە بازاڕەوە، نافرۆشرێن*). هەموو داخوازی ئەوەن پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی خۆیان چاك بکەن. لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی گشتی، بە گەورەترین مەشق بۆ پێ سەلماندنی کەسانی دیکە دەژمێردرێ، چاوەڕوان ناکرێ حزبەکان لەیەکتر جودابن.

**پیشەیی بوون:**

ئەو رەوتانەی بەپیشەیی بوونی هۆیەکانی پەیوەندی حزبەکان لە چالاکی هەڵبژاردن کۆتاییان دێ، تەنیا لە بەریتانیا قەتیس نابێ. ئەم رەوتانە،

دەکرێ بەفراوانی لەگەلی وڵاتانی دنیادا کە هەڵبژاردنی بە ململانێ ئەنجام دەدەن و ئەو شوێنانەی سوود وەرگرتن لە کۆمپیوتەر، تەلەفزیۆن، پڕوپاگندە و راپرسی رای گشتی تا رادەیەکی بەرچاو فراوان بووە ببینرێن. بەجیهانی بوونی ئەم شێوازە نوێیانە، هەندێجار بە (ئەمریکایی بوونی) رکابەریی هەڵبژاردن ناو دەبرێ. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر شۆڕشێکیان لە شێوازە باوەکانی ململانێی هەڵبژاردنی ئەمریکادا خولقاندووە و زەمینەیان بۆ پەیدابوونی کۆمەڵێك راوێژکاری ململانێی هەڵبژاردن، ئەوانەی راپرسییەکان بەڕێوە دەبەن و راوێژکارانی هۆیەکانی راگەیاندن، ئامادە کردووە. کۆمەڵێکی کە خۆی لەخۆیدا، سیاسەتمەدارن، بۆ خۆی و خزمەتگوزارییەکانی خۆی وابەستە کردووە. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مۆدیلی پیشەیی بوون بریتییە لە (**بلومەر، کاواناگ، ناسیستەر** ١٩٩٥):

١-**بایەخی پڕوپاگندە لە چالاکییەکانی هەڵبژاردندا**: ئەم پرۆسەیە بریتییە لە بەکارهێنانی پسپۆڕانی تەکنیکی پەیوەندییە گشتییەکان، پیشەسازی پڕوپاگندە و هۆیەکانی گەیاندن بۆ یارمەتیدانی پڕوپاگندەی هەڵبژاردن، خستنەڕووی بەرنامەی میدیاکان، راپرسی رایگشتی و بڵاوکردنەوەی ئاگاداری. ئەم شێوازە هاوڕێی پیشەگەراییەکە کە تیایدا حزبەکان تەئکید لە پێویستی هاوکاری، هاوئاهەنگی و بەرنامەڕێژی پڕوپاگندە دەکەن.

٢-**هەبوونی پێداویستییەکی زۆری پێش زەمینەی هەڵبژاردن لە ململانێکانی هەڵبژاردندا**، تا ئەو رادەیەی هەڵسوڕاوانی حزبی، وزە و داراییەکی زۆرتر خەرجی ستراتیژ و رێوشوێنەکانی هۆیەکانی راگەیاندن بکەن. بەشێکی

سـەرەکی لـە ململانـێی ڕۆژانـەی هەڵبـژاردنی سیاسـەتمەدارێکی دیـار – کۆنگرەی ڕۆژنامەنوسی لـەکاتی بەیانی، چوونە ناو خەڵکی لە ئێواران و کۆبوونەوەی شەوان– تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بنچینەی پێداویستییەکانی میـدیاکان پێـك دێ. ڕێکخـستنی ڕێـسای کـاری میـدیاکان گـرنگترین ئامانجێکە کە لە ستراتیژی بەرقەرارکردنی پەیوەندیدا جێبەجێ دەکرێ.

٣-**ڕوونکردنەوەی سەرکەوتن یـان تێشکانی حزبێـك لەسـەر بنـچینەی مـاددەی نـاوبراو لـە بەشـەکانی ١و٢** (نیـشانەکانی پڕوپاگنـدە). لاوازی لـە بەرقەرارکردنی پەیوەنـدی یـان (سـەرنەکەوتن لـە گەیانـدنی پـەیام) بـەزۆری وەك گرنگترین بەڵگەکانی تێشکانی حزبێك تەماشا دەکرێن.

٤-**جووت بوونی ململانێی هەڵبـژاردنی حزبێـك لەگـەڵ هەلومـەرجی وێنـەکانی تەلـەفزیۆن**. لەوانـە: بـەردەوامی چـوونی ڕێبـەرەکان بۆنـاو خـەڵکی، خڕبوونـەوە لـە دەوری کەسـایەتی ڕێبـەر و ڕێکخـستنی ڕووداوەکـان و کۆنگرەی ڕۆژنامەنوسی بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی ڕادیۆیی، وێنەو فیلم.

٥-**بیرۆکـەی ململانێـی هەڵبـژاردن وەك بـازاڕ دۆزیـی سیاسـی**: حزبـەکان بـۆ لێکۆڵینـەوەی بـاری دەروونـی دەنگـدەران خـەریکی وەدەسـت خـستنی هەڵوێـستی ڕایگـشتین بـۆ دروسـت کردنـی ململانێـی هەڵبـژاردنی خۆیـان سـوود لـەو ئەنجامـە وەربگـرن کـە وەدەسـت هـاتووە. ڕاپرسـی ڕای گـشتی هـەروەها لەلایـەن میـدیاکان هـەواڵ بـۆ ڕوونکردنـەوەی کـاری حزبـەکان یـان وەسف کردنی ئەوەی کە ئەمریکاییەکان پێی دەڵێن (غارغارانێی ئەسپ)، بەکار دەهێنن.

**٦-زیـادكردنی ركابـەری هەڵبـژاردنی سـەلبی یـان هێرشـكارانە:** پڕوپاگندە، بەلایەنی كەمەوە هەر بەو ڕێژەیەی كە تایبەتمەندییەكانی حزبی خۆیی رایدەگەیەنێ، دەكەوێتە هێرش كردن بۆ سەر لاوازی و كەموكورتییەكانی لایەنەكەی تر. زۆربەی بەڕێوەبەرانی ململانێی هەڵبژاردن لەو باوەڕەدان كە ئـەم شـێوە ململانێیـە بـە بـەراورد لەگـەڵ خاڵـە ئیجابییـەكان، لـە رووی هەڵبژاردنـەوە باشـترە. رۆژنامەنووسـانیش بۆخۆیـان بـە پێـشكەشكردنی لێكدانەوەیـەكی سـەلبی تـری ئـەم چالاكییانە و پێـشكەشكردنی راپـۆرتی دوژمنكارانە دەربارەی ئەوە، شێوازە هێرشكارانەكەی بەهێزدەكەن( **پـترۆن** ١٩٩٣).

**٧-مەتەڵێك لەبەرانبەر رۆژنامەنوسانی سیاسی:** پێشكەشكردنی پێناسەیەك لە رۆڵـی خـود لـە سـەردەمی (سەرانسەری بـوونی)ی هۆیـەكانی راگەیانـدن و بـوونی سیاسـەتمەداران و راوێـژكارانی هەڵبـژاردنی خـەڵك فریـودەر. رۆژنامەنوسـان لەبەرانبـەر هەوڵـەكانی حزبـەكان بـۆ دروسـتكردن، و هـەتا دەستكاریكردنی دوورابییەكانی میدیاكان، راپرسی رای گشتی رێكدەخەن، جەخت لە هەڵە ئاشكراكانی ململانێ دەكەنەوە، شێوەیەكی (بێزراوانە) لە راگەیانـدنی هەواڵـەكانیان دەگرنەبـەر و چـیرۆكی ئـەودیوی پەیوەسـت بـە سـتراتیژییەكانی حزبـەكان و هەوڵـەكانیان لـە نیـشاندانەكان، دەخەنـە روو (**لوی** ١٩٨١**: سمتكو و ئەوانی دیكە** ١٩٩٠).

**٨-بەهەرەوەرە سەرەكییەكانی ململانێ سیاسییەكان،** شـارەزایانی سـەربەخۆی وەك كادیری پڕوپاگندەی بازرگانی، بەڕێوەبەرانی را پرسی و راوێژكارانی میدیاكان كە زۆربـەی لـە دەرەوەی بازنـەی حزبـدا، دەخرێنـە گـەڕ: ئـەو كەسـانەی لـەناو

دەزگاكانی حزبێكدا لێپرسراوێتی ململانێی هەڵبژاردن و پڕوپاگندەیان بە ئەستۆوەیە، لە زنجیرە پلەی دەستەڵاتی حزبایەتیدا لە لێپرسراوانی دیكە، لەپێشترن. سەرۆكی پڕوپاگندە بەزۆری بە یاسایی یان بەكردەوە (دیفاكتۆ) بە ئەندامی رەسمی یان نارەسمی گروپی لێپرسراوی ستراتیژی حزبی لەدەوروبەری رێبەری حزب لەقەڵەم دەدرێ: شتێك كە لەمەڕ لێپرسراوانی دیكەی حزب بەو شێوەیە نییە. سیاسەتمەداران و ئەو لێپرسراوانەی شێوازە تازەكانیان بەكار نەهێناوە و بە شێوازی كۆن دەكەونە ململانێ، دۆڕاوی ئەم ركابەرییە دەبن.

**بەرەنگاری**

شێوازە ناوبراوەكان بەخێرایی لەنێوان هەڵبژاردنەكانی ١٩٥٩ تا ١٩٧٠ لە بەریتانیا دەركەوتن و لەوكاتەوە تا ئێستا پێگەی خۆیان پتەوكردووە. ئەم شێوازانە لەسەرەتادا رووبەرووی چەندان تەگەرە بوونەوە. پێش ساڵی ١٩٥٩، ژمارەی راپرسییەكان زۆر كەم بوون، و بەدرێژایی ململانێی هەڵبژاردنە گشتییەكان، پروپاگندەی سیاسی بەڕێوە نەدەچوو. هەتا ئەو سەردەمەی كارمەندانی پەیوەندی وەك پیشە دامەزران، بەزۆری دوور لە رێبەرانی حزب دەهێڵرانەوە. یەكێك لە بەڵگەكانی ئەم كارە، ئەمەبوو سیاسەتمەدارانی پایەبەرز دوودڵ بوون لەوەی ئەم شێوازانە (كە لەوانەبوو بۆ بە رەواج خستنی كەلوپەل و خزمەتگوزارییەكان گونجاو بن)، بۆ سیاسەتیش كاریگەربن. ئەوان ئیدیعایان دەكرد كە سیاسەت شتێكی جیاوازە و ئەمەكاری ئەوانە وەك ئەو گوتارانەی لە چاپەمەنییەكان دا دەخوێنرانەوە، رۆڵی بەڕێوەبەرانی پەیوەندییان دەگێڕاو بەیاننامەی

سیاسیی گرنگیان له ئاستی نیشتمانیدا بۆ ئەنجوومەن، نەك بۆ هۆیەكانی راگەیانـدن، بڵاودەكـردەوە. رەنگـە، گـەلی لـە سیاسـەتمەداران پێگـەی كۆمەڵایـەتیی خۆیـان زۆر لـە هۆیـەكانی راگەیانـدن یـان ئەوانـەی لـەبواری پروپاگنـــدەدا هەڵدەســـوڕان، بـــە بـــەرزتر دەزانـــی. لەســـاڵی ١٩٥٠دا رۆژنامەنووسی بەئەدەبی تەلەفزیۆنی داوای لە(**ئـاتلی**)ی سەرۆك وەزیـران كرد ئەگەر حەزی لێیە لە ئاستانەی ململانێی هەڵبژاردندا قسەیەك بكا. **ئـــــاتلی** لـــەوەرام دا گـــوتی: (نـــەخێر)ودوای وەســـتانێكی ناشـــیانە، چاوپێكەوتنەكە كۆتایی هات.

لێپرسراوان له مەكتەبی ناوەندی حزبەكانو هەڵسووڕاوە سیاسییەكان لە بازنـەكانی هەڵبژاردنیـشدا جـۆرە بەرەنگارییـەكیان نیـشاندا. بەدرێـژایی مـاوەی هەڵبـژاردن ئەمـە ئـەركی ئـەوان بـوو راپـۆرت دەربـارەی ورەو بـاری دەروونـی دەنگـدەران رابگەیـەننو دابـەش كردنـی بڵاوكـراوەو بەیاننامـەی حزبی بەسەر دەنگدەران بەڕێوەببـەن. شێوازە نوێیەكانو كەسانی تازەكار هەڕەشەیەك بوون، بەهێرشێك بۆ سەر (مەیدانی غارغارانێ)ی ئەوان لەقەڵەم دەدرا.

ســەربار، تەگەرەیــەكی یاســایی هەســتیاریش لەبەرانبــەر بــەكارهێنانی پسپۆری وەرگیراو لـە پیـشەسازی پروپاگنـدە هـەبوو. رێبـەرانی حزبـەكان وایـان دادەنـا كـە پروپاگنـدەی سیاسـی لـەماوەی هەڵبـژاردنێك دا كـارێكی نایاساییە. چونكە بەندی ٦٣ لە (**یاسای نوێنەرایەتی خەڵكی**) وای بڕیار دەدا كە كەسێك بێجگـە لـە نوێنـەری یاسایی و بەدەستەڵاتی كاندیـدا، ناتوانـێ پـــارە بـــۆ هەڵبـــژاردن تـــەرخان بكـــا. ئـــەوان ئـــەو ترســـەیان هـــەبوو كـــە

بڵاوکردنەوەی پۆستەری نیشتمانی لەبازنەکانی هەڵبژاردندا وەك بودجەی هەڵبـژاردن لەقەڵـەم دەدریٚ‌و کاندیـدای نـاوخۆ دەخاتـە ژێـر چـاوەدێری‌و بەدواداچوونەوە. بەم شێوەیە، دادگایەك دەربارەی رووداوێك کە لـە ساڵی ١٩٥٢ روویدا (ئـار.وی. **کۆمپانیـای کانزاکـانی ترانـاح، مارکـەی تۆمـارکراو**) حـوکمێکی وای دا کـە ئـەو پروپاگنـدە سیاسـییەی تیایـدا ئامـاژە بـۆ کاندیدایـەکی دەست نیشان کراو نـەکریٚ، یاسای پەیوەست بـە بودجـەی هەڵبـژاردن پێشێل ناکا. ئـەم حوکمـە هـەروەها لـەکۆتایی دەیـەی ١٩٥٠دا، لەئاستی نیشتمانیدا رێگای بۆ سوود وەرگرتن لـە پۆستەر لـە ململانێـی هەڵبژاردندا کردەوە. بەڵام حزبەکان هێشتا لەمەڕ یاسایی بوونی ئەنجامی پروپاگندەی هەڵبژاردن لە چاپەمەنییەکان دا دوودڵ بوون‌و تا ساڵی ١٩٧٩ خۆیـان لێدەپاراسـت. لـەو سـەردەمەوە، زۆرتربـوونی ژمـارەی ئـەم جـۆرە پروپاگندانـە بودجـەی هەڵبـژاردنی بەرادەیـەکی بەرچاو بەرزکردۆتـەوە تـا رادەیـەك وەك نموونـە: پارێزگـاران، لەچـالاکییەکانی هەڵبـژاردنی سـاڵی ١٩٨٧دا نزیکـەی (٤)ملیـۆن پاوەنـدیان بـۆ راگەیـەنراو و بڵاوکردنـەوەی چاپەمەنییەکان تەرخانکرد. ئەو رێسایانەش کە چاوێری چۆنیەتی دەست گەیشتن بە هۆیـەکانی راگەیاندن دەکـەن، هـەلی پروپاگنـدە –و لەئەنجامدا سـوود وەرگـرتن لـەپارە– بەرتەسـك دەکەنـەوە. نـە B.B.C و نـە هـیچ تەلـەفزیۆنێکی سـەربەخۆی دیکـە مۆڵـەتی بڵاوکردنـەوەی پروپاگنـدەی سیاسی حزبەکان دەرناکەن. لەسەر بنچینەی رێبازی رێکخراوی چاودێری دەزگاکانی پەخشی رادیۆو تەلەفزیۆنی بەریتانیا (I.B.A) ((*هیچ کەس ناتوانـێ لەلایـەن خۆیـەوە یـان بـە نوێنەرایـەتی کەسـێکی دیکـە،*

*ئاگادارنامەیەك كە بەشێكی یان تەواوی ئامانجەكانی، ماهیەتێكی سیاسی هەیە، بخاتە ناو بەرنامەكانەوە، لەم رووەوە هیچ راگەیەنراوێك نابێ لەگەڵ ئامانجە سیاسیەكان دا هاوشان بێ))* (بڕوانە: **بریگس ١٩٧٠**). لەبەرهەندێ تا ئەم دواییانە، بەكەمی سوود لە پسپۆریی ئەو كەسانە وەردەگیرا كە لە پێ سەلماندنی مودێرنانەدا، شارەزا بوون.

بەرچاوترین سوودی حزبی لەدەزگاكانی پروپاگندەو پروپاگندەی بەرفراوان لە چاپەمەنییەكان، لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٩دا پارێزگاران ئەنجامیان داو دیدوبۆچوونێكی دوژمنكارانەیان خولقاند. سیاسەتمەدارانی حزبی كرێكاران رەخنەیان لە ((**بەئەمریكایی بوونی**)) شێوازەكان و ((*هەڕاجكردنی سیاسەت وەك تاید*)) گرت و هەندێ لە پارێزگارانیش، ئەو شێوازانەیان بە رەشۆكی و بازاڕی لەقەڵەم دا.

بەڵام ئەم شێوازانە بەردەوام بوون و حزبی كرێكارانیش لەساڵی ١٩٦٤ سوودی لێوەرگرتن. لەكاتی لێكۆڵینەوەیەك كە دەربارەی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٤ كرابوو، هەواڵنێری سیاسی رۆژنامەی **تایمز** رایگەیاند: ((*مەترسی واقیعی ئەمەیە، ئێمە لەسەردەمێك نزیك بینەوە كە لێكۆڵینەوەی بازاڕ، نیشانەكانی راپرسیی رای گشتی، شێوازەكانی پێ سەلماندنی بەمەبەست و پەیوەندییە گشتییەكان و هەتا لێكدانەوەی بیریارانی سیاسی بەشێوەیەكی ناشیانەو بێبەزەییانە بۆ كاریگەری خستنە سەر ستراتیژییەكانی حزب لەناوەوەو دەرەوەی حكومەت، سوودی لێوەرگیرێ*))، (٢٧ی نیسانی ١٩٦٥).

**ئەودیوی وێنە زەینییەكان:**

لەم سەردەمەدا، خەبات و ململانێ بە وێنەیەکی مایەی قبوڵ و جوان بۆ کەسی کاندید یان حزب بۆتە ئامانجێکی سەرەکی خەبات و ململانێی هەڵبژاردنی مودێرن. حزبەکان و کاندیداکان ئازادانە ئەو وێنانە وەردەگرن کە لەلایەن میدیاکان و دوژمنە سیاسییەکانیانەوە ئامادە دەکرێن و ئەمەش مەیلێکە، ئەوان بۆ وێنەسازیی خۆیان هان بدا. یەکێك لە مەرجە پێویستەکانی بەرقەراری پەیوەندییە سیاسییە پێویستەکان، وەرگرتن و تێگەیشتن لەبیروباوەڕی دەنگدەرانە. زۆر پێش ئێستا، لەساڵی ١٩٠٨ **گراهام والاس** لەکتێبەکەی خۆیدا (**سروشتی مرۆڤ لەدنیای سیاسەت دا**) گومان لەم گریمانەیە دەکا کە دەڵی زۆربەی مرۆڤەکان لەمەڕ سیاسەت بەشێوەیەکی ئەقلانی بیر دەکەنەوە. ئەو، سەری زۆر لەوە سووڕ دەمێنێ کە بۆچی دەنگدەران ئەوەندە بەشێوەیەکی عاتیفی و دەمارگرژ ڕەفتار دەکەن و هەروەها لەمەڕ هەستیاربوونیان لەبەرانبەر پروپاگندەو جازیبەی ڕەمزیدا، هەست بەسەرسووڕمان دەکا.

ئەو دەنگدەرانەی وێنەیەکی زەینیی سادەیان لەمەڕ حزبەکان و سیاسەتمەدارەکان لە زەین دایە، دەبێ سرنج بدەنە ئەو راستییە. بەپێی قسەکانی والاس: ((**شتێك پێویستە، شتێکی سادەو بەردەوام، شتێك کە دەتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ و خۆش بویسترێ و دەتوانرێ لەهەموو هەڵبژاردنەکان دا بناسێنرێ و شتێکی هاوشێوە کە پێشتریش پشتی پێبەستراوەو خۆش ویستراوە: ئەمەش، حزبە**)) (١٩٤٨: ٨٣).

**والتەر لیپمەن** لە کتێبی (**رای گشتی**) (١٩٢٢)دا، گریمانەی پەیوەست بە ئەقلانی کارکردنی دەنگدەران ڕەت دەکاتەوەو رایدەگەیەنێ کە زۆربەی

خەڵکی، پەیوەندییە گشتییەکان بەشێوەیەکی گوتار، کردار یان نموونەی ئامادە دەخەنە بەرچاو. (**جوزیف شومیتەر**)یش تەئکید لەو پانتاییە دەکا کە سیاسەتمەداران بۆ قەناعەت پێکردنی ناشیانەو تێزی داخوازییە نا ئەقڵانییەکان لەبەردەستیان دابوو. لەدیدی ئەودا زۆربەی خەڵکی، سیاسەت بۆ نموونە، بە بەراورد لەگەڵ بڕیاردان دەربارەی خەرجی بودجەی خێزان، کارێکی ئاڵۆزو دوور لەوەدی هاتن، گریمانە دەکەن. ئەوان لەکاروبارەکان بەدوای سادەییدا دەگەڕێن. شومپیتەر لەو باوەڕەدابوو دەنگدەران بە بەراورد لەگەڵ سیاسەتەکانی حزبێك، زیاتر بایەخ بە وێنەی زەینی حزبەکە دەدەن. (**شومپیتەر** ١٩٧٦: ٢٨٣). نوێترین دەربڕین کە لەمەڕ بایەخی وێنەی زەینی حزبێك یان سیاسەتمەدار گوتراوە، بریتییە لەدەربڕینێکی یەکێك لەنووسەرانی گوتارەکانی **نیکسۆن**و کەسێك کە دواتر لەهەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ١٩٨٦ بۆ وەدەست خستنی کاندیدایی خۆی لەلایەن حزبی کۆماریخواز هەوڵیدا . لە نووسینێك دا کە بۆ هاوکارەکانی خۆی لەململانێی هەڵبژاردن نووسی، تەئکیدی کرد: ڕەزامەندی دەنگدەران لە کاندیدایەك پشتی بە واقیعیەت نەبەستووە، بەڵکو:

((**بەری کارو کاردانەوەیەکی تایبەتە کە لەنێوان دەنگدەرو وێنەی زەینیی کەسایەتی کاندیدا روو دەدا. ئێمە لەم بوارەدا دەبێ زۆر نەرم بین: چونکە کاردانەوەی ناوبراو لەمەڕ وێنەی زەینی دەردەکەوێ، نەك لە بەرانبەر مرۆڤەکە... وئەوەی لەواقیع دا هەیە گرنگ نییە... ئەم روانگەو گریمانەیە**

**بەزۆری لەباتی کەسی کاندیدکراو، پەیوەندی بە ئامرازی ڕاگەیاندن و بەکارهێنانەکەیەوە هەیە (ماك گینیس ١٩٧٠: ٥-١٧٤).**

شێوازە نوێکانی بەرقەراری پەیوەندی سیاسی سەرەتا لە ئەمریکا پەرەیان گرت. لەساڵی ١٩٣٣ دووکەسی کالیفۆڕنیایی بەناوی **کیلیم وایتکەرو لیون سمیس باکستەر** یەکەمین کۆمپانیای ڕاوێژکاری ململانێی هەڵبژاردن واتە (کۆمپانیای ململانێی هەڵبژاردن) یان دامەزراند و دەستیان کرد بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پروپاگندەو ڕاوێژ بۆ دانانی ستراتیژی حزبی. ئەمڕۆ، پێڕەوە زۆرەکانی ئەوان دەتوانن پشت بە کۆمپیوتەرو ڕاپرسی و پۆستەی ڕاستەوخۆو کۆمپانیا جۆراوجۆرەکانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن ببەستن بۆ دامەزراندنی داوودەزگای هەڵبژاردنی ئاڵۆزترو گرانتر. ململانێی سەرکۆماریی کاندیدای کۆماریخواز، **دی وایت ئایزەنهاوەر** لەساڵی ١٩٥٢، بە وەرگۆڕانێکی بەرچاوی بازاڕ گەرمی سیاسی بەهۆی پروپاگندەی تەلەفزیۆنەوە، لەقەڵەم دەدرێ. گرووپی بەڕێوەبەری ململانێی هەڵبژاردنەکەی ئەو، لەناو گەورەترین دەزگاکانی پروپاگندەدا هەڵبژێردران.

ئەوان دەزگای (**گالوب**) یان بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی ڕۆژانەی پەیوەست بە دەنگدەر ڕاسپارد و یەکێك لە کاراکتەرەکانی هۆلیوود، (**ڕۆبەرت مۆنتگومری**) شیان بەمەبەستی باشترکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ئایزەنهاوەر دامەزراند. ئەم کاندیدایە دوای ئاگاداری پروپاگندەی تایبەت کە ماوەی بڵاوکردنەوەیان تەنیا ٢٠-٦٠ چرکەبوو، و بۆ بڵاوکردنەوە لە ئەمریکا ئامادەکرابوو، بۆ ڕادیۆو تەلەفزیۆن ئامادەی کرد. لەوکاتەدا،

نیوەی خێزانەکانی ئەمریکا لەماڵەوە تەلەفزیۆنیان هەبوو. ئەو پەیامانەی ئایزنهاوەر تیایدا نیگەرانی خۆی لەمەڕ بابەتێکی تایبەتی دەردەبڕی و گوتەیەکی بەگومانی بۆ باشترکردنی شتەکان دەخستەڕوو، لەدوا رۆژەکانی پروپاگندەی هەڵبژاردن دا چەندان جار بڵاودەکرانەوە. لەساڵی ١٩٦٠ نفووزو کاریگەرییەکی زۆرتر بە هۆیەکانی راگەیاندن درا. لەم ساڵەدا، **جۆن. ئۆف. کەنەدی**، لەیەکەمین مونازەرەی سیاسی بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەگەڵ **نیکسۆن** ، بینەرانی تەلەفزیۆنی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

لەوکاتەوە تا ئێستا سوود وەرگرتن لە تەلەفزیۆن لە ئەمریکا لەرووی ئاستوئالۆزیو بودجەوە، گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆوە دیوە. (**سباتو ١٩٨١: بەشی چوارەم**). گەشەستاندنی پروپاگندەی تەلەفۆنی و پۆستەی راستەوخۆ، کاندیداو حزبەکان واڵیدەکا نامەی شەخسی بۆ ملیۆنان دەنگدەری (مەبەست) بۆ وەدەست هێنانی پشتگیریو کۆکردنەوەی پیتاك بنووسن. ئێستا گوتاردان لەو شوێنە تایبەتییانەی بە وردی دەرازێنرێنەوە، بەڕێوەدەچێ تا زەمینە بۆ بڵاوکردنەوەی تەلەفزیۆنی ئامادەبێ و شانسی چوونە ناو پەخشی تەلەفزیۆن وەدەست بکەوێ و بەم رێگایەوە کاندیداکان بتوانن لەگەڵ ملیۆنان دەنگدەر لەشوێنی دانیشتنی خۆیان، گفتوگۆ بکەن.

لە ململانێی هەڵبژاردنی **نیکسۆن** لە ساڵی ١٩٦٨دا، پرۆژەیەك بەناوی (**نیکسۆنێکی نوێ**) دارێژرا. لەم پرۆژەیەدا تا رادەیەکی زۆر پشت بە پسپۆری نووسەرانی گوتار و راوێژکارانی پڕوپاگندە و پەیوەندییە گشتییەکان بەسترا و قۆناغێکی نوێ لە پیشەیی بوونی ئەم شێوازە دەستی

پێکرد. لەو کاتەوە تا ئێستا ململانێی هەڵبژاردنی **ریگان، بۆش و کلینتۆن**-یش هەر یەکێکیان چەند پێشکەوتنێکی لەو شێوەیەیان لە بواری بەڕێوەبەرایەتی هۆیەکانی راگەیاندن، پڕوپاگندەی سەلبی و چالاکی هەڵبژاردن بنیات نراو لەسەر لێکۆڵینەوە، خولقاندووە.

حزبەکانی بەریتانیاش کاردانەوەیان لەخۆ نیشان داوە و ئێستا لەوانیش چاوەڕوان دەکرێ بەیارمەتی شتێ کە پێی دەگوترێ ستراتیژی ئامرازەکانی پەیوەندی، هەنگاو بۆناو هەڵبژاردن بنێن: رێك وەك کۆمپانیایەك کە بەرهەمێکی نوێ دێنێتە بازاڕ. بەڕێوەبەرانی پەیوەندیی پیشەیی پێش هەڵبژاردن زۆر بە وردی تێزەکانی ململانێکان لەسەر کاغەز رەسم دەکەن و تیایدا ئامانجە ستراتیژییەکانی چالاکی هەڵبژاردن و رێگاکانی وەدی هاتنیان دەست نیشان دەکەن. ئەم کاغەزانە، بریتین لە چەند تێزێك بۆ دانانی دەستووری کاری سیاسی، ململانێ لە هەڵبژاردنی نێوان دوو خول و زیادکردن یان کەم کردنەوە لە گەورەیی بابەتەکان و بیرۆکە تایبەتییەکان. ئەوان هەروەها ئەو پێشنیارانە دەگرنە خۆ بۆ (خێراتر کردنی) چالاکی هەڵبژاردن، داهێنان لە زەمینەی کات بەندی، هەڵبژاردنی بابەت و وێنەی گونجاو بۆ هەر رۆژێك، پێشبینی ستراتیژی هەڵبژاردنی حزبەکان و چۆنیەتی رووبەرووبوونەوەیان و هەروەها جۆری لێکۆڵینەوەی پێویست بۆجێبەجێکردن، بەڵگەنامەی گونجاوی بەرگری یان هەڵمەت و ئەو کەسایەتییانەی دەتوانرێ بە گەورەیی نیشان بدرێن. پۆستەر و رازاندنەوەی سەکۆی پەیوەست بە گوتاربێژانی رێبەران بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ راکێشانی پەخشی (خۆڕایی) لە چاپەمەنی و

راپۆرتـه هـەواڵی تەلـەفزیۆنی، دروسـت دەکـرێن. پەخـشی تەلـەفزیۆنی بـۆ (پەردە لادان) لەسەر پۆستەرەکانی حزبێك، تەقریبەن بودجەیەکی پێویست نییـه و هـەر لەبـەر هەندێیـه هـەموو حزبـەکان لـە سـاڵی ١٩٩٢ بـە بێبـاکی سوودیان لێوەرگرت.

رێبەرایـەتی حزبـە بەریتانییـەکان بەرنامـەکانی پەیوەسـت بـە ململانـێی هەڵبـژاردن دەخەنـە ئەسـتۆی رێکخـستنی حزبـی. ئـەم لێپرسـراوێتییە لـە حزبـی پارێزگـاران دا دەکەوێتـە ئەسـتۆی سـەرۆکی حـزب -واتـە سیاسەتمەدارێکی بە ئاسایی بەرز کە بەرپرسی مەکتەبە ناوەندییەکانە-. لـە حزبـی کرێکارانیـشدا کـە سـکرتێری گـشتییە -ئـەو کەسـەی مەکتەبـە ناوەندییەکانی حزب بەڕێوە دەبا- ئەم ئەرکە ئەنجام دەدا. هەریەك لەوانە لێپرسراوێتێکی گەورە دەخەنە ئەستۆی بەڕێوەبەری پروپاگندەی حزب کە لەوانەیـە بەپێـچەوانەی لێپرسـراوانی دیکـەی حـزب لـەبواری هۆیـەکانی راگەیاندن یان پەیوەندییە گشتییەکاندا، خاوەنی ئەزمونە. ئەم بەڕێوەبەرە بەشێوەیەکی ئاسایی موشتەرییەکی بەردەوامی دەزگاکانی پروپاگندە و راپرسی دەبێ و بەو پێشنیارانە رازی دەبێ کە لەلایەن گروپی پروپاگندەوە دەخرێنـە روو. بـە کـورتی و پـوختی، ئـەو بـە ئەلقـەی پەیوەنـدی نێـوان رێکخراوی حزب و پسپۆرانی بواری پروپاگندە لەقەڵەم دەدرێ.

دەزگاکانی پروپاگندە بەشێوەیەکی ئاسایی داوا لەو کەسانە دەکەن کە لـە بازرگـانی یـان سیاسـەت دا کاردەکـەن -یـان یارمـەتییان دەدەن- تـا ئامانجـەکانیان دەسـت نیـشان بکـەن. هەڵوێـستی ئـەوان چییە؟ جیـاوازی ئەوان لەگەڵ رکابەرەکانیان لەچیدایە؟ بۆچی دەبێ خەڵکی دەنگیان پێ

بـدەن؟ ئـەو پرسـیارە گرنگانـەی ئـەوان بەمەبەسـتی رەسـم کردنـی ستراتیژییەك، لە بەڕێوەبەرانی حزبی دەپرسن –وەك ئەو پرسیارانەن کە لە کڕیارە بازرگانییەکانی خۆیانی دەپرسن– بریتییە لە:

–دەتەوێ چی بڵێی؟

–دەتەوێ بگەیتە لای کێ؟

–بەچ شێوەیەك دەتەوێ بیانگەیتێ؟

سیاسەتەکان، بۆ سیاسەتمەداران بە بابەتی گرنگ لەقەڵەم دەدرێن، ئەوان بۆ حزبی فەرمانڕەوا بەشێوەی بەڵگە و گفت بۆ ئایندە و بۆ حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش لە چوارچێوەی بەرنامەی حزبیدا، هەن. دەنگدەرانی دەست نیشان کراو کە بەشێوەیەکی ئاسایی کەسانی تازە هاتوو، یان بەراستی پەنابەرن، لەسەر بنچینەی راپرسی و لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوەکان لەسەر کۆمەڵەیەکی دیار کراو، دەستنیشان دەکرێن. کاتێ ستراتیژی داڕێژرا، دەزگا رۆڵێکی گرنگ لە هەڵبژاردنی پێکهاتی میدیاکان بۆ گواستنەوەی پەیامی حزب، دەگێڕێ.

لەساڵی ١٩٩١ دەزگای پروپاگندەی ساتچیو ساتچی پێشنیاری کرد کە حزبی پارێزگاران دەبێ بۆ وەدەرخستنی ئەو بابەتانەی لە دیدی دەنگدەران دا مایەی رەزامەندی (بۆ نمونە، بەرگری، باج و یاسا و سیستم) و باشترکردنی هەڵوێستی خۆی دەربارەی ئەو بابەتانەی زیاتر دەرکەوتوون (بۆ نمونە، تەندروستی، بێکاری)، چڕبکاتەوە. سیاسەتمەدارانیش بەم پێشنیارانە رازی بوون.

**هری تریلۆن**، یەکێك لە ئەندامانی گروپی پروپاگندەی **ریچارد نیکسۆن** لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ١٩٦٨دا پێویستیی رەسم کردنی (مەسەلەیەك واتە پەیامێك کە ئێمە داواکاری گواستنەوەین) و شتێك کە لە دروشمێك باڵاترە یان بابەتێکە، خستەروو (**ماك گینیست** ١٩٧٠: ١٥٤). ئەو کەسانەی بواری پەیوەندییەکان کە بۆ حزبەکانی بەریتانیا کاردەکەن، گوێ لە سیاسەتمەداران، لێپرسراوان و ئەو لێکۆڵەرانە دەگرن کە هەڵوێستی حزبی شیدەکەنەوە و زانیارییە دەستکەوتووەکان بۆ داڕشتنی چەند پێشنیارێك لە بواری گوتار و پەخش کردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی و پروپاگندە، بەکاردەهێنن و دوای دانانی ستراتیژ، بەپێی توانا لە یەك یان دوو لاپەڕەدا پوختەی دەکەنەوە (بۆ نمونە بڕوانە ستراتیژی حزبی پارێزگاران لەساڵی ١٩٧٠).

بەشێوەیەکی ئاسایی چڕکردنەوەی پەیامی حزبێك لە لاپەڕەیەك دا کارێکی ئاسان نییە. لەسەر بنچینەی قسەی کارمەندانی پەیوەندی، یەکێك لە گرفتەکان ئەمەیە کە زۆربەی سیاسەتمەداران لە گوتارەکانیان دا زمان و شێوازێکی تایبەتی بەکار دەهێنن. ئەوان بەزۆری دولایەنە دەدوێن، سوود لە ئەفسانە و رەمزە قبوڵکراوەکانی حزب وەردەگرن و لەمەڕ خەرجییەکان حەزیان لە لێڵی و نادیارییە. ئەوان بۆ خۆلادان لە رەنجاندنی دەنگدەران پەنا بۆ لێڵی و مەسەلەی گشتی دەبەن. هەروەها لەوانەیە سیاسەتمەداران وەبیریان بێ کەئەو گوتە و دروشمە سادانە، رێبەرانی حزب بەزۆری رووبەرووی گرفت بکەنەوە. دروشمی **چەمبەرلین** ((**ئاشتی بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە**، ١٩٣٨))، دروشمی ((**قەت وا باش نەبووە**، ١٩٥٧))، دروشمی **ویلسۆن**

((**پاوەند لەگیرفانی ئێوەدایە، ١٩٦٧**))، دروشمی هیس (**تەنیا بە یەك لێدان، کەم کردنەوەی ڕێژەی زیادبوونی نرخەکان، ١٩٧٠**)، دروشمی ساتچی لە پۆستەی ((**کرێکار کار ناکا، ١٩٧٨**)) و دروشمی دراوە پاڵ کالاگان ((**تەنگژە؟ کامە قەیران**))[٢]،١٩٧٩، هەموو ڕێبەرانی حزبەکانیان نیگەران کرد.

بێزار بوونی حکومەتێك لە ئەنجامی چالاکییەکانی ئابوورییەکی لاواز، دەستەگەری لە کابینە یان ڕووداوە دەرەکییەکانیش دەتوانێ حزب لە وەرام دانەوەی ڕاستەوخۆی پرسیاری بەڕێوەبەرانی پەیوەندییەکان ڕووبەڕووی گرفت بکاتەوە. **جی.و.تاکەر** کە گەلی بەرپرسیارێتی جۆراوجۆری لە کاروباری پروپاگندەی حزبی پارێزگاراندا دیوە، گەیشتۆتە ئەم ئەنجامە کە ئەو شتەی لە سیاسەتدا مامەڵەی لەسەر دەکرێ، بە بەراورد لەگەڵ کەلوپەلی بازرگانیدا، بەتەواوەتی دەگۆڕێ: ((بوتڵێکی کۆکاکۆلا یان مەکینەیەك لە ماوەی دوو ڕۆژدا ناگۆڕێ. بەڵام گریمانەی پەیوەست بە حزبێك، بە حکومەتێك یان ڕێبەرێك دەتوانێ بەتەواوی بگۆڕێ، گۆڕانێك کە نە بەهۆی گۆڕان لە هەڵوێستیان، بەڵکو بەهۆی کاریگەریی ڕووداوەکان پەیدا دەبێ و ئەمانە ئەو شتانەن کە ئێمە دەبێ کۆنترۆڵیان بکەین)) (چاوپێکەوتن). لەساڵی ١٩٦٣ ، هەڵسوڕاوانی بواری پەیوەندییەکانی حزبی پارێزگاران هەستیان کرد ناتوانن بە هۆی هەڵوێستە

---

[2] کالاگان ئەم دەستەواژەیەی بەکارنەهێنا. ئەم دەستەواژەیە، دەربڕینێکە لەلایەن ڕۆژنامەی (Sun)ەوە لەوەڵامەکەی ئەو، بۆ پرسیاری هەواڵنێرێك کە لەکاتی گەڕانەوەی لەگادالوپ لەکاتی یاخیبوونە بەربڵاوەکانی ئەوێ لێیکردبوو، وەك مانشێت لەیەکەم لاپەڕەدا چاپ کرا

یەکلانەکەرەوەکانی رێبەریی هارولد ماك میلان، دەنگۆ و ریسواییەکان، تێشکانی لە هەڵبژاردنی دواناوەندی، گیروگرفتە ئابوورییەکان، پەیامێکی ئیجابی بۆ حزب دانێن. لە ساڵی ١٩٨٣دا، دەزگای پروپاگندەی حزبی کرێکاران لە پێشکەشکردنی پێگەیەکی ئیجابی بۆ حزب ئەوەندە پەراگەندە ببوو و ئەو سیاسەتانەی کەگەلی لە رێبەران بە خراپیان دەزانین، رووبەرووی گرفت بۆوە. لەساڵی ١٩٩١ ساتچی و ساتچی، دەزگای پروپاگندەی حزبی پارێزگاران تێگەیشت کە بەرێوەبەرانی حزب کاتێکی زۆریان بۆ پێناسەکردنی پارێزگاریی نوێی جۆن مێجەر خەرج کردووە.

بەپێی قسەکانی جیرمی سینکلەر:

**ئێمە ماوەیەکی زۆر کارمان بۆ تاچەر کردبوو، و دەنگدەران بەباشی ئاگاداری هەڵوێستەکانی بوون. ئێستا ئێمە دەمانویست بزانین ئایاحزب بە رۆشنی داواکاری وەرگرتنی باجێکی کەمە لەباتی خەرج کردنی بودجەیەکی زۆرتر یان نا، ئەو ماوەیەی بۆ وەرام تەرخان کرا، ماوەیەکی زۆر بوو، چونکە لێپرسراوەکانمان هێشتا هەڵوێستی خۆیان دیار نەکردبوو. سیاسەتمەداران، کەسانی دڵخوازنین. چونکە وەك نمونە، ئەوان سیستمی بەشی پەیداکردنی بازاڕیان نییە** procter & Gamble**. کاری پڕوپاگندە، ئامادەکردنی ئەم زەمینەسازی و رێوشوێنەیە. ئەو شتەی ئێمە لە لێپرسراوانمان دەوێ ئەمەیە کە ئامانج یان بابەتە سەرەکییەکانیان بزانین، زەمینە و پاڵپشتی بابەتەکانیان بزانین و ئاگاداربین کە ئەم بابەتانە پێویستە بە چ ئاواز و شێوازێ بگوترێن. دەکرێ ئەمانە لەسێ پەرەگراف دا پوختە بکرێن و ئەمە بە ئامانجی بازاڕ پەیداکردنی نوێ لەقەڵەم**

**دەدرێ. ئەم سادەییە بەزۆری دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی گەلی لە سیاسەتمەداران، ئەوان داواکاری ئەمەن کە بۆ ماوەیەکی زۆر خەریکی گوتاردان بن (چاوپێکەوتن).**

پێشینەی کارکردنی سیاسەتمەدارێك یارمەتییەکمان نادا. بەشێوەیەکی ئاسایی رێبەری حزبێك، یان سەرۆکی حزبی پارێزگاران یان سکرتێری گشتی حزبی کرێکاران لە مامەڵە لەگەڵ دەزگایەکی پروپاگندە یان راپرسیدا بە بەراورد لەگەڵ بەڕێوەبەری بەشی بازاڕ پەیداکردنی کۆمپانیایەکی گەورە، ئەزمونێکی کەمتری هەیە. رێبەری حزب یان سەرۆکی حزبی پارێزگاران لە لێپرسراوان و پلە جیاوازەکانی سیاسەتمەداران دادەبڕێ، لەبارێکدا گەلی لە بەڕێوەبەران پلەی ئیداریی جۆراوجۆر دەبوێرن و لە هەر قۆناغێك دا لەوانەیە لەگەڵ ئەو بڕیارانەی دەربارەی ستراتیژی بازاڕ پەیداکردن، دەدرێن، دەستەویەخە دەبن. ژمارەیەکی کەمی سیاسەتمەداران پێش گەیشتن بە سەرۆکایەتی حزب، ناچار بوون لە بواری ستراتیژی بەرقەرارکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەنگدەران بەگشتی، بیربکەنەوە. هاوکات، لەگەڵ چوونەسەرەوە، سیاسەتمەداران پسپۆرییەکی پێویست بۆ قسەکردن لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆر – هەڵسوڕاوانی ناوخۆ، نوێنەرانی ئەنجومەن، کارگوزارانی شار، کۆمیتە و کۆنفرانسە حزبییەکان– فێر دەبن. بەڵام ئەوان ناتوانن تا پێش گەیشتن بە پێگەی رێبەری، بەشێوەیەکی بەردەوام، لەسەر ئاستی نیشتمانیدا روو بکەنە دەنگدەران.

**بۆچی کارمەندانی پەیوەندی لەم کارەدا دەستەو یەخە دەبن؟**

بەڵگــەی ئــەوەی حزبێکــی گــەورە یــان کاندیدایــەکی هەڵپەرســت، بەڕێوەبــەرانی راپرســی، دەزگاکــانی پروپاگنــدە و کەســانی خۆبــەخش لەبەشی پەیوەندییە گشتییەکان و پیشەسازی میدیاکان بەکار دەهێنێ، قــابیلی تێگەیــشتنە. بــەڵام حزبــەکان کڕیــاری سەرســەخت و خــاوەنی داخوازییەکی زۆرن و کەم دەزگای پروپاگندە یان راپرسی هەیە حەزبکا بۆ حزبێك کاربکا. سیاسەتی فەرمان، مایەی مشتومڕە. بارودۆخی حزبێك دەتوانێ هێزی کاری دەزگایەك پەرش و بڵاو بکاتەوە و بەتایبەتی ئەگەر حزبەکە، کرێکاری بێ، دەتوانێ رکابەرانی دیکەی دەزگا برەنجێنێ. گوشــارەکانی کــاتی هەڵبــژاردن زۆر تونــدن و هــەتا لەگــەڵ گــەورەیی دەزگاکەشدا، داواکارییەکان لەوانەیە بارێکی زیادی ئەستۆی دەزگاکە بێ یان ئەو ناچار بە گوێ نەدان بە رکابەرانی دیکە بکا. کارکردن بۆ حزبێکی سیاسی هەروەها مەترسی-گەلێکی زۆری هەیە هەڵە گەورەکان دەردەخرێن و لەلایەن هۆیەکانی راگەیاندنەوە بڵاودەکرێنەوە، سیاسەتمەدارانی دۆڕاو بەشێوەیەکی ئاسایی تۆراو و بێ وەفان، لە دەزگاکان چاوەڕوان دەکرێ کاردانەوەیەکی خراپیان نەبێ و دانیشتن لە پێگەی دۆڕاو لەرۆژی هەڵبژاردن دا، هەڵوێستێکی ترسناکی بەدواوە دەبێ.

بــەم شــێوەیە، گــەلی دەزگــا و بەڕێوەبــەرانی راپرســییەکان، بــە خۆشحاڵییەوە بەرەوپیری حزبە سیاسییەکان دەچن. بەتایبەتی حزبی پارێزگاران لە خۆبەخش و داواکار کەموکورتی نەبووە.گەلێك لەوان بە پێوانــەی ساتــچی و ساتــچی (کــە ئاســتی جێگۆڕکــێی کارمەنــدان و داهاتــەکانیان لەبەرانبــەر بــاج، لــەماوەی پێــنج ســاڵ چــالاکی بــۆ حزبــی

پارێزگاران لەساڵی ١٩٧٨، هەرکامەیان دە ئەوەندە و شەش ئەوەندە زیاتر بوو)، بۆ چالاکی لەبواری حزبە سیاسییەکاندا، هان دەدرێن. بەڵام کاریگەری گەشەی ناوبراو پتەو نەبوو، چونکە پێشکەوتنی بازرگانی بەردەوام جێگیر و زامن نامێنێتەوە. دەزگایەکی پڕوپاگندە کاتێ بە بەرنامەیەکی کار و بودجەی حزبێك رەزامەند دەبێ کە کرێی خزمەتگوزاری و خەرجی کارمەندانی بدرێ. سەربار، دەزگای ناوبراو ١٥٪ی مافی کۆمیسیۆن بۆ هەڵبژاردنی لاپەڕەیەکی گونجاو بۆ پڕوپاگندە و بڵاوکردنەوە لە چاپەمەنییەکان و هەروەها خەرجی پەیوەست بە خزمەتگوزارییەکانی تر، وەردەگرێ. هەقدەستە داراییەکان بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی دەتوانرێ لە کڕیارانی بازرگانی دەست کەوێ، کەم و پچڕپچڕ و ناڕێكوپێکە. چەند کەسێك لە بەڕێوەبەرانی راپەڕاندنی کاروبارەکانی دەزگای ساتچی ئیدیعا دەکەن کە حزبەکان بەزۆری بەتەواوی کرێی خزمەتگوزارییەکان نادەن و ئەم دەزگایە هەتا لەباشترین بارودۆخیشدا ناچار بووە لەبواری خەرجی تەرخانکراو بۆ حزبی پارێزگاران، دابشکێنێ. لەساڵی ١٩٩٢ بودجەی تەرخانکراو بۆ هەڵبژاردن لە دەزگای ساتچی گەیشتە پێنج ملیۆن پاوەند کە ئەم حیسابە تا ٢٤ مانگ دوای کۆتایی هەڵبژاردن، لەلایەن ئەو حزبە پارێزگارەی بەتووندی کەوتبووە ژێر قەرزوقۆڵەوە، دەدرایەوە. لەبەرانبەردا، کڕیارە بازرگانییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی لەکاتی خۆیدا قەرزەکانیان دەدەنەوە. بەڕێوەبەرانی پەیوەندی کەلە رابردوودا بەشێوەی کاری کرێ بۆ حزبی کرێکاران کاریان کردووە، لەمەسەلەی وەرگرتنی هەقدەست گلەیی لەو حزبە دەکەن.

لەم رووەوە زۆربەی ئەو کرێیانەی بە بەڕێوەبەرانی پەیوەندییەوە پەیوەستە، کەمتر بەرچاوە. لێرەدا، دەزگاکان رووبەرووی هەندێ شانازی سیاسی دەبنەوە (بۆ نمونە **لۆرد لیون** و **لۆرد لاول-دیویس** لەحزبی کرێکاران، هەروەها **سێر تیم بیل رونالد میلار** و **سێر گوردون ریس** لە حزبی پارێزگاران). ئەوان لەم ڕێگایەوە دەتوانن سیمای خۆیان زیاتر دەربخەن. کارکردن بۆ حزبێك دەتوانێ پڕوپاگندەیەکی بەرچاو بۆ دەزگایەك یان راپرسی دابین بکا. ئەو بەڕێوەبەرانەی پەیوەندی کە لە ململانێیەکی هەڵبژاردندا کاریان کردووە، ئەم کارکردنە بە سەرنج راکێشترین خولی کارکردنی خۆیان دەزانن. ئەم خولە بوارێکە تیایدا دەتوانرێ لەگەڵ سەرۆکی وەزیران یان کەسایەتییە سیاسییەکانی دیکە (بە بەراورد لەگەڵ بەڕێوەبەرانی راپەڕاندن لە ئاستی ناوەڕاست کە ئەوان بەزۆری پەیوەندییان لەگەڵیاندا هەیە)، دانیشتن ڕێك بخرێ و هەڵبژاردنی حکومەتێك و گوشار خستنە سەر شێوەی حوکمڕانی لەوڵاتێك دا، رۆلی هەبێ. ئیجابیەتێکی دیکەی چالاکی بۆ حزبەکان ئەمەیە دەزگاکان دەتوانن بەهۆی بوارێك کە بەنووسینی ئاگادارییەك وەدەستی دەهێنن -ئەو ئاگادارییانەی بەفراوانی بڵاودەکرێنەوە- داوای رکابەری بکەن. هەتا بەڕێوەبەرە پیشەییەکانی پەیوەندی کە چالاکی و کارکردنیان لەبواری ململانێی هەڵبژاردن دا بە چالاکییەکی ناخۆش و بەئازار دیوەو سیاسەتمەدارانیان وەك کەسانی بێوەفا زانیوە، هێشتاش ئەو خوولەی چالاکییەکانیان بە گرنگترین رووداوی ژیانی کارکردنی خۆیان دەزانن.

کادیرەکانی حزبە سیاسییەکان هەمیشە هاتنی بەڕێوەبەرانی پەیوەندی بەئاسانی قبوڵ ناکەن. ئەوان دەزانن کە زۆربەی بەڕێوەبەرانی ڕاپرسی و بەڕێوەبەرانی پروپاگندە هەقدەستێکی زۆر وەردەگرن و، بێجگە لەو کرێیەی لەبەرانبەر کارکردن بۆ حزب وەری دەگرن، سەرچاوەی داهاتی تریان هەیەو دەستیان بەهەموو لێپرسراوە گەورەکانی حیزبیش ڕادەگا. ئەوان لەوانەیە، وادابنێن کەسانی پەیوەندار، بەپێچەوانەی کاری ئەوان کە لەخەتی حزب دایە، لەدەرەوەی خەتەکانی حزب دایە. بەڕێوەبەرانی پەیوەندی وەك گرووپێك ماوەیەکی کەمیان بۆ دامەزراندنی کۆمیتە ئاڵۆزو پەناوپێچەکان- کە زۆر بەدڵی حزبەکانە، بەتایبەتی حزبی کرێکاران- لەبەردەم دایە.

دەتوانرێ لێکچوونێکی زۆر لەنێوان فرۆشتنی خاڵە بەهێزەکانی حزبێکی سیاسی یان ڕێبەرێك، بەدەنگدەران لەلایەن دەزگایەکی پروپاگندە لەگەڵ فرۆشتنی- وەك نموونە- بەستەیەك شیرینی بۆ کڕیاران، ببینرێ (لەراستیدا، لەساڵی ١٩٨١ حزبی پارێزگاران بەڕێوەبەرێکی لە کۆمپانیای شیرینی (ئەمریکان مارس) دامەزراند تا سەرۆکایەتی بەشی بازاڕدۆزیی نوێ لەنوسینگەی ناوەندی بەئەستۆوە بگرێ و پلەیەکی ڕاستەوخۆ دروست بکا). هەرجارە، ئامانج ئەمەیە ستراتیژییەکی پەیوەندی ڕێك بخرێ و جێبەجێ بکرێ. کۆمپانیایەك یان بازرگانی قازانج خواز داواکاری ئەمەیە خواستی کڕیاران بزانێ و لە چۆنیەتی فرۆشتنی کەل وپەل بەکڕیاران، شارەزابێ. کارمەندی پەیوەندی کاری خۆی لەسەر وەفاداری کڕیارەکان یان دەنگدەران بنیات دەنێ و هەوڵ دەدا خواستی کڕیارەکان

یان دەنگدەرە راستەقینەکان وەدی بهێنێ و هۆی بێزارییەکانیان بزانێ. هەروەها هەوڵ دەدا بەشێوەیەکی بە بەرنامە، لەخاڵە بەهێزو لاوازەکانی دروشمەکان یان حزبە رکابەرەکان بکۆڵێتەوە. دەنگدەران وەك ئەو کڕیارانەن کە حزب دەبێ وەرامدەرەوەی نیگەرانییەکانیان بێ و وێنەی زەینی پەیوەست بە (دروشم)ی خۆی بۆ جیابوونەوە لە رکابەرانی دیکە، بخاتە بەردەستیان.

پسپۆرانی زانستی پەیوەندییەکان مەیلی ئەوەیان نییە بڵێن فرۆشتنی حزبەکان وەك فرۆشتنی بەستە سابوونێکە، چونکە ئەو راستییە دەزانن کە سیاسەتمەداران لەو لێکچواندنە ناراحەت دەبن. بەڵام ئەوان، بەئاشکرا دانی پێدا دەنێن کە گەلی ڕێوشوێنی پەیوەست بە فرۆشتنی ئەم دووانە، لێك دەچن. هەڵبەت ئەم شتە مایەی سەرسووڕمان نییە، چونکە ئەوان گەلی ئەزموونیان لەکارە بازرگانییەکانی خۆیان وەدەست هێناوەو لەکاتی دامەزرانیشیان لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە، هەر سوود لەو ئەزموونانە وەردەگرن. زانایەکی سیاسی بەناوی **ئادریان سکمان** داکۆکی لە پەیوەندیو خزمایەتی شێوازی بازاڕدۆزیی سیاسی ((**کە حزبی سیاسی وەك (یاریکەر)ێکی بازاڕی سیاسی وێنە دەکێشێ**)) دەکا. یاریکەرێك کە بەقسەی ئەو ((**وەك کۆمپانیایەکی بازرگانی چالاك لە بازاڕی رکابەریدا، سوود لە تەکنیکی پێ سەلماندنو هەروەها لێکۆڵینەوە بەهۆی رووبەرووبوونەوە، وەردەگرێ**)) (**سکمان** ١٩٩٤: ٤٦٦).

لەگەڵ بوونی لێکچوونە دیارەکانی نێوان پروپاگندە بۆ یەك شمەكو پروپاگندە بۆ حزبێك، چەند جیاوازییەکیش هەیە. بەڕێوەبەرانی پروپاگندەو

بەڕێوەبەرانی ڕاپرسی کە لەهەردوو بواردا کاریان کردووە، ئیدیعا دەکەن هیچ شتێك لەپروپاگندەکردن بۆ بەرهەمێك لەگەڵ گوشاری ململانێیەکی هەڵبژاردن دا قابیلی بەراورد نییە، چونکە پێویستی بە خێرایی، وردەکاری قووڵی میدیاکان، حەزی گشتی و دەنگی یەکلاکەرەوە لەرۆژی هەڵبژاردن، هەیە. لەبازرگانیدا لەوانەیە ژمارەی ئارمە رکابەرەکان زۆربێ، بەڵام لەململانێیەکی هەڵبژاردن دا تەنیا دوژمنێك بەتەواوەتی دیارو ناسراوە -چ حزبێك و چ کاندیدایەك-. **جۆن بارتل**، بەڕێوەبەری گشتی دەزگای B.B.H کە خۆ لەچوونە ناو ململانێی حزبی بەدوور دەگرێ، وایبردەکاتەوە: ((**سیاسەت گە نجینەیەك یان سەرچاوەیەکی لەبەردەست دانییە. ئەگەر ئێوە پروپاگندە بۆ شیرینی دەکەن، خەڵکی دەتوانن دوو یان سێ ئارمی جیاوازی شیرینی ئامادە بکەن، یان رۆژ بەرۆژ جۆری دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن. بەڵام لە سیاسەت دا، ئێوە تەنیا دەتوانن دەنگ بۆ حزبێك بدەن. لەبەرهەندێیە ئێوە دەبێ ئەو شتەی لە سیاسەت دا پروپاگندەی بۆ دەکەن، دەبێ بەتەواوی باوەڕتان پێی هەبێ**)) (چاوپێکەوتن).

## پێکانی دەنگدەران

پسپۆرانی پەیوەندییە سیاسییەکان وەك هاوتاکانی خۆیان لە بازرگانیدا، قسە لەگرووپە تایبەتییەکان دەکەن کە بیانکەنە نیشانەی تیری خۆیان. ئەوان لە ئاستێکی گشتیدا، دەنگدەران و بازنەکانی هەڵبژاردن دەکەنە دوو دەستەی (خۆمانە) و (هی‌دیکە). لەسیستمێکی رکابەری دوو حزبیدا، دەنگدەران بڕیاردەری چارەنووسی کەسانێکن کە پەیوەندییەکی لاوازیان لەگەڵ حزبدا هەیە یان هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ حزبدا نییە. مەبەست لەڕاپرسی گشتی و راپەڕاندنی لێکۆڵینەوەی چلۆنایەتی ئەمەیە کە داڕێژەرانی ستراتیژیی حزب بتوانن تایبەتمەندی و نیگەرانییەکانی ئەم دەستەیەی دەنگدەران دەست نیشان بکەن و روویان تێبکەن. دەنگدەران ئەوانەی دەکرێنە ئامانج، دەکرێ بەنیشانەی جۆراوجۆر وەك شوێنی جوگرافی، شێوازی ژیان، بەهاو مەیلەکان، وهۆکاری وەك: تەمەن، ڕەگەز، یان چینی کۆمەڵایەتی و شتی لەم جۆرە پێناسە بکرێن. شێوازێکی دیکە ئەمەیە

دەنگدەرانی مەبەست، دەتوانن لەچوارچێوەی بازنەی هەڵبژاردن، بەتایبەتی کورسییە چارەنووسسازەکان (ئەو ناوچانەی حزبی سەرکەوتوو بەجیاوازییەکی زۆرکەم لە رکابەرەکەی دەباتەوە)، کە ئەنجامەکانیان چارەنووسی گەلی هەڵبژاردنی گشتی دیار دەکا. بێ لەبەرچاوگرتنی کوڕ و کۆمەڵەی جیاواز لەچەندان ناوچەدا، گەلی کورسی دواناوەندی جۆراوجۆر لە گشت وڵات دا پەیدا دەبن کە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتیی دەنگدەران لەم ناوچانە دا لەگەڵ ناوچەکانی دیکە کە لەشوێنی دیکە هەن، لێك دەچن.

بەڵام هەندێ لە پسپۆران لەکاریگەری ئەم رووتێکردنەدا، دوودڵن، چونکە بەپێی ئەزموونی بازرگانی ئەگەر فرۆشتنی بەرهەمێك زیاتربوو، ئەم فرۆشتنە لەئاستی گرووپە کۆمەڵایەتیەکانیشدا، بەم شێوەیە دەبێ، هەروەها بەخەستی رووکردنە دەنگدەران لە ململانێیەکی نیشتمانیدا، کارێکی زەحمەتە. بۆ نموونە، خوێنەرانی رۆژنامەی ((**گاردیان**)) بەزۆری سەر بە چینی ناوەڕاستن، بەڵام ئەم رۆژنامەیەو زۆربەی زۆری خوێنەرانی، پشتیوانی لەحزبی پارێزگاران ناکەن. رۆژنامەی (**سەن** Sun ) خوێنەرێکی زۆری لەناو چینی کرێکاردا هەیەو گەلی دەنگدەری حزبی کرێکاران دەیخوێننەوە، بەڵام هەڵوێستی ئەم رۆژنامەیە لەحزب، دوژمنانەیە. ئاگادارکردنەوەی **مارتین هاروپ**، ئاگادار کردنەوەیەکی گونجاوو بەجێیە: ((**دەنگدەرانی مەبەست دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی مەیلیان بۆ حزبەکان، لەباتی سیاسەتەکان، بناسرێن و دوای ئەم کارەیە کە تێدەگەین، ئەوانیش زۆر لەکەسانی دیکە دەچن. لەم رووەوە، مایەی سەرسوورمان نییە بزانین چالاکی هەڵبژاردن بۆ راکێشانی دەنگدەرانی مەبەست، بە چالاکی بۆ گرووپەکانی دیکەش لەقەڵەم دەدرێ**)) (**هاروپ** ١٩٩٠: ٢٨٣). فراوان بوونی کۆمپیوتەرو تەکنیکی زانیاری لەئاستی ناوچەکانی هەڵبژاردن دا، چەند بوارو هەلێك بۆ پێشکەش کردنی خواستە دەستنیشان کراوەکان بۆ دەنگدەران، دەخولقێنن. حزبە ناوخۆییەکان دەتوانن سوود لە پروپاگندەی تەلەفۆنی، داوای پشتیوانی و کۆمەك لەرێی پۆستەی راستەوخۆو ناردنی پەخشنامەی تایبەتی هەڵبژاردن بۆ گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان، وەربگرن. بەم شێوەیە، تا ئێستا بەریتانیا لەسوود وەرگرتن لەم شێوازانە لەدوای

ئـەمریكاوە بـووە. لـە بـەریتانیا، بـوونی یاسـای توونـدوسـەخت لـەبواری خـەرجی پەیوەسـت بـە ململانـێی نـاوخۆیی بـەم مانایەیـە كـە ئـەم یاسـایانە پـێش بـەرەسمی دەست پێكردنی ململانێكان بە فراوانی، پەیڕەوكراون و چەندان مەرج بۆ خـەرج كـردن دادەنرێ.

**ئەنجام:**

ئـەو شـێوازانەی كـە هـەردوو حزبـی پارێزگـاران و كرێكـاران بەهۆیانـەوە شـێوازی پەیوەندییـەكی پیـشەییتریان گرتۆتەبـەر، دواتـر بـەقووڵی لێیـان دەكۆڵینـەوە. ئـەو پێشكەوتننانەی وەدەست هـاتوون، ئـەو ئەنجامـەیان لێكەوتۆتـەوە كـە بەڕێوەبـەرانی ململانێكـانی بـۆ لێكۆڵینـەوەی هەسـتی دەروونـی دەنگـدەران پەرۆشـتر كـردووە و هۆشـیاریی ئـەوان لەمـەڕ دەنگـدەرانی (كلیـل ئاسـا) و بڕیـاردان لەمـەڕ ڕێنـوێنی پەیامەكانی هەڵبژاردنی ڕووەو ئەوان بەرزكردۆتەوە و چڕكردنەوە و دووبارە كردنەوەی لەراددەبـەدەری بەڵگـە و دەسـتەواژە و هەوڵـدان بـۆ ڕێكخـستنی ڕێـسایەك كـار بـۆ هۆیـەكانی ڕاگەیانـدن لەگـەڵ پێـشنیاری لێكدانـەوە و هـەواڵ و هـەروەها ئامـادەكردنی ڕووداوە تایبەتییـەكان بۆ پەخشی تەلـەفزیۆنی. گرتنەبـەری شـێوازی پیشەیی لەمـەڕ ململانێی هەڵبژاردن، چەند تایبەتمەندییەكی هەیە كە لەخوارەوە نووسراون:

*ملكەچ بوونی هەموو ئامانجەكان بۆ ئامانجی سەركەوتن لەهەڵبژاردندا.

*پشت بەستن بە ڕاپرسـی و لێكۆڵینـەوە لـە گرووپـە ناوەندییـەكان بـۆ ئاراسـتەكردنی خواستەكانی حزب ڕووەو دەنگدەران.

*زاڵبوونی هۆیەكانی ڕاگەیاندن وەك ئامرازێك بۆ دەست ڕاگەیشتن بە دەنگدەران.

*بایەخی پسپۆڕانی پەیوەندییـەكان لـە خولـەكانی ململانـێی هەڵبژاردنـدا. بەشـەكانی ٣ تا ٥ لەچۆنیەتی دروست كردنی لێك گەیشتن لەنێوان حزبەكان و شێوازە نوێكان دەكۆڵێتـەوە و شـیدەكاتەوە. پـێش ئـەوە، لەبەشـی دووەم، پـێش زەمینەیـەك لەسـەر بنەمای پێكهاتی هەڵبژاردن، دەخەینەڕوو.

# پێکهاتەی هەڵبژاردن

وەك یەك روانینە هەموو ململانێکانی هەڵبژاردن کارێکی دژوارە، چونکە دۆزینەوەی دوو پرۆسەی هەڵبژاردنی هاوشێوە، هەتا لەیەك وڵاتیشدا لەتوانادا نییە. لێکۆڵەرانی کاروباری هەڵبژاردن، دەنگی تاکەکەسێك بەئەنجامی ئەمانەی خوارەوە دەزانن:

ئەلف: هێزی درێژخایەنی وەك مەسەلەی دانیشتوان و پەیوەندییە حزبییە ناوخۆییەکان.

بێ: هۆکاری کاتی کە لەپرۆسەی هەڵبژاردن دا دروست دەبن و ئەو مەیلانە بەهێز دەکەن یان دەگۆڕن.

هەر ئەو شێوازە دەکرێ لەبواری ململانێی هەڵبژاردنیشدا بەکاربهێنرێ. هەتا لەخولێکی سێ یان چوار ساڵەشدا، هەر هەڵبژاردنێك بەپێکهاتەیەکی هێزی جۆراوجۆری کاتی، وەك مەیلی گشتی لەسەر مەسەلەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان، پێشینەی حزبی، رووداوە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان و گۆڕانکاری رۆژ بەرۆژ زۆرتر لەپێکهاتەی دەنگدەران، یاساکانی هەڵبژاردن و تەکنیکی پەیوەندی، بەڕێوەدەچێ. مەبەستی ئەم بەشە، لێکۆڵینەوەیە دەربارەی دیارترین تایبەتمەندی ئەو فەزا سیاسییەی ململانێی هەڵبژاردنی بەریتانیای تێدا بەڕێوە دەچێ. ئەم بەشە بەتایبەتی لەو پێشکەوتنانە دەکۆڵێتەوە کە لەم دواییانەدا لەزەمینەی رەفتاری هەڵبژاردن، حزبەکان، دەزگاکانی راگەیاندن و مەسەلەکانی پەیوەست بەململانێی هەڵبژاردن روویان داوە.

لەساڵی ١٩٤٥ەوە، کۆمەڵی بەریتانی بۆتە کۆمەڵێکی بۆرژوازی نشین ترو ((روو لەپێشکەوتن))تر. لەکۆتایی دەیەی ٧٠دا، لێکۆڵەرانی بازاڕ کۆمەڵیان کردە دووبەشی ٦٠ بە٤٠ لەنێوان چینەکانی کرێکار و بۆرژوازی. لەسەردەمی ئێستادا، بەپێی پێناسەی هاوچەرخ، چینی کرێکارانی دەستی بوونەتە گرووپی سێیەمو لە٤٠٪ی هێزی کار پێک دەهێنن. لەساڵی ١٩٧٩وە، زیاتربوونی بەردەوامی خاوەنداریێتی خانووبەرە کەئێستا دوو لەسێی خێزانەکان دەگرێتەوە، کەم بوونەوەی ئەندامێتی لەسەندیکای بازرگانی لە١٣ ملیۆن بۆ کەمتر لە ٨ملیۆن، پشت بەستنی زیاتر بەئامرازی گواستنەوەی شەخسیو فراوان بوونی موڵکایەتی پشك بۆ ٢٠٪ی دانیشتوانی بەتەمەن، چەند نیشانەیەکی گۆڕان بۆ چینی بۆرژوازین. ئێستا نزیکەی ٤ لە٥ی دەنگدەران سەربە چینە کۆمەڵایەتییە (تێکەڵاوەکان)ن- بۆ نموونە چینی کرێکاری خاوەنی خانوو یان هاوسەرانی کارمەندان کە مێردی کرێکاریان هەیە. نارۆشنی لەرادەبەدەری ناسنامەی چینایەتی یارمەتی لاوازبونی دەمارگرژیو لایەنگری داوە. لەراستیدا، باری هەبوونی تاکێك لەتاکە خانوویێك دا- چ خاوەن بێو تیایدا نیشتەجێبێ چ دانیشتووی خانوویێکی هەرەوەزی بێ- بەبەراورد بەچینی کۆمەلایەتی، پێشبینییەکی باشتری دەنگی حزب بەدەستەوە دەدا. گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییەکان دەتوانن گۆڕانکاریی سیاسیی بەدوای خۆیاندا بهێنن. بۆ نموونە: ئەو گرووپانەی رۆژ بەرۆژ بچووکتر دەبنەوە- کرێچیانی خانووی هەرەوەزی، ئەندامانی سەندیکای بازرگانیی کرێکاریی، کرێکارانی ئیشی دەست، دانیشتوانی گەرەکە هەژارەکان- بەشێوەیەکی نارێكو نەگونجاو دەنگدەرانی سەرەکی حزبی کرێکاران بوون. لێکدانەوەی کاریگەرییە سیاسییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر ئاستی سروشتی-گریمانەی رای حزبەکان نیشانی دەدا کەلەنێوان ساڵانی ١٩٦٤و١٩٨٧، ئەم گۆڕانکارییانە نزیکەی ٤٪ دەنگی بۆ حزبی کرێکارانو نزیکەی ٣٪ی بۆ دەنگی حزبی پارێزگاران زیادکردووە (*هیس، جاولوکروتیس ١٩٩١*).

بێجگە لەوەی ئەم تایبەتمەندییە لەگەڵ فراوان بوونی تەلەفزیۆن، خوێندنێکی باشترو نائومێدی دەنگدەران لەکاری هەردوو حزبە سەرەکییە سیاسییەکە لەکاتی حوکم گێڕانیشدا، پەیوەست کراوە، هەندێجار وادەگوترێ کە ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانە پەیوەندییان بەزۆرتربوونی ناسەقامگیری هەڵبژاردنیشەوە هەیە. ئەم ناسەقامگیرییە دەتوانرێ بەشێوازی جۆراوجۆر بپێورێ. لەنێوان پێنجیەك‌وچواریەکی دەنگدەراندا، دەڵێن بەدرێژایی ململانێی هەڵبژاردن، لەمەڕ دەنگی خۆیان، خۆیان بڕیار دەدەن‌و لەراستیدا نزیکەی سێیەکیان بەدرێژایی ماوەی بەردەوام بوونی ئەنجوومەنێك، رای خۆیان دەگۆڕن. ئەم کارە لەماوەی سی ٣٠ساڵی رابردوودا، بەردەوام هەروابووە. پێوەری دووەم، وەفاداری حزبییە. ئەو راپرسییانەی لەنێوان ساڵانی ١٩٦٧و١٩٨٧دا کراون، کەم بوونەوەیەك لەژمارەی لایەنگرانی حزبە سیاسییەکانی پارێزگاران‌و حزبی کرێکاران بەتایبەتی حزبی کرێکاران-نیشان دەدەن (بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە). ئەم کەم بوونەوەیە لەمەڕ ئەو کەسانەی ئیدیعایان دەکرد زۆرتر لایەنگری ئەو دوو حزبەن، توندتربوو. واتە نزیکەی نیوەی ساڵی ١٩٦٤ لەساڵی ١٩٩٢دا گەیشتە چواریەك. ئەمەش لەرووی تیۆرییەوە بەم مانایەیە کەگەلێ لەدەنگدەران لەکاتی هەڵبژاردن دا، ئامادەی رفاندنن.

**خشتەی (١ و ٢) ڕەوتی لایەنگریی حزبی نیشان دەدا**

| ساڵ | ح. پارێزگاران | ح. کرێکاران | ح. لیبرال |
|---|---|---|---|
| ١٩٦٤ | ٣٩ | ٤٢ | ١٢ |
| ١٩٦٦ | ٣٦ | ٤٥ | ١٠ |
| ١٩٧٠ | ٤٠ | ٤٣ | ٨ |
| شوبات ١٩٧٤ | ٣٥ | ٤٠ | ١٣ |
| تشرینی یەکەم ١٩٧٤ | ٣٤ | ٤٠ | ١٤ |
| ١٩٧٩ | ٣٨ | ٣٦ | ١٢ |
| ١٩٨٣ | ٣٦ | ٣١ | ١٧ |
| ١٩٨٧ | ٣٧ | ٣٠ | ١٦ |
| ١٩٩٢ | ٤٢ | ٣١ | ١٢ |

**سەرچاوە: لێکۆڵینەوەی هەڵبژاردنەکانی بەریتانیا، ڕاپرسی ناوکۆیی.**

سێیەمین پێوەر بۆ زانینی ناسەقامگیری ناوبراو بریتییە لەڕاپرسی ڕای گشتیو ئەنجامە پەیوەستەکانی هەڵبژاردنی نێوان دووخول. لایەنگریی حزبی کرێکارانو پارێزگاران لەڕاپرسییەکانی ڕای گشتیو هەڵبژاردنی نێوان دووخولدا لەدوو دەیەی یەکەمی دوای شەڕ تاراددەیەك جێگیربووە. لەم ساڵانەدا، هەڵسووڕێنەرانی ململانێکان توانییان دەنگدەران بۆ دوو گرووپی تەواو دیاروڕۆشن بەش بکەن: چینی کرێکارو چینی بۆرژوازیو خاوەن خانووو چینی کرێکاری (بەرزەفڕ)یش بەتەواوی لایەنگری حزبی پارێزگاران بوون. کار، خێزان، هاوسێتیو دۆستایەتی گەلێ کەسیان

بەشێوەیەك تاكەكان پەروەردە دەكەن كەلایەنگریی لەیەكێك لەو دوو حزبە یان حزبەكانی تر بكەن. حزبەكانی (دیكە) كەمتر توانیویانە لایەنگر بۆ خۆیان پەیدابكەن.
لەوكاتەوە تائێستا گۆڕانكارییەكی زۆرلەناو دەنگدەران دا رووی داوە بۆ نموونە: بەدرێژایی خولی پەرلەمانی ١٩٧٩-١٩٨٣ پشتیوانی هەریەك لەسێ حزبە سەرەكییەكە (لەناویان دا یەكێتییە نوێكەی لیبرال/SDP ) لەراپرسییەكانی رای گشتیدا تا ٢٠٪ لەهەڵبەزو دابەز دابووە. بەدرێژایی ٢٠ساڵی دوای ساڵی ١٩٤٥ دا لەهەڵبژاردنی نێوان دوو خولدا، تەنیا یەك كورسی گۆڕاوە، لەبارێكدا لەوكاتەوە تا ئێستا لەهەر سێ كورسیدا یەك كورسی-ونزیكەی هەمیشە لەقازانجی حكومەت- گۆڕاوە.
نوێ ترین لێكۆڵینەوە نیشانی دەدا كەئەم ناسەقامگیرییە زۆرتری دەرەنجامی دەستپێشخەری سیاسەتمەداران بووە، نەك گۆڕان لەپێكهاتی كۆمەڵایەتی یان مەیلی گشتی. داهێنانی وەك: مەیلی حزبی كرێكاران بۆ بیروباوەڕی چەپ و جیابوونەوەی دوای ساڵی ١٩٧٩، دروست بوون و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی حزبی سۆسیال دیموكرات و مەیلی حزبی پارێزگاران بەرەو بیروباوەڕی راستڕەوی لەسەردەمی حكومەتی خاتوو تاچەر. بەواتایەكی دیكە، بەشی زۆری ئەو گۆڕانكارییانەی لەپشتیوانی حزبەكاندا خولقاون، دەتوانرێ بە كاردانەوەیەكی ئەو پەیامە جۆراوجۆرانە لەقەڵەم بدرێ كە لەلایەن حزبەكانەوە خراونەتە روو.
ئەوەی مایەی ئینكاركردن نییە، ئەمەیە لەم چەند ساڵەی دواییدا، ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی بەشێوەیەكی نەگۆڕ دەنگیان بەحزبەكانی كرێكاران و پارێزگاران داوە، بەشێوەیەكی بەرچاو كەم بۆتەوە. لەهەڵبژاردنی گشتی ساڵانی ١٩٤٥تا ساڵی ١٩٧٠دا ناوكۆی نزیكەی ٩١٪ی دەنگدەران پشتگیرییان لەو دوو حزبە دەكرد. لەوكاتەوە تائێستا ئەم رێژەیە بۆ ٧٦٪ دابەزیوە و بنچینەی چینایەتیی سیستمی حزبی رووەو نەمان بردووە. لەساڵی ١٩٦٤ نزیكەی دوو لەسێی چینی ناوەڕاست (بۆرژوازی) دەنگیان بۆ حزبی پارێزگاران دا. بەڵام لەهەڵبژاردنی دوای ساڵی ١٩٧٩

کەمتر لەنیوەی چینی کرێکار دەنگیان بەحزبی کرێکاران‌و تەنیا لەنیوە زیاتری چینی ناوەڕاست دەنگیان بەحزبی پارێزگاران داوە. لەراستیدا، زیادبوونی پشتیوانی لەحزبێکی سەرتاسەری (چ حزبی لیبرال، یەکێتی یان لیبرال دیموکرات) بەم مانایەیە کەئەمڕۆ زۆربەی خەڵکی دەنگی خۆیان بەحزبێکی تری غەیرە چینی ((رەسەن‌و واقیعی))ی خۆیان دەدەن. رێگایەکی دیکەی وەسف کردنی کاریگەری ئەم گۆڕانکارییانە ئەمەیە بڵێین سیستمی دووحزبی جێگیرو بنیات نراو لەسەر چینێك کە لەنێوان سالآنی ١٩٤٥ تا ساڵی ١٩٧٠ لەبەریتانیا باو بوو، رۆژبەڕۆژ لاواز بووە.

وێڕای ئەو شتانەی لەمەڕ ناسەقامگیری گوترا، هێشتا ئەوە دەبینرێ کە زۆربەی دەنگدەران (نزیکەی ٨٠٪) پێش دەست پێکردنی ململانێکان، رای خۆیان ساغ کردۆتەوە. حزبێك لەماوەیەکی کەمی ململانێی هەڵبژاردندا، شانسێکی کەمی بۆ هەڵگێڕانەوەو گۆڕینی وەفاداری کۆنی دەنگدەرێك بۆ حزبێکی دیکە، هەیە. پێش سی ساڵ، **ریچارد کراسمەن** ی سەر بەحزبی کرێکاران گوتی: ((*هەڵبژاردن کۆتایی پرۆسەیەکی دووردرێژە*)).

ئێمە دەتوانین بۆ وەدەست خستنی بیرۆکەیەکی تایبەتی دەربارەی بنەمای پشتیوانی حزبێك–واتە ژمارەی ئاسایی دەنگی حزبێك، لەکاتی یەکسان بوونی شتەکانی دیکە– واتای رای یەکسان یان رای چاوەڕوانکراو، بەکاربهێنین. لەروانگەی **ریچارد روز** ((*رای یەکسان رەنگدەرەوەی کاریگەرییەکانی پێکهاتنێکی درێژخایەنەو لادانە دەرکەوتووەکانی خولێکی تایبەت رەنگدەرەوەی هەڵبەزو دابەزە کاتییەکانن*)) (١٩٩٢:٤٢٥). دەکرێ ئەم خاڵە لەئامارو نیشانە نوێکانی لایەنگریی حزبی، ئەنجامی هەڵبژاردنی ناوخۆیی، هەڵبژاردنی نیشتمانی‌و راپرسی رای گشتیدا هەڵێنجرێ‌و تاقی بکرێتەوەو بزانرێ: ئایا حزبەکان لەوەی لەهەڵبژاردن دا پێشبینی کراوە باشتر کاردەکەن یان خراپتر؟ لەهەڵبژاردنی گشتی سالآنی ١٩٤٥ تا ١٩٧٠ ناوکۆی ئاستی لایەنگریی دوو حزبە سەرەکییەکە تاراددەیەکی زۆر لەیەك نزیك بوو– هەریەکەیان نزیکەی ٤٥٪بوو–. بەڵام لەبەرئەوەی حزبی کرێکاران بەشێوەیەکی ئاسایی لە رووی

لایەنگرانی حزبییەوە لەحزبی پارێزگاران لەپێش ترە، دەتوانرێ وابزانرێ حزبی کرێکاران ((*لەڕاددەی ئاسایی کەمتر کار دەکا*))و حزبی پارێزگاران ((*لەڕاددەی ئاسایی چالاکترە*)). لەم رووەوە، ئەرکی تێکۆشەرانی حزبی کرێکاران ئەمەبوو کەزۆربەی ((ئاسایی))ی دەنگدەرانی حزب لەناو گشت دەنگدەرانی چینی کرێکاران پەیدابکەن. لەبارێکدا، ئەرکی حزبی پارێزگاران ئەمەبوو پشتیوانەکانی خۆیان بگێڕنەوەو تازە هاتووەکان راکێشن.

لەوکاتەوە هاوکێشەی حزبی بەشێوەیەکی بنچینەیی گۆڕا. ئەم خشتەیەی نیشانی دەدا کە لەو هەڵبژاردنە گشتییەی لەنێوان شوباتی ١٩٧٤و ١٩٩٢دا کرا، رێژەی دەنگی حزبی پارێزگاران لەنێوان ٤٣,٩٪ ١٩٧٩و ٣٥,٨٪ (تشرینی یەکەمی ١٩٧٤) وریژەی دەنگی حزبی کرێکاران لەنێوان بالآترین رادده واتە ٣٩,٢٪ (تشرینی یەکەمی١٩٧٤) و کەمترین رادده، واتە ٢٧,٦٪ (١٩٨٣)دا لەهەڵبەزو دابەزدابووە. ناوکۆی رێژەی حزبی پارێزگاران لەم هەڵبژاردنەدا ٣٩,٨٪، واتە ٦,٤٪ زۆرتر لەناوکۆی رێژەی حزبی کرێکاران (٣٣,٤٪) بەم شێوەیە دەنگی یەکسانی هەریەك لەحزبەکان یەك لەدوای یەك دەبێتە ٤٠٪ و ٣٤٪. لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا تەنیا هەوڵی هەردوو حزب (پارێزگاران ٤١,٩٪، کرێکاران ٣٤,٤٪ ئەمەبوو لەراددەی دەنگی یەکسانیی خۆیان هەورازتر بچن‌و ژمارەکان بە رۆشنی نیشانی دەدەن کە لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا، حزبەکانی کرێکاران‌و پارێزگاران بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی واقیعی لایەنگریی حزبییان‌و بەهەل‌ومەرجی یەکسان، ناچنە مەیدانی هەڵبژاردنەوە. حزبی کرێکاران دووەمین هەڵبژاردەی باشتربووەو ئیدی دروشمی(دەرکێشانی دەنگ) بۆ سەرکەوتن، کاریگەری نییە.

**دەنگی هاوسەنگ ١٩٤٥-١٩٩٢**

| | پارێزگاران٪ | کرێکاران٪ | لیبرال ٪ | ئـــەوانی تر |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٥-١٩٧٠( ناوکۆ ) | ٤٥,٢ | ٤٦,١ | ٧,١ | ١,٦ |
| شوباتی ١٩٧٤-١٩٩٢ ( ناوکۆ ) | ٤٠,٧ | ٣٤,٤ | ١٩,٥ | ٥,٥ |
| شوباتی -١٩٧٤ ١٩٩٢( پەراوێز ) | ٣٩,٨+٤,١ | ٣٣,٤+٥,٨ | ١٩,٦+٥,٨ | ٥,٥+١,١ |
| ئــــــە نجامی هەڵبـــــژاردنی گشتی ساڵی ١٩٩٤ | ٤١,٩ | ٣٤,٤ | ١٧,٨ | ٥,٥ |

**سەرچـاوە: ریـچارد رۆز (( گۆڕانکـاری پێکهـات یـان هەڵبەزودابـەزی کـاتی؟ )) کاروبـاری ئە نجوومەن ١٩٩٢:٤٥٣**

سیاسەتمەداران و بیریارانی سیاسی زۆرتر سرنجی خۆیان لەسەر بابەتە سیاسییەکان چـڕدەکەنەوە نـەك وێنـەی زەیـنی بـاوی حزبـەکان. سیاسـەتمەداران بـەزۆری لەچوارچێوەی بەرنامەی کاری (جدی)دا بیردەکەنەوە. واتە ئەو بابەتانەی وا مەزەندە دەکرێ حزبـی ئـەوان بـە بـەراورد لەگـەڵ حزبـەکانی دیکـە، توانایـەکی زۆرتـری بـۆ جێبەجێکردنیان هەیە. پاشان هەوڵ دەدەن ململانێی هەڵبژاردن لەسەر ئەو بنچینەیە بنیات بنێن. بەڵام لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کەئەم شێوازە، کاریگەرییەکی کـەمی

لەسەر تێگەیشتنی هەڵس‌وکەوتی هەڵبژاردن هەیە. ئەگەر خەڵکی لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٣دا تەنیا لەسەر بنچینەی ئەولەویەتە سیاسییەکانی خۆیان دەنگیان دابوو، کەواتە دەبێ ئەنجام وەك پێشبرکێیەك بوایە کەچەند سەرکەوتوویەکی هەبێ، نەك حزبی پارێزگاران بەرۆشنی سەرکەوتنی وەدەست هێنابێ. ئەگەر دەنگدەران لەساڵی ١٩٨٧ لەسەر بنەمای ئەولەویەتەکانی خۆیان لەزەمینەی مەسەلە گرنگەکانی تەندروستی و کار بڕیاریان دابوو، حزبی کرێکاران لەباتی شکستێکی مسۆگەر، دەبوو لەهەڵبژاردن دا سەرکەوتوو بایەو هەروەها بەپێی راپرسییەکانی پەیوەست بە بابەتە سەرەکییەکانی دەنگدەران (فێرکردن‌وکار) حزبی کرێکاران دەبوایە لەساڵی ١٩٩٢دا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنابا.

بەپێی ئەو شتانەی گوتران، بابەتەکان تەنیا بەشێکی چیرۆکەکەن. **ئەیور کرو** (١٩٩٣: ١١٥) وەبیرمان دێنێتەوە کە دەنگدان لە شت کڕینی بازاڕ ناچێ، چونکە دەنگدەرانی نارازی ناتوانن دوای چەند هەفتەیەك بەسادەیی سیاسەتەکان یان حکومەت بگۆڕن. حزبەکان خزمەتێك پێشکەش بەخەڵکی دەکەن- بەم مانایە حوکمی وڵات دەگێڕن-و ناچارن خەڵکی بەوە رازی بکەن کە توانای پێشکەش کردنی ئەم خزمەتەیان هەیە. دەنگدان بەحزبێك لەوانەیە زۆرتر لەهەڵبژاردنی دوکتۆرێك یان پارێزەرێك بچێ، چونکە لەم بارەدا کەسەکە پێویستی بەتواناو ناوبانگی شارەزایی هەیە. دەنگدەران بەوێنەی زەینی حزبەوە پەیوەستن، بەتایبەتی بەتایبەتمەندی وەك شایستەی متمانە پێکردن، توانای بەڕێوەبردنی حکومەت، توانای ئیدارەی ئابووری‌و راددەی ئیلتیزامی حزب بەگفتەکان. یەکێك لەگرفتەکانی حزبی کرێکاران لەساڵانی ١٩٨٧-١٩٩٢ ئەمەبوو، گەلێ لەدەنگدەران وێڕای خۆشەویستی ئەم حزبە لەگەلێ بابەت، بەتایبەتی لەبواری ئابووریدا متمانەیان پێی نەبوو.بەرای **مارتین هاروپ** بەهۆی مەیلی دەنگدەران بەوێنەی زەینی حزبێك، لەوانەیە پسپۆرانی دۆزینەوەی بازاڕ-بە بەراورد لەگەڵ بیریارانی سیاسی- لەناسینی ئەم جیاکارییە، سەرکەوتووتربن. (هاروپ ١٩٩٠: ٢٧٨).

تەکنیکی ململانێی نیشتمانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەشێوەیەکی سەرەکی لەئەنجامی ئەو پێشکەوتنانە وەدەست هاتووە کە لەبواری هۆیەکانی گەیاندن دا ڕوویان داوە. پێش هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٩تەلەفزیۆن هەواڵەکانی هەڵبژاردنی بڵاونەدەکردەوە، ڕاپرسی تایبەتی ئەنجام نەدەدراو ژمارەی ڕاپرسیە گشتییەکانیش لەکاتی ململانێدا زۆر کەم بوون. هەروەها هیچ حزبێك دەزگایەکی پرۆپاگندەی بەشێوەیەکی بەرچاو بەکار نەدەهێنا. هەڵسووڕێنەرانی ململانێکان لەبیرۆی ناوەندیدا سەلیقەیەکی کەمیان لەزەمینەی پێشکەش کردنی (تیژی ململانێ) یان ئامادەکردنی (تۆڕێکی هەمەلایەنەی پەیوەندی)دا هەبوو، وکادرانی پەیوەندی ڕۆڵێکی کەمیان لەداڕشتن و هەڵبژاردنی جێگای دانانی ئاگاداری و ڕاگەیەنراو پۆستەر بەئەستۆوە بوو. بەڵام ئەمڕۆ، بەپێچەوانەی ئەوسەردەم، ڕێبەرانی نیشتمانی لەلایەن پسپۆڕو لێکۆڵەرەوەکانەوە پشتیوانی دەکرێن، چالاکییەکانی هەڵبژاردنیان دەخەنە ناو تەوەرەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن- بەتایبەتی تەلەفزیۆن، گرووپی دەنگدەران دەکەنە (ئامانج)و(خێرایی)ی ململانێی خۆیان (ڕێکدەخەن)و هەڵمەت دەکەنە سەر بەرنامەی کاری (بێگانە). حزبە سەرتاسەرییەکان بەهۆشیاری ستراتیژییەکانی ململانێ دادەنێن و ڕاوێژکارە پسپۆڕەکان پەیوەندییەکان دەخەنە خزمەتی جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژە.

شایانی تەئکیدکردنە کە ئەو پێشکەوتنانەی لەزەمینەی ڕاپرسی ڕای گشتی، تەلەفزیۆن و پرۆپاگندەدا وەدەست کەوتوون، نزیکەی بەشێوەیەکی مام ناوەندی لەلایەن هەڵسووڕێنەرانی ململانێ لەناوەند- نەك لەناوچەکانی هەڵبژاردن-بەکار دەهێنرێن. هەلومەرجی کاندیدا ناوچەییەکان بۆ کۆمەك وپارە، توانای ئەوان لەبەکارهێنانی تەکنیکی ململانێی نوێ بەرتەسك دەکاتەوە. نزیکەی چوار لەپێنجی ناوچەکانی هەڵبژاردن بۆ حزبی فەرمانڕەوا پارێزراون و لەبەرهەندێیە،ئەنجامی گشتی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی کاریگەر لە ١٠٠ (یان زیاتر) ناوچەی دوورو لاپەڕ دەست نیشان دەکرێ. هەندێ لەو ناوچە لاپەڕانە لەئاستی مەکتەبی ناوەندیی حزبەکان و

لەگەڵ پێشکەش کردنی یارمەتییەکی کەم ئەویش بەشێوەی راوێژکاری، کۆمپیوتەر، کادیری بەڕێوەبردن و بودجە دەکرێتە ئامانج. کەم ئامادەیی خەڵکی لەکۆبوونەوەکان، بۆتە هۆی وازهێنان لەکۆبوونەوەی گشتی و کەم کردنەوەی بودجەی پرۆپاگندەی ماڵ بەماڵ گەڕان. بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەوانەیە بەگرنگترین گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ناوخۆ دابنرێ. لەساڵی ١٩٨٦، لێپرسراوانی ناوخۆ دەفتەری تۆماری هەڵبژاردن -کە لەسەر دیسکی کۆمپیوتەر تۆمارکراوە- دەخەنە بەردەستی حزبەکان. ئەو حزبانەی لیستی ناو و بڕیاری دەنگدانی خەڵکیان لەناو دەفتەری تۆماری هەڵبژاردندا لەبەردەستدایە، دەتوانن لەکاتی گونجاودا کۆمپیوتەر بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بەکاربهێنن، نامەی شەخسی بۆ دەنگدەرانی مەبەست بنووسن، بەپێی وەفاداری حزبی یان بابەتگەلێك بخەنەروو یان وردەکاری ئابووری-کۆمەڵایەتی رۆژانەش باس بکەن. بۆ نمونە لەو نامانەی بۆ دەنگدەرانی بەساڵاچوو دەنێردرێن، دەکرێ سیاسەتەکانی حزبیان لەمەڕ خانەنشینی بۆ روون بکرێتەوە. لەگەڵ هەندێش، سەرکەوتوویی پۆستەی راستەخۆ پەیوەندی بەوە هەیە کە هەڵسوڕاوانی ناوخۆی حزب گفتی بەمتمانە دەربارەی دەنگدەران کۆبکەنەوە و بەردەوام بیانپارێزن. تا ئێستا بەکارهێنانی پۆستی راستەوخۆ لەململانێی هەڵبژاردنی بەریتانیا لەدوای ئەمریکاوە دێ.

هەڵسوڕێنەرانی حزب بەشێوەیەکی رۆژبەرۆژ زیاتر بایەخی دروستکردنی پەیوەندییان لەگەڵ دەنگدەران لەماوەیەکی دوورودرێژدا -نە تەنیا لەماوەی بیست رۆژی ململانێی هەڵبژاردن- بۆ دەرکەوتووە. هۆکارە کاریگەرەکانی سەر دەنگدەران وەك نمونە، کە لەسەردەمی منداڵی یان سەردەمی خوێندنگاوە سەرچاوەیان گرتووە، ناکەونە خانەی کاریگەریی حزبەکان، کارەکانی حکومەت لەکاتی بەدەستەوە گرتنی لێپرسراوێتیەك یان یادگاری پەیوەست بە حزبی ئۆپۆزسیۆن لەکاتی وەرگرتنی پلەوپێگەیەك لەخولی پێشوو، بەزۆری ناکەونە ژێر کۆنترۆڵی هەڵسووڕاوان. لەگەڵ هەندێش دەتوانرێ بەیارمەتی پەیوەندی تایبەتی کاریگەری بخرێتەسەر گریمانە

گشتییەکان. ئەو حزبەی حوکمی بەدەستەوەیە، بەشێوەیەکی تایبەتی کەوتۆتە پێگەیەکەوە دەتوانێ بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی گروپی هەواڵ و داڕێژەری بەرنامەی کاری هەڵبژاردن، پێش راگەیاندنی هەڵبژاردن سوود لەو پێگەیە وەربگرێ. پێشنیارەکانی حکومەتێك لەزەمینەی سیاسەت، گوتاردان و دەستپێشخەری وەزیران و چالاکییەکانی سەرۆکی وەزیران، لەدیدی دەزگاکانی راگەیاندنەوە بە (هەواڵ) دەژمێردرێن و بێگومان بلاودەکرێنەوە. خاسیەتێکی دیکە ئەمەیە، بەپێچەوانەی خولی هەڵبژاردن، دەزگاکانی هەواڵ مولزەم بە رەچاوکردنی رێسای (هاوسەنگی)ی سیاسی و بلاوکردنەوەی هەواڵی حزبە سیاسیەکانی دیکە نین.

بەلام هەوڵەکانی حکومەتێکی بەریتانی لەبلاوکردنەوە و بەڕێوەبردنی وێناکردنێکی زەینی، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکرێ –ئەو شوێنەی سوودوەرگرتن لەکۆشکی سپی بۆ ململانێی هەڵبژاردن بۆتە هونەرێك– رەونەقی نامێنێ. کادیرە تێکۆشەرەکانی **ریگان**ی سەرکۆمار بێ بەزەییانە سوودیان لە وێنە، کەناڵ، گوتار، کۆنفرانس و دەستپێشخەرییەکان وەرگرت تا بەکۆنترۆڵکردنی دەزگاکانی راگەیاندن، شانسی هەڵبژاردنەوەی لەساڵی ١٩٨٤ زیاد بکەن. وادێتە بەرچاو لێپرسراوانی کۆشکی سپی چالاکییەکانی دەوڵەتیان لەسەر بنچینەی ناوەڕۆکی بەرنامە هەواڵ ئامێزەکانی تەلەفزیۆن هەڵسەنگاندبێ: (بۆ کۆشکی سپیی **ریگان**، هەر شەوێك، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن، شەوێکی هەڵبژاردنە)، (**کرنل** ١٩٨٦: ١٣٨) **ریگان** لەکۆشکی سپی، نزیکەی دوولەسێی کاتی خۆی بۆ پەیوەندی گشتی و ئیشوکاری پێشوازی تەرخان دەکردو تەنیا سێیەکی بۆ بابەتی سیاسی تەرخان دەکرد. (**فولی** ١٩٩٤: ٧-٩٦). **کارتەری** سەرکۆمار لەبەڕێوەبردنی دەزگاکانی حکومەتدا، ئەوەندە سەرکەوتوو نەبوو، هەرچەندە راپرسەکەی لەسەرەتای کاردا رایسپاردبوو ((*ئەو دەوڵەتەی مایەی پێشوازی و پشتگیری خەڵکە، دەبێ خەباتێکی سیاسی بەردەوام بخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە*))، (سی ئەب ١٩٨٧: ١٨٤).

لەگەڵ دەرکەوتنی شێوازی تایبەتمەندیتری پەیوەندییەکان، دەکرێ بەردەوامییەکی بەرچاو لەپەیامی هەڵبژاردنی حزبەکانی پارێزگاران و کرێکاران دا ببینرێ. لەبەرئەوەی حزبێك لەبەرچاوی دەنگدەراندا بەکەمایەتییەکی ناسراو لەقەڵەم دەدرێ، ناتوانرێ لەهەڵبژاردنی بابەتگەلی سرنج راکێشی بەمتمانە کە بواری دەستکەوتنیان هەیە، تەواو ئازاد کاربکا. گەلێ لە دەنگدەران وێنەیەکی زەینیان لەمەڕ حزب لەمێشکدایە، وێنەیەك کەبەشێوەیەکی ئاسایی بەئارامی دەگۆڕێ. حزب دەبێ چالاکیی خۆی لەسەر ئەو وێنەیە بنیات بنێ یان هەوڵ بدا پێ بەپێ بیگۆڕێ. گریمانەی دەنگدەرانی دوو حزبی پارێزگاران و کرێکاران، تارادەیەك وێنەیەکی رەنگدەرەوەی یەکتر بوون، ئەمەش شتێکە بەدرێژایی چەندان ساڵ هەروابووە. لێکۆڵینەوە لە پێگەی حزبەکان لەمەڕ بابەتە جۆراوجۆرەکان لەراپرسییەکانی رای گشتیدا نیشانی دەدا کە ئەوان لەزۆربەی خولەکانی دوای شەڕ، بابەتگەلی لێك جودایان خستۆتە بەرچاو (*باج و فیرلای ١٩٨٣، هاروپ شارو ٧١:١٩٨٩*).

بۆ نموونە: حزبی کرێکاران بابەتی (مرۆڤدۆستانە)ی ماف خانەنشینی، تەندروستی، پەروەردە و فێرکردن و کاری دەخستە بەرنامەی کاری خۆیو پارێزگارانیش لەکۆنەوە لەخستنەڕووی بابەتێکی وەك یاسا، بەرگری و کۆچ و هەروەها باج (بێجگە لەساڵانی دەیەی ١٩٧٠) و نرخ و خۆشگوزەرانی دا پێشڕەو بوو. خاڵە بەهێز و لاوازە جوداکانی حزبە سیاسییەکان تا رادەیەکی زۆر لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا وەك خۆیان مابوونەوە.

حزبی پارێزگاران بە بەراورد لەگەڵ حزبی کرێکاران، بێجگە لەچەند کورتە خولێکی دەیەی ٦٠ و ساڵی ١٩٧٤ و دوای ساڵی ١٩٩٢، رێکتر و یەکگرتووتر دیار بووە. ئەم حزبە هەروەها لەبارترین حزب بووە بۆ باش بەڕێوەبردنی ئابووری و بەرگری لەبەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەبەرانبەر وڵاتەکانی دیکەدا. لەسەرەتای سەدەی بیستەم تا ئێستا، حزبی پارێزگاران لەململانێی هەڵبژاردنی خۆیدا بەشێوەیەکی رێکوپێك حزبی ئۆپۆزسیۆنی ئەوکاتەی بەهۆی نەبوونی نیشتمانپەروەری، هەڕەشەی

کاسبی و کار و موڵکایەتی تایبەت و پشتگوێ خستنی بەرگری میللەت، خستەبەر هەڵمەتی خۆی. حزبی کرێکاران بەشێوەیەکی بەرفراوان وەك حزبی (دادپەروەری) دەناسرا، چونکە سیاسەتە مولتەزیمەکانی رەواج پێدەری دادپەروەری، یارمەتیدەری کەسانی کەم دەرامەت و لایەنگری حکومەتی خۆشگوزەرانی و کارکردن بووە. لەگەڵ هەندێش، ئەوەی دوا هەڵبژاردن بەتایبەتی هەڵبژاردنی ١٩٩٢ نیشانی دەدا، ئەمەیە کە مەیدانی چارەنووسسازی هەڵبژاردن، مەیدانی ئابووری و هەروەها ئەم گریمانەیەیە کە کام حزب توانایەکی زۆرتری لەدابینکردنی خۆشگوزەرانیدا هەیە.

دیدی حزبێك دەربارەی بابەتی جۆراوجۆر، تەنیا تاراددەیەك پشت بە بەها باوەکان دەبەستێ. ئەم بابەتە هەم لەسەردەمی حوکم و هەم لەسەردەمی ئۆپۆزسیۆنی حکومەت لەلایەن ئەو حزبەوە، راست دەردەچێ. لەکاتی هەڵبژاردندا، حکومەتێك چەندان جار موبالەغە بەو توانا ئابوورییەوە دەکا کە لەسەردەستی خۆی بەدەست هاتووە و لەگەڵ ئەوبارە شێواوەی لەگروپی ئۆپۆزسیۆنی وەرگرتووە، بەراوردی دەکا. لەزەمینەی رەخنەی حکومەتێك لەحکومەتێکی تر دەربارەی گیروگرفتە ئابوورییەکانی، ئەم سەردەمە ناوەرۆکێکی ستانداردی زاراوەی هەڵبژاردن خولقاوە. حکومەتی نوێی کرێکاران لەساڵی ١٩٦٤گەلێ مانۆری لەسەر بنەمای ئەو ٨٠٠ ملیۆن پاوەندە کرد کە لەسەردەمی حکومەتی پارێزگاران بودجەی وڵاتی لاسەنگ کردبوو. ئەم مەسەلەیە، بارێکی وای خولقاند کە دەنگدەران تا ساڵانی دواتر و لەکاتی حوکمی حکومەتێکی کرێکاری، هاودەنگ پارێزگارانیان بەهۆی گیروگرفتی ئابووری وڵات سەرزەنشت دەکرد. حکومەتی **هیس** ئەو رێژە هەڵاوسانەی لەساڵی ١٩٧٠ بۆی مابۆوە، بە ئەنجامی ئەو بڕیارە کورت ماوانەی لەقەڵەمدان کە حکومەتی پێشووی حزبی کرێکاران دابوونی. کاتێ حزبی کرێکاران لەئاداری ١٩٧٤ جارێکی دیکە دەستەڵاتی گرتەوەدەست، سوودی لەمانگرتنی خەڵوزی بەرد و ئەو ئاژاوەیە وەرگرت کە پێش هەڵبژاردن خولقابوو.

حکومەتێك، بێ ئەملاوئەولا جیلوەیەکی گونجاو و دڵڕفێنی کارەکانی خۆی پێشکەش دەکا و لەبەرانبەر ئەو مەترسیانەی بەهۆی گۆڕانکارییەوە دەخولقێن، ئاگارداری رادەگەیەنێ. لەساڵی ١٩٥٩ حکومەتی پارێزگاران سوودی لەو کەشە خۆشحاڵی و خۆشگوزەرانیە، وەرگرت، کە ئەوکاتە خولقابوو، و دەنگدەرانی ئاگادار کردەوە کە ((لێنەگەڕێن کرێکاران ئەم کەشە تێك دەن)). سەردەمێ ئەم حزبە جارێکی دیکە هاتەوە سەر حوکم، دروشمەکەی لەدوا هەفتەی ململانێی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٧ تەواو وەك پێشوو بوو. لەساڵی ١٩٧٠ **هارولد ویلسۆن** بەشانازییەوە رایگەیاند: ((*هیچ سەرۆك وەزیرێك لەم سەردەمەدا لەهیچ هەڵبژاردنێك دا لەدژی پێشینەی ئابوورییەکی وا بەهێز نەوەستاوە کە ئێمە ئەمڕۆ گەیاندوومانەتە کۆتایی*)).ئەو بەردەوام هەڵمەتی دەکردە سەر ((بازرگانانی مەرگ و تاریکی))و ((گرووپی رەخنەگری بەریتانیا)). جێگرەوەکانی لەپێگەی سەرۆك وەزیریدا بە بەردەوامی لەگوتارو چاوپێکەوتنی کاتی هەڵبژاردنیان دا بۆ نیشان دانی ئەو ئاستی پێشکەوتنە ئابوورییەی لەسەردەمی حوکمی خۆیان دا بەدەست هاتووە، سوودیان لەئامارو ژمارە وەردەگرت و لەبەر (بەسووك لەقەڵەمدانی بەریتانیا لە قسەکانیاندا) هەڵمەتیان دەکردە سەر رەخنەگرو رەقیبە سیاسییەکانیان.

حکومەتەکان بەشێوەیەکی ئاسایی بەنیشاندانی هەڵبژاردنی ناشایستە، پاساو بۆ کەموکورتییەکانی خۆیان دێننەوە. ئەوان هەوڵ دەدەن بابەتێکی هەڵبژاردن لەحزبی بەرانبەر دروست بکەن. بۆ نموونە: وەزیران ئەم پرسیارە لەحزبی ئۆپۆزسیۆن دەکەن کە ئایا ((ئەو شتەی بەراستی بەدوایدا دەگەڕێن، ئەمەیە؟)) حزبی کرێکاران لەبەیاننامەی حزبیی ساڵی ١٩٧٩ی خۆیدا، بەتەوسەوە لەتەك دوا نارەزایی پیشەسازی خۆی لەزستان تێپەڕی و وەبیر دەنگدەرانی خستەوە کە:

((*کاتێ حزبی کرێکاران لە ئاداری ١٩٧٤ حوکمی گرتە دەست، بەریتانیا دەستەویەخەی ترسناکترین گرفتی دوای شەڕ بوو. بەرنامەی پارێزگاران بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەم تەنگژەیە و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، وڵاتی تووشی شکست*

*کرد. جادەی بێدەنگ و ماڵی سارد و کارخانەی بێکار بەری چەندان هەفتەی سێ ڕۆژەی پارێزگاران بوو... بەڵام وڵاتەکەمان لەو سەردەمەوە تا ئێستا زۆر پێشکەوتووە*)).

پارێزگاران گەلێ ئیمتیازی باشی هەڵبژاردنیان لەنارەزایی زستان، لەسەردەمی حکومەتی پێشووی کرێکاران بەدەست هێنا. لەساڵی ١٩٧٩و لەتەواوی هەڵبژاردنەکانی دواتردا، بەیاننامەی حزب و بەرنامەکانی تەلەفزیۆن لەسەر هەڵبژاردن ئاماژەیان بۆ ئەو مەسەلەیە کردووە. لەساڵی ١٩٩٢ پارێزگاران دیدێکی وایان لەزەمینەی ئابووری نەبوو پێشکەشی دەنگدەرانی بکەن. لەبەرانبەردا، پرۆپاگندەکانیان لەهەردوو بواری باج وبودجە و ڕێبەرایەتیدا، –ئەو دوو بابەتەی لەسەر بنچینەی ئەنجامی ڕاپرسییەکان خاڵی لاوازی کرێکاران بوون، حزبی کرێکارانیان دەکوتا. خاڵی سەرەکی لەم جۆرە پرۆپاگندانەی هەڵبژاردن دا، ئەمەبوو کە ((*پێویست ناکا ئەوەندە دەربارەی ئێمە قووڵ ببنەوە، چاوەدێری نەیاران بکەن*)).

کارنامەی هەڵبژاردنی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان ئەمەیە: سەردەم، سەردەمی گۆڕانکارییە، گۆڕانکارییەك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیدیعاکانی حکومەت لەمەسەلەی باشتر جێبەجێکردنی کارەکان یان بەردەوامی کارە نائاساییەکەیان. لەساڵی ١٩٦٤ ناوەرۆکی ململانێی حزبی ئۆپۆزسیۆنی کرێکاران ئەمەبوو: ((*وەرن لەگەڵ کرێکاران هاوڕێ بین*)). لەدەیەکانی ٦٠ و٧٠دا، گرووپی نارازی بۆ هێرش کردنە سەر حکومەت سوودی لەو نیگەرانییە گشتییە وەرگرت کە لەمەڕ زیادبوونی نرخەکان، خولقابوو. ئەوان لەبەرنامەی پرۆپاگندەی تەلەفزیۆن دا سەبەتەیەکی شت کڕینیان نیشان دەداو وەبیر دەنگدەرانیان دەخستەوە کە چۆن چۆنی نرخی کەل وپەل لەسەردەمی حوکمی حزبی کرێکاران دا بەرزبۆتەوە. حزبی کرێکاران لەهەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٧٤دا، ئەم مەسەلەیەی قەرەبووکردەوە. ئەم حزبە بەبەکارهێنانی دیارترین سیاسەتمەدارە ژنەکانی خۆی، **باربارا کاسل** و **شرلی ویلیامز** و بەدەستەوەگرتنی دوو سەبەتە، بەراوردێکی لەنێوان نرخی ئەو ڕۆژانەی لەگەڵ ساڵانی ١٩٧٠، وەدەرخست. لەساڵی

١٩٧٩ دروشمی پارێزگاران لەدواهەفتەی پرۆپاگندەدا ئەمەبوو: ((*سەردەم، سەردەمی گۆڕانە*)). لەساڵی ١٩٩٢، حزبی کرێکاران-یش هەر ئەم دروشمەی بەکارهێنا.

حزبەکان زۆرجار رەقیبەکانی خۆیان بەهەبوونی بەرنامەی کاری نهێنی، تۆمەتبار دەکەن. ئەو سیاسەتانەی لەکاتی ئاشکرابوونیدا بەناخۆشەویستی حزبی رووبەروویان دەبێتەوەو هەر لەبەر هەندێش بێدەنگییان لێدەکرێ. لەساڵی ١٩٧٩وە، حزبی کرێکاران حزبی پارێزگارانی بەوە تۆمەتبار کردووە کە ئەوان تێزی کەمکردنەوە لە(یان باج دانان لەسەر) ئیمتیازەکانی خۆشگوزەرانییان هەیەو هەروەها دەیانەوێ فێرکردن و تەندروستی بدەنە بەشی تایبەت. راپرسییەکان لەساڵی ١٩٩٢ نیشانیاندا زۆربەی دەنگدەران باوەڕیان بەتۆمەتی ناوبراو لەمەسەلەی تەندروستی هەبوو. پارێزگاران تۆمەتەکانی خۆیان لەسەر ئەو بنچینەیە دادەمەزرێنن کە حکومەتێکی کرێکاری باجەکان بەرێژەی (دابین کردنی گوژمە)ی وەدی هاتنی گفتەکانی حزب دەربارەی مەسەلەی گوژمەکان زیاد دەکاو ئەم بڕە پارەیە بەشێوەی باجی زیاتر دەخاتە سەر دەرامەتی خەڵك. ئەوان، هەروەها بەردەوام ئاماژە بۆ سیاسەتمەدارە خراپەکانی باڵی چەپ و رێبەرانی سەندیکاکانی کرێکاران دەکەن کەخۆیان لەپشت رێبەرایەتی حزبی کرێکاران دا شاردۆتەوە. لەساڵی ١٩٩٥ رۆژنامەیەکی لایەنگری حزبی پارێزگاران-**دەیلی ئێکسپرێس**- کاریکاتێرێکی بەناوبانگی چاپ کرد کە تیایدا **ئانورین بوان** بەپێکەنینەوە لەپشت رێبەری حزبی کرێکاران، **کلیمەنت ئاتلی** وەستاوە. دەلالەتی ژێرەوەی ئەم وێنەیە ئەمەبوو: چەپەکان ئامادەی بەدەستەوەگرتنی جڵەوی کاروبار لەرێبەرێکی میانەڕۆی کرێکارانن (**لێرەدا، نووسەر ئاماژە بۆ وێنەی ١و٢ دەکا، بەڵام لەوەرگێرانەکەدا چاپ نەکراوە**-و.ك). لەشوباتی ١٩٧٤، لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بەهەراوهۆریا دەربارەی هەڵبژاردن، چەند سیمایەك لەرێبەرە میانەڕۆکانی حزبی ئۆپۆزسیۆن نیشانیان داوە کە لەبەرانبەر چەپڕەوە ناسراوەکاندا، سەری رێز دابنوێنن. پەیامی گونجاو لەگەڵ ئەم بەرنامەیە ئەمەبوو کە

لەپشت وێنەی زەینی (میانەڕۆ) کەحزبی کرێکاران پێشکەشی دەنگدەرانی دەکرد، چەپە (توندەکان) ئامادەی بەدەستەوەگرتنی دەستەڵاتن.

ڕێبەرانی حزب لەوانەیە هەستێکی تەنگژە بخولقێنن یان سوودی لێوەربگرن و بەم شێوازە دەنگدەران ئاگاداربکەنەوە کەئەوان هێشتا دەرکیان بەمەترسی هەڵبژاردنی حزبێکی دیکە نەکردووە. ئەمە، بەشێوەیەکی ئاسایی لەلایەن حزبی ئۆپۆزسیۆنەوە دەکرێ، بەڵام ئەگەر حکومەتیش ئەگەری دۆڕان لەهەڵبژاردن بخاتە بەرچاو، ئەو ڕێگایە دەگرێتەبەر. لەساڵی ١٩٦٦ ڕێزدار **هیس** بەجیاوازییەکی زۆرەوە، رای گشتی بەدوای خۆیدا راکێشاو دەنگدەرانی ئاگادارکردەوە کە وڵات ئێستا لەساڵی ١٩٣٨ەوە رووبەرووی گەورەترین هەڕەشە بۆتەوە– هەڕەشەی ئیفلاسی نیشتمانی–. لەساڵی ١٩٧٠، هیس جارێکی دیکە لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە وەك دۆڕاوی مسۆگەری هەڵبژاردن ناسراو ئیدی بەرگی پەیامی نائومێدی کردەبەر. لەدوا هەفتەی هەڵبژاردن دا، گوتی: ((*ئەمن لەخەڵکی بەریتانیام دەوێ (خەڵکینە! تۆ ئەو خودایە، وریابنەوە)، لێیان داواکارم بابەتی واقیعی لەشتی ناواقیعی جودابکەنەوەو ئەوە بزانن کەحزبی کرێکاران بەچیرۆکی ساختەی نواندنی هەتاوی درۆ، سیاسەتێکی لادەرانەی گرتۆتەبەر*)).

لەساڵی ١٩٩٢یش **جۆن مێجەر** کە بەپێی راپرسییەکانی رای گشتی رووبەرووی تێشکان بوو، لەدوا رۆژەکانی ململانێی هەڵبژاردن دا رایگەیاند ((*هاوولاتیانی خۆشەویست، بەریتانیای مەزن لەمەترسیدایە، وەرن هەر لەئێستاوەو پێش ئەوەی بوارەکەمان لەدەست دەرچێ، تەپ و تۆزی خەو لەسیمای خۆمان بتەکێنین*)).

لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، دەردەکەوێ ئایا حزبەکان بواری جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسییەکانی خۆیانو وەدیهێنانی ئارەزووی ڕێبەرەکانیان بۆ گەیشتن بەدەستەڵات هەیە یان نا. سیاسەتمەدارانو هەڵسووڕێنەرانی حزبی بەزۆری سوود لەنوێنەرایەتی وەرزشی یان سەربازی وەردەگرن تا هەڵبژاردن لەچالاکی ڕۆژانەو ئاسایی جودابکەنەوە. کاتێ دەستپێکی پرۆسەیەکی هەڵبژاردن ڕاگەیەندرا، دەگوترێ حزب لەبەرانبەر (سەردەمی ئاشتی) کەوتۆتە (باری شەڕەوە). داوا لە( سەربازان) دەکرێ بکەونە (شەڕەوە)، گوتاری حزب بە(دروشمی یەکێتی) دەناسرێو بەزۆری کاتێ باس لەحزبی ئۆپۆزسیۆن دەکرێ وەك (دوژمن) ناوی دەبرێ. بەشێوەیەکی ئاسایی بەڵگەنامەی بەرنامەڕێژی ململانێی حزبێك بە (کتێبی شەڕ) دەناسرێو حزبەکان بۆ داڕشتنی ئامانجەکانیان سوود لە (*ژماردنی پێچەوانە تا ڕۆژی پرۆسە*) وەردەگرنو ڕۆژەکان بەپێچەوانەوە تا گەیشتن بە ( ڕۆژی مەبەست- ڕۆژی هەڵبژاردن) دەژمێرن. دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش سوود لەخوازەی سەربازی یان پێشبرکێی وەرزشی بۆ قسەکردن لەسەر ململانێی هەڵبژاردن وەردەگرن.

حزبە سیاسییەکان بۆ شەڕ لەهەڵبژاردن دا پێویستییان بەهەموو سەرچاوەکان بەتایبەتی کارمەندان، بودجەو کادیری پیشەیی هەیە. حزبەکانی بەریتانیا تا چ ئاستێك ئامرازو کەرەستەیان لەبەردەست دایە؟ پێش ئەمە، ئاماژەمان بۆ کاڵ بوونەوەی لایەنگریی گشتی بۆ حزبە سەرەکییەکان کرد. ئەو مەسەلەیەی کە کەمایەتییەك داخوازی بەشداری چالاکییەکانە، ئەمەش دەربڕی ڕاشکاوی مەیلەکانیانە، دەتوانێ نیشانەی وەفادارییەکی نزمی دەنگدەران بۆ حزبەکان بێ. لەیەکێك لەڕاپرسییەکانی دەزگای MORI لەکانوونی دووەمی١٩٩٣دا، دەرکەوت: تەنیا لە ٤٪ی دەنگدەران بەهۆی حزبەوە لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆر پەیوەندی دروست دەکەن یان لەکۆبوونەوەی حزبەکانی دیکەدا دیدوبۆچوونی خۆیان دەردەبڕنو تەنیا لە٢٪یان خەریکی پروپاگندەی تەلەفۆنی یان لەشوێنە گشتییەکان

لەسەر تایبەتمەندییەکانی حزب لەگەڵ کەسانی نەناسراو مشتومڕدەکەن. حزبەکان بەشێوەیەکی ڕێژەیی، وەك ٢٠ یان ٣٠ ساڵی ڕابردوو، سەرچاوەی دارایی یان ئۆرگانێکی باشیان لەبەردەست دایە. لەدەیەی ١٩٥٠دا، حزبی کرێکاران ئیدیعای دەکرد نزیکەی ملیۆنێك ئەندامی هەیە. ئاستێك، ئەمڕۆ نزیکەی ٣٠٠هەزاری لێ کەم بۆتەوە. بەدرێژایی ئەوان ڕۆژان، لایەنگرانی حزبی پارێزگارانیش، نزیکەی لە ٢,٨ ملیۆن کەسی دەیەی ١٩٥٠وە بۆ نیو ملیۆن کەس کەم بوونەتەوە. هەروەها، دەبێ ئەوەش بڵێین زۆربەی لایەنگرانی هەردوو حزب بەشێوەیەکی گشتی چالاك نین.

نائومێدی لەسیاسەتەکانی حکومەتی کرێکاران لەساڵانی١٩٦٦-١٩٧٠ بووە هۆی جیابوونەوەیەکی بەرفراوانی هەڵسووڕاوانی حزبی لە لقەکانی حزب ( **سید وایت لی** ١٩٩٢)، جوڵانەوەیەکی هاوشێوەش دەکرێ لەناو ئەنجوومەنەکانی حزبیی پارێزگاران لەسەرەتای دەیەی ١٩٩٠ دا ببینرێ (**وایتلی، وریچارسۆن** ١٩٩٤). ئاکامی ئەم دابەزینە ئەمەبوو: ژمارەی ئەو کەسانەی توانای بەشداریی چالاکیە سیاسییەکانو وەرگرتنی لێپرسراوێتیی حزبی لەناوچەکانو بەشداری کردن لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانیان هەبوو، کەم بۆوە. حزبەکان هەروەها هەستیان کرد کەوتوونەتە بەرگوشارێکی سەنگینی داراییەوە. لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٤دا بیرۆی ناوەندی حزبی پارێزگاران ڕایگەیاند کە بودجەکەی پێویستی بە ١٦ملیۆن پاوەندە. لەم ڕووەوە هەردوو حزب، حزبی کرێکارانو حزبی پارێزگاران ناچاربوون ژمارەی کارمەندەکانیان کەم بکەنەوە، بە بەراورد لەگەڵ حزبە سیاسییە سەرەکییەکان، ژمارەیەك لە گرووپەکانی گوشار بودجەیەکی باشترو ئەندامێکی زۆرترو چالاکتریان هەیە.

ئەمە بۆ حزبەکان مایەی خۆشحاڵییە کە هەڵبژاردنی بەریتانیا بە بەراورد لەگەڵ بڕی خەرجکراوی وڵاتانی دیکە یان هەتا هەڵبژاردنی پێش ساڵی ١٩١٨، هێشتا بەهەرزانی بەڕێوە دەچێ. کاندیداکان لەناوچەکانی هەڵبژاردن بەتووندی کەوتوونەتە بەر حوکمی یاسای ئاستی خەرج کردنی پارەو چۆنیەتی خەرجکردن. لەساڵی ١٩٩٢ کاندیدا سەرکەوتووەکان نزیکەی پێنج هەزار پاوەندیان بۆ ململانێی هەڵبژاردن لە بازنەکەی

خۆیان تەرخان کردو لەم میانەدا بەشی کاندیداکانی حزبی پارێزگاران لەکاندیدکانی حزبە سیاسییەکانی دیکە زۆرتربوو. بەشی زۆری ئەم پارەیە بۆ ئامادەکردنی دەفتەرچەو کاروباری کارگێری تەرخان دەکرێ. هەلومەرجی توندوتۆڵ لەمەڕ حزبەکان دەبێتەهۆی ئەوەی ئەوان توانای سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی راپرسییەکانی رای گشتی و پرۆپاگندەی تەلەفۆنی یان پرۆپاگندەکردن بەهۆی دەزگاکانی راگەیاندنیان نەبێ. بارێك کە لەگەڵ باری ناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەتەواوی ناکۆکە. لەراستیدا بودجەی پەیوەست بەململانێی ناوچەیی بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٤٥ نزیکەی سێیەکی کەم بۆتەوە.
لەم بارەدا، هیچ جۆرە چاودێرییەك لەسەر خەرجییەکانی حزب لەناوەند نییە. هیچ ئیلزامێك نییە ئەوان ناچار بکا ئاماری خەرجییەکانیان لەبواری پرۆپاگندە، لێکۆڵینەوەکانی رای گشتی، بەرنامەکانی تەلەفزیۆن لەسەر هەڵبژاردن و سەفەرو رێپێوانەکانی رێبەر، بڵاوبکەنەوە. تا ساڵی ١٩٦٤ (کەحزبی پارێزگاران بڕە پارەیەکی وای ئامادەکرد) هیچ حزبێك لەملیۆنێك پاوەند زیاتری لەیەك پرۆسەی هەڵبژاردندا خەرج نەکردبوو، ئاستێك کە تا ساڵی ١٩٧٩ (کە لەم ساڵەشدا هەر حزبی پارێزگاران لەپێشەوە بوو)، وەك خۆی مایەوە. لەوکاتەوە، بودجەی هەڵبژاردن زۆر زۆر زیادی کردووە. بەجۆرێك حزبی کرێکاران چەندان ساڵ بەماوەیەکی زۆر نزیك لەحزبی پارێزگاران لەهەڵبژاردندا بەشداری کردو لەساڵی ١٩٩٢یشدا، توانی لەگەڵیدا هاوهەنگاو بێ. بودجەی کرێکاران لەساڵی ١٩٩٢ بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی ١٩٨٧ دوو ئەوەندە زیاتربوو. بەهۆی ئەو جیاوازییانەی لەنێوان ئەوەی حزبەکان پێی دەڵێن خەرجی هەڵبژاردن و ئەو خولانەی کەئەوان بۆ کۆکردنەوەی بودجەکەیان لەبەرچاوی دەگرن، بەراوردکردنێکی ورد لەنێوان ئەو خەرجییانە کارێکی زەحمەتە. ئامادەکردنی بودجەی هەڵبژاردن لەساڵی ١٩٩٢ لەلایەن حزبەکانەوە، دەتوانرێ لەم خشتەیەی خوارەوەدا ببینرێ. لەواقیع دا، بودجەی گشتی خەرجکراو لەساڵی ١٩٩٢ ، بە

بەراوورد لەگەڵ ساڵی ١٩٨٧، دابەزیو خەرجی واقیعی هەردوو هەڵبژاردنیش لەهەڵبژاردنەکانی ساڵانی ١٩٣٥و١٩٦٤ کەمتر بوو. (*پینتو داشینسکی ١٩٩١*).

**خەرجی ناوەندی حزبەکان لەململانێکانی هەڵبژاردن (١٩٩٢)**

| حزبەکان | ١٩٨٧ | ١٩٩٢ (ملیۆن پاوەند) |
|---|---|---|
| حزبی پارێزگاران | ٩ | ١١,٢ |
| حزبی کرێکاران | ٤,٣ | ١٠,٦ |
| حزبی لیبرال | ١,٩ | ١,٨ |

**سەرچاوە: مایکل پینتو داشینسکی، گوتارێك بەناوی (خەرجی ململانێی دە ملیۆن پاوەندی حزبی کرێکاران، ماوەی نێوان خۆیو پارێزگاران ناهێڵی) رۆژنامەی تایمز، ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٩٢.**

دابینکردنی خەرجیی حزبەکان لەلایەن حکومەتەوە، دەتوانێ رێگایەك بۆ کەم کردنەوەی وابەستەیی دوو حزبە گەورەکە بۆ گرووپە خاوەن نفووزەکان بۆ دابین کردنی بودجە بێ. لەراستیدا، تا ئێستا ئاستێکی بەرچاوی کۆمەکی ناراستەوخۆی حکومەت بۆ ململانێی هەڵبژاردن تەرخان کراوە. ئەوان بەخۆڕایی کاتێك بۆ پەخش کردنی بەرنامەی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی وەردەگرنو دەتوانن بەخۆڕایی سوود لەهۆڵەکانی حکومەت بۆ کۆبوونەوەی پەیوەست بەهەڵبژاردنو هەروەها دابەش کردنی دەقی گوتاری پەیوەست بەهەڵبژاردن کەلەلایەن کاندیداکانی ناوخۆ ئامادەکراوە، وەربگرن.

**پینتو داشینسکی** (١٩٩١) رای وایە بەهای ئەم جۆرە کۆمەکانە لەکاتی هەڵبژاردن دا لەگشت خەرجییەکانی هەڵبژاردنی ناوەندیو ناوخۆی حزبەکان زۆرترە. لابردنی

پرۆپاگندەی سیاسی لەدەزگاکانی راگەیاندنی دەنگ‌ورەنگ-یشدا مەرجێکە دەخرێتە بەردەم رێـژەی خـەرجی هەڵبـژاردن‌و کاریگـەری پـارە لـەململانێ‌کان دا. لـەم بـارەدا، حزبـەکان لەوانەیـە ئازادانـە بکەونـە خـەرج کردنـی پـارە لـەکاری پرۆپاگنـدەی رۆژنامەگـەری، تـا ئـەو جێـیـەی لەسـاڵی ١٩٨٧، لـە٥٠٪ی گـشت خەرجییـەکانی هەڵبژاردنی حزبەکان بۆ پرۆپاگندەکردن لەچاپەمەنییە نیشتمانییەکان تەرخان کرا. لەسـاڵی ١٩٩٢ حزبـی پارێزگـاران دوو لەسـێی ئـەو خەرجییانـەی کـەمکردەوەو خەرجییەکی زۆرتری بۆ ئامادەکردنی پۆستەر، پەخش کردنی بەرنامەی هەڵبژاردن‌و رێکخستنی کۆبوونەوە، بۆ جـۆن مێجـەر تەرخان کرد. هەرچەندە حزبی پارێزگاران لەهەڵبژاردنی گشتی دوای شەڕ لەچاو حزبی کرێکاران بڕە پارەیەکی زۆرتری دابین کردووەو لەزۆربەی هەڵبژاردنەکان دا سەرکەوتوو بووە، بەڵام قبوڵ کردنی ئەمە کە پارە بۆتە هۆی سەرکەوتن لەهەڵبژاردن، مایەی گومانە. پارێزگاران لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٩ تا١٩٨٧ لەچاو حزبی کرێکاران پارەیەکی زۆرتریان بۆ پرۆپاگندەی چاپەمەنی تەرخان کردووە، بەڵام لەساڵی ١٩٩٢ دا پارەیەکی وایان خەرج نەکرد. لەراستیدا، ئەگەر پرۆپاگندەکانی سەندیکاکانی کرێکاران بخەینە سەر حیسابی حزبی کرێکاران، ئەوا بڕەپارەی خەرج کراوی ئەم حزبە لەپارەی خەرج کراوی حزبی پارێزگاران زۆرتردەبێ. دەبێ بەردەوام ئەم خاڵەمان لەبەرچاوبێ کەخەڵکی زۆرتر بەبەرنامەی تەلەفزیۆن‌و چاپەمەنییەکان دەربارەی هەواڵ‌و مەسەلەکانی هەڵبژاردن کاریگەردەبن.

حزبی سیاسی ماهیەتێکی ساکار نییە. حزب لەچەندان بەش یان دەزگای جۆراوجۆر پێك هاتووەو چەندان کاری وەك لێکۆڵینەوە، پرۆپاگندە،کاری رێکخراوەیی،ململانێ، مەسەلەی ژنان، سەندیکاکان‌و کاروباری دارایی‌و کاری لەم جۆرەیان هەیە. هەروەها لەکاتی هەڵبژاردندا چەند لێژنەی پسپۆر پێکدێن‌و لەناوەندە پەراوێز کەوتووەکان یان (تایبەتی)ی دەنگدەران لەەرەوەی سنوور، بیروبۆچوونی رەسمی، پەیوەندی لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن، کەناڵەکانی رێبەرایەتیی حزب‌و شتی لەم جۆرە کاردەکەن.

هەوڵی ئەم گرووپانە دوا ئەنجام دەخاتە بەرکاریگەری خۆی، بەڵام چاودێرانیش لەوانەیە هەندێجار بکەونە بەر بەشێك لەچالاکییەکانیان. حزبێکی بەریتانی لەرووی رێکخستنەوە بریتییە لەکادیری تەرخانکراو لەبیرۆ ناوەندییەکان لە لەندەن و کادیرەکانی دیکە لە لیژنەکانی ناوچەکانی هەڵبژاردن. کادیری پیشەیی لەلەندەن لەئاستی نیشتمانیدا کاردەکاو ئەرکی جێبەجێکردنی کارەکانی رێبەرایەتی حزب و دارشتنی بەرنامەی کارو کاری پرۆپاگندەو دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ لیژنەکان لەناوچەکانی هەڵبژاردن بەئەستۆوە دەگرێ. بەڵام لیژنە ناوخۆییەکان، ئەو دەزگا خۆبەخشانەن کەتەنیا چەند کارمەندێکیان هەیە یان بەشێوەیەکی ئاسایی هیچ کارمەندێکیان نییەو زۆربەی کاتەکەیان خەریکی پەیداکردنی ئەندام و یارمەتین بۆ حزب. کاندیداکان لەکاری دابەشکردنی بڵاوکراوەو، کۆکردنەوەی یارمەتی و پرۆپاگندە بۆ پەیداکردنی لایەنگر لەکاتی هەڵبژاردن، پشت بەدڵسۆزیی ئەندامان دەبەستن. **تیبیت** سەردەمێ کەسەرۆکی حزبی پارێزگاران بوو، گوتی: ((*من وەك ژەنەراڵێکم، سەربازەکانم لەوانەیە هەرکاتێك بیانەوێ بەجێم بهێڵن و ئەمن لەم بارەیەوە هیچ کارێکم لەدەست نایە*)). (چاوپێکەوتن) سەرکەوتن یان تێشکان لەهەڵبژاردنێکی گشتیدا بۆ رێبەرانی حزب زۆر بایەخدارە. ئەمە کاردەکاتە سەر چۆنیەتی کاروتوانای ئەوان لەپێرەوکردنی سیاسەتەکانیان.بەڵام، لەوانەیە دوای تێشکانی نیشتمانی، بردنەوە لەم یان لەو ناوچەیە، دڵدانەوەیەك بێ بۆ ئەندامانی ئەو لیژنانەی لەناوچەکانی هەڵبژاردن دا کاردەکەن. بۆ هەندێ لەو لیژنانەی لەناوچەکانی هەڵبژاردن دا کاردەکەن،هەڵبژاردنی چەند کەسێك لەئەندامانی ناوچەیەك بەبەراورد لەگەڵ هەوڵدان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامێکی ئەنجوومەن، بەئامانجێکی سیاسی واقیعیتر لەقەڵەم دەدرێ.

ناکرێ هەردوو حزبی کرێکاران و حزبی پارێزگاران بەنموونەیەکی رێکخراوی کارا لەقەڵەم بدرێن. سەرۆك وەزیرێك، بەهۆشیارییەوە، بایەخێکی وا بەدەزگای حزبی ناداو رێبەرانی حزب لەوانەیە لەترسی پەیدابوونی هێزێکی رکابەر، بەدەگمەن خەم بۆ

بەهێزکردنی ناوەندی حزب بخۆن. سەرۆکی بیرۆی ناوەندی بەزۆری لەسەر بنچینەی پشتگیریی سیاسی ڕێبەری ئێستای حزب- نەك پسپۆری ڕێکخراوەیی یان هەڵبژاردن-هەڵبژێردراوە، هیچ یەکێك لەڕێبەرانی دوای شەڕی حزبی پارێزگاران، پەیوەندییەکی وایان بە بیرۆی ناوەندییەوە نەبووە. **خاتوو تاچەر**، بەپێی قسەی یاریدەدەرەکانی، بەزۆری ڕەخنەی لەکارەکانی دەگرت. بۆ نموونە سەردەمێ کە **لۆرد ترنی کرافت**، سەرۆکی بیرۆی ناوەندی بوو، رایسپارد کەدەبێ **هیس** بۆ هاوڕێیەتی خاتوو تاچەر لەیەکێك لەچاوپێکەوتنە ڕۆژنامەگەرییەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن لەساڵی ١٩٧٩ بانگ بکرێ، تاچەر بەم بانگهێشتە تووڕەبوو، وئەم کارەی بە پێشنیارێکی نائومێدانە زانی. پێناخۆشی ئەو لە**نورمان تیبیت** سەرۆکی بیرۆی ناوەندیو بەڕێوەبەری ململانێی هەڵبژاردنەکەی، بووەهۆی ئەوەی سکرتێرێکی دیکە بۆ (بەرکەنار کردنی) تیبیت لەبیرۆی ناوەندی دابمەزرێنێو لەمەسەلەی ڕاپرسیو پرۆسەی ململانێی هەڵبژاردن داوای یارمەتیو ڕاوێژ لەناوەندەکانی دیکە بکاو لەدوا ساتەکانیشدا تەئکید لەگۆڕان لەپرۆپاگندە بکاتەوە. وەزیری داراییەکەی، **نیگل لاوسۆن** (١٩٩٢: ٦٩٨) دەنووسێ: لەئەنجامی بارگرژییەکان، بیرۆی ناوەندی ((بووە دووباڵی دژبەیەكو هەریەکەیان هەوڵیدەدا لەویتر بباتەوەو لەباتی ململانێ لەگەڵ دوژمن، کەوتبوونە ڕکابەری یەکتر)).

هەروەها زۆربەی ڕێبەران لەسەردەمی **هۆگ گیت سکل** گلەییان لەکاریگەریی خەباتی ڕێکخراوەیی حزبیی خۆیان،هەبووە. پلە سەرەکییەکان، لەوانە سکرتێری گشتیو بەڕێوەبەرانی پەیوەندیو ململانێ، لەلایەن کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی نیشتمانیو هەندێجار بەپێچەوانەی ڕای ڕێبەری حزب، دادەنرێن.

ڕێبەران بەزۆری هەوڵ دەدەن تا ئامادەکردنی ڕەشنووسی بەیاننامەی حزبی، ئەنجامی ڕاپرسییە تایبەتییەکانی ڕای گشتیو تیزی ململانێ سەرەکییەکان لەکۆنترۆلی بیرۆی خۆیاندا بپارێزن. لەساڵی ١٩٥٩ پەیوەندی **هۆگ گیت سکل** لەگەڵ سکرتێری گشتی حزبو هەروەها لەگەڵ سەرپەرشتی بەشی پرۆپاگندە، لاوازبوو.

ئەمانی متمانەی **هارۆلد ویلسۆن** بەدەزگای هەڵبژاردنی حزبی کرێکاران بەکورتی لەلێکۆڵینەوەی هەڵبژاردنی **نافیلد** لەساڵی ١٩٦٦، نووسراوە: ((لەبیرکردنەوەی سەرۆکی وەزیران لەمەڕ هەڵبژاردن، کۆمیتەی راپەڕاندنی نیشتمانی ﴿ NEC (National Executive Committee)﴾و کارمەندانی حزب لە ساختمانی ترانسپورت هاوس رۆڵێکی کەمیان دەگێڕا)) (*باتلەر و کینگ ١٩٦٦:٣٠*) ئەم گرژییانە بەدرێژایی ساڵانی دەیەی ١٩٧٠و ١٩٨٠ بەردەوام بوون. رێکخراوی حزبی ئیدی بەسەرچاوەیەك بۆ بیرکردنەوەی ستراتیژی رێبەرانی حزب لەمەڕ هەڵبژاردن، لەقەڵەم نادرێ. گەلێ لەرێبەرانی حزب لەکارایی رێکخراوی حزب نائومێد بوونو بۆ راوێژ دەربارەی تێزی بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، روویان کردۆتە شوێنی دیکە.

حزبە سیاسییەکان پێویستیان بەخزمەتگوزاریی کەسانی پسپۆڕە. سیمای سەرەکی لەئاستی ناوچەکانی هەڵبژاردن، کارمەندی حزبییە کە بەشێوەیەکی ئاسایی بەتەنیا کادیری تەرخانکراوی حزب دەژمێردرێ. یاسای هەڵبژاردن، کاندیدا مولزەم دەکا تا کارمەندێك بۆ بەئەستۆوەگرتنی لێپرسراوێتی خەرجی تەرخان کراو بۆ پرۆپاگندەی کاندیدابوونی خۆی، دەست نیشان بکا. بەڵام لەم سەردەمەدا، تەنیا کەمتر لەدەیەکی لێژنە ناوچەییەکانی حزبی کرێکارانو کەمتر لەنیوەی لێژنە ناوخۆییەکانی حزبی پارێزگاران، داراییان بۆ دامەزراندنی کارمەندانی تەرخانکراو لەبەردەست دایە. لەساڵی ١٩٥١ حزبی کرێکاران نزیکەی نیوەی ناوچەکانی هەڵبژاردنو حزبی پارێزگارانیش بەکردەوە لەهەر ناوچەیەکی هەڵبژاردنی مسۆگەردا ئامادەن کە لەرووی داراییەوە توانای بەکارهێنانی ئەوانیان هەبێ. سەردەمێ حزب لەدەیەی ١٩٧٠ ئەم تێزەی خستەڕوو کە کارمەندان لەناوەندا بەکاربهێنێو لەرووی داراییەوە بتوانێ بەڕێوەیان ببا و بۆ ناوچە دوورەکانی هەڵبژاردنیان بنێرێ، بەڵام ئەم تێزە بەهۆی گوشاری دارایی و حەسوودی لەناوچەکانی هەڵبژاردن، هەڵوەشایەوە.

لەکارمەندێکی حزبی چاوەڕوان دەکرێ مەیلی سیاسەتی هەبێو پشتگیری حزبەکەی خۆی بکا. بەڵام وەفادارییەکی توندی حزبی لەکارێکی پیشەییدا دەتوانێ

بەخاڵێکی لاواز لەقەڵەم بدرێ. حزبێکی سیاسی لەوانەیە بەهۆی سیاسەتە سەرەکییەکانی خۆی رووبەرووی دەستەگەری بێتەوە، یان بەخێرایی رەوتی سیاسەتەکانی خۆی بگۆڕێ. وەك گۆڕانی سیاسەتەکانی حزبی پارێزگاران لەسەردەمی گواستنەوە لە **ئەدوارهیس** بۆ **مارگرێت تاچەر**، یان وەك گۆڕانی سیاسەتەکانی حزبی کرێکاران لەکاتی دانیشتنی **فوت** لەجێگای **کالاگان**و هەروەها گۆڕانی سیاسەتی ئەم حزبە لەسەردەمی **کینۆك** دوای ساڵی ۱۹۸۷. زۆربەی کات کارمەندێك لەباتی گفتوگۆ دەربارەی سیاسەت، خەریکی چالاکییە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك. بەگۆتەی **ریچارد روز** ((*کارمەندێکی باش زۆر لەپیاوێکی ئایینی دەچێ نەك ئوسقۆف یان زانایەکی ئیلاهیات*)) (۱۹۷٤:۱۷٦).

حزبەکان هەروەها بەشی لێکۆڵینەوەی تایبەتیی خۆیان هەیە. لێکۆڵەران لەهەڵبژاردنە گشتییەکان دا، بەڵگەوگوتەو ئاماری پێویست بۆ بەکارهێنان لەلایەن گوتەبێژانی حزب ئامادە دەکەن. ((بەشی لێکۆڵینەوەی حزبی پارێزگاران)) لەساڵی ۱۹۲۹و لەنێو سکرتاریەتی ئەنجوومەنەوە سەری دەرهێناوە. ئەم بەشە، دوای ساڵی ۱۹٤٥و هەروەها دوای ساڵی ۱۹٦٤ واتە دوای ئەوەی رێبەرانی حزب دەستەڵاتیان نەماو کەوتنە چاوپێداگێڕانەوەی سیاسەتە ئۆپۆزتۆنیستەکانیان، پێگەی واقیعی خۆیان بەدەست هێنا. بەشی لێکۆڵینەوەی حزبی کرێکارانیش لەساڵی ۱۹۳۲ دامەزراوە. ئەم بەشە دەربارەی کاروباری ناوخۆ لێکۆڵینەوە دەکاو بەشێکی نێودەوڵەتیشی هەیەو خەریکی لێکۆڵینەوە لەسیاسەتی دەرەوەیە. هەردوو حزب، کارمەندانی خۆیان بەشێوەیەکی سەرەکی لەنێو خوێندکارانی زانکۆوە هەڵدەبژێرن، ئەوانەی هەبوونی پۆستێك بەسەکۆیەك دەزانن بۆ بەرزبوونەوەو بوون بەئەندامی ئەنجوومەن. کار، لێکۆڵەرەوەکان بەوەزیرو ئەندامانی ئەنجوومەن پەیوەست دەکاو لێکۆڵەران ئەوان لە وردەکارییەکان ئاگادار دەکەنەوە، ولەکۆمیتەی ئەوانەی لەدواوە دادەنیشن[3]

---

[3] Backbench ئەو نوێنەرە سەربەخۆیانەن کە لەریزەکانی دواوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەریتانیا دادەنیشن.

خزمـــەتگوزاری پێویـــست پێـــشکەش دەکـــەن و لـــەئامادەکردنی گوتـــاردا یارمـــەتی وەزیرەکـان دەدەن. شـەش کـەس لـەدوا ئەندامـەکانی کابینـەی خـاتوو تاچـەر لەسـاڵی ۱۹۹۰ ئـەزموونێکی پێـشوویان هـەبوو. هـەروەها لەسـاڵی ۱۹۹۲یـش دا، ۲٦ ئەنـدامی ئەنجوومەنی سەر بە پارێزگاران سەردەمێك لەبەشی لێکۆڵینەوە کاریان کردبوو.

ســـەنتەرە جۆراوجۆرەکـــانی دەســـتەڵات لـــەناو حزبـــی کرێکارانـــدا هەنـــدێ جـــار گرفت وهـەروەها بوارگـەلێك بـۆ لێکۆڵـەران دەرەخـسێنن. بەشـی لێکۆڵینـەوە لەسـەر بنچینەیەکی باو، زۆر چەپ و مەیلیان بەلای ئەنجوومەنی حزب دایە، نەك بۆ حزبی ناو ئەنجوومـەن. لەدەیـەکانی ۱۹٦۰و ۱۹۷۰ کارمەنـدە پلەبـەرزەکان، بـەزۆری رەخنـەیان لـەکارەکانی حکومـەتی کرێکـاران دەگـرت و گلـەییان لـەنفووزو کاریگـەریی دەزگاکـانی سەر بەدەوڵەت لەسـەر وەزیـران هەیـە. لـەم ساڵانەدا، چڕکردنەوەی چالاکی ئەم بەشە لەسەر دارِشتنی سیاسـەتی ستراتیژی، ناکۆکی لـەنێوان خـۆی و حکومـەتی داهـاتووی حزبی کرێکاران خولقاند. **هارولد ویلسۆن** بەهۆی ئامادەکردنی رەشنووسی بەیاننامـەی حزبی بـەناوی (**بەرنامـەی کـار بـۆ نەوەیـەك**) هەڵوێستێکی توونـدی لەبەرانبـەر بەشی لێکۆڵینەوە دەربڕی. لەدیدی ئـەودا، ئـەم بەیاننامەیـە ئامرازێك بـوو بـۆ گوشـاری بـاڵی چەپ بۆ سەر کەسایەتی ئەو. ویلسۆن جارێکی دی، پێش هەڵبـژاردنی سـاڵی ۱۹۷٤و هەروەها **جیمس کالاگـان** پـێش هەڵبـژاردنی ۱۹۷۹ رەخنەیـەکی هاوشـێوەیان دەربـارەی زاڵبوونی بیروباوەڕەکانی باڵی چەپ لەدارِشتنی سیاسەت لەلایەن بەشی لێکۆڵینـەوەو پشت گـوێ خـستنی ئەوشـتەی ئـەوان بـەگرنگترین ئـەرکی بەشـی (واتـە ئـەنجام دانـی لێکۆڵینەوە بۆ داکۆکی لەحکومەت) دەزانن، خستەڕوو، (مینکس ۱۹۸۰).

پـێش دەسـت پێکردنـی هەڵبـژاردنی سـاڵی ۱۹۹۲، حزبـی پارێزگـاران ۲۵ کارمەنـدی ئیـداری بـۆ گـەڕان لـەناو گوتـارو چـاوپێکەوتن و پێـشینەی سیاسـی حزبـی بەرانبـەر بەمەبەستی دۆزینەوەی بابەتی زیانبـەخش و قابیلی رەخنـەو رەت دانـەوە، دامەزراند. ئەم (گولله) زانیارییانە بۆ بەکارهێنانیان لەگوتاری وەزیران یان پێشکەش کردنیان بە رۆژنامەنووسانی لایەنگری حزب لەپرۆسەیەکی هەڵبژاردنی سەلبیدا پێویستن. بەشی

لێکۆڵینەوە نزیکەی ساڵێك پێش بەرەسمی دەست پێکردنی هەڵبژاردن و بەدرێژایی دوو مانگی سەرەتای ساڵی ١٩٩٢، ٦٥ فایل و ٢١ بڵاوکراوەیان بەبابەتی (( **ئێوە ناتوانن متمانە بەحزبی کرێکاران بکەن**)) ئامادە کرد.

پەیداکردنی پرۆپاگندەچی پسپۆڕو لەرووی سیاسییەوە هاوفیکر یەکێك لەگرفتەکانی هەردوو حزب بووە. ئەرکی پروپاگندەچییەك ئەمەیە لەدەستڕاگەیشتن بەدەزگاکانی راگەیاندن یارمەتی حزب بدا. چالاکی کارمەندانی پروپاگندە بریتییە لەدانی پوختەیەك لەبابەتەکان بەدەزگاکانی راگەیاندن، دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ دەزگاکانی پروپاگندەو راپرسی حزب و چاوەدێری ئامادەکاری ململانێی پەیوەندییەکان بۆ هەڵبژاردنی گشتی. پارێزگاران بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەبەرانی خۆی لەدەرەوەی بیرۆی ناوەندی- لەرۆژنامەگەری یان پەیوەندیی گشتی- هەڵدەبژێرێ و ئاستێکی باڵای گواستنەوەی کارمەندانی بەئەستۆوە گرتووە.

تا ئێستا هیچ بەڕێوەبەرێك لەدوو هەڵبژاردنی یەك لەدوای یەکدا لەیەك پلەدا بۆ حزب کاری نەکردووە. سێ پلەی دوایی لەم زەمینەیەدا، لەبەشەکانی پروپاگندە (**برندن بروس** (١٩٨٩-١٩٩٠)، تەلەفزیۆن ١٩٩١-١٩٩٢ و بەشی لێکۆڵینەوە (**تیم کولینس** ١٩٩٢-١٩٩٥) کراون. ئەگەرچی بەڕێوەبەری پروپاگندە لەبەرانبەر سەرۆکی حزب و لەرێی ئەویشەوە لەبەرانبەر رێبەری حزب بەرپرسیارە، بەڵام ئەوە لەلایەن رێبەری حزبەوە جێبەجێ دەکرێ. سەردەمێ کە **نورمەن تیبیت** لەساڵی ١٩٧٥-١٩٨٥ سەرۆکایەتی حزبی دەکرد، بە رەتکردنەوەی گشت ناوە پێشنیارکراوەکانی بۆ پلەی بەڕێوەبەرایەتی پروپاگندەی خاتوو تاچەر، ناراحەت بوو. ئەم حزبە، هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٧ی بەبێ هەبوونی بەڕێوەبەرێکی پروپاگندە بەڕێوەبرد.

پروپاگندە لەحزبی کرێکاران بۆ ماوەیەکی زۆر وەك کارێك تەماشادەکراو لەناوخۆی حزب دەست نیشان دەکرا. **پرسی کلارك** (کەلەساڵی١٩٦٣لەم پۆستەدا بوو)، تا پێش خانەنشینی لەساڵی١٩٧٨یەکێك لەو سێ کەسانەبوو لەساڵی ١٩٤٥ پلەی (*بەڕێوەبەری چاپەمەنی و پروپاگندە*)یان بەئەستۆوە بوو (ئەم ناوونیشانە

لەساڵی١٩٨٥گۆڕا بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیو ململانێ). لەماوەی ئەو شازدە ساڵەی بەسەر خانەنشینی کلارك دا تێپەڕێ، پێنج کەسی جۆراوجۆر ئەوکارەیان بەئەستۆوە گرتووە، لەوانە نوێنەرێکی پێشووی ئەنجوومەن، لێپرسراوێکی پێشوو لەپەیوەندی گشتیی سەندیکاکانی کرێکاران، دوو بەرهەمهێنەری تەلەفزیۆنیو ئەوی دیکەش راوێژکارێکی تایبەتی جێگری رێبەری حزب. ((بەڕێوەبەرێك))، لەلایەن کۆمیتەی راپەڕاندنی نیشتمانیو لەسەر بنچینەی راپۆرتی گەیشتوو، دادەمەزرێو دەبێتە ئەندامێکی کۆمیتەی ململانێ. ئەم کەسە هەندێجار لەو ململانێیەدا کە لەنێوان چەپوراستو لەنێوان رێبەری حزبو کۆمیتەی راپەڕاندنی نیشتمانیدا دەخولقێ، گرفتار دەبێ. بەڵام لەسەردەمی **نیل کینۆك** کارایی بەڕێوەبەر تاراددەیەکی زۆر بەنزیکی ئەو لەرێبەری حزب پەیوەست بوو.

**گۆڕانی میدیاکان**

لەوانەیە دیارترین گۆڕان لە پێکهاتی ململانێ، گۆڕانی رۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن، بەتایبەتی تەلەفزیۆن بێ. هەڵبژاردنی نوێ بۆتە هەڵبژاردنی دەزگاکانی راگەیاندن. حزب و کاندیداکان تەنها بەهۆی چاپەمەنی نیشتمانی و کەناڵەکانی هەواڵەوە دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ ملیۆنان دەنگدەردا دروست بکەن و لەبەر هەندێ زۆربەی چالاکییەکانی پەیوەست بە ململانێی هەڵبژاردن بۆ تەلەفزیۆن ئامادە دەکرێن. بەڕێوەبەرانی ململانێ، چەند شێوازێکیان بۆ زانیاریدان یان وەستان بەرانبەر بە چاپەمەنیی لایەنگر و هاوئاهەنگی لەگەڵ سیستمێکی تەلەفزیۆنیی زۆر چالاك، بەڵام لەڕوی یاساییەوە بێلایەن، خولقاندووە.

لەیەکێك لە دوا هەڵبژاردنە گشتییەکاندا، **ئاستین میچل** ئەندامی ئەنجومەن، بەهۆی ئەوەی لەکاتی پڕوپاگەندەدا وەك نەزانێك مامەڵەی لەگەڵدا کراوە نارەزایی بەرانبەر حزبی کرێکاران دەربڕی، چونکە ئەو، ئەوخەڵکەی رەنجاندووە کە بەهۆی تەلەفزیۆنەوە دەیانەوێ هەواڵەکانی هەڵبژاردن بزانن. پوختەی قسەی بەڕێوەبەرانی ململانێکان لەپرۆسەیەکی هەڵبژاردندا، ئەمەیە: ئەگەر ئەو چالاکیانە بەهۆی

کامیراکانەوە تۆمار نەکرابان، ئیدی نەدەکران. لەدیدێکەوە، دەتوانرێ ئاماژە بۆ دووجۆرە ململانێی هەڵبژاردن بکرێ، **یەکەم** ململانێیەك کەتیایدا سیاسەتمەداران رووی دەمیان دەکەنە دەنگدەران و **دووەم** ململانێیەکە تیایدا سیاسەتمەداران روودەکەنە هەواڵنێرانی دەزگاکانی راگەیاندن –هەڵبەت وەك ئامرازی درووستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەنگدەران–.

دەزگاکانی هەواڵ لەبەریتانیا سەربەخۆن و سەربە حزبە سیاسییەکان نین و تەنیا پەیوەندییەکی ناراستەخۆیان لەگەڵ حکومەتدا هەیە. ئەگەر دەزگاکانی هەواڵ لەهەڵوێستەکانیاندا سەربە حکومەت نین، بەڵام سەنتەری هەواڵی بەریتانیا (BBC) و کۆمپانیا سەربەخۆکانی تەلەفزیۆن، هەردوکیان مولزەمن رێوشوێنەکانی حکومەت رەچاوبکەن. ستاف بەڕێوەبەرایەتی (BBC)و ناوەندی تەلەفزیۆنی سەربەخۆ (I.T.C) لەلایەن وەزیری ناوخۆوە دادەمەزرێن، راددەی هەقدەستی پەخش لە (BBC) لەلایەن حکومەتەوە دادەنرێ و ئەم ناوەندە بەپێی پێڕەوێکی ناوخۆ کە ئەنجومەن پەسەندیکردووە، کاردەکا. لە (BBC) و (I.TV) چاوەڕوان دەکرێ لەبواری بڵاوکردنەوەی بابەتی سیاسیدا، هاوسەنگییەك لەنێوان حزبەکاندا رابگرن. کاریگەریی سیاسی پڕوپاگەندەی تەلەفزیۆنی یەکەم جار لەهەڵبژاردنی سەرکۆماری لەساڵی ١٩٥٢ ئەمەریکا، بینرا.

سیاسەتمەدارانی هۆشیاری بەریتانیش دوای سرنجدانی ئەوەی کە زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەس لەساڵی ١٩٥٩ رێوڕەسمی تاجگوزارییان لە تەلەفزیۆن تەماشاکرد، لەخۆیان پرسی چۆن دەتوانرێ بۆ قازانجی دنیای سیاسەت سوود لەم دەزگایە وەربگیرێ. تا پێش ساڵی ١٩٥٩، تەلەفزیۆن و رادیۆ خۆیان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی هەڵبژاردنی گشتی بەدوور دەگرت و هەر لەسەرەتای ململانێ تا دەستپێکردنی هەڵبژاردن هیچ هەواڵێکی سیاسییان بڵاونەدەکردەوە. لەگەڵ ئەو راستییەی کە سێ لەچواری خێزانەکانی بەریتانیا تا ئەوێ رۆژێ تەلەفزیۆنیان لەماڵەوە هەبوو، هەڵبژاردن بەگرنگترین سەرچاوەی هەواڵی چاپەمەنی نیشتمانی

دەژمێردرا، BBC ئەرکی خۆی لەوەدا دەبینی کە بێجگە لەوکاتەی بۆ پەخشکردنی بەرنامەی حزبەکانی لەناو هەواڵدا تەرخان دەکرد، هەڵبژاردن پشتگوێ بخاو لەڕووی سیاسییەوە (هاوسەنگ)بێ. ئەم کەناڵە لەوە دەترسا قسەکردن لەسەر مەسەلەی سیاسی، یاسای هەلومەرجی خەرجی پڕوپاگەندەی کاندیدەکان پێشێل بکا.

بەڵام بارودۆخی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە، لێپرسراوانی بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی بەردەوام کاتی بەرنامەکانیان لەسەر مەسەلەکانی هەڵبژاردن زۆرتر دەکەن و باس و چاوپێکەوتن لەگەڵ سیما ناسراوەکانی بواری سیاسەت دەکەن، بوار بەدەنگدەران دەدەن تا پرسیارەکانی خۆیان لەسیاسەتمەداران بکەن، لێکدانەوەی پسپۆرانە ئامادە دەکەن و بۆ راستەوخۆ پەخشکردنی رووداوەکان سوود لەکامێرای سەرشان وەردەگرن. دەنگدەران رایدەگەیەنن کە تەلەفزیۆن گرنگترین سەرچاوەی ئەوان لەمەڕ سیاسەتەو هەروەها بە بەمتمانەترین دەزگای راگەیاندنیش دەژمێردرێ.

بەپێی ئەوەی **بلومەر** دەینووسێ، ١٩٧٤ دەزگاکانی راگەیاندنی بەریتانی بەتایبەتی لێپرسراوان بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن لەمەسەلەی باسکردنی هەڵبژاردن رووبەڕووی گەلی گوشار دەبنەوە. لەساڵی ١٩٩٢، لە ٨٧٪ خەڵکی رایانگەیاند کە پێش دەستپێکردنی ململانێی هەڵبژاردن بەلایەنی کەمەوە رۆژی جارێك گوێ لەهەواڵەکانی تەلەفزیۆن دەگرن و ئەم رێژەیە بەدرێژایی پرۆسەی هەڵبژاردن دەگاتە ٨٣٪. ئاماری پەیوەست بەلێکۆڵینەوەی چاپەمەنی نیشتمانی لەم بارەیەوە بەم شێوەیە بوو: ٦٦٪ و ٦٣٪. هەر ئەو لێکۆڵینەوەیە نیشانیدا کە ٨٨٪ خەڵکی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن لەسەر هەڵبژاردن بە (زۆرباش) و (تاراددەیەك باش) هەڵدەسەنگێنن. لەبارێکدا کە تەنیا ٦٢٪ خەڵکی وایاندەزانی دەکرێ بۆ وەرگرتنی هەواڵی راست و بێلایەن متمانە بە (BBC) و (I.TV) بکرێ. لەبارێکدا تەنیا ٢٣٪ خەڵك دەرهەق بەچاپەمەنییەکان ئەو قسەیە دەکەن. (باتلەر و کاواناك ١٩٩٢: ١٧٩)

حزبەکان نەتەنیا لەسەر راوبۆچوون، بەڵکو دەربارەی ڕێکخستنی بەرنامەی کاری ململانێ (دیارکردنی ئەوەی هەڵبژاردن بەچ مەبەستێکە) دەکەونە رکابەری یەکتر. ئەمەش دەبێتە هۆی خولقاندنی گرژی و ناتەبایی لەنێوان حزب و کۆمەڵەکان و داڕشتنی هەواڵەکان (سمتکو و ئەوانی دیکە ١٩٩٠). لەودیوی ئەم ململانێ گشتییەدا، مشتومڕێکی دیکە لەنێوان سیاسەتمەداران و هەواڵنێرانی سیاسی لەسەر چۆنیەتی باسکردنی هەڵبژاردن هەیە کە زۆر دیارنییە. گەلی دەنگدەر چاوەڕوانن کە بەجۆرێك خەریکبن و هەم ئاگاداری کاروبارەکانیش بن. ژمارەیەکیان زۆرتر مەبەستیان بەهێزکردنی پەیوەندی سیاسی خۆیانە و ژمارەیەکی دیکەش کە زەینێکی کراوەتریان هەیە، بەدوای تێڕوانیندا دەگەڕێن. سیاسەتمەداران دەیانەوێ دڵنیابن کە بابەت و دروشم و وێنە هەڵبژێردراوەکانی (ئەوان) وەك چۆن دەیانەوێ و پێویستە، لەدەزگاکانی راگەیاندندا بڵاوبکرێنەوە. حزبەکان لەم سەردەمەدا لەکاری پەخشکردنی بەرنامە و چاودێریکردنیان بەجۆش و خرۆشن و هەوڵ دەدەن بەرنامەی کاری خۆیان بسەپێنن. ئەوان زۆرتر داخوازی سوودوەرگرتن لەخزمەتی راوێژکارانی میدیاکانن لە بواری بەڕێوەبەرایەتی هەواڵ، کۆنفرانسی چاپەمەنی، چاوپێکەوتن و بەرنامەی پەیوەست بەرووداوە نوێکان بەمەبەستی پاراستنی کادیری پەیوەندییان. لەبەرهەندێ، سیاسەتمەداران هەم کادیرانی پەیوەندی و هەم گوتاربێژانی میدیاکانن و لەهەردووبواردا، رۆڵێکی زۆر لایەنگرانە دەگێڕن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەبێ رۆڵی هەواڵنێرانی بەرنامەکان چیبێ؟ ئایا رۆڵە سەرەکییەکەیان ئەمەیە ئامرازێك بن بۆ گواستنەوەی دەنگ و وێنەی هەڵبژێردراوی حزبەکان، یان ئەوەی کە بەلێکدانەوەی ئەو شتەی سیاسەتمەداران ئەنجامی دەدەن، رۆڵێکی جودا دەگێڕن؟ **بلومەر** تێگەیشت کەلە (BBC)دا ژمارەیەك کارمەند (قەشە-ئاسا)ن. ئەوان هەڵبژاردن خۆی لەخۆیدا بەگرنگ لەقەڵەم دەدەن و بەئەرکی خۆیانی دەزانن زۆر بەجدی تەواوی چالاکی حزبەکان رابگەیەنن و ئەوانی دیکە (پراکتیکین) و دەڵێن دەبێ رەنگدانەوەی چالاکی

هەڵبـژاردن بـەپێی بایـەخی هـەواڵ و لەبەرچـاوگرتنی ژمـارە و ئاسـتی ئـارەزووی بینەرانبێ.

حزبـەکانی بـەریتانیا تـا راددەیـەك لەرێگـەی بەرنامـەکانی رادیـۆ و تەلـەفزیۆن لەسـەر هەڵبـژاردن، (Paty Election Broadcasts PEBs) چـاودێری پەخـشکردنی بەرنامەکانیان دەکەن. بەڵام ئەم بەرنامانە بێ متمانـەن و بـەخێرایی، بینـەرەکانیان کـەم دەبنـــەوە. لەهـــەمووان ســـرنج ڕاکێـــشتر و ئـــەو شـــتەی فـــەزای ململانێـــی نێـــوان سیاسـەتمەداران، نێـوان لێپرسـراوانی بەرنامـەکانی بەرنامـەکانی رادیـۆ و تەلـەفزیۆنی دەخولقێنـێ، چۆنییەتی باسکردن و پەخشکردنی هەواڵـەکانی هەڵبژاردنـە وەك بەشـێك لەهـەواڵ و راپـۆرتی پەیوەسـت بـە بابـەتی نـوێ. لەبەرئـەوەی ئـەم بینـەرانـە بەبـەراورد لەگەڵ بەرنامەکانی پەیوەست بەهەڵبژاردن (بێڕەونـەق) و (بێدیقـەت)تـرن و لـەدەرەوەی فـــەزای سیاســـییەوە بـــەکێش دەکـــرێن، بڵاوکردنـــەوەی راپۆرتـــە هـــەواڵ دەتوانـــێ کاریگەرییـــەکی زۆرتـــری هـــەبێ. هەڵـــسوڕێنەرانی ململانێکـــان زۆرتـــر حـــەزیان لێیـــە لەبەرنامەی تاراددەیەك دوورلە سیاسەت کە ئێواران پەخش دەکرێ، هـەواڵی سـەرەکی وەدەسـت بخـەن. لەسـاڵی ١٩٩٢، BBC و I.T.N بینـەرانی نزیکـەی سـێیەکی گـشت دەنگدەرانیان، بە بەرنامە سەرەکییەکانی ئێوارانیان بۆلای خۆیان راکێشا. هەتا ئەگـەر ئاسـتی بڵاوکردنـەوەی چـالاکییەکانی حزبێـك لەسـەر بنـچینەی مـاوە، رێکخرابـێ، لێپرسـراوانی بەرنامـەکان لەهەڵبـژاردنی بابـەت، کەسایەتی و رووداوەکـان و هـەروەها شێوازی پێشکەشکردنیان، ئازادن.

لەسەرەتادا، سیاسەتمەداران بە خولقاندنی چالاکی بۆ کامێراکان –وەك چوونی **هارولد ویلسۆن** لەساڵی ١٩٧٠دا بۆ نـاو خـەڵکی– خۆیـان لەگـەڵ هـاتنی تەلەفزیۆنـدا گونجاند. لەسـاڵی ١٩٧٤ ئـەوان بـە داڕشتنی رووداوی تایبـەتی و رێکخـراو کـە بـۆ پەخـشکردنی هـەواڵی بـەیانیان، ئێـواران و شـەوانە ئامـادە دەکـرا، لـەقۆناغی گونجـان بـەرەو قۆنـاغی پـسپۆری بـەکارهێنانی ئـەم میدیایـە، جـولان. تەلـەفزیۆن پـشت بەوێنـە دەبەسـتێ و حزبەکان هەوڵ دەدەن بۆ گواستنەوەی پەیامی حزب، چاودێری وێنـەی پەخـشکراوی

رووداوە داڕێـژراوەکان، کۆبوونـەوە، سـەردانی ڕێبـەران بـۆ نەخۆشـخانە، کارگە و خوێندنگە و کاری لەم جۆرە بکەن. بەڵگەکانی ئەوان ئەمەیە ئەگەر بەرنامـەکان تـەنیا بـەوە پەیوەسـت بـن کـە مۆڵـەتی وێنـەگرتنیان دەدا، هەڵسوڕاوانی حزب دەتوانن بەشێوازێکی کاریگـەر لەمـەڕ ئـەو شـتەی لـە تەلەفزیۆنـەوە پـەخش دەکرێ، بڕیـار بـدەن. ڕەوتـی ڕۆژێکـی ململانـێ کـە بەنیـشاندانی چاپەمەنی بـەیانیان دەسـت پێـدەکرێ و بـە(ڕووداوی) دوای نیـوەڕۆ بـەردەوام دەبـێ و بەکۆبوونـەوەی ئێـوارانی ڕێبـەران کۆتـایی دێ و لەگـەڵ چـەند کاتێـك بـۆ بەرنامـەی هـەواڵئامێزی نیـوەڕۆ، ئێـواران و کـاتی زێـڕینی بینـەری تەلـەفزیۆن، دەگونجێنـدرێ. بـەم بـارەوە، پـەیامنێرانی تەلــەفزیۆن بۆخۆیــان لەبەرانبــەر هــەوڵی بێــزراوی حزبــەکان لــەبواری دەسـتکاری هەواڵـەکان، نـارەزایی دەردەبـڕن و تەئکیـد دەکـەن کـە ئـەوان وێنەی دەستنیشانکراو یان پۆستەری هەڵواسراو بڵاوناکەنەوە، بەڵکو زۆر بەجدی بەپێی (بەهای هەواڵ) لەرووداوەکانی ململانێ، شت بڵاو دەکەنەوە. ئەمڕۆ بەڕێوەبردنی میدیا بەشێوەیەك گەشەی کردووە کە سیاسەتمەداران و بەڕێوەبــەرانی پەیوەنــدیی حزبــەکان بــە بــەردەوامی بــۆ کاریگــەری خستنەسەر میـدیاکان هـەوڵ دەدەن، رەخنـە لەلێپرسـراوانی بەرنامـەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن بگرن.

تــا پــێش داهــاتنی تەلــەفزیۆن، سیاســەتمەداران زۆرتــر بــەهۆی چـاپەمەنییەکانی نـاوخۆیی و نیـشتمانی پەیوەنـدییان لەگـەڵ کۆمـەڵانی خـەڵکی دەنگـدەر دروسـت دەکـرد. لەگـەڵ هەنـدێش، سـەردەمی زێـڕینی چـاپەمەنی، لـەرووی سیاسـییەوە سـەردەمی رۆژنامـەی بێلایـەن، نـەبووە.

پەیوەندی نێوان حزبەکان و چاپەمەنییەکان بەزۆری لەمڕۆ نزیکتر بوو، ڕۆژنامەکان بەشێوەیەکی ئاسایی دەربارەی چۆنیەتی دەنگدان خوێنەرانی خۆیان ڕێنوێنی دەکرد و هەروەها پێش ساڵی ١٩١٤، حزبەکان هەندێجار بۆ پاراستنی ڕۆژنامەیەك لەناو گرفتاری کارو وەدەستهێنانی پشتیوانی خەڵکی لە ڕێی ئەو ڕۆژنامەوە، کۆمەکیان پێشکەش دەکرد. (کاس ١٩٨٤). لەساڵانی دواییدا، (ئەستێرەی بەیانی morning star) تەنیا ڕۆژنامەیەکی نیشتمانی بوو کە بودجەکەی لەلایەن حزبێکەوە –حزبی کۆمۆنیست– دابیندەکرا و موڵکی ئەو حزبەش بوو.

ڕۆڵی چاپەمەنی لە چالاکی هەڵبژاردن لەگەڵ گۆڕانکاری و وەرگۆڕانی ساڵانی دواییدا بایەخێکی زۆری هەبووە. ئەم خشتەیەی خوارەوە، ژمارەی خوێنەران و هەژماری ڕۆژنامەکان نیشان دەدا. ئامار نیشانی دەدا کە نزیکەی سێ لەچواری کەسانی بەتەمەن ڕۆژنامە دەخوێننەوە. ئامارێك کە بالاترین ئاماری تەواوی دنیایە، لەساڵی١٩٩٢دوو ڕۆژنامەی پڕتیراژ و بەمشتومڕ (میرۆر Mirror و سەن Sun، ڕۆژنامەی تابلوید)، ڕۆژانە (٨ تا ١٠) ملیۆن خوێنەریان –کە هەریەکەیان نزیکەی لەگەڵ چارەکێك لەگشت دەنگدەران یەکسانن– هەبووە.

هەردوو ڕۆژنامە لەئاستێکی بالادا لایەنگرن، یەکێك لە حزبی کرێکاران و ئەوی دیکە لەحزبی پارێزگاران و هەواڵ و ڕاپۆرتی هەردوو ڕۆژنامە لەکاتی هەڵبژاردندا بەتووندی پشت بەپڕوپاگندە، نواندن، واتەوات و قسە و قسەلۆك و کینایە دەبەستن.

| خشتەی لایەنگری و تیراژی رۆژنامەی نیشتمانی ١٩٩٢ | | |
|---|---|---|
| ناوونیشانی رۆژنامە | تیراژ (بەهەزار) | ژمارەی خوێنەر |
| دەیلی میرۆر | ٢٠٩٣ | ٨٠٣٥ |
| دەیلی ئیکسپرێس | ١٥٢٥ | ٣٦٤٣ |
| سەن | ٣٥٧١ | ٩٨٥٣ |
| دەیلی میل | ١٦٧٥ | ٤٦٢٨ |
| دەیلی ستار | ٨٠٦ | ٢٦٢٨ |
| تودەی | ٥٣٣ | ١٤٠٨ |
| دەیلی تەلگراف | ١٠٣٨ | ٢٤٩٢ |
| گاردیان | ٤٢٩ | ١٢١٤ |
| تایمز | ٣٨٦ | ١٠٣٥ |
| ئیندیپێندێنت | ٣٩٠ | ١٠٨٣ |
| فاینەنشەل تایمز | ٢٩٠ | ٦٦٨ |

**سەرچاوە: باتلەر و کاواناک، هەڵبژاردنی گشتی بەریتانیا لەساڵی ١٩٩٢، ل١٨١.**

**رۆژنامە قەبارە گەورەکان (بەزۆری بەرۆژنامەی جدیتر لەقەڵەم دەدرێن) وێنەرێکی گەلی زۆریان لەناو چینەکانی ناوەڕاستدا هەیە و لەچاو رۆژنامە قەبارە بچوکەکان، زۆرتر هەواڵ و چالاکی پەیوەست بە ململانێی هەڵبژاردن بڵاودەکەنەوە. سیمورئور لەو باوەڕەدایە کە رۆژنامە قەبارە گەورەکان**

لەبەهای هەواڵ و بەهای هەڵوێستدا پەیوەندییەکی نزیکتریان لەگەڵ لێپرسراوانی بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن لەمەسەلەی مەیلی ئەوان بە خولقاندنی هاوکێشەوە هەیە، لەبارێکدا رۆژنامەی قەبارە بچوك لە تەئکیدکردن لە گرافیك و کەسایەتییەکان زۆرتر لە تەلەفزیۆن دەچن. (١٩٩٢: ٦٩).

بەڵام رۆژنامە قەبارە بچوك و گەورەکان، هەردوکیان وەك یەك جێگا بۆ هەواڵ و راپۆرتی تایبەت بە ململانێی هەڵبژاردن –نزیکەی ٣٠٪ی دەنگدەران– و راپرسی گشتی– نزیکەی ٥٠٪ تەرخان دەکەن. (*مەك ئارتۆر ١٩٨٩: ٩٨*). بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا رۆژنامە قەبارە گەورەکان لەماوەی پێنج رۆژدا چوار رۆژ بابەتی ململانێیان گواستەوە، لەبارێکدا رۆژنامە قەبارە بچوکەکان تەنیا لەنیوەی ئەم رۆژانەدا بابەتی ململانێیان بڵاوکردەوە. نزیکەی لەهەر رۆژێکی هەڵبژاردندا، رۆژنامە قەبارە گەورەکان بابەتگەلێکی گرنگیان لەلاپەڕەکانی یەکەمیان چاپ دەکرد و گشت رۆژنامە نیشتمانییەکانیش– بێجگە لە **سەن**– بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٨٧ بابەتگەلی گرنگتریان لەلاپەڕەکانی یەکەم دەربارەی هەڵبژاردن بڵاودەکردەوە. رۆژنامەی **میرۆر** ١٠٠٪، **دەیلی ئێکسپرێس** ٩٧٪ و **دەیلی میل** ٧٩٪ی سەرگوتارەکانیان بۆ هەڵبژاردن تەرخانکرد. رۆژنامە نیشتمانییەکان هێشتا بەئاشکرا بایەخێکی زۆرتر بەهەڵبژاردن دەدەن.

هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی مامەڵەکردن و بڵاوکردنەوەی بابەت لەسەر ململانێی هەڵبژاردن، زیاتر مەسەلەیەکی زەینییە. **مارتین هاروپ** (کرو و هاروپ ١٩٨٦) و کولین سیمور–ئور (١٩٧٤: ٢٣٤) باوەڕیان وایە کە

بەدرێـژایی دەیـەی ١٩٦٠ چـاپەمەنییەكان لەوانەیـە وەك رەنگدانەوەیـەكی نـەبوونی جیاوازییـەكی ئاشـكرای بیروڕا لـەنێوان حزبـەكان و هـەروەها وەك وەرامێـك بایــەخی یەكـسانی تەلــەفزیۆن بەهەواڵــەكان، تایبەتمەندییــەكی لایەنگرانـەی كـەمتریان هـەبووە و داخـوازی دەركـكردنـی شایـستەی حزبـی بوون، كە داكۆكییان لێنەدەكرد. لێكۆڵینەوەیـەكیش كـە لەسـەر هەڵبـژاردنی گـشتی سـاڵی ١٩٦٤ كـراوە، نیـشانی دەدا كـە ((*ئـەم نارازییـە بـاوەی دەڵـێ حزبـی كرێكـاران لـەبارێكی باشـی چاپەمەنیدایە، نـاتوانرێ لەسـاڵی ١٩٦٤ دووبـارە بكرێتــەوە*)). جێگــەی نارەزاییــەكی زۆرتــر بــۆ ئــەو كەســانە دەمێنێتـەوە كـە هـەرجۆرە مـەیلێكی چـاپەمەنی بـاڵی راسـت بـە واقیعیـەتی جـۆری پـەیمانـشكێنی و خیانـەت دەزانـن و ((*بەشـێك لـە چـاپەمەنییەكان بەتایبـەتی چـاپەمەنی نیـشتمانی، مـەیلێكی زۆرتریـان بـۆ واقیعیـەت و بڵاوكردنـەوەی هـەواڵی ململانێكـان بەشـێوەیەكی دادپەروەرانـە بـە بـەراورد لەگەڵ ئەوەی تا ئەمڕۆ بینراوە، هەیە*)) (بیس ١٩٦٥ : ٢٠١ – ٢٠٣).

لەگـەڵ هەنـدێش، لەدواهەڵبژاردنـدا، دەتـوانرێ گەڕانـەوەی لایەنگرییـەكی تەواو لەناو چاپەمەنییەكاندا ببینرێ. بەڵگەیەك، لەوانەیە ئەمـەبێ: لەسـاڵی ١٩٧٩دا گـشت رۆژنامــە بەناوبانگـەكان بوونـە رۆژنامــەی قــەبارە بـچوك. لەسـاڵی ١٩٥٩ دوو رۆژنامـەی قـەبارە بـچوك هـەبوون كـە تیراژیـان نزیكـەی سـێیەكی تـیراژی چـاپەمەنییەكانیان دەبـوو، تـا سـاڵی ١٩٩٢ ئـەم ژمارانـە گەیشتنە ٦ و زیاتر چوارلەپێنجی تیراژەكەیان.

بەڵگـەی دووەم دەتـوانرێ لەڕێبەرایـەتی **خـــاتوتاچـــەر** و لەئـەنجامی دوانەییــەكی قــووڵی دەركــەوتووی نێــوان حزبــەكان، بدۆزرێتــەوە. ئــەو

فەزیلــەتی هاتنەمەیــدانی وەك سیاســەتمەدارێکی لیّــبڕاو پیّــشکەشکرد و سیاســەتی کۆمەڵایــەتی رەتکــردەوە. رۆژنامــە قــەبارە بــچوکەکان ئــەم دوانەییــەیان نیــشانداو یارمــەتی گەشــەکردنیان دا. **نیگــل لاوســون** ئــەم رەخنەیـەی خـستەڕوو کـە خـاتوو تاچـەر، سـکرتێرە رۆژنامەنووسـییەکەی (**بــەرنارد ئینگهــام**) و رۆژنامــەی (**ســەن**)ی لایــەنگر، یــەکتریان تــەواو دەکــرد. بەپێی قسەکانی لاوسۆن، بەڕێز ئینگهام رێبازێکی وەك خۆراکی بۆ (سەن) دەنــارد و رۆژنامەکــەش بڵاویــدەکردەوە، پاشــان ئینگهــام ئــەو رێبــازەی لەرۆژنامەکانــەوە بــۆ خــاتوو تاچــەر ئامــادە دەکــرد و پیّــشکەشی تاچــەری دەکرد. پاشان خاتوو تاچەریش لە گفتوگۆی خۆی بەهۆی تەلەفۆنی سوور (تەلــەفۆنی نیّــوان ســەرۆکی وڵاتــان) سەرســوڕمانی خــۆی لەکاردانــەوەی خـەڵکی بـەریتانیا رادەگەیانـد. ئـەم خاڵـە سرنجڕاکیّشە کـە رۆژنامـە قـەبارە گــچکەکانی ســەربە پارێزگــاران لەســەردەمی حــوکمی **ئیــدوارد هــیس** لایەنگرییـەکی کـەمتریان نیـشاندا و لـەکاتی سـەرکەوتنی **جــۆن میّجــە**ردا لەهەڵبــژاردنی ســاڵی١٩٩٢، لــیّبڕازی نــەبوون. لــەم بــوارەدا لەوانەیــە هەڵوێستێکی هاوشێوەی هەڵوێستی خاتوو تاچەر کاریگەر بووبێ.

**ئەو حزبانەی لەلایەن خوێنەرانی رۆژنامەکانەوە پشتگیری دەکرێن ١٩٨٧**

| رۆژنامە | ساڵ | پارێزگاران ٪ | کرێکاران ٪ | لیبرال دیموکرات ٪ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| | | حزبە پشتیوانی لێکراوەکان | | |
| دەیلی تەلگراف | ١٩٩٢ | ٧٢ | ١١ | ١٦ |
| | ١٩٨٧ | ٨٠ | ٥ | ١٠ |
| دەیلی ئیکپرێس | ١٩٩٢ | ٦٧ | ١٥ | ١٤ |
| | ١٩٨٧ | ٧٠ | ٩ | ١٨ |
| دەیلی میل | ١٩٩٢ | ٦٥ | ١٥ | ١٨ |
| | ١٩٨٧ | ٦٠ | ١٣ | ١٩ |
| فاینەنشەل تایمز | ١٩٩٢ | ٦٥ | ١٧ | ١٦ |
| | ١٩٨٧ | ٤٨ | ١٧ | ٢٩ |
| تایمز | ١٩٩٢ | ٦٤ | ١٤ | ١٩ |
| | ١٩٨٧ | ٥٦ | ١٢ | ٢٧ |
| سەن | ١٩٩٢ | ٤٥ | ١٤ | ٣٦ |
| | ١٩٨٧ | ٤١ | ٣١ | ١٩ |
| تودەی | ١٩٩٢ | ٤٣ | ٣٢ | ٢٣ |
| | ١٩٨٧ | ٤٣ | ١٧ | ٤٠ |
| دەیلی ستار | ١٩٩٢ | ٣١ | ٥٤ | ١٢ |
| | ١٩٨٧ | ٢٨ | ٤٦ | ١٨ |
| ئیدیپێندێنت | ١٩٩٢ | ٢٥ | ٣٧ | ٣٤ |
| | ١٩٨٧ | ٣٤ | ٣٤ | ٢٧ |
| دەیلی میرۆر | ١٩٩٢ | ٢٠ | ٦٤ | ١٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ١٩٨٧ | ٢٠ | ٥٥ | ٢١ |
| **گاردیان** | ١٩٩٢ | ١٥ | ٥٥ | ٢٤ |
| | ١٩٨٧ | ٢٢ | ٥٥ | ١٩ |

**سەرچاوە:** Mori

سەیر ئەوەیە ژیاندنەوەی لایەنگریی چاپەمەنی ڕێك لەوكاتەدا وەدەركەوتۆتەوە كە مەیلی گشتی لەگەڵ حزبە سیاسییەكان دابەزیوە. سەربار، لایەنگری، بەپێچەوانەی ئەو شتەی لەرابردوودا بینیمان، لەئاگادارییەكی بێزراوتر و (ڕەخنەگر) لەحزبی كرێكاران نیشان دەدرێ. هەروەها، گەشەستاندنی لایەنگریدا دەتوانێ ئەو بەڵگەیە روون بكاتەوە كە بۆچی خەڵكی، تەلەفزیۆن بەسەرچاوەیەكی بەمتمانەتر لە چاپەمەنییەكان، دەزانن؟ مەیلە سیاسییەكانی ڕۆژنامەكان، تارادەیەكی زۆر لەگەڵ مەیل و حەزی خوێنەرەكانیاندا دەگونجێن (بڕوانە خشتەی حزبەكان لەلایەن خوێنەرانی ڕۆژنامەكانەوە پشتگیری دەكرێن).

لەساڵی ١٩٩٢ نزیكەی دوولەسێ یان زیاتری خوێنەرانی ڕۆژنامەكانی **تایمز**، **ئیكسپرێس**، **میل** و **تەلگراف** پشتگیرییان لەپارێزگاران كرد و نزیكەی دوولەسێی خوێنەرانی ڕۆژنامەی **میرۆر** و لە ٥٥٪ی خوێنەرانی **گاردیان** پشتگیرییان لەحزبی كرێكاران كرد. تا دواهەڵبژاردن، ڕۆژنامەی (**سەن**) بەشێوەیەكی سەرسوڕهێنەر لەلایەن زۆربەی هەرەزۆری خوێنەرەكانییەوە وەك ڕۆژنامەیەكی لایەنگری حزبی كرێكاران تەماشادەكرا و هەتا لەساڵانی

١٩٨٧ و ١٩٩٢ كـەمتر لـەنيوەی خوێنـەرانی، بەشـێوەيەكی هەسـتپێكراو دەنگيان بـەحزبی پارێزگاران دا. كڕين يان خوێندنـەوەی رۆژنامـەی سـەن لەلايەن خەڵكييەوە، لەبەرسياسەتی حزبيی ئەم رۆژنامەيە نييە.
پێكهاتەی يان تان و پۆی هەڵبژاردن، لەهەڵبژاردنێكەوە بۆ هەڵبژاردنێكی ديكە دەگۆڕێ. هەندێ گۆڕانكاری لەسەرخۆن، بۆنمونە، گۆڕانێكی فيزيكی دەنگدەران بـەهۆی مـردن و گـەورەبوونی منـداڵانی خـوار تەمـەنی دەنگدان ژمارەی دەنگدەران زياد دەكا و دەتوانێ وەك كەڵەكەبوونی ماوەی ٢٠ساڵ گۆڕانكارييـەكی گـەورە بخوڵقێنـێ. گۆڕانكـاری ديكـە، لەوانەيـە چاوەڕوان نـەكراو و كتـوپڕبن. وەك ئـەوەی لەسـاڵی ١٩٥٩ تەلـەفزيۆن دەسـتيكرد بەنيشاندان و بڵاوكردنەوەی هەواڵەكانی هەڵبژاردن، يان وەك ئەوكاتەی كە حزبـەكان بابـەت و رێبـاز و بەڵگـە و شـتی نـوێ دەخەنـەڕوو. بـۆ نموونـە: رێبازی رێبەری حزبی كرێكاران لەساڵی ١٩٨٣ زۆر لەساڵی ١٩٧٩ جياواز بـوو، لەسـاڵی ١٩٨٧يـش، جـارێكی ديكـە لەبنـچينەوە گـۆڕا. هەنـدێ گۆڕانكـاری يـەكتر بەهێزدەكـەن و بـوار و زەمينـە بـۆ گرتنەبـەری رەوتێكـی پيشەيی تر لەململانێدا ئامادە دەكەن.
وادێتـە بەرچـاو كـە دەنگـدەران وەفايـەكی كـەمتريان بـۆ حزبـەكان هەيـە و سياسـەتمەداران قەناعـەتيان كـردووە كـە دەنگـدەران زۆر بـە ئاسـانی لـەناو پرۆسـەی ململانێـی هەڵبژاردنـدا، بڕوايـان دەگـۆڕن. بەڕێوەبـەرانی ململانـێ، تەلـەفزيۆنيان وەك گـرنگترين سەرچـاوەی زانيـاری و چـۆنيەتی روانـينی دەنگـدەران بـۆ سياسـەت قبـوڵكردووە، گەشـەی ژمـارەی خەرجييـەكانی ميـدياكان لـەراديۆ و تەلـەفزيۆن و چـاپەمەنييەكان ناچـارييان دەكـا تـا

بایەخێکی زۆرتریان لەبواری کارگێڕی هەواڵەکاندا هەبێ. ئەوان رۆژبەرۆژ زیاتر بەمەبەستی روونترکردنەوەی شێوازەکانی ململانێ و سوودێکی باشتر لەشێوازی پەیوەندی گشتی و پروپاگندە روویان کردۆتە کەسانی پیشەیی.

ئه‌گه‌ر تێكۆشه‌ران مه‌به‌ستی ئاماده‌كردن‌و چاوه‌دێری شێوازێكی كارای هه‌ڵبژاردنیان هه‌بێ، ده‌بێ زانیاری ورد له‌باره‌ی دیدوبۆچوون‌و روانگه‌ی ده‌نگده‌ران وه‌ده‌ست بهێنن. میدیاكانیش بۆ یارمه‌تیدانی راپۆرته هه‌واڵ‌و لێكدانه‌وه‌كانیان له‌مه‌ڕ هه‌ڵبژاردن پێویستیان به‌زانیاری هه‌یه له‌مه‌ڕ هه‌ل‌ومه‌رجی گشتی. له‌رابردوودا، سیاسه‌تمه‌داران‌و چاودێرانی سیاسی بۆ ناسینی رای گشتی، رێنوێنی‌و سه‌رمه‌شقی تایبه‌تی خۆیان هه‌بووه. سه‌رچاوه‌كانیان به‌زۆری خاووكۆن‌و گۆتره‌و له‌خۆڕابوون، شتگه‌لی جۆراوجۆری وه‌ك نامه، چاپه‌مه‌نی، دانیشتوانی زۆرو جۆش‌وخرۆشی نێو تۆره گشتییه‌كان یان په‌یوه‌ندیی شه‌خسی له‌گه‌ڵ سیاسه‌تمه‌دارانی دیكه، رۆژنامه‌نووسانی سیاسی یان شوفێرانی تاكسی، ده‌گرته‌وه. ده‌ڵێن **ستانلی بالدوین** له‌گه‌ڵ به‌ڕێوه‌به‌ری وێستگه‌ی شه‌مه‌ندۆفه‌ری ناوچه‌ی خۆی راوێژی ده‌كردو (**وینستۆن چه‌رچل**)یش له‌ساڵی ١٩٤٥ پشتی به پێشبینییه به‌متمانه‌كانی خاوه‌نه دڵسۆزه‌كانی چاپه‌مه‌نی به‌ست. هه‌تا له‌ساڵی ١٩٩٢یش **گیلینیز كینۆك** له‌كاتی بینینی ئه‌و ده‌نگده‌رانه‌ی كه له‌دوا رۆژه‌كانی ململانێدا خۆیان له‌روانینه چاوه‌كانی ده‌پاراست، قه‌ناعه‌تی كرد كه حزبی كرێكاران له‌هه‌ڵبژاردندا دۆڕاوه. ئه‌و شته‌ی له‌مه‌ڕ گه‌لێ له‌م سه‌رچاوانه شایانی وردبوونه‌وه‌یه، سرنج نه‌دانی ئه‌م خاڵه‌یه كه‌ئه‌م سه‌رچاوانه نوێنه‌رایه‌تی چ رێژه‌یه‌كی گشت دانیشتوان ده‌كه‌ن. وه‌ك ئه‌وه‌ی له‌م دواییانه‌دا بیریارێكی سیاسی گوتویه‌تی: ((*هه‌ر سیاسه‌تمه‌دارێك، بۆخۆی، جۆره راپرسێكه*)) (برینگتۆن ١٩٩٢:٧٣).

### په‌ره‌پێدان

راپرسییه‌كانی بیری سیاسی، له‌سه‌ر بنچینه‌ی پرسیار له‌نموونه‌ی ئه‌و ده‌نگده‌رانه‌ی كه به‌شێوه‌یه‌كی سیستماتیك هه‌ڵبژێردرابوون‌و نوێنه‌ری خه‌ڵكانی دیكه‌بوون،

لەدەیــەی ١٩٣٠و لــە ویلایەتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا دەســتی پــێکرد. لەســاڵی ١٩٣٦دا راپرسـییەك[4] بەپێـشبینییەکی وردی ئـەنجامی هەڵبـژاردنی سـەرکۆماری ئـەو ساڵە، ناوو ناوبانگێکی باشی دەرکرد. لەگەڵ هەندێش، هەر ئەو هەڵبژاردنە زەمینـەی بۆ نیشاندانی (راپرسییەکی) سەرنەکەوتوو ئامادەکرد. گۆڤاری Literary digest دەربارەی مەبەستی دەنگدان چەند پرسیارێکی لەخوێنـەرانی خۆی کردو ١٠ ملیـۆن وەرامی وەرگرتەوە، زۆربەی ئەمانە، لـەباتی **فرانکلین رۆزفلـتی** سـەرکۆماری دیمـوکرات، پشتگیری **ئالیف لاندنی** کاندیدای حزبی کۆماریخوازیـان کـرد. بـەڵام لـەواقیع دا، ئەمـە FDRبـوو کـە بەجیاوازییـەکی زۆرەوە، دەنگـی زۆربـەی سـەرکەوتنی وەدەست هێنـا. گۆڤـاری Digestزۆرتـر لەلایـەن ئەوانـەی خـاوەن ئۆتۆمبیـلو تەلـەفۆن بـوون، واتـە کەسـانێك کـەزۆرتر لەچـینی ناوەڕاسـتو پـشتیوانانی کۆمـاریخوازان بـوون، دەخوێنرایـەوە، لەبەرهەنـدێ نەیـدەتوانی نوێنـەری گـشت دەنگـدەران بـێ. ئەمـە، ئاگادارکردنەوەیـەکی سـەرەتایی بـوو کەرایدەگەیانـد: ((نوێنـەربوون)) نموونەیەکەوبایـەخی هەیـە، نـەك فراوانییەکـەی. راپرسـییەك لەبـەریتانیا ئـەنجامی هەڵبژاردنی نێوان دوو خولی **وست فولهـایمی** لەساڵی ١٩٣٨ بەراستی پێشبینی کرد، بـەڵام پێـشبینییەکەی لەهەڵبـژاردنی گـشتی لەسـاڵی ١٩٤٥دا ((سـەرکەوتنێکی)) بەرچـاوتری حزبـی کرێکـاران لەوسـاڵە بـوو. لـەو سـەردەمەدا، خـەڵکی زۆر گوێیـان بەراپرسییەکان نەدەداو کەمیان باوەڕیـان پـێی هـەبوو. دوای بیست ساڵ، سەردەمێ کـە راپرسـی کۆمـەڵێکی زۆری پێـشبینییەکانی کـۆکردەوە، کۆمـەڵێك لەلێکۆڵـەران بەدیدوبۆچوونێکی توندڕەوانە، ئەو کارانەیان لەهەڵە بەدوورو بەمتمانە لەقەڵەم دا.

لـەم سـەردەمەدا، راپرسـی بیروڕا، لەلایـەن گـەلێ لایـەنی جۆراوجۆر لەوانـە کۆمپانیـا، گرووپەکانی گوشار، لێپرسراوانی نـاوخۆو میدیاکانو هـەتا کەسـانی دەوڵەمەنـد داوا دەکرێ. ئەم راپرسییانە لەوانەیە بۆ مەبەستی تایبەتی وەك یارمەتیدانی کۆمپانیایـەك یـان حزبێکـی سیاسـی بـۆ داڕشـتنی پەیوەندییـەکانی خـۆی لەگـەڵ خـەڵکی یـان

[4] Gallup Poll

یارمەتیدانی گرووپەکانی گوشار بەمەبەستی کاریگەری لەسەر بڕیاردەران یان رای گشتی، سوودیان لێوەربگیرێ. لەم سەردەمەدا، زۆربەی راپرسییەکانی بیری سیاسی لەلایەن میدیاکانەوە رادەسپێردرێن و بۆ خەڵکی بڵاودەکرێنەوە. بۆ رۆژنامەیەك، ئەمە بەشێوازێکی باش بۆ پروپاگندەی خۆی لەقەڵەم دەدرێ. بەدرێژایی هەڵبژاردن، راپرسی ئەنجام دراوەو لەوانەیە لەلایەن گرووپی هەواڵی سەرەکی تەلەفزیۆنەوە رابگەیەنرێ و ئەمەش دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی تیراژی رۆژنامەکە. ئەنجامەکانی راپرسی بەشێوەیەکی ئاسایی لەلاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەو بەتایتلی بەرچاو (وهەندێجار چەواشەکار) چاپ دەکرێن. لەگەڵ ئەوەش، راپرسی درۆو رووکەشیش پەیدا دەبن. بۆ نموونە، بودجەی راپرسییە ئەنجامدراوەکانی لەمەڕ کورسییەکانی پەراوێز (بازنەی هەڵبژاردنی پەراوێز) لەساڵی ١٩٥٩ لەدژی میللیکردن تاراددەیەکی زۆر لەلایەن کۆمپانیای تایبەتی پۆڵاوە دابین دەکرا. ئەم کۆمپانیایانە تێزەکانی حزبی کرێکارانیان لەمەڕ موڵکایەتی گشتی بەهەڕەشەیەك دەزانی و لەو راپرسییانەدا بەنیشاندانی ئاستی بێزراویی موڵکایەتی گشتی، زۆرتر بایەخیان بەکاریگەری خستنەسەر رای گشتی دەدا نەك رەنگدانەوەی واقیع. هەندێجاریش هەیە، لیبرالەکان بە بەکارهێنانی راپرسانی کەمتر ناسراو لەبازنەی هەڵبژاردن و ئامانج و بڵاوکردنەوەی ئامار و ژمارەی جۆراوجۆر هەوڵیانداوە (تەکانێك) بەحزبەکەیان بدەن.

راپرسی سیاسی لەخوولی دوای شەڕ، هێواش هێواش لەبەریتانیا گەشەی کردووە (ورسستەر ١٩٩١). لەساڵی ١٩٤٥ دەزگای **گالوپ** تاکە سواری مەیدان بوو، بەڵام تا ساڵی ١٩٩٢ پێنج کۆمپانیای سەرەکی دیکەو چەند کۆمپانیایەکی بچووکتر هاتنە مەیدانەوە. ژمارەی راپرسییە نیشتمانییەکان لەسەردەمی هەڵبژاردنیشدا، پێبەپێ زیاتر بووە. (لەیەك راپرسییەوە لەساڵی ١٩٤٥ گەیشتۆتە ٥٧ راپرسی لەساڵی ١٩٩٢). ئەگەر بمانەوێ راپرسییەکانی دیکەی ناوچەیی، پەراوێزو ((تایبەتی))یش حیساب بکەین، ئاستی گشتی راپرسییەکانی ساڵی ١٩٩٢ بەئاسانی دەگاتە دوو ئەوەندەی جاران. زیادبوونە گەورەکە، لەساڵی ١٩٨٣، واتە دوای ئەو ماوەیەی

بـارێکی جـێگیر پەیـدابوو، روویـدا. ژمارەیـەکی زۆری رۆژنامـەی نیـشتمانیو بەرنامـەکانی تەلـەفزیۆنی دەربارەی رووداوەکـانی رۆژگـار، یارمـەتی ئـەم زۆربوونـەی داوە. ئـەمڕۆ، لەزۆربـەی رۆژەکـانی ململانێـیەکی هەڵبـژاردن دا، راپرسـییەکی بیروڕاو لەدوا هەفتـەی دا، لافاوێـك راپرسـی چاپ دەکرێن. لـەرۆژی دەنگـدانیش دا، بـەکردەوە گشت رۆژنامەکان پێشبینییەکانی پەیوەست بە راپرسـییەکانی بیروڕا دەکەنـە هـەواڵی سـەرەکی خۆیـان. میـدیاکان زۆرتـر حـەز دەکـەن ئاسـتە تۆمارکراوەکـانی پـشتگیری خـەڵکی لەحزبـە سیاسـییەکان لەسـەر بنـچینەی پرسـیاری ((ئەگـەر ئـەمڕۆ رۆژی هەڵبـژاردن بوایـە، چـۆنت دەنـگ دەدا؟)) وەدەسـت بهێـنن. ئەمـە، بـەزۆری وەك پێشبینییەك بۆ چەندان هەفتە یان چەندان رۆژ پێش هەڵبـژاردنی راستەقینە، لـەباتی وێنەیـەکی رای گـشتی لەمـەڕ رووداوەێکـی گریمانـەکراو کـە لـە شـوێنێکی تایبـەتی سـەردەم گـیراوە، پێـشکەش دەکـرێ. ئەگـەر دەنگـدەران نـاجێگیر یـان دوودڵ بـن، ئەنجامەکانیش لەوانەیە هەتا لەکاتی بڵاوکردنەوەشیان دا، کۆنو بێ کەڵك بن.

**شێوازەکان**

راپرسـەکان نموونـەکانی خۆیـان بەشـێوازگەلی بەشـداری یـان ئەگـەری رێکـەوت کۆدەکەنەوە. بۆ نموونە نموونەی رێکەوت بە هەڵبـژاردنی ناوێك لەدەفتـەری تۆمـاری هەڵبـژاردنی ژمارەیـەك لەناوچەکان یـان شـوێنی نموونە وەرگـرتن، دەردەهێنـرێ. (بـۆ نموونـە پازدەهـەمین نـاو). لەبنـچینەوە، هـەر تاکێـك لەناوچـەی نموونـە وەرگـرتن دا، شانـسی یەکـسانی بـۆ هەڵبـژاردن هەیـە. نموونـەی بەشـداری بـەئازاد هێـشتنەوەی پـەیامنێر لەدۆزینـەوەی ئـەو وەرام دەرەوانـەی لـەکۆدا لـەرووی چینی کۆمەڵایـەتی، تەمەن، رەگەزو شتی لەم جۆرە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی گشت کۆمەڵ دەگونجێن، کۆ دەکرێتەوە. لەباتی هەر تاکێك کە خۆ لە هاوکاری بدزێتـەوە یان کەسێك کەنەتوانرێ ببینـرێ، کەسـێکی دیکـە هـەر بەو تایبەتمەندییانـە، جـێی دەگرێتـەوە. ئـەو کەسـەی چاوپێکەوتنەکە دەکا بـۆ پراکتیـك کردنـی نموونەیـەکی ئەگـەری رێکـەوتی، لەوانەیـە ناچـاربێ بـۆ چـەند جارێـك سـەردانی گـەڕەکێكو بینـینی ئەوانـەی وەرام دەدەنـەوە،

هەڵبژێردرێ. راپرسان بۆ پاشەکەوت کردنی کاتو بودجە، بەشێوەیەکی رۆژ بەرۆژ زیاتر سوودیان لەنموونەی بەشداری وەرگرتووە. بەم حاڵەوە، ئەم تاکە وردبینانە نیگەرانیی خۆیان لەژمارەی رۆژ بەرۆژی زیاتری رەتکردنەوەی هاوکاری (نزیکەی ٤٠٪) لەلایەن کەسانێك کە بۆ یەکەمین جار رووبەرووی شتێکی وادەبنەوە، یان کەسانێك کە بەڵگەی دیکە بۆ هاوکاری نەکردن پێشکەش دەکەن، رادەگەیەنن. لێرەدا، لەوانەیە، ئەم پرسیارە بۆ ئەوان بێتە پێشەوە ئەم گرووپە کە مەیلی چاوپێکەوتنیان هەیە، تا چ ئاستێك دەتوانن نوێنەری کەسانی دیکەبن؟ ئەم خاڵە سرنج راکێشە کە بەکردەوە تەواوی راپرسییەکان زانستینو لەژێر چاوەدێری دەوڵەت دان، سوود لەشێوازی ئەگەری رێکەوتی وەردەگرن.

زۆربەی راپرسییەکانی رای گشتی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەباتی چاوپێکەوتنی رووبەروو، بەتەلەفۆن جێبەجێ دەکرێن، شێوازێك کە لە بەریتانیاش لایەنگری پەیداکردووە. لەساڵی١٩٩٢، لە٩٠٪ی دەنگدەرانی بەریتانی خەتێکی تەلەفۆنیان هەبووە (هەرچەندە نزیکەی یەك لەسێی ئەم ژمارانە لەتۆمارەکانی رێنوێنی تەلەفۆن دا نەنووسرابوون). گرفتێك کە لەم بوارەدا هەیە ئەمەیە، ئەوانەی تەلەفۆنیان نییە، بەشێوەیەکی نەگونجاوو نایەکسان بەزۆری هەژارو ناپارێزگارن. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ئەوان کەمایەتییەکی روو لەنەمانن‌و دەتوانرێ بەدەستکاری نموونەکانی دیکە، کەموکورتییەکانیان قەرەبوو بکرێتەوە. پشتیوانانی ئەم شێوازە هێشتا ئاماژە بۆ ئیجابییەتە زۆرەکانی چاوپێکەوتنی رووبەروو، وکەمکردنەوەی ئاستی هێشوویی‌بوونی جوگرافیایی چاوپێکەوتنەکان دەکەنەوە. هێشوویی‌بوون دەبێتەهۆی (کاریگەریی هاوسێیەتی) کە لەراپرسییەکانی بەشداری رووبەروودا دەبینرێ (بۆ نموونە، ئەوانەی چاوپێکەوتن ئەنجام دەدەن بەزۆری سەردانی شوقەکان دەکەن‌و چاوپێکەوتن لەگەڵ وەرام دەرەوەکانی چینی کرێکارو ناپسپۆر دەکەن).

هەروەها راپرسەکان سوود لەراپرسییەکانی پانێل- کە تەکنیکی سوودمەندی بۆ پێوانەو روونکردنەوەی گۆڕانکاری دەرکەوتوو لەبیروڕایان مەبەستی دەنگدان

لەماوەی سێ یان چوار هەفتەی ململانێی هەڵبژاردن یان هەتا بەدرێژایی خوولێکی درێژخایەن لەقەڵەم دەدرێن–وەردەگرن. لەگەڵ هەندێش پانێلەکان بێگرفت نین. یەکەمین گرفت لەم بوارەدا، گرفتی زێدەڕۆییە کە لەو وەرامدەرەوانەوە سەرچاوە دەگرێ کەخۆ لەبەردەوام بوونی هاوکاری بەدوور دەگرن یان لەماوەیەکی درێژخایەندا–خانووی خۆیان دەگۆڕن و یان کۆچی دوایی دەکەن. لەئەنجام دا، لەوانەیە پانێل لەسەرخۆ لەراددەی نوێنەرایەتی یەکەمین کۆمەڵی خۆی، بوەستێ. پانێل هەروەها لەوانەیە لەگەڵ هەوڵێکی زۆرتری وەرام دەرەوەکان بۆ پاراستنی هاوئاهەنگی لەوەرامەکان لەهەر چاوپێکەوتنێك دا یان لەکاتی زیاتربوونی پەیوەندی سیاسیی ئەوان (وەك ئاکامی چاوپێکەوتنی دووبارە لەگەڵیان) تایبەتی ((نوێنەربوون))ی خۆیان لەدەست بدەن.

گشت راپرسییە نموونەییەکان بەپلەیەك ئاوێتەی ئەگەری خەتان، چونکە دابین کردنی ئەم خاڵە کەئەوان نوێنەرایەتی تەواوی دانیشتوانێك بن کەلێیەوە هاتوون، نەکردەیە. بەزۆری دەگوترێ کەلەرووی ئامارەوە، ٩٥٪ ،ئەگەری ئەوە هەیە بۆ نموونە: رای بڵاوکراوەی حزبەکانی کرێکاران یان پارێزگاران لەنموونەیەکی هەزار کەسی دەنگدەران، لەنێوان ئیجابی یان سەلبی ٣٪ی راست بێ. ئەگەر راپرسییەکان نیشان بدەن کەحزبەکانی کرێکاران وپارێزگاران هەریەکەیان ٤٠٪ دەنگیان هەیە، ژمارەی واقیعی لەوانەیە لەنێوان ٣٧٪ تا ٤٣٪ بۆ هەریەکەیان لەگۆڕاندابێت. ئەنجامی ئەم کارە دەتوانێ بۆ حزبێك شکستێکی ئاشکرا یان وەدەست خستنی سەرکەوتنێك بە جیاوازییەکی زۆری دەنگ بێ و لەهەمان باردا راپرسییەکان ((لەرووی تەکنیکەوە))– واتە بەحیساب کردنی ئەگەری خەتا–راست بن. ئەم ئەگەرانە لەوانەیە بۆ کۆمپانیایەکی بازرگانی یان هەتا راپرسییەکی بیروڕا، بێبایەخ بێ، بەڵام سیستمی هەڵبژاردنی بنیات نراو لەسەر ((*وەدەست خستنی زۆربەی رێژەیی دەنگەکان*)) پێشبینی هەڵبژاردنی بەریتانیا دەخاتە مەترسییەوە. لەراستیدا، ئیدیعای پێشکەشکراو دەربارەی ئەگەری هەڵە، ئیدیعایەکی ساختەیە، چونکە ئەم ئەگەرە

تـەنیا سـەردەمێ بایـەخ پەیـدا دەکـا کەنموونـەی ڕێکـەوتی بەشـێوەیەکی تـەواو بەسەرکەوتوویی کۆکرابێتەوە-شتێك کە بەدەگمەن دەکرێ. سەربار، هەڵەکان لەوانەیـە لـەهۆکاری دیکـە، جگـە لـە ئەنـدازەی نموونـە، پەیـدابن. (بـۆ نموونـە، لەچـاوەدێری نادروست لەسەر بەشەکان).

ڕەواجی هـەر نموونەیـەك یـان ڕاپرسـی تـەنیا بـەو پرسیارانەوە پەیوەستن کە تیایدا خراونەتـە ڕوو. ئەگەرچـی ڕاپرسـەکان هـەوڵ دەدەن لەخـستنەڕووی پرسـیاری ((لایـەنگرو تـەلقینی)) یـان ئـەو پرسیارانەی بەلێڵی دەردەبڕدرێن خـۆ بپارێزن، بـەڵام ژمارەیـەك لـەوەرام دەرەوەکـان دەتـوانن لـەنێوان ئـەو دەسـتەواژانەی لەچـاو دەستەواژەکانی دیکە ناڕۆشنن، جوداییەك دابنێن. بۆ نموونە دەتوانرێ جیاوازییـەکی زۆر ئاشـکرا لـەزەینی دەنگـدەران لەمـەڕ زەمینـەی توانـای دەرکـی حزبـەکان بـۆ بەڕێوەبردنی (تەندروستی) بە بەراورد لەگەڵ (خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی) یان لە زەمینـەی (ئیش‌وکار) بە بـەراورد لەگـەڵ (ئیش کـردن) دا ببینـرێ. لەساڵی ١٩٨٣ ڕاپرسییە تایبەتییەکانی حزبی کرێکاران وەك باشترین حزب کەتوانای بەڕێوەبردنی (کاروبـاری بـەرگری) هەیـە، لـە ٢٥٪ بـاڵاتر لەئاسـتی پەیوەسـت بـە ((چـەك دامـاڵینی ئـەتۆمی))یـەو ژمـارەی پەیوەسـت بـە(( هەڵاوسان‌و نرخـەکان))یش لـە ١٤٪ لەڕێـژەی پەیوەست بە (بودجەی ژیان) باڵاتر بووە. لەپێش بوونی حزبی کرێکاران لەچاو حزبی پارێزگـاران لەزەمینـەی ((خزمـەتگوزاری تەندروسـتی گـشتی)) لـە ١٤٪ لەڕێـژەی پەیوەست بە (خەستەخانەکان) بەرزتربوو.

**ڕاپۆرتی ڕاپرسییەکان**

لـەمانگی ئایـاری ١٩٧٠ کۆمپانیـا گـەورەکانی ڕاپرسـی لەسـەر چـەند پرەنـسیپێکی کـاری پراکتیکـی تایبـەتی بۆ ڕاگەیاندنی ڕاپرسییەکان ڕێك کـەوتن. ئـەم پرەنسیپانە ئـەوەیان دەسـت نیـشان دەکـرد کـە ڕاپـۆرتی سـەرەکی چـاپکراوی ڕاپرسـییەك دەبـێ ئەندازەو جۆری نموونەو هەروەها مێژووی چاوپێکەوتنەکانیش بنووسێ. لەم بارەدا، ژمارەیەك لەڕاپۆرتی میدیاکان لەمەڕ ڕاپرسییەکانی بیروڕا، بۆ ڕەواج پەیداکردن، چاو

لەهەنـدێ شـت دەپۆشـن. گوشـارەکان لـەرووی کـات و شـوێن دەبنـە هـۆی ئـەوەی دەسـتکاریی پێویـست لـەرووی ئەگـەری هەڵـە یـان راددەی (نـازانم)ەکـان، بـەردەوام لەراپۆرتەکەدا نەگوترێن. هەرچەندە راپرسییەکان هەندێجار بەشێوەیەکی نادروست رادەگەیـەنرێن یـان دەشـێوێنرێن، راپرسـەکان نـاتوانن چـاوەدێری هەڵبـژاردنی ناوونیشان و شێوازی بـەکاربردنی ئەنجامـەکانیان لەلایـەن میـدیاکان بەتایبـەتی ئـەو چاپەمەنییانەی لەبەرانبەر هیچ کەسێك بەرپرس نین، بکەن. لەساڵی ١٩٧٩ تەعبیری رۆژنامەی (سەن) لەمەڕ راپرسییە کۆتاییەکان- ئەو سێ راپرسییەی کە لەپێش بوونی حزبی پارێزگارانی بە ٥٪ تا ٧٪ رادەگەیاند- لـەرۆژی هەڵبـژاردنی ئەمـەبوو: ((*ئەمـە مەگـی*[*] *خۆمانـە کـە بەریش وسمێڵـەوە هـاتووە*)). (ئەم ناوونیشانە لەراستیدا هەوڵێك بوو بۆ ئارام کردنەوەی ئەو پارێزگارانەی لەترسان یەکسەر لـەرزیبوون). (کرو١٩٨٢: ١٢١). لەساڵی ١٩٨٣ رۆژنامەی Mail on Sunday تایتڵی ((*بێکـاری بـە پارێزگـاران دەڵـێ کـە ئێمـە دەگەڕێینـەوە*))ی بۆ راگەیانـدنی راپرسـییەك هەڵبـژارد. لـەم راپۆرتـەدا هـاتبوو کـە ٥٦٪ی نموونەیـەکی هەڵبـژاردەی بێکـاران نیازیـان وایـە دەنـگ بـە حزبـی کرێکـاران بـدەن و تـەنیا ٢٦٪ دەنـگ بـەحزبی پارێزگـاران دەدەن!. هەڵـسەنگاندنی لایەنگرانـەش بـەزۆری یارمـەتی ئـەم شـێواندنە دەدا. مەسـەلەی نـاخۆش ئەمەیـە کـە بەزۆری، بێجگە لەمەبەستی دەنگدان یان هەڵسەنگاندنی دەنگدەران لەرێبەران، بابـەتی سرنج راکێشی دیکەش لەراگەیاندنی لاوەکیدا، لەبیر دەکرێن.

لەگـەڵ هەنـدێش، راپرسـییەکان، بەشـێوەیەکی هاوسـەنگ، راپـۆرت و لێکدانـەوەی هۆشیارانەیان لەمەڕ ململانێ، بابەت و کەسایەتییە سیاسییەکان پێشکەش کردووە. ئێستا دەتوانرێ بەپێچەوانەی ئەو کاتانەی پشت بە واتـەوات و مەزەنـدەکان دەبەسـترا، سـوود لـە بەڵگـەکانی بەردەسـت وەربگیرێ. مامەڵـەی بـەردەوام لەگـەڵ راپرسـییەکان، توانـای گـەلێ سیاسـەتمەدارو خـەباتگێڕی بـواری هەڵبـژاردنی لـەرووی دەربـڕینی وردو

[*] زاراوەیەکی نێو خەڵکیە بەخاتوو تاچەر دەگوترێ.

بەجێی بەڵگەکان باشترکردووە. هەرچەندە، ئەم دەربڕینە وردانە بەردەوام لەلێدوانە جەماوەرییەکانیاندا رەنگ نادەدەنەوە. هەڵسەنگاندنی لێپرسراوێکی حزبی پارێزگاران دەربارەی ئەو راپرسییە سەرەتاییانەی کە بۆ حزب جێبەجێ کرابوون، ئەمەبوو: ((*پێشان، کاتێ مرۆڤە بەئەزموونەکان قسەی بێ مانایان دەکرد، تەنیا کارێك کەدەکرا ، ئەمەبوو بڵێی: ئەم قسانە بێ جێن و ئەوانیش بەوردی هەمان شتیان بۆ تۆ دەگەڕاندەوە. بەڵام ئەمڕۆ، دەتوانرێ لەم بارەیەوە بەڵگە پێشکەش بکەی*)) (باتلەرو کینگ ١٩٦٦: ٦٨).

ئەنجامێکی سەلبی ئەم راپرسییانە، بایەخێکی زیاد لەپێویستە کە میدیاکان بە هەڵبژاردنی (غارغارێنی ئەسپ)* (هەڵبژاردنێك کە لەدیدی ژمارەیەك لەرەخنەگران، دەبێتەهۆی پشت گوێ خستنی هەندێ بابەت و دروست کردنی لادان لەرەوتی هەڵبژاردن) دەدەن. لەململانێی ساڵی ١٩٩٢ دا گرووپێك لەزانکۆی **لاگ بروگ** دەرکیان بەوە کرد کە بابەتە پەیوەستەکانی راپرسییەکان، نزیکەی پێنجیەکی بابەتە تایبەتییەکانی هەڵبژاردنی شەش رۆژنامەی تابلۆیدو ١٢٪ی هەواڵەکانی رادیۆو تەلەفزیۆنیان پێك هێناوە. لەهەفتەکانی دووەم و چوارەم، رێژەیەکی زۆرتری تایتڵەکانی لاپەڕەکانی یەکەم بە بەراورد لەگەڵ تایتڵەکانی دیکە، پەیوەست بوون بە بابەتی راپرسییەکان–وزۆربەیان لەگەڵ بابەتی غارغارێنی ئەسپ دا هاوڕێبوون–. تەنیا لەهەشت رۆژی گشت خولی هەڵبژاردن بابەتی پەیوەست بە راپرسییە نیشتمانییەکان چاپ نەکرا، بەڵام لەدوا یەکشەممەدا (٦) راپرسی چاپ کران و لەرۆژی دەنگدانیشدا هەشت رۆژنامە لەناو یازدە رۆژنامەی سەرتاسەری، لاپەڕەکانی یەکەمیان بۆ بابەتی تایبەت بە راپرسییەکان تەرخان کرد ( کرو ١٩٩٢).

هەرچەندە میدیاکان بەردەوام، زۆرتر بایەخیان بەلایەنی ( غارغارێنی ئەسپ)ی هەڵبژاردن داوە، راپرسییەکانیش دوورایيەکی نوێیان زیادکردووە. راپرسییەکان

---

*شێوازی دوانی میدیاکان لەسەر ململانێکان لەئەمریکا، بەسوود وەرگرتن لەدەربڕینی زاراوەی وەرزشی غارغارێنی ئەسپ

جۆری حوکمی لێکدەرەوەکانیش دەخولقێنن. ئەوان بەشێوەیەکی بەرفراوان وەك باشترین نیشانە لەبواری چۆنیەتی کاردانەوەی دەنگدەران لەچاو ململانێکان دادەنرێن. سوود وەرگرتن لەژمارەکان بۆ وەسف کردنی رای گشتی کە هەندێجار بێجگە لەرێژەی سەدی، رێژەی وردتریش دەردەخرێن، وردیو دروستییەکی ساختە دەبەخشنە ئەم رەوتە.

هەروەها راگەیاندنی راپرسییەکان بۆتە هۆکارێك لەململانێکان. شەوی ٣ی ئاداری ١٩٩٢، بەڕێوەبەرانی حزبی پارێزگاران زۆر بەقووڵی لەو بابەخە ناراحەت بوون کەمیدیاکان لەسێ راپرسیدا بە لەپێش بوونی حزبی کرێکارانیان دەدا. لەو رۆژەدا ئەوان کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسییان لەبواری کاروباری بەرگرییو پەیوەندییە (نهێنییەکانی) نوێنەرانی حزبی کرێکاران لەگەڵ C.N.D (رێکخراوی خەبات لەپێناوی چەك داماڵینی ئەتۆمی) ئەنجام داو چاوەڕوان بوون کاروباری بەرگری ببێتە یەکەمین هەواڵی ئێوارانی تەلەفزیۆن. بەڵام، لەبەرانبەردا، بابەتی گرنگی ئەو رۆژەی هەواڵ، مەسەلەی (سەرکەوتنی) حزبی کرێکاران لەهەڵبژاردن بەپێی نوێترین راپرسییەکانی رای گشتی بوو. یەکێك لە لێپرسراوە گەورەکانی حزبی پارێزگاران لەم بارەیەوە گوتی: ((*ئەگەر مانای راپرسی ئەوەبێ کە نەتوانرێ لەگەڵ بابەتەکان ناوی سیاسەتمەداران بهێنرێ، لەوانەیە ئەوان ببنە هۆی نەمانی رەوتی دیموکراتی*)) (چاوپێکەوتنی لنسلی).

نموونەیەکی تریش کە نفوزو کاریگەری راپرسییەکان دەردەخا، هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٠یە. لەوساڵەدا، راپرسییەکان نیشانیان دا کەحزبی کرێکاران بەجیاوازییەکی زۆرەوە سەردەکەوێ. لەم رووەوە میدیاکان هەوڵیان دا بەڵگەیەك بۆ ئەم مەسەلەیە پێشکەش بکەن کەبۆچی **هارولد ویلسۆن** بەبێ هیچ هەوڵێك لەباری گەیشتن بەسەرکەوتنەو ( **تد هیس**)ی بێبەخت خۆی بۆ بەرگریکردن ئامادە دەکا. بەپێی ژیاننامە نوێکەی بەرێز **هیس**:

*((چاودێره سیاسییه ناسراوەکان پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان لەگەڵ هاوڕێیانی سەفەری ڕێبەرانی حزب- کەئەوانیش زۆر بەتووندی بەراپرسییەکان کاریگەربوون- دروستکرد))* و ڕووداوو بەسەرهاتەکانی سەفەریان بەشێوەیەکی هەڵبژاردە بۆ بەهێزکردنی راپرسییەکان نارد ( کەمپل ۱۹۹۳: ۲۸۰) لەساڵی ۱۹۹۲یش چاودێره سیاسییەکان بەپشت بەستن بەراپرسییەکان رایانگەیاند کە پارێزگاران لەململانێکانیان دا بەلاوازی کاردەکەن، بەراوردێك كەزۆر زەینی بوو. ڕۆژنامەی (Independent Snnday)ژمارەی ٥ی نیسان دا، راپۆرتی **پیتەر کلنەری** لەپانێلی دەنگدانی N.O.Pبەم ناوونیشانه بلاوکردوە: ((باڵندەی سەرکەوتن لەدەستی پاریزگاران هەڵدەفڕێ)) **کلنەر**، نووسی:

*((پارێزگاران دەبێ بۆ وەدەست خستنی زۆرینەی ڕەها و پاراستنی دەستەڵات لەدەستی خۆیان، بەسەر وانەکانی مێژوو، وگرانایی بەڵگە بەدەست هاتووەکانی پانیلی ئێمەدا، زاڵبن. ئەوان لەچەندرۆژیکی دواییدا پێویستیان بەگۆڕانێکی لە۳٪ی دەنگەکان هەیەو هیچ حزبێکی فەرمانڕەوا لەسەردەمی مودێرن دا، گۆڕانێکی وا درەنگی بەو قەوارەیە بەدەست نەهێناوە. بەروانینێکی پێشکەوتن و کەموکوڕییە (گریمانە)ییەکانی حزبەکان، وادێتە بەرچاو دەرکەوتنی ئەم گۆڕانە درەنگ وەختە لەمەڕ حزبی لیبرال نزیك و لەمەڕ حزبی پارێزگاران نزیك نەبێ. هەروەها دەربارەی ئەو پرسیارانەی کە دەنگدەران دەخەنە نێوان هەڵبژاردنی یەکێك لەدووان: خەرجی گشتیی زیاترو بایەخ یان خەرجییەکی کەمترو باجی دەست نیشان کراو، وادێتە بەرچاو گفتەکانی حزبی کرێکاران لەبواری خەرجی گشتیدا بە بەراورد لەگەڵ ئەم تۆمەتەی حزبی پارێزگاران کە حکومەتی کرێکاران واتە باجی زۆرتر، کاریگەرییەکی زۆرتری هەبووە))*.

**پێشبینییەکانی هەڵبژاردن**

تا ساڵی ۱۹۷۰ راپرسییەکانی بیروڕا لەبەریتانیا پێشینەیەکی باشیان لەبواری پێشبینیی هەڵبژاردن هەبوو. لەساڵانی ۱۹۵۹، ۱۹٦٤و۱۹٦٦ پێشبینییەکان زۆر زۆر

ورد بوون‌و هەڵەی ئەوان لەپێشبینی ڕێژەی باڵادەستیی حزبی سەرکەوتوو ٢٪ یان کەمتر بوو. بەڵام لەودەمەوە، هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا نیشان دراوە، لەحەوت هەڵبژاردن دا، لەچواریان، هەڵەی ناوکۆی پێشبینییەکان زۆرتربوون (١٩٧٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣،١٩٧٤، ١٩٩٢). لەساڵی ١٩٧٠ لەوانەیە لەگەڵ وەستانی ئەنجامی ڕاپرسی لەو چەند ڕۆژەی تا هەڵبژاردن مابوو، ڕاپرسییەکان حیسابیان بۆ گۆڕانی درەنگوەختی دەرکەوتووی بەقازانجی حزبی پارێزگاران نەکرد، یان ئەوان هەر لەسەرەتاوە هەڵەبوون. دەزگای O.R.C ڕایگەیاند کە لەچاوپێکەوتنەکان دا تا دوا ڕاپرسیی خۆی، هەستی بە درەنگ گۆڕانێك لەقازانجی حزبی پارێزگاران کردووە. ئەم دەزگایە بەتۆمارکردنی ئەم گۆڕانە لەئامارەکانی خۆیدا، باڵادەستیی حزبی پارێزگارانی ڕاگەیاندو وەك تەنیا ڕاپرسێك کەئەنجامی ڕاستی بەدەستهێناوە. ناوی دەرکرد. لەساڵی ١٩٩٢، ناوکۆی پێشبینییەکانی پێنج دەزگای سەرەکی-گالوپ، N.O.P، M.O.R.I، I.C.M، Harris- لەمەڕ باڵادەستیی دەنگەکانی، بریتیبوو لە٣،١٪و ٧،٦٪. گشت ڕاپرسییەکان لەگەڵ ئەگەری هەڵەیەکی بەرزتر لەپەراوێزی قبوڵ کراو، نادروست بوون. هەڵەکانی ئەوان یەك ڕووی هاوبەشیان هەبوو، ئەویش بریتی بوو لەدانی بەراوردێکی کەمتر لەبەشی دەنگی حزبی پارێزگاران‌و دانی بەراوردێکی بەرزتر لەبەشی دەنگی حزبی کرێکاران. هەتا ڕاپرسی لەمەڕ دەنگی دراویش لەمەڕ دەنگی حزبی کرێکاران موبالەغەی کردووە‌و کۆمپانیاکانی تەلەفزیۆنیان لەپێشبینی دوا ئەنجام دا، بە هەڵەدا بردووە. ئەمڕۆ ژمارەیەك لەوانەی مەسەلەکان لێکدەدەنەوە، لەو باوەڕەدان ڕاپرسییەکانی ڕای گشتی لەساڵی١٩٩٢بەدرێژایی ماوەی هەڵبژاردن بەتایبەتی لەراگەیاندنی پشتیوانی کەمی حزبی پارێزگاران، نادروست بوون. (کرو١٩٩٢: جاوڵ‌و ئەوانیتر ١٩٩٣).

**هەڵەی ڕاپرسییەکان دەربارەی باڵادەستیی حزبی سەرکەوتوو١٩٧٠-١٩٩٢**

| هەڵبژاردن | ناوکۆی هەڵە لەمەڕ باڵادەستی٪ | ژمارەی ڕاپرسییەکان |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| ١٩٧٠ | ٦,٦ | ٥ |
| **شوباتی ١٩٧٤** | ٢,٤ | ٥ |
| **تشرینی یەکەمی ١٩٧٤** | ٥,٦ | ٥ |
| ١٩٧٩ | ١,٧ | ٤ |
| ١٩٨٣ | ٤,٣ | ٦ |
| ١٩٨٧ | ٣,٢ | ٥ |
| ١٩٩٢ | ٨,٩ | ٥ |

ئـەنجامی هەڵبـژاردنێك بەرچـاوترین ئـامرازە بـۆ تاقیكردنـەوەی ئاسـتی وردیـی ڕاپرسـییەكانی رای گشتی. لەگـەڵ هەنـدێش، مایـەی دوودڵییـە دوكتـۆر گـالوپ لـەوە خۆشحاڵ بێ كە سەرەكیترین پەیوەندی میدیاكان لەگەڵ ڕاپرسییەكان، بۆ پێشبینی بێ. ئـەو، ڕاپرسـییەكانی بـەئامرازێك بـۆ زیـادكردنی مامەڵـەو هەڵـسوكەوتی خـەڵكی لەگەڵ سیاسەتمەداران و باشتربوونی چۆنیەتی دیموكراسی دەزانی.

ڕێـك دوای هەڵبـژاردنی سـاڵی ١٩٩٢، ((*گرووپـی لێكۆڵینـەوەی بـازاڕ*)) ڕاپـۆرتێكی وردی دەربـارەی بەڵگـەی ئـەو هەڵانـەی روویـان داوە، ئامـادەكرد. ئـەم ڕاپۆرتـە لەژمارەیەك كەم‌وكورتی پێشبینی كراو، لەوانە كەم‌و كورتی نێو تۆماری هەڵبژاردن‌و شێوازەكانی نموونە وەرگرتن، گۆڕان لـەدوا سات دا، لـەپێش بوونی ژمارەی ئەوانـەی چوونە سەر سندووقەكانی دەنگدان‌و دەنگدانی تاكتیكی كۆڵییەوە. ئەگەرچی گۆڕانی درەنگ وەخت لە لێكدانەوە سەرەتاییەكانی ژمارەیەكی ڕاپرسی بەباشترین لێكدانـەوە دەژمێردرا، بۆ قبوڵكردنی ئەم ئیدیعایە دەبێ گەورەیی ئـەم گۆڕانـە لـەرۆژی هەڵبـژاردن یـان هـەتا لەچەند رۆژێكی پێش هەڵبژاردن زۆر گەورەو بێوێنـە بووبـێ. لـەم رووەوە دانـانی ئـەم بەڵگەیـە بەگـەورەترین بەڵگـەی هەڵـەكان، قبـوڵ نـەكرا. بەشـی حیزبـی پارێزگـاران لـەراپۆرتی ڕاگەیانـدراوی دوا ڕاپرسـییەكان بـە بـەراورد لەگـەڵ ئـەوەی

هەفتــەی پێــشتر ڕاگەیــەنرابوو، تــەنیا ١٪ زیــادی کردبــوو، ودرزی نێــوان دوو حــزب تەقریبــەن ٠,٥٪ کــەمتر بــۆوە. (جــاول و ئەوانیدیکــە ١٩٩٣). لێکدانــەوەکانی دوای هەڵبــژاردن نیشانی دا کە پارێزگــاران بەشێوەیەکی نــەگونجاو، خۆیــان لەراگەیانــدنی مەبەســتی دەنگــدانیان پــێش ڕۆژی دەنگــدان، پاراســت و دەزگایــەکی ڕاپرســی (ICM)یش تێگەیشت کە بڕیاردەران لەدوا سات دا– ئەو کەسانەی وشەی (*نالێم*) و (*نازانم*)یان هەڵبـژاردبوو–بەشێوەیەکی نایەکسان دەنگیان بـەحزبی کرێکاران داوە*.

ڕاپۆرتی MRSیش ئەوەی بەراست زانی کە نموونە کۆکراوەکان بەهۆی کەموکورتی دەرکــەوتوو لەمەزەنــدە و بــەهادان و چــاوەدێری بەشــەکان بەشــێوەیەکی تــەواو نوێنەرایەتی پارێزگارانیان نەدەکرد.

دەنگـدەران هــەروەها لەوانەیــە بــۆ دەنگــدانی تــەکتیکی ســوود لــەزانیاری وەدەســت هــاتووی ڕاپرســییەکان وەربگــرن. لەتــەواوی ئــەو هەڵبژاردنــە گــشتییانەی لەســاڵی ١٩٦٤ەوە کــراون، بێجگــە لەســاڵی ١٩٨٧، بــەردەوام چارەنووســی حزبــێ کــە لــەدوا ڕاپرسییەکان دا بەتــەواوی پێــشڕەو بــووە، لــەڕۆژی دەنگــدان دا، ئەنجامەکــەی خــراپ بووە. ئەمە، وای لەهەندێ چاوەدێر کردووە ئەم پرسیارە بکەن ئایا کاریگـەری دۆڕان لــەدەربڕینی زەمینــە ڕۆڵێکــی هــەبووە، بــەم مانایــە کــە ژمارەیــەك دەنگــدەر لەبەرئــەوەی نەیانویــستووە حزبــی لــەپێش، هەڵبــژاردن بەزۆرینەیــەکی زۆر بباتــەوە، بەشــێوەیەکی سەرەکی بەشداری دەنگدانیان نەکردووە یان دەنگی خۆیان بۆ حزبی کرێکاران داوە. لەچەند ڕۆژێکی کۆتایی هەڵمـەتی پڕۆپاگندەی هەڵبـژاردنی ساڵی ١٩٩٢، پارێزگـاران سوودیان لەپێشبینییەکانی پەیوەست بەئایندەی ئەنجوومەنی هەڵوەشاوە وەرگرت و ڕایانگەیاند دەنگدان بەلیبراڵ دیموکراتەکان ((*ڕێگای هاتنی حزبی کرێکارانە*)). ئەو

---

*دوای هەڵبـژاردن دەزگـای (ICM) بـەهۆی سندوقێکی نهێنییـەوە هەوڵیـدا بـەبێ مـەیلی زۆر بـاڵای پاریزگـاران (یـان ئەوانیتر) بە ڕاگەیاندنی مەبەستی دەنگدانیان، چارەسەر بکا. ئەم سندوقە نیشانیدا کە ژمارەی کەسانی لایەنگری حزبی پارێزگاران زۆرتر بووە. ڕاپرسییەکانی دیکە بۆ دڵنیابوون لە (نوێبوون)ی نمونوکانیان، ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بە لەبەرچاوگرتنی شێوازی دەنگدانی خەڵکی لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا، ڕاست بکەنەوە.

ئیدیعایەی کەلەوانەیە گەلێ لیبرال و پشتیوانە لەرزۆکەکانی حزبی کرێکارانی زراوبردوو کرد. دووڕۆژ پێش دەنگدان، دەزگای N.O.P ٢٪ی پێشکەوتنی حزبی کرێکارانی ڕاگەیاندو لەڕۆژی هەڵبژاردنیش دا دەزگای گالوپ ڕایگەیاند کە ٨١٪ی خەڵکی باوەڕیان وایە ئەنجام یەکسان دەبێ.

فیلیپ گولد لەحزبی کرێکاران لەچاوپێکەوتنێکدا گوتی: ((*ڕاپرسییە بەمتمانەکان ئێمەیان ڕەنجاندووە، هەرچی ئێمە لەحکومەتێکی کرێکاری نزیک بووینەوە، خەڵکانێکی زۆرتر، ترسان. لەکۆتاییدا ئێمەش نەمانتوانی بەسەر دوودڵی و بەدگومانییەکاندا سەرکەوین*)) (چاوپێکەوتن).

لەگەڵ ئەمەدا، بەڵگەیەکی بەمتمانە کە ڕەنگدەرەوەی چۆنیەتی کاریگەری ڕاپرسییەکان لەسەر دەنگدەران بێ، لەبەردەست دانییە. تەنیا شتێکی بەنرخ کەهەیە ئەمەیە تەنیا ٢٪ تا ٣٪ی دەنگدەران دانی پێدادەنێن کە کەوتوونەتە بەرکاریگەری ڕاپرسییەکانەوە. بۆ سەلماندنی کاریگەریی ڕاپرسییەکان دەبێ نیشانی بدەین دەنگدەران ئاگایان لەگرنگترو گرنگتری دەنگدەران هەیە، ئاگایان لەکاردانەوەیەکی زۆرتری دەنگدەران لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ڕاپرسی ڕۆژی هەڵبژاردنە، وامەزەندە دەکەن کاریگەری گشتی لێکدانەوە تاکتیکییەکانیان نابێتەهۆی لادانی خۆیان. سەربار، پێویستە هەر جۆرە کاریگەرییەکی گریمانەیی ڕاپرسییەکان لەسەر دەنگدان بخەینە بەرانبەر کاریگەری ڕووداوو چالاکییە سیاسییە ڕاگەیەنراوەکان. لەقۆناغی کۆتایی هەڵمەتی پروپاگندە، گۆڕانکاری لەڕاپرسییەکان یان لەدەنگدانی واقیعی لەوانەیە بەئاسانی ڕەنگدەرەوەیەکی کاریگەریتری وەك ئەوەی باسمان کرد، هەبێ. (کرو ١٩٩٢، والەر ١٩٩٢).

**کاریگەری لەسەر ململانێکان**

ڕاپرسییەکان، ورەی بەشدارانی ململانێکان بەمسۆگەری دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیەوە. گەلێ هەڵسووڕاوی بواری هەڵبژاردن، دانیان بە لەناکاوو وروژاویی ورەی خۆیان بە لەبەرچاوگرتنی دوائەنجامی ڕاپرسییە ڕاگەیەنراوەکان، ناوە. هەتا **خاتوو**

**تاچەر** یان وەك دەڵێن (خاتوونی ئاسنین)یش لەم جۆرە وروژانانە بەدوور نەبووە. پرۆپاگندەی پەیوەست بەراپرسییەکی پڕ لەنائومێدیو کەم بوونەوەی لەپێش بوونی حزبی پارێزگاران، رێك هەفتەیەك پێش رۆژی هەڵبژاردن لەساڵی ۱۹۸۷ تەنگژەیەکی لەبارەگای سەرۆکایەتی وەزیران دا خولقاندو بووەهۆی ئەوەی بڕیار بدرێ شێوازەکانی پرۆپاگندە بگۆڕێن. (یۆنگ ۱۹۹۰، بەشی ۱۵). لەگەڵ ئەمەش، دوای چەند سەعاتێك، راپرسییەکی دیکە لەپێش بوونێکی بەرزی حزبی پارێزگارانی راگەیاندو بارەگاکەی ئارام کردەوە. راپرسی یەکەم بەهانەیەکی بۆ خاتوو تاچەر دروست کرد تا پرۆپاگندە بگۆڕێ، گۆڕانێك کەبەهەرحاڵ ئەو داوای دەکرد بکرێ.

رێبەرانی حزبەکان هەموویان بەیەك شێوازو بەپشت بەستن بەراپۆرتی پڕ لەجۆش‌وخرۆشی بەدەست هاتوو لە ((*هاوکارانمان لەشوێنی بازنەکانی هەڵبژاردن*))، راستیی راپرسییە نەویستراوەکان بۆ بەهێزکردنی ورەی پشتیوانەکانیان، ئینکار دەکەن. لەساڵی ۱۹۸۳ **مایکل فوت**، رێبەری حزبی کرێکاران راپۆرتی ئەو راپرسییانەی رەت کردەوە کەباسیان لەدابەزینی پشتگیری حزبی بەوپێیەی ((*من جۆرە هەڵبژاردنێکی دیکەم دیوە، نەك وەك ئەوەی لەراپرسییەکان دا هاتووە*))و **نیل کینۆك**-یش لەساڵی ۱۹۸۷ لەم رووەوە، هەر بەو ورەیەوە قسەی کرد. ئەم قسانە لەلایەن گەلێ لە میدیاکان رووبەرووی دوودڵییەکی تایبەتی بوونەوە. لەساڵی ۱۹۹۲، ئەو پرسیارانە لەکۆنفرانسی چاپەمەنی بەیانیانو لەچاوپێکەوتنی میدیاکان لەوتەبێژی حزبی پارێزگاران دەکرا، بەدوای ئەو بەڵگەیەوە بوون کە بۆچی حزبی پارێزگاران لەباری لەدەستدانی هەڵبژاردن (لەراپرسییەکان)دا بوونو دوای تێشکان چی روودەدا. لەهەڵبژاردنەکانی ساڵانی ۱۹۷۰و۱۹۹۲ ئەو راپۆرتانەی لەسەر راپۆرتە رەسمییەکانی نێردراوی پرۆپاگندەچییەکانو رێکخەرانی حزبی پارێزگارانەوە بۆ بیرۆی ناوەندی حزب ئامادەکرابوون، بە بەراورد لەگەڵ راپرسییە ئەنجام دراوەکان، بارێکی بەئومێدتریان هەبوو، وئەم راپرسییانە بوون کە لەرۆژی هەڵبژاردن دا، خەتێکی راست‌وچەپیان لێدرا. لەبەڕێوەبەرانی پرۆپاگندەو شارەزایانی راگەیاندنی حزبەکان

چاوەڕوان دەکرێ دەربارەی ڕاپرسییەکان ڕای خۆیان چ باش و چ خراپ-بڵێن، چونکە میدیاکان لەنزیکەوە ڕاپۆرتیان لەبارەوە ڕادەگەیەنن. کارایی شێوازەکانی ململانێی حزبەکان لەلایەن ئاگادارانی سیاسی و لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکانی ڕاپرسییەکان هەڵدەسەنگێنرێ و سیاسەتمەدارانی بەریتانیش وەك هاوتا ئەمریکاییەکانیان-ئەنجامی ناخۆشی ڕاپرسییەکان بەم قسانە پاساو دەدەنەوە:

١-ڕاپرسییە تایبەتییەکانیان بەئومێدترن.

٢-ئەنجامی ڕاپرسییەکان لێکجودان ((ڕاپرسییەکان لەهەموو جێگایەك هەن)).

١-تەنیا ڕاپرسی بەنرخ دەمێکە کە لەڕۆژی هەڵبژاردن دا دەردەکەوێ. (بومن و هەربست ١٩٩٤).

هەروەها، ڕاپرسییەکان کار لە ڕەفتاری دەزگاکانی دارایی و سەرمایەدارانی تایبەتی دەکەن کە بەشێوەیەکی ئاسایی بەهۆی نادیاریی چارەنووسەوە پەیدابووە، لەهەڵبژاردنێك دا نیگەران و تووڕەن. پرۆپاگندەی پەیوەست بەپێشکەوتنەکان یان پێشڕەویی حزبی کرێکاران لەڕاپرسییەکانی ڕای گشتی لەساڵانی ١٩٨٣، ١٩٨٧، ١٩٩٢ بووەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی پاوەند لەبەرانبەر دراوی بێگانە و کەوتنێکی فراوانی بازاڕی بۆرسە.

ڕاپرسییە گشتییەکان و هەروەها تایبەتییەکان سەرچاوەی زانیاری دیکەن کەسەرۆك وەزیرەکان دەتوانن لەکاتی دەست نیشان کردنی مێژووی هەڵبژاردن، سوودیان لێوەربگرن. لەم بارەدا، ئەزموونی **هارولد ویلسۆن** لەم زەمینەیەدا، ئەزموونێکی ئاگادارکەرەوەیە. باشتربوونی پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵك لەحزبی کرێکاران لەڕاپرسییەکان داو لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان کە لەوەرزی بەهار سەری لێشێواند، مانگی حوزەیرانی بۆ هەڵبژاردنی گشتی ڕاگەیاند، ئەو هەڵبژاردنەی ئەنجامەکەی کەوتنی حزبی کرێکاران بوو. هیس ڕاپۆرتی پەیوەست بەپێشڕەویی حزبی پارێزگارانی لەڕاپرسییە گشتی و تایبەتییەکان و هەروەها ڕاسپاردەی زۆری لێپرسراوانی حزبی بۆ هەڵوەشاندنەوەی (ئەنجوومەن) لەسەرەتای ١٩٧٤، پشت گوێ

خست. دواخستنی چەند هەفتەیەك لەوانەبوو، بۆ ئەو بە بەهای لەدەست دانی هەڵبژاردن تەواوبێ. زۆر ڕێی تێدەچێ سەرۆك وەزیرێك سەردەمێ كەزۆربەی ڕاپرسییەكان بەئاشكرا ئاماژەیان بۆ لایەنێك كردووەو لەگەڵ نیشانەو ڕەمزی دیكەدا هاوئاهەنگن، قەناعەت بكا. دەتوانرێ گەلێ بواری جۆراوجۆر نیشان بدرێ كە تیایدا ڕاپرسییەكان كاریان كردۆتە سەر شێوازی بەڕێوەبردن و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ململانێی هەڵبژاردنی بەریتانی. كاردانەوەی ئیجابی خەڵكی لەڕاپرسییەكان لەبەرانبەر بەرنامەی حزبی كرێكاران بۆ هەڵبژاردن كە لەساڵی ١٩٨٧ بەبەشداری **نیل كینۆك** ئامادەكرابوو، حزبی ڕازی كرد فلیمەكە جارێكی دیكە بڵاوبكاتەوە. بەڵگەی بەدەست هاتووی ڕاپرسییەكان لەساڵی ١٩٩٢، حزبی كرێكارانی هان دا تا وەزیری دارایی پێشنیاركراوی خۆی (حكومەتی سێبەر)، **جۆن سمیس** زیاتر بخاتە بەرچاو، ئەم ڕاپرسییانە، هەروەها پارێزگارانی قەناعەت پێكرد تا بایەخێكی كەمتر بە وەزیری دارایی ئەوكاتە، **نۆرمان لامونت** بدەن. یەكێتی ڕوانگەی لێك نزیكی ڕاپرسییەكان دەربارەی كۆتایی هێنانی كاری ئەنجوومەن، مەیلی كینۆكی لەدوا بانگهێشتی هەڵمەتی خۆی بۆ لیبراڵ دیموكراتەكان بۆ پەیوەست بوون بە گرووپی لێكۆڵینەوەی حزبی كرێكاران لەبواری سیستمەكانی هەڵبژاردن، بەرجەستەكردو ئاگاداركردنەوەكانی **جۆن مێجەر**یشی بەوەی كە ((*دەنگدان بە لیبراڵەكان دەتوانێ دەروازەیەك بێ بۆ هاتنی حزبی كرێكاران*)) سەلماند. هەروەها پێشبینییەكانی سێ ڕاپرسی لەمەڕ لەپێشبوونی ٤٪، ٦٪، ٧٪ی حزبی كرێكاران لە ٣١ی ئادار بووە هۆی ئەوەی حزب هەر لەو شەوەدا بودجەی پێكهێنانی كۆمەڵایەتی لە شفیلد بخاتە ئەستۆ، كۆبوونەوەیەك كەپڕ لەخۆ بەزل زانین و هەستی سەركەوتن لەهەڵبژاردن بوو. شتێك كە لەكاتی داڕشتنی بەرنامەی ململانێكان هەر لەبەرچاویش نەگیرابوو. بەڵام حزب بەخێرایی لەم كارەی خۆی پەشیمان بۆوە. كاردانەوەی بۆرسەكان بەتایبەتی بازاڕی سوودی ماوەدرێژ، سەلبی بوو، وبووەهۆی بەهێزكردنی ئاگاداركردنەوەكانی حزبی پارێزگاران لەمەڕ مەترسییە ئابوورییەكانی حكومەتێكی كرێكاری.

هەروەها لەوانەیە راپرسییە سەلبییەكان جورئەت بدەنە رەخنەگرانی رێبەری حزب یان رەخنەگرانی ململانێی هەڵبژاردنەكان. شكستی پارێزگاران لەوەدەست خستنی هەر جۆرە پێشڕەوییەك لەو راپرسییانەی پەیوەستن بە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢، ئاگاداره سیاسییەكانو پارێزگارانی دڵتەنگیان هان دا تا خەباتی حزب بەناوونیشانی ((بێ ئاراستەیەكی دیاركراو))و ((بێ تاقەتی)) بخەنە بەر رەخنە. دوو شكستی بەردەوام لەهەڵبژاردن لەوانە بوو مانەوەی نیل كینۆكی لەپلەی رێبەرایەتیدا نەكردە بكا. كۆمەڵەیەكی زۆری بەڵگەی راپرسییەكان كە بەمایەی دەردەسەری هەڵبژاردنیان دەزانین، هەڵوێستی ئەو كەسانەی بەهێز دەكرد كە داخوازی لەسەر كارلاچوونی ئەوبوون.

لەبەرهەندێ راپرسییەكانی رای گشتی لەرەنگدانەوەی رای گشتی وەولاوەتر رۆیشتوونو، كاریگەریو نفووزێكی گەورەیان بەسەر شێوازی جێبەجێكردنو لێكدانەوەی ململانێی هەڵبژاردنەوە هەیە. ئەوان لەساڵی ١٩٩٢ بەمسۆگەری یارمەتی مامەڵەی پەیوەست بەسەركەوتنی حزبی كرێكارانیان لەململانێكان داوەو لەوانەیە دیدی ساختەی پەیوەست بەزیادكردنی دەنگەكانی حزبی كرێكارانیان لەمیانەی ستراتیژییەكانی حزبو نووسەرانی میدیاكان بەهێز كردووە. لێرەدا، جێگای خۆیەتی دیدی **فیلیپ گۆلد** ( یەكێك لەسیما سەرەكییەكانی ململانێی حزبی كرێكاران) لەكاتی دوای هەڵبژاردن دا، بەتەواوی بنووسینەوە:

***راپرسان، میدیاكانی دەنگو رەنگ، چاپەمەنیو حزبی كرێكاران لەچالاكییەكانی هەڵبژاردنیان دا، هەموویان دەنگی پارێزگارانیان شاردۆتەوە. چونكە خەڵكی كەمتەرخەم بوونو لەوەدا جۆرە رادیكاڵییەكی كۆمەڵایەتی دروست ببوو كەحزبی كرێكارانی لەحزبی پارێزگاران، پەسەندتر دەزانی. ئەمە بووەهۆی ئەوەی خەڵكی لەراگەیاندنی پشتگیری خۆیان لەپارێزگاران لەبەرچاوی خەڵكی، شەرمەندەو دوودڵ بن. ئەم دەنگانە بەشێوەیەكی دیكەش شاردرانەوە، بەم شێوەیە كە گەلێ خەڵك مەیلی واقیعی، هەستو دیدوبۆچوونی خۆیان دەربارەی بەرژەوەندی شەخسیی خۆیان***

*لەخۆیان شاردەوە. توانای ململانێی حزبی کرێکاران لەزۆرینەیەك دا رەنگی دابۆوە کە لە((بیرکردنەوە لەزەمینەی سەرکەوتنی پارێزگاران)) بۆ ((بیرکردنەوە لەزەمینەی سەرکەوتنی حزبی کرێکاران)) لە گۆڕان دابوون.* (چاوپێکەوتن).

**راپرسییەکان و بەرنامەی هەڵبژاردن**

راپرسییەکان لەوانەیە کار لە بەرنامەی سیاسیش بکەن. دەتوانن بە بانگهێشتی دەنگدەران بەدەست نیشان کردنی ئەوەی کە کامە بابەت ((گرنگ بووە))و کامەیان دەبێ ((گرنگ بن))، ئەو بابەتانەی لەبیر بەرپرسان چووە- بەڵام جێگای سرنجی دەنگدەرانن- بەرجەستە بکەن. راپرسییەکانی رای گشتی لەدەیەی ١٩٦٠ رۆڵێکی زۆر گرنگیان لەنیشاندانی نیگەرانی خەڵکی لەرووی نەژادپەرستی و کۆچ-ئەو شتانەی رێبەرانی حزبە سیاسییەکان بەدەگمەن باسیان لێوە دەکرد- هەبوو. لەقۆناغە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنی سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ میدیاکان سرنجێکی زۆریان دا کاروباری بەرگری، لەبارێکدا راپرسییەکان نیشانیان دا کەدەنگدەران ئەم بابەتە بەگرنگ نازانن و مەیلێکی زۆرتریان بۆ مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و مەسەلەی بێکاری هەیە (میلەرو ئەوانی دیکە ١٩٩٠).

هەر بەم شێوەیە، راپرسییەکان دەتوانن سیاسەتمەداران لەبواری بەرنامەی کاردا بەلاڕێدا ببەن. راپرسییەکانی رای گشتی بۆ چەندان ساڵ راپۆرتیان داوە کە زۆربەیەکی باڵای دەنگدەران بودجەیەکی زۆرتریان بۆ خزمەتگوزاری لەکەم کردنەوەی باجەکان پێباشتر بووەو داخوازی ئەوەن باجێکی زۆرتر بەمەبەستی دابین کردنی بودجەی ئەم خەرجییانە بدەن. حزبی کرێکاران ستراتیژیەتی هەڵبژاردنی خۆی لەساڵی ١٩٨٧و تارادەیەك لەساڵی ١٩٩٢ لەسەر ئەم خوێندنەوەیەی ورەی گشتی دارشت. لەگەڵ ئەمەش دا، دەنگدەران لەهەردوو هەڵبژاردن دا بەتەواوی و بەسووربوونەوە دەنگی خۆیان لەدژی ئەو حزبە خستە سندووقەکانەوە کە لایەنگری خەرجییەکی گشتی گەورەترو زیادکردنی باجەکان بوو. جێگای سەرسووڕمانە بۆچی هەندێ خەڵك لەوەڵامی راپرسییەکان دا، قسەیەك دەکەن کە وا دەزانن ((*لەرووی*

*سیاسییەوە راستە*)). لەمەڕ ئەم مەسەلەیەی سەرەوە-مەسەلەی دانی باجێکی زۆرتر بۆ دابین کردنی بودجەی خەرجییەکی زۆرتر-. نکۆڵیکردن لەم زەمینەیە، دەتوانین بەخۆپەرستی و نەبوونی هەستی هاودەردی ناو دەنگدەرانی بزانین.

روانگەیەکی دیکە هەیە کە دەتوانرێ وەك ((*وەڵامێکی شۆڕشگێڕانە*)) باس بکرێ. پێش هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٧ راپرسییە تایبەتییەکانی حزبی کرێکاران نیشانیان دا کە ٢٤ تا ٧٠٪ی دەنگدەران خەرجییەکی زۆرتریان لەبواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی- هەتا لەکاتی زیادکردنی باج- لە کەم کردنەوەی باجەکان پێ باشتربوو. بەڵام کاتێ کە **نیگل لاوسۆن** لەبودجەی پێش هەڵبژاردنی خۆی، (٢) پێنسی لەرێژەی ستانداردی باجی لەسەر دەرامەت کەم کردەوە، پێشنیاری حزبی کرێکاران بە نەهێشتنی ئەم کەم کردنەوەیە تەنیا لەلایەن ٣٢٪ی خەڵکییەوە پشتیوانی لێکراو ٤٦٪ یان لەدژی راوەستان. هاوکات، داڕێژەرانی سیاسەتی ململانێی حزبی کرێکاران سەرگەردان بوون. راپرسی تایبەتی دەزگای N.O.P لەساڵی ١٩٩٢ بۆ حزبی روون کردەوە کە نزیکەی ٧٥٪ی دەنگدەران مەیلیان بەلای دانی باجێکی زۆرترە بۆ دابین کردنی خەرجی بۆ خزمەتگوزارییەکی کۆمەڵایەتی باشتر. بەڵام کاتێ ئەم پرسیارە خرایەروو کەئەوان لەنێوان پێشنیاری زیاترکردنی باج لەلایەن حزبی کرێکاران پێشنیارەکانی حزبی پارێزگاران بۆ کەمکردنەوەی باج، کامەیان پێ‌باشترە، وەڵامەکان یەکسان و پەنجا بەپەنجا بوون. راپرسی لەدەنگە دراوەکان نیشانیدا کە ژمارەی ئەوانەی باوەڕیان وابوو بەپێشنیارەکانی خەرجی وباجی حزبی کرێکاران بارودۆخیان خراپتر دەبێ، زۆرتربوو. سەربار، کاتێ راپرسی تایبەتیی حزبی کرێکاران لەدەنگدەرانی پرسی چ هۆکارێك لەوانەیە ببێتەهۆی ئەوەی ئەوان دەنگ بەحزب نەدەن، بەشێوەیەکی ئاسایی باجی زۆر وەك گەورەترین دژایەتی، باس دەکرا.

ئەم خشتەیەی خوارەوە، وەڵامە جۆراوجۆرەکانی دەنگدەران بۆ ئەم پرسیارە نیشانی دەدا کەئایا بابەتێکی (گرنگ) ماوە کەدەنگدەر بیخاتە روو یان راپرسەکان پرسیویانە. کاتێ بابەتەکە دەدرێتە خودی دەنگدەر، دەتوانرێ کەمکردنەوەیەکی

بەرچاو لەرێـژەی ئـەو کەسـانەی ئـامـاژە بـۆ بـابـەتی (مرۆڤدۆستانە)ی تەندروستی و فێرکردن دەکەن، ببینرێ. پرسیاری پەیوەست بەوەی کامە حزب توانایەکی زۆرتری بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری هەیە، یان کامە حزب ستانداردەکانی ژیان باشتر دەکا، رێنوێنی بەمتمانەتری نیازەکانی دەنگدانی خەڵکی بوون. ئەو دەرسەی دەکرێ لەدوا هەڵبژاردن دا هەڵێنجرێ، ئەمەیە کەئەو وەڵامانەی بەپرسیارە (دوودڵ) یان (لایەنگر)ەکان دەربارەی بابەتەکان–بەتایبەتی باج و خەرجییەکان–دەدرێنەوە، لەکاتی درانەوەدا پێویستیان بە وردبوونەوەیەکی زۆرترهەیە.

| ئەلف: ((گرنگترین بابەتی بەرچاو لەکاتی دەنگدان (گوتراو) رێژەی سەدی | | |
|---|---|---|
| -خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی | ← | ٦٢ |
| -فێرکردن | ← | ٤١ |
| -کەسادی ئابووری | ← | ٣٨ |
| -باج | ← | ١٨ |
| ب: بایەخداررترین بابەت (نەگوتراو) | | رێژەی سەدی |
| باج/ ئابووری | | ٢٠ |
| تەندروستی | | ١٣ |
| بەردەوام بەم جۆرە دەنگ دەدەین | | ١٠ |

**جیاوازی لەبابەتی گرنگ، بە پێی شێوازەکانی را پرسی**

**کاریگەریی سیاسی**

ژمارەیەك سیاسەتمەدار رەخنە لەرۆلی **کاریگەری و ئاکامەکانی** راپرسییەکانی رای گشتی وەك تەداخولێك لەنێوان خۆیان و دەنگدەران، دەگرن و داخوازی قەدەغەکردیانن لەکاتی ململانێی هەڵبژاردن دا. گەلێ کەس بەهۆی ئەو بایەخەی میدیاکان بەراپرسییەکانی دەدەن و لەوانەیە لەتوانای راپرسەکان لەپێشبینی ئیدیعاکانیان

لەمــەڕ رای گــشتی، ناراحــەت دەبــن. لەســاڵی ١٩٦٧ لەکۆبوونــەوەی ســەرۆکی ئەنجوومــەن، پێــشنیاری قەدەغــەکردنی راپرســی لــەرۆژانی ململانێکــانی هەڵبــژاردن خرایــەروو، ولەســاڵی ١٩٨٧یــش یاســایەکی ١٠ مــاددەیی دەربــارەی قەدەغــەکردنی راپرسییەکان لەیەکەمین خوێندنەوەی دا لەئەنجوومەنی نوێنەرانی بەریتانی، بڕیاری لێدرا. نــاڕازیبوونی خــەڵکی لەراپرســییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی دوای پێــشبینیی نادروستی هەڵبــژاردن لەلایــەن ئەوانــەوە، زۆرتردەبێ. دوای هەڵبــژاردنی ســاڵی ١٩٩٢، دەزگای گالووپ تێگەیشت کەزیاتر لــە ٤٠٪ خــەڵك، قەدەغــەبوونی راپرســییەکانی رای گشتییان لــەماوەی هەڵبژاردنــدا بەپێویــست زانیــوەو میــدیاکان لــەم بــوارەدا ســوودیان لــەمافی (تەحــەفوز) وەرگرتــووە، ئــەم کاردانــەوەیــە، نیــشاندەری ئــەو رۆڵــە لاوازەیــە کــە خەڵکی بۆ راپرسییەکانی لەبەرچاو دەگرن.

راپرســییەکان، ســەرباری پێــشبینی، کاریگــەری دیکەشــیان هەیــە. راپرســییەکان بایــەخێکی زۆریــان لەمەســەلەی هەڵسەنگاندنی ئیدیعاکانی حزبی ســەرکەوتوو لەمــەڕ هــەبوونی دەســتەڵاتی تــەواو لەداڕشــتنی سیاســەتێك دا بەتایبــەتی لەبەرنامــەی ئــەو حزبــە، هەیــە. لــەکاتی هەڵبــژاردنی ســـاڵی ١٩٨٧و لــەماوەکانی دوای ئەوەشــدا، راپرسییەکانیان نیشانیان دا کەلەگەڵ سەرکەوتنی حزبی پارێزگاران لەهەڵبژاردن دا، پێشنیارەکانیان لــەبواری بەتایبــەتی کردنــی ئاووکارەبا، بــاجی ســەرانەو گۆڕانکــاری لەخزمــەتگوزاری تەندروســتی هێــشتا مایــەی نــارەزایی زۆربــەی دەنگدەرانــە. هــەر بــە رێگای ئەو شیکردنەوەیەی لەسەر دوو دوا سەرکەوتنی حزبی کرێکاران لەهەڵبژاردنــە گــشتییەکانی ســاڵی ١٩٧٤ نیــشانی دەدا ئــەوان لەگــەڵ نــارەزایی رۆژبــەرۆژ زیــاتری دەنگدەران لەسیاسەتە بنچینەییەکانی حزب، ســەرکەوتنیان بەدەست هێنــاوە. (کرو، ئەلتو سارلویك ١٩٧٧).

راپرســـییەکانی رای گــشتی لــەناو هەڵبــژاردن دا، لەزەمینــەی هەڵــسەنگاندنی کاروچالاکییەکانی حکومەت لەلایەن خەڵكو پێگەی رێبەرانی حزب لەدیدی خەڵكو ناسینی بابەتە سەرەکییەکان بەسەرچاوەیەکی بەردەوام دەژمێردرێن. **مایکل فــولی**

(١٩٩٣) بەشێوەیەکی هەمەلایەنە بەڵگەی هێناوەتەوە کە راپرسییە بەردەوامەکان لەمەڕ پێگەی رێبەران و پەیوەندی میدیاکان بەراپرسییەکانەوە بونەتە هۆی دەرکەوتنی (سەرۆکایەتی کۆماریخوازی) لەسیاسەتی بەریتانیا. کاتێ لەساڵی ١٩٩٠ **مایکل هزلتاین** بۆ رێبەرایەتی حزب لەگەڵ **مارگرێت تاچەر** لە رکابەری دابوو، راپرسییەکانی رای گشتی بەسوودوەرگرتن لەپرسیارە گریمانەییەکان لەمەڕ ئاستی پشتگیری خەڵکی لەپارێزگاران، بەبوونی رێبەرایەتی کەسانی جۆراوجۆر، نیشانیان دا کەحزبی پارێزگاران بەرێبەرایەتی **مایکل هزلتاین** لەهەڵبژاردنی گشتیدا سەردەکەوێ، لەبارێکدا بەرێبەرایەتی خاتوو تاچەر بەتووندی تێدەشکێ. ئەم مەسەلەیە، لەناو نوێنەرانی پارێزگارانی ناو ئەنجومەن چەند گرفتێکی بۆ خاتوو تاچەر دروست کرد، چونکە ئەوان نیگەرانی کورسییەکانی خۆیان بوون. لەراستیدا **مایکل هزلتاین** سوودی لەم راپرسییانە وەرگرت تا ئیدیعا بکا توانیویەتی دەنگێکی زۆری پارێزگاران (ئەوانەی لەساڵی ١٩٨٧ لە حزب دابڕابوون)، بەدەست بهێنێ. دوای لاچوونی خاتوو تاچەر لەرێبەرایەتی حزب، راپرسییەکانی رای گشتی بەنیشان دانی ئەوەی **جۆن مێجەر** نزیکترین کەسە بۆ بردنەوە، بەڵگەنامەکانی هزلتاینیان لەدەستی دەرهێنا.

راپرسیی بەردەوام دەربارەی ئاستی خۆشەویستی رێبەران، دەتوانێ کاریگەرییەکی خراپی بەسەر دەستەڵاتی رێبەرەوە هەبێ. لەم زەمینەیەدا، دەتوانرێ چەند خاڵێکی سرنج راکێش ببینرێ. بەپێی راپرسییەکان، لەپێش بوونی خاتوو تاچەرو جۆن مێجەر لەچاو رێبەریی حزبی کرێکاران لەساڵانی ١٩٨٣،١٩٨٧، ١٩٩٢، لەئەنجامی سەرکەوتنی حزبی پارێزگاران لەو هەڵبژاردنەدا زیاتربوو، ودەستەڵاتیشیان لەناو حزب دا زۆرتربوو. بەڵام کاتێ هەڵسەنگاندنی راپرسییەکان لەوان، رووی لە لێژی کرد-خاتوو تاچەر لەساڵی ١٩٩٠ هەڵسەنگاندنێکی نزمی وەرگرت و جۆن مێجەریش لەساڵی ١٩٩٣ تووشی شکست هات-رێبەرایەتی ئەوان لەلایەن گەلێ ئەندامانی پارێزگاران لەئەنجوومەن کە بەکارەساتی هەڵبژاردنیان لەقەڵەم دەدان، کەوتە ژێر

گوشارەوە. ڕاپرسییەکان ململانێیەکی بەردەوام بۆ وەدەست خستنی خۆشەویستی- یان بەزۆری ناخۆشەویستی-بۆ سەرۆك وەزیران ڕێك دەخەن.

فــولی (١٩٩٣: ٣١-٢٢٦) هــەروەها لــەوەی کــە چــۆن هەڵــسەنگاندنە بــەردەوام خراپــەکانی ڕاپرســـییەکان لەبـــەرێز کینـــۆك ڕێبەرایەتییەکـــەیان هەژانـــد، ســـەری سووڕدەمێنێ. ڕەخنـەگران توانییـان بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەم بارەیـەوە کەئـەو کارەسـاتی هەڵبــژاردنی حزبــی خــۆی بــوو، ســـوود لەڕاپرســـییەکان وەربگـــرن، ئـــەو لـــەبواری تایبەتمەندییــەکانی ڕێبەرایەتیــدا زۆر لــەدواوەی جــۆن مێجــەرەوەبوو، وەڵامــەکانی پرسیارە گریمانەییـەکان نیشانیان دەدا کەحزب دەتوانێ بەڕێبەرایـەتی **جـۆن سمـیس** بەرنامەیـەکی باشـتری هـەبێ. لەبەرئـەوەی ئـەم ڕاپرسـییانە بۆخۆیـان، لێکۆڵینـەوەی میــدیاکان دەربــارەی (شکــست)ی ڕێبــەرو شــیکردنەوەکانی پەیوەســت بــەلاوازیو ناخۆشەویستییەکەی فراوانتر دەکەن، لەوانەیە ببنـەهۆی کاروبارێك کەخۆیان گەشـە بکـەن. ئـەم مەیلـە کاتـێ بـەهێزدەبێ کـە ڕاپرسـییەکان وەڵامـی گریمانـەتری وەك ئـەم پرســیارە بخەنــەروو کەئەگــەر ڕێبــەر یــان کەســێکی دیکــە-بەشــێوەیەکی ئاســایی بەشێوەی چەندایەتییەکی نادیار-جێگەی پڕ دەکرایـەوە، ڕای خـەڵکی چ گـۆڕانێکی بەسەردا دەهات. دەستەڵاتی سێر **دوگـلاس هیـوم** لەحزبی پارێزگاران دوای تێشکانی لەهەڵبــژاردنی ســاڵی ١٩٦٤، لاوازبــوو. بــەڵام هەڵــسەنگاندنی ڕاپرســییەکان لــەو، بەتایبـەتی ڕاپرسـی دەزگـای N.O.P هەفتەیـەك پێش وازهێنـانی لەتـەمموزی ١٩٦٥ کە **هارولد ویلسۆنی** لەبەرانبەری ڕاستگۆترو بێ فڕوفێڵتر دەناساند، پێگەکـەیان زیـاتر لەرزانــد. دوای ســـەرکەوتنی جــۆن مێجــەر لەهەڵبــژاردنی ســاڵی ١٩٩٢، لافاوێــك لەهەڵسەنگاندنی ناخۆشـی ڕاپرسـییەکان لـەدژی ئـەو، بوونـە هۆکـاری لاوازکردنـی پێگەکــەی. ڕاپرســییە بەردەوامــەکان لەوانەیــە حکومــەتێك لــەپێڕەوکردنی هەنــدێ سیاســـەت ڕابگـــرن، لەبەرئــەوەی دەبێتــەهۆی ڕق لێبوونــەوەی، ئــەو هەراوهۆریایــە بەرفراوانـەی کـەراپۆرتی ڕاپرسـییەکان دەربـارەی نـارەزایی مـاوە کـورتی دەنگـدەران

لەدژی پێشنیارێك، دەیخولقێن، لەوانەیە ببنە هۆی ڕاگرتنی وەزیرێك لەئەنجام دانی کارێك بە بیروباوەڕی ئەو سوودێکی درێژخایەنی هەیە.

**ئە نجام**

ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢، بۆ ڕاپرسییەکانی ڕای گشتی لە بەریتانیا بە ئەزموونێکی گچکە لەقەڵەم دەدرێ. بەڵام ئەوانەی بەدوای کاری میدیاکانەوەن و هەروەها ڕاپرسەکان تا ڕاددەیەك بەرپرسی شکستی تەواون لەهەڵبژاردن دا. میدیاکان، ڕاپرسییەکانیان گەورەکردو لێکۆڵەران، ئەنجامەکانیان بەتەواوی خستە ناو هەڵسەنگاندنەکانی خۆیانەوە. میانڕۆیی لەبواری ڕۆڵی هەواڵی ڕاپرسییەکان لەئایندە، دەتوانێ بەپێشکەوتنێکی ئیجابی بژمێردرێ. دیدێکی ماقوول لەم زەمینەیەدا ئەمەیە کە هەراوهۆریا لەمەڕ ڕاپرسییەکان دەبێ ((*تاڕاددەیەکی زۆرتر بەکارامەیی و بەڵگەی واقیعییان، هاوئاهەنگ بێ و ئاگاداری کەموکورتییە زۆرو زەوەندەکانیان بێ*)) (ساباتو ١٩٨١: ٣٢١). ڕاپرسەکان لەکاتی ڕاگەیاندنی پێشبینی، دەبێ ئاگاداری ئەوەبن کە پەراوێزێکی فراوانتری پرسیارەکان ( لەوانە لەپێش بوونی بابەتی و دەنگی پێشوو) لەباتی تەنیا پشت بەستن بەنیازی ڕاگەیەنراو لەمەڕ دەنگدان، بخەنە بەرچاو (ڤالەر ١٩٩٢).

قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی ڕاپرسییەکان، هەروەك چۆن هەندێجار پێشنیاردەکرێ. بەدەرکەوتنی ئیدیعای گاڵتەئامێزو خۆپەرستانە لەلایەن سیاسەتمەداران و چاپەمەنی لایەنگرو هەروەها پرۆپاگەندەی پەیوەست بەئەنجامی ڕاپرسییە تایبەتییەکان دیمەنێکی فراوانتر پێشکەش دەکا. شێوازە ئاساییەکانی ڕاپرسی ڕای گشتی ئەم ئیمتیازەیان هەیە کە لەبەرانبەر چاوەتیژو وردەکانی خەڵکی دا بوەستن و بەم هۆیە هەڵەکانی نێو نموونە وەرگیراوەکان و شێوەی دەربڕینی پرسیارەکان، کۆنترۆل دەکرێن و ڕاست دەکرێنەوە. ڕاپرسییەکانی ڕای گشتی هێشتاش بەباشترین ڕێنوێنی بەردەست بۆ زانینی مەیلەکان و دیدوبۆچوونەکانی خەڵکی دەربارەی بابەتە سیاسییەکان و بابەتی دیکەش، لەقەڵەم دەدرێن.

# راپرسييه تايبەتەكانی رای گشتی

بەكارهێنانی راپرسییه تایبەتییەكانی رای گشتی لەلایەن حزبە سیاسییەكانەوە نیشانەی ئەوەیە كە ئەوان لەهەوڵدان بۆ بەڕێوەبردنی ململانێی هەڵبژاردن، هۆشیارتر بووینە. رێك، وەك چۆن كۆمپانیایەكی بازرگانی لە (بازاڕی) كڕیارە مسۆگەرەكانی خۆی دەكۆڵێتەوەو هەڵیدەسەنگێنێ، حزبێكیش پێویستی بەدەرك كردنی (بازاڕی) دەنگدەرەكانیەتی. لەم سەردەمەدا، حزبەكان، راپرسییە تایبەتییەكان بەم مەبەستە رێك دەخەن كە وێنە زەینییەكانی خۆیان تاقی بكەنەوە، دەنگدەران بۆ لای خۆیان راكێشن، سیاسەتەكانی خۆیان جۆرێكی كاریگەرتر دەربڕن و بەدوای مەسەلەو بابەتە سەرەكییەكاندا بچن و بەگشتی، پەیوەندییە سیاسییەكانیان لەگەڵ دەنگدەران باشتر بكەن. لەم بەشەدا، لە رۆڵی راپرسییە تایبەتییەكان دەكۆڵینەوەو كاریگەرییان لەسەر شێوازەكانی حزبەكان لەهەڵبژاردنەكان دا هەڵدەسەنگێنین.

راپرسییەكی تایبەتی لەرووی تەكنیكەوە هیچ جیاوازییەكی لەگەڵ راپرسییەكانی دیكەدا نییە. هەردوو گروپ بەشێوەیەكی سیستماتیك نموونەكان كۆدەكەنەوەو یەك پرسیار لەكەسەكە دەپرسن. بەڵام هەریەك لەراپرسییە گشتیو زانستیو تایبەتییەكان لەلایەن كەس وكۆمەڵی جودا رادەسپێردرێن و بۆ مەبەستی لێك جودا بەكاردەهێنرێن. رۆژنامەیەك راپرسییەكی گشتی رادەسپێرێ، چونكە داخوازی بابەتێكی باش و ناوونیشانێكی بەرچاوە لەزەمینەی پێشبینی هەڵبژاردن، رای گشتی یان كەسایەتییە سیاسیەكان. راپرسییەكی زانستی بەشێوەیەكی ئاسایی لەلایەن حكومەت یان دەزگایەكی زانستییەوە رادەسپێردرێ و مەبەستەكەشی زانیاری

دانــه بەسیاســـەتمەدارانی حکومـــەت یـــان یارمەتیـــدانی لێکۆڵەرانـــە بـــۆ تاقیکردنەوەیـەکی وردی گریمانـەکان. ئەنجامی لێکۆڵینـەوە لەوانەیـە، هـەتا دوو یـان سـێ سـاڵی دواتـریش چـاپ نـەکرێ. لەبەرانبـەردا، حزبـە سیاسـییەکان کـە راپرسییە تایبەتییـەکان رادەسپێرن‌و بـەڕێوەی دەبـەن، زۆرتر ئـەو ئەنجامانـەیان مەبەستە کـە وەرامـی پرسـیارە تایبەتییـەکانیان دەداتـەوە‌و لەداڕشتنی شـێوازی ململانێکانیـان‌و کاریگـەری لەسـەر هەڵس‌وکـەوتی هەڵبـژاردن یارمـەتییان دەدا. لەراپرسییە گشتییەکان دا، بەڕێوەبەرانی حزب گەلێ زانیاری بەسوودیان دەست دەکـەوێ، لەگـەڵ هەنـدێش نـاتوانرێ ئـەوە زامـن بکـرێ کـە ئایـا ئـەم راپرسـییانە بـەوردی پرسـیارەکانی حزبـەکان دەردەبـڕن یـان بـەخێرایی وەڵامـەکان بخەنـە بەردەســـتیان. بەشـــێوەیەکی ئاســـایی لەهەڵبژاردنێکـــدا بایـــەخی خێرایـــی، لەوەدەسـت خـستنی زانیـاری، زۆرتـرە. گوشـاری کـات پێویـستی بـەوە هەیـە راپرسـییە تایبەتییـەکان بەخـستنەرووی چـەندان پرسـیار، پێـشتر دابنـرێن‌و بەسوود وەرگرتن لەچەند شتێکی گۆڕاو بۆ لێکدانـەوەی وەرامـەکان، سـادەترین رێگاکان بۆ هەڵسەنگاندنی بیرورای هەڵبژێرن.

دوو حزبـە سـەرەکییەکەی بـەریتانیا راپرسـییە تایبەتییـەکانیان لەسـێ جـۆری جـودا، جیـاکردووە: ئـەوان بەرێکخـستنی چـەند پانێلێـك لەدەنگـدەران، ئـەوەی پـێ‌ی دەڵـێن گوتـەی بنـچینەیی، کۆدەکەنـەوە‌و شـێوازی (سـتراتیژی)ی خۆیـان بەهەڵبـژاردنی گرووپێـك لەدەنگـدەران‌و ئەنجامـدانی گفـت‌وگۆی زۆر لەگـەڵیان لەنێوان هەڵبژاردنەکان داو لـەماوەی هەڵبـژاردن دا، دادەڕێـژن. لـەماوەی سـاڵانی ١٩٦٤و١٩٦٥، پارێزگـــاران ((بەڕێوەبەرایـــەتی بـــەریتانی لێکۆڵینـــەوەی بـــازاڕ ((BMRB)) یان راسپارد تا راپرسی پانێل (گفت‌وگۆی چەندبارە)ێکی فراوانی دەنگـدەران رێـك بخـا. نموونـە وەرگـرتنی ئـەم پانێلـە لەسـاڵانی دواییـداو

لەسەردەمێکدا کەحزب پێویستی بەزانیاری دەربارەی بابەتگەلی تایبەتی هەبوو، تەواوبوو. راپرسی ناوبراو، هۆشیارانە لەسەر بنچینەی یەکەمین لێکۆڵینەوەی نیشتمانی رەفتاری هەڵبژاردنی بەریتانی دامەزراو لەدواییدا، لەساڵی ١٩٦٩ لەلایەن **باتلەر**و **دونالد ستانکەر** بەناوی ((**گۆڕان و وەرگۆڕانی سیاسی لە بەریتانیا**)) چاپ کرا. حزبی کرێکارانیش لەرێگای دەزگای راپرسی تایبەتی خۆی، واتە (MORI)، لێکۆڵینەوەیەکی پانێلی بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٤و هەروەها بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٦ بەڕێوەبرد.

حزبەکان لەماوەی خولی هەڵبژاردنە گشتییەکانیشدا، راپرسی (کورت) دەربارەی رەفتاری دەنگدەران لەبەرانبەر مەسەلە تایبەتییەکان، بابەتە سەرەکییەکان، کەسایەتی و بەرنامەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن رێك دەخەن. لەماوەی خولەکانی ململانێکاندا، لەگەڵ بەشێکی پانێلێکی بچووك (بەشێوەیەکی ئاسایی ٥٠٠ تا ٧٠٠ کەس) بەشێوەیەکی رێكوپێكو تا رۆژانە بۆ (بەدواداچوونی) گۆڕان لەرای گشتی، گفت وگۆ دەکرێ. سیستمی (ناوکۆیی جولاو) شێوازێکە دەتوانرێ بەهۆیەوە نموونەگەلی بچووکی رۆژانە، دابڕێژرێ. لەساڵی ١٩٩٢، حزبی کرێکاران سێ راپرسی یەك لەدوای یەکی رۆژانەی بەجێگۆڕکێی نموونەی تازەی رۆژانە لەگەڵ نموونەی کۆکراوە، لەرۆژی یەکەم پێك هێنا. ئەنجامەکان لەماوەی ٢٤سەعات دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەی مەیدانی، تاووتوێ کران و پێشکەش بەحزب کران. خێرایی، کارێکی پێویستە، چونکە لەململانێیەکی هەڵبژاردن دا، زانیارییەکان لەوانەیە بەخێرایی کۆن وبێ کەڵك بن. بێجگە لەراپرسی ماوەدرێژوکورت، ((راپرسی ناوەندی))یش هەن کە لەرەفتاری دەنگدەران لەبواری هەڵبژاردنی نێوان دووخول، لەدروشم، سیاسەت و بەرنامەی رادیۆوتەلەفزیۆنیی حزبەکان دەکۆڵێتەوەو بەشێوەیەکی

گشتی، کاریگەری پەیوەندییە سیاسییەکانی حزبێك هەڵدەسەنگێنن. راپرسی جۆری یەکەم بۆ یارمەتیدانی دارشتنی شێوازەکانی هەڵبژاردنو دووجۆرەکەی تر بۆ چاوەدێری شێوەی کارکردنی ئەو شێوازە بەکاردەهێنرێ.

بەڕێوەبەرانی راپرسییەکان یان سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی بازاڕیش لەسەر بنچینەی کۆمەڵی ناوەندی لێکۆڵینەوە، شتەکان لێك دەدەنەوە، لەو توێژینەوانەدا کۆمەڵە کەسێکی کەم (١٠کەس یان کەمتر) دەربارەی کۆمەڵە بابەتێك گفتوگۆ دەکەن. خوێنەرانی ئەم جۆرە توێژینەوانە دەڵێن ئەم زانیارییانە بەزۆری بە بەراورد لەگەڵ راپرسییە فراوانەکان، هۆشیارییەکی زیاتر بەدەستەوە دەدەنو پەیوەندییەکی زۆرتر لەنێوان سیاسەتو بابەتەکانی تر دروست دەکەن.

**مەڵبەندی حزبی کرێکاران**

حزبەکانی بەریتانیا زیاتر لە ٣٠ ساڵە سوود لەراپرسییە تایبەتییەکان وەردەگرن. لەدەیەی ١٩٥٠دا، زۆربەی سیاسەتمەدارو لێپرسراوە بەدەستەڵاتەکانی هەردوو حزبە سەرەکییەکە زانیارییەکی وایان لەسەر راپرسییەکان نەبوو، یان دژیبوونو بە بەراورد لەگەڵ هاوتاکانیان لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەڵمانیای رۆژئاوا (پێش یەکگرتنەوەی رۆژهەلاتورۆژئاوا و.ك)، هێواشتر ئەم شێوازەیان بەکارهێناوە. حکومەتی بەریتانیا لەسەردەمی شەڕدا، مۆڵەتی بەڕێوەبردنی ئەم راپرسییانەی لەبواری ورەی نیشتمانی دەرکردو ئەم راپرسییانە لەسەردەمی حکومەتی کرێکاران دا (١٩٤٥) بەردەوام بوون. بەلام وەزیرەکان هیچ بایەخیان بەو راپۆرتانە نەدەدا کە دەگەیشتنە سەر مێزەکانیان. بەپێی نووسینەکانی **مارك ئابرامز** لێکۆڵەری بازاڕ لە ((خزمەتگوزاری لێکۆڵینەوە، بە بەرپرسیارییەتێکی کەم)): ((*رێبەرانی حزبی کرێکارانی وەك سەرۆکی دەستەی وەزیران زۆر بەتووندی لێکۆڵینەوەو ئەو*

*پەیوەندییانەیان قەدەغە دەکرد کە لەوانەبوو دوژمنەکانیان سوودیان لێوەربگرن و لەدژی حزبی کرێکاران بەکاریان بهێنن))* (١٩٦٣: ١٠).

حزبی کرێکاران بەدامەزراندنی **مارك ئابرامز** بۆ بەڕێوەبردنی راپرسییەکی بچووك لەساڵی ١٩٥٦، یەکەمین حزبی بەریتانی بوو راپرسی دامەزراند. لەگەڵ بوونی پشتگیری و دۆستایەتییەکەی لەگەڵ **هۆگ گیت سکل**-ی رێبەری حزب، کاری راپرسی گەشەی نەکرد و فراوان نەبوو. ئەنجامی دووەمین راپرسی لەبواری فێرکردن، زۆر بەوردی و بەقووڵی لەلایەن کۆمیتەی پرۆپاگندەی (کۆمیتەی راپەڕاندنی نیشتمانی N.E.C) لێی کۆڵرایەوە و ئابرامز لەبەشێك دا بە**گۆبلز** چوێنرا!، جێگری رێبەری حزب، **ئانورین بوین** دژی راپرسییەکان بوو. ئەو باوەڕی وابوو کە ئەوە ئەرکی سیاسەتمەدارانە تێبگەن دەنگدەران چۆن بیردەکەنەوە. ئەو وەك خەزێنەداری حزب، N.E.Cی ناچار کرد بودجەی تەرخان کراو بۆ لێکۆڵینەوە، بلۆك بکا.

**گیت سکل** داخوازی دەرکەوتنی ململانێ لەناو N.E.C نەبوو، هەر لەبەر هەندێش ، بەدوای بابەتەکەدا نەچوو.

ژمارەیەك تەگەرەی بەردەم راپرسی بیروڕا (وئامرازەکانی پەیوەندییە گشتییە مودێرنەکان) لەلایەن ئابرامزەوە بەشێوەیەکی رەخنەگرانە لێك دراونەتەوە.

ئەم تەگەرانە بریتین لە:

-زارەکی، یان بایەخدانی سیاسەتمەداران بە چاوپێکەوتنی رووبەروو، یان نامە وەك چەند نیشانەیەکی ورەی گشتی.

-نەزانی، ژمارەیەکی زۆر کەمی سیاسەتمەدارانی حزبی کرێکاران، ئەزموونێکیان لەبواری پیشەسازی یان بازرگانی هەبوو کە لەدەیەی ١٩٥٠دا نزیکەی پێی دەنایە خوولی بازاڕی بازرگانییەوە.

-پاکی، یان ترس لەوەی کە ڕاپرسییەکان لەوانەیە حزب ناچار بکەن خیانەت لەبەهاو سیاسەتە تەقلیدییەکانی خۆی بکا.

-دیدی ڕۆژنامەنووسانە، کۆمیتەی پرۆپاگندەی حزب لەژێر کۆنترۆلی چەند نوێنەرێکی ئەنجوومەن دا کە پێشینەیەکی ڕۆژنامەنووسییان هەبوو، **ریچارد کراسمەن**، **باربارا کاسل**، **تۆنی بن**، **کریستۆفەر می هوفتام دەربیرگ** ئەو رایەیان هەبوو کە نووسینی نامیلکەو گوتاری ڕۆژنامە بەتایبەتی لەلایەن خودی ئەوانەوە، باشترین شێوەی پەیوەندی سیاسییە.

سەربار، حزب ڕێکخستنێکی پێویستو نە ئیرادەیەکی سیاسی وای هەبوو سوود لەو لێکۆڵینەوانە وەربگرێ. ئابرامز دەنووسێ: (*هەوڵەکان بەکردەوە، ئەنجامێکیان لێنەدەکەوتەوە*). حزب بێ ئەملاوئەولا دەزگایەکی نەبوو بتوانێ پوختەی ڕاپرسییەکان وەربگرێو لە بەڕێوەبردنی پرۆپاگندەی سیاسیدا سوودیان لێوەربگرێ.(١٩٦٣:١٧).

بەشێك لەبودجەی ڕاپرسیی بەناوبانگ ((**ئایا دەبێ کرێکار بدۆڕێنێ؟**)) کەدوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن **ئابرامزوریچارد روزەوە** کرا، لەلایەن بودجەی تایبەتیو بەشێکی دیکەی لەلایەن گۆڤاری Socialist Commentary (ئەو گۆڤارەی هاوڕای سیاسەتە ریفۆرمیستەکانی **گیت سکل** بوو) دابین کراو N.E.Cیش پارەی پێویستی بۆ سۆراغ کردنی بەڵگەکانی سێیەمین شکستی یەك لەدوایەکی حزب، دابین نەکرد. ئەم ڕاپرسییە، بێدەستەڵاتی حزبی لەبواری ڕاکێشانی چینی ناوەندیی تەقلیدی، لاوازی پەیوەندی حزبی لەگەڵ سەندیکاکانی کرێکاران لەدیدی خەڵكو بەڵێن دان بە میللیکردنی، سەلماند. ئەم ئەنجامانە باڵی چەپی ناڕاحەت کرد، بەڵام سەرسووڕمانی داکۆکیکارانی بەشێوەیەکی گشتی ڕاپرسی لەناوەندێکدا کەداواکاری بەمۆدێرن کردنی حزب

بـــوون، نەوروژانـــد. ئـــەم لێكۆڵینەوەیـــە، بەتایبـــەتی داواكـــاری پەیوەســـت بەئاواتـــەكانی چـــینی كرێكـــار بـــەوردی لەلایـــەن پارێزگارانـــەوە لێیكۆڵرایـــەوەو دەزگـــای پرۆپاگنـــدەی حـــزب ١٥ دانـــەی لێفرۆشـــت. رەزامەنـــدی یـــان دژایـــەتی راپرسـی لـەناو حزبـی كرێكـاران لـەنێوان (راسـت لەبەرانبـەر چـەپ) دابەشـبووو لەگەڵ راگەیاندنی هـەر راپرسییەك دا، هەڵبـەزو دابـەزی دەكرد. ئـەنجامی وردی راپرسییەكان بەڵگەیـەكی دیكەشـی هـەبوو، ئەنجامـەكان لەوانـەبوو دەسـتەگەری نـاو حـزب خـراپتر بكـەنو هـەروەها دەسـتكەوتێك پێـشكەشی دوژمنـانی حـزب بكەن. راپرسی، رۆڵێكی زۆر كاریگەری لەخولقاندنی گۆڕانكاری ئاراستەی حزب لەسەرەتای دەیەی ١٩٦٠دا گێڕا.

تا ساڵی ١٩٦٢ گەلی گیروگرفت لەپێكهاتی حزب مابوونـەوە. لەگـەڵ هەنـدێش، جـارێكی دیكـە داوای یارمـەتی لـە ئـابرامز كـردەوە. گۆڕانكـاری لەكەسـایەتییە سەرەكییەكانیش، قبوڵ كردنی راپرسی، ئاسان كرد. حزب، لەگەڵ سكرتێرێكی گـشتیی نـوێ، بەڕێوەبـەری پرۆپاگنـدە، جێگـری رێبـەرو گرووپێكـی خۆبـەخش لەوانـەی كـاری پەیوەنـدی پیشەییان هەیـەو سووربوون لەسـەركردنی راپرسـی. ئەنجامەكانی راپرسی گـەلێكیان بـەو مەسـەلانە سـەر سووڕماو كرد: لایـەنگرانی حزبـی كرێكـاران لـەناو گـشت دەنگـدەران دا زۆربـە نـین، ژمـارەی دەنگـدەرانی ((وێڵ)) یـان نامولتـەزیم لـەرادەی چاوەڕوانی زیـاترەو ئـەم دەنگدەرانـە بەشـێكی تایبـــەتی كۆمـــەڵ نـــینو پەیوەندییـــەكی وایـــان بەسیاســـەتەوە نییـــە. ئەمانـــە لـــەكاروباری پرۆپاگنـــدەی حـــزب كـــەزۆرتر رووی لەدەنگـــدەرە وێڵـــەكانی نـــاو بازنەكانی دەوروبەرە– ئەوەی كە ئابرامز پـێی دەڵـی: ((دەنگـدەرانی نامولتـەزیم لەبازنـــە بـــێ ئیلتزامـــەكانی هەڵبـــژاردن)) (چـــاوپێكەوتن، فایـــل باتلـــەر)–بوونـــە دەنگـــدەرانی (ئامـــانج). ئـــەم لێكۆڵینەوانـــە بـــۆ هەڵبـــژاردنی بابـــەتو مەســـەلەی

سەرەکی بۆ پۆستەرو راگەیەنراوی چاپکراو، تاقیکردنەوەی پێشتری ئاگادارییەکانو دروشمو هەڵسەنگاندنی کاردانەوەکانی لەمەڕ بەرنامەکانی رادیۆوتەلەفزیۆنو رێبەرانی حزب سوودیان لێوەرگیرا (باتلەرو کینگ ١٩٦٥: ٧٠).

ژمارەیەك لێپرسراوی حزبو نوێنەرانی حزبی کرێکاران لەئەنجوومەن رایانگەیاند کە راپرسییەکان شتێکی نوێیان فێرنەکردوون، ژمارەیەکی کەمیان تەئکیدیان کرد کە راپرسییەکان کاریگەرییان بەسەر پرۆپاگندەو راکێشانی دەنگدەرانەوە هەبووە. بەڵام ئەو رەتکردنەوەو دان پێدانەنانە، کاریگەرییەکی باشی لەسەر نووسەرانی نافیلد نەبووە:

((*لەرەفتاری حزب لەساڵی ١٩٥٩ ...و زاراوەو بیرباوەڕی ژمارەیەك ئەندامی کۆمیتەی راپەڕاندنی نیشتمانی ئەوە دەردەکەوێ کەئەوان کەوتوونەتە بەر کاریگەری ئەنجامی راپرسییەوە. کاریگەریی راپرسییەکان لەساڵی ١٩٦٤ هەرچییەك بێ، وادێتە بەرچاو کە بەکارهێنانی راپرسی لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە، بۆتە رووێکی بەردەوامی ژیانی سیاسی لەبەریتانیا*)) (**باتلەرو کینگ** ١٩٦٥: ٧١).

حزب راپرسییەکی کەمی بۆ ساڵی ١٩٦٦ کرد، چونکە ((هۆکاری سەرەکی (بۆ نەکردنی راپرسییەکان) ئەمەبوو لەوانەیە حزب هەستی دەکرد ئەوەی پێویستە بیزانێ تا پێش ساڵی ١٩٦٤، بەدەستی هێناوە)) (باتلەرو کینگ ١٩٦٦: ٣٣). کۆمیتەی راپەڕاندنی نیشتمانی تا ساڵی ١٩٦٨ کە ئەمریکاییەکی بەناوی **کۆنراد جیمسۆن** بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی بەهاو ورەی ئەندامی حزبی کرێکاران راسپارد، قەناعەتی بەدابین کردنی بودجەیەك بۆ راپرسییەکان نەکرد.

ڕێبەرانی حزب بایەخێکی وایان بە ئەنجامە بەدەست کەوتووەکان نەدا کە دەربڕی دڵساردیی ئەندامان بوو لەحکومەت و ڕوانگەیان بۆ کاروباری ناوخۆ و کەمتەرخەمی بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ دەنگدەرانی ئاسایی. ئەندامانی حزب لەناوونیشانە سەرەکییەکەی ڕاپۆرتەکەدا، ئەوانەبوون کە ((داواکاری جیابوونەوەبوون، نەداواکاری گۆڕانکاری)). **دیڤید کینگسلی**، ڕاوێژکاری کاروباری پەیوەندی یەکێك لەداکۆکیکارانی ڕاپرسی بوو، وئومێدی ئەوەی هەبوو ئەنجامەکان بتوانن، ((خەڵکی لەپێویستیی گۆڕانێکی کولتووری لەحزب دا، هۆشیاربکەنەوە، بەڵام ئێمە تێ‌شکاین)) (چاوپێکەوتن). جیمسۆن دوای ئەوەی لەمەڕ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە هەڵسووڕاوانی حزبی قسەی بۆ میدیاکان کرد، لەسەر کار لادرا. لەکۆتاییدا، حزب لەئاداری ١٩٧٠ ئەمریکاییەکی دیکەی بەناوی **ڕۆبەرت وراستەر** لەدەزگای نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوەی بیروڕاو بازاڕ MORI وەك ڕاپرسی خۆی، دامەزراند. بەرنامەی کاری (مۆری) بۆ هەڵبژاردن لەمانگی تشرینی دووەم، ڕێك خرا، بەڵام ڕاپەڕاندنی هەڵبژاردنێکی (بەپەلە) لەمانگی حوزێران بەم مانایە بوو کە ئەم دەزگایە هیچ هەنگاوێکی بۆ چوونە ناو ئەم پرۆسەیە، نەناوە. وادێتە بەرچاو کە حزب جارێکی دیکە لەمەسەلەی ڕازیبوون بەکردنی ڕاپرسی ڕای گشتی یان سوودوەرگرتن لەئەنجامەکانی تووشی گرفت بووبێ، و((هیچ بەڵگەیەك نەبوو ئەوە دەربخا کاریان لەسیاسەتمەداران کردبێ)) (باتلەرو پنیتوداشینسکی ١٩٧١: ١٩٠).

(مۆری) لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کادیرانی سەرکردایەتی حزبی کرێکاران دا دروست کردو تاهەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٨٧ خەریکی ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئەم حزبە بوو. ڕاپرسییە تایبەتییەکانی

دەزگای مۆری لەشوباتی ١٩٧٤دا توانییان بابەتگەلی پەیوەست بە پەیوەندی پیشەسازی– کەبەهۆی مانگرتنی کانەکانی خەڵوزی بەرد توونەدبوو–دابەزینی بایەخی ئەم کارەی کە ((کێ حوکم دەگێڕێ ؟))و هەروەها بەرزبوونەوەی بایەخی نرخەکان لەبەرچاوی دەنگدەران ئاشکرا بکەن. ئەم گۆڕانە لەبەرنامەی حزب، نیشانەی گۆڕانی بیروڕا بەقازانجی حزب بوو. بەڵام لەساڵی ١٩٧٩ بەدواوە ئەنجامی راپرسییە تایبەتییەکان، بەزۆری بۆ رێبەرایەتی حزب مایەی نائومێدی بوون. دەزگای (مۆری) لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٣ گیروگرفتەکانی حزبی بەم شێوەیە، خستەروو:

**حزبی کرێکاران**

وێنەیەکی زەینی نەگونجاو لەحزبێکی پەرش‌وبلاو، دوورەدەست، بێبەرنامە، چەپ.

پێکهاتەی حزبی: نەگونجاو، کۆن، پەیوەست بەسەندیکاکانی بازرگانی کرێکاران، بەڵام... نیگەرانی چینی کرێکاران (؟ *)، مەسەلەی خۆشگوزەرانی.

رێبەرایەتییەکی بێکەڵك، بێرەونەق، نەناسراو، نادیار، نەگونجاو، کۆن، راستگۆ بەڵام لاواز...

سیاسەتەکان: هۆشیارییەکی کەم، متمانەی کەم، نەبوونی ئەولەیەت لەمەڕ نموونەی بەدیل، رووەو کاروباری خۆشگوزەرانی و چاوەدێری لەتوێژی هەژارو بێکار.

**حزبی پارێزگاران**

تاپێش ساڵی ١٩٥٩ پارێزگاران لە بۆنە تایبەتییەکان دا، دیدوبۆچوونی نیشتمانیی رای گشتییان بۆ لێکۆڵینەوە بەکاردەهێنا. وەك نموونە، بۆ

---

* لە دەقەکەدا وایە (و . ك)

لێکدانەوەی سەرنەکەوتنیان لەهەڵبژاردنی نێوان دووخول. بەلاَم زۆربەی سیاسەتمەداران و کارمەندانی بیرۆی ناوەندی بۆ ئەنجام دانی راپرسی پەرۆش نەبوون و دەزگایەکی تایبەتیشیان بۆ لێکدانەوەی ئەنجامەکانی، نەبوو. دەزگای پرۆپاگندەی حزب واتە **کلمەن**، **پرینتیس** و وارلی بەشێوەیەکی رێك وپێك لێکۆڵینەوەیان لەبواری کاردانەوەی کۆمەلاَنی خەڵك لەبەرانبەر ئاگاداری پرۆپاگندەی حزب دەکرد و راپۆرتێکی تایبەتییان لەم بارەیەوە بۆ مەکتەبی ناوەندی دەنارد. لەگەڵ هەندێش، ئەو راپۆرتانە مەیل و ئارەزوویێکی زۆریان بۆ بەردەوام بوون، نەوروژاند. لێپرسراوێکی مەکتەبی ناوبراو رایگەیاند کە **لۆرد هیلشام**، سەرۆکی حزب (١٩٥٧-١٩٥٩) ((لەو باوەڕەدا نەبوو دنیای سیاسەت، لەم شتانە پێك دێ)) (**دۆگلاس**، چاوپێکەوتن).

ئەم دەزگایە بە بینینی خواستە ماددییەکانی گەلێ کرێکاری بازوو، لاووده‌وڵەمەند و بێ مەیلییان بۆ پەیوەست بوون بەچینی کرێکار (وحزبی کرێکاران) سەری سووڕما. ئەم ئاگادارییە، دروشمی ((ژیان لەگەڵ پارێزگاران خۆشترە))ی بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٩ بۆ پارێزگاران، پێشنیار کرد.

راپرسی ((ئایا کرێکاران دەبێ بدۆڕێنن؟ )) وسوودوەرگرتنی حزبی کرێکاران لەراپرسی لەکاتی پێش هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٤، کاری لە**جیمس دۆگلاس**، لێپرسراوێکی بالاَی ((سەنتەری لێکۆڵینەوە))ی حزب کرد و ئەویش وەك خۆی، (**سێر مێشیل فراسەر**)ی بەڕێوەبەری سەنتەری بۆ بەدواداچوونی کردنی راپرسی، رازیکرد.

لەساڵی ١٩٦٥ مەکتەبی ناوەندی، **هامفری تایلۆری** هاندا کەپێشتریش چەند راپرسییەکی بۆ حزب ئەنجام دابوو، تا دەزگایەکی راپرسی دابمەزرێنێ و گفتیدا کەحزب موشتەرییەکی سەرەکی ئەم دەزگایە دەبێ. ئەم کۆمپانیایە- کە

لەسەرەتادا بەناوی ((**سەنتەری لێکۆڵینەوەی رای گشتی**)) و ئەمڕۆ بەناوی **هەریس** (Harris) دەناسرێ- بەردەوام لێکۆڵینەوەی بۆ حزبی پارێزگاران دابین کردووە. چالاکی بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٠ بەفراوانی بەڕێوەچوو. هەروەك ژمارەیەك لەلایەنگرانی راپرسی لەحزبی کرێکاران بەئومێدبوون ئەنجامەکانی راپرسییەکان، حزب (دەنگدەر-میحوەر)تر بکەن، لایەنگرانی پارێزگارانیش بەدروستی پێشبینیان کرد کەزانینی بیروبۆچوونی خەڵکی لەسەر بابەتەکانو کەسایەتییەکان نیشانی دەدا کە حزب تەنیا بۆ توێژێکی کۆمەڵایەتی بەژمارە کەم، سرنج راکێش بووە (بۆ نموونە چینی ناوەڕاستو کەسانی بەتەمەن)و پێویستە رێبەرانی ناوچەکان (چاوکراوەتربن). راپرسییە تایبەتییەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٦٨و١٩٧٠ نیشانیان دا هەتا ئەودەمەی کە پارێزگاران پێشڕەوییەکی زاڵیان لەمەیلی دەنگدانی دەنگدەران دا هەبوو، گەلێ کەس لەوانەی لەحزبی کرێکاران جودا ببوونەوە، هێشتا ناسنامەی خۆیان لەو حزبەدا دەبینییەوە. ئەو راپرسییانەی دوای دۆڕاندنە چاوەڕواننەکراوەکەی هەڵبژاردنی شوباتی ١٩٧٤، کرا، نارەزایی دەنگدەرانیان لەسیاسەتی دوژمنکارانەو مەیلی گشتی بەتایبەتی مەیلی لایەنگرانی پارێزگارانو لیبرالەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی (ئیئتلاف نیشتمانی)، دەردەبڕی. ئەنجامی راپرسییەکان بۆ لایەنگرانی پەیامی (تەبایی نیشتمانی) لەدووەمین هەڵبژاردنی گشتی ئەو ساڵەدا، مایەی ئومێدبوو.

ئێستا ماوەیەکی زۆرە حزبی پارێزگاران، سوودی لەکۆمەڵێ راپرسی وەرگرتووە. گشت راپرسییەکانی حزب کە مانگانە دەکرێن، نموونەیەکی ٩٠٠٠ دەنگدەر پێك دێنن، ئەم ژمارەیە دەکرێ بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەیەکی وردی هەرێمایەتی، ئابووری-کۆمەڵایەتیو بابەتی دیکە بەکاربێن. سەربار، حزب

لەسالآنی ١٩٨٩و١٩٩٠ راوێـژکارێکی ئـەمریکایی بـەناوی **ریـچارد ورســالین** بـۆ چـاوەدێریکردنی راپرســییەکی بەرزەفڕانــە لــەبواری بــەهاکانی دەنگــدەران، دامەزراند.

**را پرسەکان وەك راوێژکاران**

راپرســەکان ناچـارن وەك گـشت ئـەو پـسپۆرانەی لەلایـەن سیاسـەتمەدارانەوە راوێـژیان پـێدەکرێ، لەکارەکـەی خۆیـان دا زۆر ورد بـن. راسـپاردەی ئـەوان لەوانەیـە رەت بکرێتـەوە، راپرسـی حزبـی کرێکـاران ( کەلەشـەش هەڵبـژاردن دا دەزگـای مـۆری ئـەم کـارەی بەئەسـتۆوە بـوو) بـەزۆری رووبـەرووی سـێ گـرفتی تایبـەتی بۆتـەوە. **گـرفتی یەکـەم** بریتییە لەنەبوونی بەرپرسێکی تـەواو دەست نیشانکراو کەئەویش لەئاڵۆزیی رێکخراوەیی حزبەوە سەرچاوە دەگرێ. دەزگای راپرسیی حزبی کرێکاران بەشێوەیەکی رەسمی لەلایـەن کۆمیتـەی راپەڕانـدنی نیشتمانی (کەفاکتۆرەکان دەدا) دادەمـەزرێ، بەداکۆکیکارانی سـەرەکی کردنـی راپرســییەکان دەژمێــردرێن. لەدەیــەی ١٩٧٠و ســەرەتای دەیــەی ١٩٨٠دا، کەمایەتییەکی چەپی بەهێز لەکۆمیتەی راپەڕاندنی نیشتمانی حزبی کرێکاران کـەدژی راپرسییەکان بوو، ولەئەنجام دا قبـوڵ کردنـی کـاری مۆری، بەرکابـەری بەردەوامی نێوان باڵی چەپ و باڵی راستی حزب کاریگـەردەبوو. لەسـاڵی ١٩٧٩، **نۆرمــان ئەتیکنــسۆن**، خەزێنـەداری حـزب بەکۆمیتـەی راپەڕانـدنی نیـشتمانی (N.E.C) راگەیاند ((منوبیست ئەندامی کۆمیتـەی گشتی بەڕێوەبەرایـەتی ژێـر چـاوەدێری خـۆم، دەتـوانین کـارێکی باشـتر (بـە بـەراورد لەگـەڵ راپرسـییەکان) لەبواری هەڵسەنگاندنی رای گشتی، بکـەین)) **نیل کینـۆك**، لاوێکی چەپی دیکە، بـەنۆرمانی گـوت: ((**نۆرمــان**، ئیـدی چ پێویـستییەکت بـەو بیـست کەسـەی تـر هەیە؟)).

**گرفتی دووەم** لەئاکامە وروژێنەرەکانی ژمارەیەك ئەنجامی راپرسییەکان دایە. ئەم دەرەنجامانە بەشێوەیەکی ئاسایی، بەلاّم هەمیشە نا، بۆ باڵی چەپ مایەی نائومێدی بوونەو رێبەرانی حزب سوودیان لە **گیت سکل تابلەر** لەبەرەنجامەکانی راپرسییەکان بەمەبەستی نیشان دانی پێناخۆشی گۆڕانکاری سیاسی بۆ حزب، بۆ نموونە لەبواری موڵکایەتی گشتیو کاروباری بەرگری، وەرگرتووە. رەخنەگرە بەردەوامەکانی راپرسییەکان وەك **تونی بن** رایانگەیاندووە کە راپرسییەکان دوای تەواوبوونی ململانێکان، بە یەکلاکەرەوەی دەرخستنی رای گشتی لەراپۆرتەکانیان دا- کەبەزۆری لەلایەن میدیاکانی دژ بە کرێکاران دادەڕێژرێن- لەباتی راگەیاندنیان بەناوی ئەوەی لەوانەیە وابن، سەنگەربەندییەکی خۆپارێزانە دەنوێننو لەبەرانبەر داکۆکی باڵی چەپ، سوود لەوان وەردەگرن. لەسەر ئەم بنەمایە، **تونی بن** سەرۆکی کۆمیتەی پرۆپاگندەی N.E.C، لەساڵی ١٩٧٣ فەرمانی بەدەزگای مۆریدا پرسیاری پەیوەست بەخۆشەویستیی سیاسەتمەداران لەناو پرسیارەکان لابدا (چونکە ئەو خۆی خۆشەویست نەبوو).

**لەکۆتاییدا**، راپرسی حزبی کرێکاران ناچارە لەگەڵ گومانی ئاسایی حزب لەمەڕ راپرسی (وپرۆپاگندە) دابێ. لەساڵی ١٩٦٠ نوێنەرێکی ڕێزی پێشەوەی* حزبی کرێکاران، بەکارهێنانی رای گشتی لەلایەن حزبی پارێزگارانەوە وەك ((*کارێکی دژ بەدیموکراسی بەریتانی بۆ ناو ژیانی سیاسی ئێمە*))ی مەحکووم کردو ئەوانی دیکەش ئیدیعایان کرد کەئەوان مەیلی ماددیگەرانەی دەنگدەران رەواج پێدەدەنو رۆڵی حزب لەرێنوێنیو فێرکردنی رای گشتی فەرامۆش

---

* ئەو نوێنەرانەی کە لە ئەنجومەنی بەریتانیادا لەریزەکانی پێشەوە -کە بەشێوەیەکی ئاسایی جێگای ئەندامانی کابینە یان رێبەرانی حزبی ئۆپۆزسیۆنە- دادەنیشن. ئەوانەش کە لەپشتەوە دادەنیشن ئەو نوێنەرە سەربەخۆیانەن کە سەربە حکومەت و ئۆپۆزسیۆن نین و بەردەوام لەدواوە دادەنیشن.

دەکەن. جگە لەوە، ئەمە ئەرکی سیاسەتمەداران و هەڵسووڕاوانی حزبی بوو کە لەخواستە واقیعییەکانی دەنگدەران (بگەن). هەرچەندە هەڵسووڕاوانی حزبی بەردەوام توانای ناسین یان دەرخستنی ئەولەویەتە (واقیعییەکانیان) نەبووە، رەخنەگرانیتر بەشێوەی جۆراوجۆر رایانگەیاندووە کە راپرسییە تایبەتییەکان (وەك راپرسییە گشتییەکان) لەشتی بەڵگەنەویست دەدوێن و مەیلی (واقیعی) هەڵناسەنگێنن و بودجەیەکی زۆریان دەوێ یان توانای متمانەی ئاسایی راکێشانی بیروڕای چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵیان نییە. بەڵگەیەکی توندڕەوی ئەم جۆرە بیروبۆچوونە، قسەکانی سکرتێری گشتی حزبە لەساڵی ١٩٨١ کەدەیگوت ئەگەر بیەوێ بیروڕای گشتی خەڵکی لەمەڕ بابەتێك بزانێ، بەرنامەی کۆبوونەوەی یەکێتییەکی کرێکاران دەخوێنێتەوە. ژمارەیەك راپۆرتی دوای هەڵبژاردنی **رۆبەرت ورسستەر** بۆ حزب لەبواری راپرسیدا، ئەم گیانی نائومێدییە دەگوازنەوە. لەراپۆرتێك دا کەئەو دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٩ نووسی، گلەیی کرد کە مۆری ((*بە بەراورد لەگەڵ ئەو کارەی بەدرێژایی ململانێی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٤ کردی، نەیتوانی بەتەواوی ئەرکی خۆی لەبەردەوام بوون و لێکدانەوەی رای گشتی بەریتانیا بۆ حزبی کرێکاران جێبەجێ بکا*)). دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٣، ئەو جارێکی دیکە ئاماژەی بۆ گرفتە سەپێنراوەکانی بەردەم کارایی راپرسەکان کرد ((*دەستپێکی کاری ئێمە...بۆ حزب لەسەرەتای هەڵبژاردن، دەسپێکردنێکی درەنگ بوو ... تەرخانکردنی بودجەیەك بە بڕی وەك یەك بەدرێژایی ساڵ و دانی نیوەی پارەکە لەکاتی پێش هەڵبژاردن، بودجەیەك بوو دەکرا بەشێوەیەکی شایستە، سوودی لێوەربگیرێ ... بەڵام ئەم پارەیە لەلایەن ئەوانەی کە هەر لێکۆڵینەوەیەك بە هەر نرخێك داواناکەن، وەك بیانوویەك بەکاردەهێنرێ*)) (باتلەر و کاواناك ١٩٨٤ : ١٤٦)

دەرخستنی ئەم دەستەواژەیەی سەرەوە، لەتێکستەکەوەیە). بارودۆخ لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٧ باشتربووە.

بەڵام حزبی کرێکاران بەشێوەیەکی گشتی و ڕێبەرایەتیەکەی بەتایبەتی لە خولی دوای تێشکاندنی هەڵبژاردنی ساڵانی ١٩٨٣ و ١٩٨٧ راپرسیان قبوڵکرد. بەڵگەکانی راپرسییەکانی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن نیشانیدا کە حزب تا ئەودەم لەدیدوبۆچوونی داکۆکیکارانی خۆی لە پێویستبوونی جۆرە یەکێتیی و هاوبیرییەك لەنێوان دوو گرووپدا، دووربووە.

لایەنگرانی راپرسی لەبیرۆی ناوەندی تا ناوەڕاستی دەیەی ١٩٦٠ بە ئاوێتەیەك لەناڕەزایی و بێباکی رووبەڕوو بوونەوە کە بەپێی لێکۆڵینەوە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٦ ((لە نەبوونی دەرك، بەهۆی ئەم هەستە نادیارە کە کردنی راپرسی لەلایەن حزبەوە تاڕاددەیەك دوورە لە ئاكار، سەرچاوەی گرتووە. هەروەها، ئەم باوەڕەی کە ناتوانرێ بەیارمەتی ئەم ئامرازە زانیاری تازە وەدەست بخرێ، رەواجێکی زۆری هەبوو)) (باتلەر و کینگ ١٩٦٦: ٦٦). بەڵام لەو کاتەوە حزب گونجانێکی زۆرتری لە داکۆکیکردن لە راپرسییە تایبەتییەکان هەبووە، پێکهاتی هەڵبژاردەیی حزب، دەسەڵاتێکی زۆر دەداتە ڕێبەرایەتی بۆ بڕیاردان لە بواری ستراتیژی و ئەگەر راپرس بتوانێ سرنجی ڕێبەر بەرەو خۆی راکێشێ، کارەکان ئاسانتر رادەپەڕێنرێن. پشتیوانیی حزب لە پەیوەندییە گشتییەکان و نەبوونی دەستەبەندی چەپ و راست لەناو حزبیش ئامادەییەکی زۆرتری داوەتە پارێزگاران، بە بەراورد لەگەڵ حزبی کرێکاران بۆ قبوڵکردنی لێکۆڵینەوەی راپرسی. **هارولد مەك میلان** لەبەرچاوی خەڵکی دا بەچاوی بێزلێبوونەوە دەیڕوانییە راپرسی، بەڵام بەنهێنی زۆریان پێوە پەیوەست بوو. لەکۆتایی دەیەی ١٩٥٠دا، بە نووسینی یاداشتێك بۆ (بەشی لێکۆڵینەوە)ی

حزب، ئەم پرسیارانەی خستەڕوو: (چینەکانی ناوەڕاست چ کەسانێکن؟ ئەوان چییان دەوێ؟ ئێمە چۆن دەتوانین خواستەکانیان جێبەجێ بکەین؟)

دەزگاکانی راپرسی، بەرنامەکانی لێکۆڵینەوە و بودجەی خۆیان دەدەنە مەکتەبی ناوەندی حزب. راپرسی حزبی کرێکاران (و رێبەری حزب) بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ وەدەست خستنی بودجە لە (N.E.C) ناچار بە ململانێ بووە تاسالی ١٩٨٧یش بە ئاسایی ئەو بودجەیەی بەدرەنگەوە وەرگرتووە. لەساڵی ١٩٧٤، **هارولد ویستۆنی** تووڕە ناچاربوو بۆ دابینکردنی تێچوونی دارایی راپرسی تایبەتی لەلایەن (مۆری) بکەوێتە پیتاک کۆکردنەوە لە بەشی تایبەت (فالکندەر ١٩٨٣: ١٦٣). شتێك کە هیچ کەس لە جێگرەوەکانی ئامادەیی خۆیان بۆ ئەم کارە دەرنەبڕی. هەروەها لەساڵی ١٩٧٨یش داواکاری بەڕێز **کالاگان** بۆ وەدەست خستنی بودجە لە کۆمیتەی راپەڕاندنی نیشتمانی (N.E.C) رەتکرایەوە. بەدرێژایی ململانێی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٨ حزبەکانی کرێکاران و پارێزگاران، هەریەکەی نزیکەی ١٢٠,٠٠٠ پاوەندیان بۆ راپرسییەکان تەرخانکرد. بەدرێژایی ململانێی ساڵی ١٩٩٢ پارێزگاران نزیکەی ٢٥٠,٠٠٠ پاوەند و حزبی کرێکاران ٢٠٠,٠٠٠ پاوەندیان خەرج کرد. ئەگەر پارێزگاران دەیانویست درێژە بە لێکۆڵینەوەکانی **وەرسالین** بدەن، بودجەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زۆرتر دەبوون. دەزگاکانی راپرسی بێجگە لە چالاکییە تایبەتییەکانیان بۆ حزبەکان، پسپۆری وایان هەیە کە راپرسی سیاسی دیکە (و بەزۆری بۆ میدیاکان) بەڕێوە دەبەن. کاری ئەوان بەزۆری بۆ موشتەرییە بازرگانەکانە و راپرسییە سیاسییەکان تەنیا بەشێکی بچووکی گشت چالاکییەکانیانە لەبواری راپرسیدا. ئەمما راپرسی بۆ حزبەکان بەتایبەتی حزبێکی سەرکەوتوو، دەرامەتێکی باشی هەیە و دەکرێ دەرامەتی دیکەش

لەجێگای ترەوە وەدەست بخا. دەزگای (O.R.C) توانی وەك تەنیا دەزگایەك كە سەركەوتنی حزبی پارێزگارانی لەساڵی ١٩٧٠دا پێشبینی كرد، ناوبانگ پەیدابكا و (مۆری)یش بەهۆی پەیوەستی خۆی بە حزبی كرێكارانەوە لە دوو سەركەوتنی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٤دا، لەرووی بازرگانییەوە گەشەیەكی بەرچاوی كرد. راپرسی سیاسی لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بەكاروپیشەیەكی گەورەتر دەژمێردرێ. راوێژكاری راپرسی كلینتۆن، **ستن گرین بێرگ** ئیدیعای كرد كە لەساڵی ١٩٩٢ زیاتر لە ١٢٥ ملیۆن دۆلار بۆ راپرسی و گرووپە ناوەندییەكان تەرخانكراو (هیچ لەمپەرێك لەبواری خەرجكردنی پارە بۆ لێكۆڵینەوە نەبوو) (بومن و هربست ١٩٩٤: ١٢٤)

**بەكارهێنانی راپرسییە تایبەتییەكان**

راپرسییە تایبەتییەكان لەگەڵ بواری سیاسی لەلایەن حزبێكەوە بەكاردەهێنرێن. ئەم بەكارهێنانانە بریتین لە:

**١-رێكخستنی كاتی هەڵبژاردن:**

سەرۆكایەتی وەزیران لە هەڵبژاردنی گونجاوترین كات بۆ هەڵبژاردن، راپرسییەكانی رای گشتی و ئەنجامی دیكەی وەك هەڵبژاردنی ناوچەیی، هەڵبژاردنی نێوان دوو خول، باری رێكخراوەیی، نیشانە ئابوورییەكان و راپرسییە تایبەتییەكان لەبەرچاو دەگرن.

**خاتوو تاچەر** تەنیا ئەوكاتە ئامادەی راگەیاندنی رۆژی هەڵبژاردن لە ساڵانی ١٩٨٣ و ١٩٨٧ بوو كە راپرسیە تایبەتییەكانی حزب پشتگیری لەپێشبوونی راگەیەنراوی حزبی پارێزگارانیان لە راپرسییە گشتییەكان كرد. راپرسییەكان

هەتا لەوانەیە، سەرۆك وەزیرێك لە راگەیاندنی رۆژی هەڵبژاردن پەشیمان بکەنەوە.

ئەو راپرسییە تایبەتە نائومێدەی کە هاوینی ساڵی ١٩٧٨ لەناوچە پەراوێزییەکاندا کرا، (پشتگیری لە راپۆرتی رەشبینانەی هەڵسوڕاوانی حزب کرد)، رۆڵێکی گرنگی لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا، هەبوو.

بەڵام پەیامی راپرسییە تایبەتییەکان، بەردەوام نابنە مایەی سرنجدان. **ئیدوارد هیس** هیچ بایەخێکی بە ئەنجامەکانی ئەو راپرسیە نەدا کە پێشبینی دەکرد ئەو لە هەڵبژاردنی کانونی دووەمی ١٩٧٤دا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. لە هاوینی ساڵی ١٩٩١ بەشێوەیەکی بەرفراوان چاوەڕوان دەکرا **جۆن مێجەر** لەباری چوون بەرەوپێشەوەی هەڵبژاردنی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدابێ. لەساڵی ١٩٩١، راپرسییە پڕ لەئومێدە تایبەتییەکەی دەزگای هەریس کە لەهەموو بەریتانیادا کراو، هەروەها راپرسی مانگی ئابی ئەم دەزگایە لەناوەندە پەراوێزییەکان، لەلایەن سەرۆکی حزب رێزدار **کریس پاتن** پەسەند نەکرا. دوودڵییەکانی، ئەوکاتەی کە راپرسییە گشتییەکان باسیان لەپێشبوونی حزبی کرێکاران دەکرد، بوونە دڵنیایی. لە شوباتی ١٩٩٢ راپرسییە تایبەتییەکان لەناوەندە پەراوێزەکان نیشانیدا کە پشتگیری کۆمەڵانی خەڵك لە پارێزگاران کەم بۆتەوە، بەڵام پاتن جۆن مێجەری راسپارد بچێتە ناو خەڵکی. بەهەرحاڵ، حکومەت بەکردەوە هەلێکی زۆری نەبوو.

**٢-دروستکردنی وێنە:**

وێنەی زەینی حزبێك بابەتێکە کە بەدید و تێگەیشتن بەکۆمەڵی خەڵکەوە پەیوەستە، ئایا دەنگدان وەك بوونێکی یەکانگیر دەبینن یان لێك جودا،

هەڵوێستی ڕێبەرایەتیەکەی بەهێزە یان لاوازە، ئایا داکۆکیکاری ماف بەشێکە لە کۆمەڵ یان گشت چینەکان، ئایا بابەخێکی زۆرتری بەمەسەلەی بێکاری بە بەراورد لەگەڵ هەڵاوسان داوە، یان بەپێچەوانەوە، لەبواری سیستم و یاسا و بەرگریدا هەڵوێستێکی (بەهێزی) هەیە یان بایەخ بە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان دەدا؟. وێنەی زەینی، تا ڕاددەیەکی زۆر بریتییە لەبەری پێشینەی حزبێك و ئەزموونەکانی دەنگدەران لەماوەی ژیانیان دا، بەڵام ئامرازەکانی پەیوەندیش دەتوانن بەرجەستەی بکەن. لەساڵی ١٩٦٦ ڕاپرسییە تایبەتییەکانی حزبی پارێزگاران نیشانیان دا کە حزب دوای ١٣ ساڵ ئامادەبوون لەمەیدانی سیاسیدا – لەساڵی ١٩٥١ تا ساڵی ١٩٦٤ – بەحزبێکی کۆن و دورەدەست دەژمێردرا. ئەو ئەنجامانە بۆ داکۆکیکردن لەبڕیاری دراو لەبواری پڕوپاگندەی ڕێبەران و سیاسەتە نوێکانی حزب، بەکارهێنرا. (لەساڵی ١٩٦٥ **ئیدوارد هیس** جێگەی **سێر ئالك دۆگلاسی** گرتەوە). سەردەمێ کە **ئەییان مەك لود** (وەزیری دارایی سێبەر)ی حزب، گلەیی ئەوەی کرد کە حزب کەوتۆتە ژێر گوشاری کۆمەڵێك سیاسەت، ئیدوارد هیس وەرامی دایەوە کە ڕای گشتی (نیشاندەری ئەمەیە کە لەچاوی خەڵکیدا، جانتاکەمان هیچ بیرۆکەیەکی نوێی تێدا نییە) (ڕەمزدەن ١٩٨٠: ٢٥٢).

ڕاپرسییە تایبەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە فێرکردنی ڕێبەرایەتی حزبی کرێکاران لەو مەسەلانەدا هەبوو، وببوونە هۆی درووستبوونی وێنەی سەلبی خەڵکی لەبەرانبەر حزب و هەروەها بەڵگەی دەرکەوتنی لاوازیی حزب لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٧ دەستنیشان کراو هەروەها مەسەلەگەلی وەك ترسان لە یەکلایەنخوازی Unilateraism، پەیوەندی لەگەڵ یەکێتییە بازرگانییەکانی کرێکاران، (چەپ) بوونی زەینی خەڵکی لەمەڕ ژمارەیەك لێپرسراوانی ناوچەیی

حزبــی کرێکــاران و ئــەو نیگەرانیانــەی بــە مەبەســتی حکومــەتی کرێکارانــەوە پەیوەستن کە لەوانەیە هەڵاوسان بەرزتر بێتەوە. لەم رووەوە، بۆ باشترکردنی وێنــەی زەیــنی حــزب، چــەند گۆڕانکارییــەك لــە سیاســەت و ســتراتیژی پەیوەندییەکانی حزب، پێشنیارکران.

وادێتە بەرچاو، ئەو پەیامانەی لەلایەن گرووپی پڕوپاگندەی حزبێکەوە ئامادە دەکرێن، زۆرتری دەکەونە بەرکاریگەری لێکۆڵینەوەی چۆنییەتی یان چەندێتی. دەزگاکانی پڕوپاگندە، ئەنجامی لێکۆڵینەوە چۆنایەتییەکان لەگەڵ (گرووپە ناوەندییــە) بــچوکەکان، بــۆ وەدەســت خــستنی تێگەیــشتنێکی قــووڵتر لــە ئامادەکاری دەنگدەران و بەدەستهێنانی چەند دیدوبۆچوونێك بۆ داڕشتنی پەیامەکان بە باشتر دەزانن. پێش هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ (دەزگای پەیوەندی سێبەری حزبی کرێکاران) بۆ ئامادەکردنی ستراتیژ و هەروەها بۆ شیکردنەوەی هۆکارەکانی شکستی حزب، بەپێی ئەم باسانە پشتی بەدەنگدەرە دوودڵەکان بەست، **فیلیپ گۆلد**، ڕێکخەری دەزگاکە، دوای شکست، گوتی: لەژێر ئامارەکانی دەنگدان، هەتا ئەو دەمەی ئێمە لەپێش بووین، دڵخۆشییەك بە حزبی کرێکاران لەگۆڕێدا نەبوو. ئەمن لەو باوەڕەدام ئەوان هەرگیز مەبەستیان نەبووە دەنگ بە حزبــی کرێکــاران بــدەن. گرووپــە ناوەندییــەکان لەڕێــژەی راپرســییەکانی رۆژانەماندا، پەیامێکی جودایان هەبوو. بەرای من، گەلی کەس، قەت، هەتا ئەو کاتەی دەیانگوت دەنگ بە حزبی کرێکاران دەدەن، مەبەستی دەنگدان بە حزبی کرێکارانیان نەبووە. (چاوپێکەوتن).

**٣-داڕشتنی سیاسەت:**

حزبەکانی بەریتانیا تەئکید دەکەن کە سیاسەتسازی (Policy-making) لە پروپاگندە جودایە و راپرسییەکان بۆ یارمەتیدانی خستنەڕووی سیاسەت و

نەرێکخـــستن و ئامادەکردنیـــان، ســـوودیان لێـــوەردەگیرێ. لـــە ویلایەتـــە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکادا جوداییـەکی وا تونـدوتۆڵ نییـە و هەڵـسەنگاندنی راپرسـییەکی رای گـشتی دەتوانـێ کـار لـە دیـدو بۆچـوونە پەیوەسـتەکانی سیاسەتی کاندیدا بکا.

توانـای سیاسـەتمەدارێك لـە بـەریتانیا بەوپـەڕی دەمارگرژییـەوە دەپـارێزرێ. **هامفری تایلۆر** یەکەمین راپرسی حزبی پارێزگاران، کاری خۆی بە (گواستنەوەی سیاسەتە پەیڕەوکراوەکان و جارێکی دیکە کردنەوەی خودی حزب) وەسفکرد و ئیدیعای هـەبوونی (تـەنیا نفوزێکی کـەم و بێبایـەخی بۆسـەر حزبـی پارێزگـاران) کرد.

بەپێی نووسینەکانی **رۆبەرت وارسستەر**:

((*مـن ئـەو لێپرسـراوێتییەی بـە ئەسـتۆمەوەیە، وەك هێنـانی شـایەدو بەڵگـە بـۆ ناساندنی شەپۆلەکان، باس دەکەم. ئەگەر رێبەرایەتی حزبی کرێکاران بیەوێ بە پێچەوانەی رەوتـی شـەپۆلی رای گشتی مەلە بکـا، خـۆی لێپرسـراوێتی کارەکـەی خۆی دەبێ. من رۆڵـی خۆم لـەوەدا دەبینم کە بەوان بڵـێم جولـەی شـەپۆل بەکام لادا دەڕوا و توندییەکەی چەندە و پاشان بێدەنگ بم*)) (١٩٧٧: ٨)

لەوانەیـە بـۆ راپرسـێك کـە داخـوازی هـەبوونی پەیوەندییـەکی سـتراتیژییە لەگـەڵ حزبێکـدا، کـارێکی ئاقڵانـەبێ کـە ناوەکـان پـشت گـوێ نـەخا، بـەدوای نفـوز پەیداکردنەوەبێ یان پەیوەندییەکی نزیك لەگەڵ باڵێکی تایبـەتی نـاوخۆی حـزب دروست بکا. بەردەوامی سیاسەتمەدارێك لەبەریتانیا لەوانەیە بەمەوە پەیوەسـت بێ کە وەك پێڕەوی راپرسییەکان نەناسرێ.

لەگـەڵ هەنـدێ، راپرسـییە تایبەتییـەکانی **تـــایلۆر** بەدڵنیاییـەوە لـە بڕیارەکـانی پارێزگاران لەنێوان سالآنی ١٩٧٠ و ١٩٧٣دا لەبواری زیادکردنی مووچەی پیری

و دەستپێکی دانی مووچە بەکەسانی زیاتر لە ٨٠ساڵ و قبووڵکردنی پێشنیارەکانی لێپرسراوانی ناوچەکان لەمەڕ خوێندنی گشتی لەخوێندنگە ناوەندییەکانی دەوڵەت، لەگەڵ بوونی نارەزایی گەلی هەڵسوڕاوی حزبی، کاریگەر بوون. فرۆشتنی باڵاخانەکان بە کرێچییەکان لەسەردەمی حوکمی **خاتوو تاچەر** لەساڵی ١٩٧٩ دەستی پێنەکرد. راپرسییە تایبەتییەکانی پارێزگاران لە هەڵبژاردنی (ئەنجومەنی لەندەنی گەورە) لەساڵی ١٩٦٧ نیشانیدا کە ئەم بیرۆکەیە لەلایەن خەڵکەوە پەسەندە و دەستەی فەرمانڕەوای پارێزگارانیش، ئەو سیاسەتەیان جێبەجێکردووە. راپرسییە تایبەتییەکانی حزبی کرێکاران بەشێوەیەکی ئاسایی هۆکارێك بووە بۆ هاندانی رێبەران بە پاراستنی خۆپارێزی لە مەسەلەی میللیکردن و گرتنەبەری باری (میانڕۆیی). راپرسییەکان دەبێ بەلایەنی کەمەوە، بەردەوام حزب لەمەسەلەی رێوشوێنی کاری حزبی ئاگادار بکەنەوە. مەسەلەی ئەوەی، خەڵکی لایەنگری چ سیاسەتێکی حزبن و حزب دەبێ کامە سیاسەت بگرێتەبەر و کامەشیان رەتبکاتەوە. لەو هەڵبژاردنانەی کە لەساڵی ١٩٧٩ بەدواوە کراون، خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و بێکاری، بابەتی بایەخی حزبی کرێکاران و مەسەلەی پەیوەست بە رێبەرایەتی و بەڕێوەبردنی ئابووری لە خاڵەلاوازەکانی ئەم حزبە بوونە. پارێزگاران، بەدوای بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی تەندروستییەوە بوون، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی لەبواری رێبەرایەتی و ئابووریدا سەرکەوتوو بوون.

یەکێك لەپارێزگاران بەکورتی وێنەی زەینی خەڵکی لەمەڕ دوو حزبە گەورەکە بەم شێوەیە وەسفکردووە: ((حزبی پارێزگاران، جدی، واقیعبین و دڵڕەق، حزبی کرێکاران گێل، میهرەبان و دڵنەرم)). ئەم حزبە لەساڵی ١٩٧٩ بەدواوە ئیمتیازگەلێکی زۆری بەخشیوە تا پێگەیەکی (جدی و واقیعبین) بگرێ.

**٤-شوێن هەڵگرتن:**

تا ساڵی ١٩٨٣ هەردوو حزب، بەدرێژایی ماوەی ململانێی هەڵبژاردن و زۆرتر بۆ ئاگاداربوون لە لاوازییە بەرچاوەکانیان و زانینی بوارەکانیان، راپرسی رۆژانەیان کردووە. پارێزگاران لەساڵی ١٩٨٣ بەهۆی ئەوەی کە ئەنجامەکانیان لەبەر گوشاری ململانێی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی ئاسایی وەدەست ناکەون راپرسی رۆژانەی، راگرت. لەساڵی ١٩٩٢ حزبی کرێکاران تەنیا حزبێك بوو کە هێشتا چاوەدێری گەورەیی گۆڕانی مەسەلەکان و بابەتە سەرەکییەکانی ماوەی ململانێی هەڵبژاردنەکانی دەکرد. ئەوان ئەم کارەیان بە دواداچوونێکی رێکوپێکی ئەو وەرامانەی کە وەرامی پرسیاری (*لەدیدی تۆدا سەرکەوتوترین حزب لە بەڕێوەبردنی ... (پەراوێزێکی فراوانی بابەتگەلی جۆراوجۆر) کامەیە؟*) دەداتەوە و هەروەها خستنەڕووی چەند پرسیارێك دەربارەی هەڵبژاردن لە رادیۆ و تەلەفزیۆن و چۆنیەتی بیرکردنەوە و روانگەی خەڵکی دەربارەی حزبەکان، جێبەجێ دەکەن. راپرسییەکانی رۆژانەی حزبی پارێزگاران لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٠ ئەم پرسیارەی خستەڕوو کە (*ئەگەر تەنگژەی ئابووری دروست ببێ، پێت خۆشە کامەیان ئەم تەنگژەیە بەڕێوەببا، حکومەتێکی کرێکاران یان حکومەتێکی پارێزگاران؟*). پارێزگاران لە دەستپێکی ململانێ بە ٥٪ ی کەمتری ئەم پرسیارە رووبەڕوو بوونەوە، بەڵام هەفتەی پێش دەنگدان، باری هاوسەنگیان وەدەست خستەوە و دووڕۆژ پێش هەڵبژاردن، بە ٤٪ پێشکەوتن. ئەم رەوتە یەکێك لەسەرچاوەکانی **تدهیس** بۆ متمانەکردن بەخەڵك دەژمێردرا. لەماوەی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ و پێش ئەوەش، خەباتگێڕانی حزبی کرێکاران دەیانویست لەبواری تەندروستی و فێرکردن دا دەستبەکاربن و ئەوان هەروەها دەیانزانی کە بەرگرتن لە لەپێشبوونی حزبی پارێزگاران لەبواری

ڕێبەرایەتی و توانای ئابووریدا، زۆر بایەخدارە. ڕاپرسییە تایبەتییەکانی حزب لەسێ ڕۆژی کۆتاییی، نیشانیاندا کە دابەزینێکی بەرچاو کەوتۆتە ناو ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی باوەڕیان وابوو حزبی کرێکاران بەتوانایە، دوارۆژێکی باش بۆ خەڵکی بەدیاری دەهێنێ یان وێنەی داهاتوویەکی باشتریان بۆ دەکێشێ.

ڕاپرسییەکانی ڕۆژانە، ژمارەی چەندایەتی دادەپۆشن (نزیکەی ٥٠٠ کەس) و ناتوانن ڕێنوێنێکی بە متمانەی بواری دەنگدان بن. هەروەها تەئکیدکردن لە خێراییش دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەی پرسیارەکان دیاریکراوبن. پارێزگاران لەململانێی ساڵی ١٩٩٢دا چوار ڕاپرسیی بەرفراوانیان ڕێکخست کە ئەنجامەکانیان لە کۆبوونەوەکانی کۆتایی هەفتەی سیاسەتمەدارە گەورەکان و هەڵسوڕێنەرانی ململانێ کە بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ململانێ بەڕێوە دەبرا، دەخرایە بەردەستیان. ئەو بابەتە جێگیرانەی لەم ڕاپرسییانەدا دەخرانە بەر پرسیارەوە، بریتی بوون لە: خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی، باج، ڕێبەرایەتی و لەکاتی لێك نزیك بوونی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن - دەنگدانی تاکتیکی (پارێزگاران لە زیادبوونی لەناکاوی دەنگی لیبراڵەکان نیگەران بوون)، بەڵام بەدەگمەن هەڵسوڕاوە پڕئیشەکان و سیاسەتمەدارانی بەرگوشار دەتوانن کارێکی وا لەسەر ئەم ئەنجامانە بکەن.

**٥-ڕاوکردنی دەنگدەران:**

ڕاپرسییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لەناسینی مەیل و نیگەرانی (ئەوانە)دا هەیە کە بڵاوکراوە و بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ڕوویان تێدەکەن. پێش ساڵی ١٩٦٤ حزبەکان مەیلیان بۆ ئەوە دەچوو کە پروپاگندە لەسەر دەنگدەرانی (پتەو و بەمتمانە)ی خۆیان چڕبکەنەوە. ڕاپرسییەکانی دواتر، ڕۆڵێکی گرنگیان لەنیشاندانی ئەم خاڵەدا هەبوو کە چەند دەنگدەر ناجێگیرن و ئامادەیی

جودابوونـەوەیان لـە دوو حزبـە گەورەکـە هەیـە. ئـەمڕۆ راپرسـییە تایبەتییـەکان بەپێی شێوازی باو دەنگدەران لەئاستێکی گەورەدا دەکەنە سێ گروپ (**خۆمانـە**) و (**ئـەوی دیکـە**) و (**دوودڵ**). هـەردوو حـزب، بەشـێوەیەکی ئاسـایی پڕوپاگنـدەی خۆیـان لەسـەر ئەوانـە چڕدەکەنەوە کـە (سـەرگەردانن) و لەوانەیـە هەڵوێـستیان بگـۆڕن. لەسـاڵی ١٩٩٢ دا حزبـی کرێکـاران بـۆ ناسـینی بابەتـە گرنگـەکان، زۆر بەتونـدی کـاری لەسـەر گرووپـە ناوەندییـەکان و دوودڵـەکان و هـەروەها پارێزگـارانی لاواز دەکـرد. سـتراتیژەکانی حزبـی پارێزگـارانیش بەهەمانـشێوە هەوڵیانـدا تـا پـشتیوانانی سـاڵی ١٩٨٧ی حزبـی کرێکـاران کـە وازیـان لـەحزب هێنابوو، یان بیریان لە وازهێنان دەکردەوە، بۆ خۆیان راکێشن.

### ٦-گۆڕانکاری لەحزب:

ئەنجامـەکانی راپرسـییە تایبەتییـەکان لەوانەیـە لـەبواری سیاسـەتی نـاوخۆی حـزبیش سـوودیان لێـوەربگیرێ. ئـەم ئەنجامانـە لـە ئاسـانکاری قبـوڵکردنی جوڵانـەوەی **نیـل کینـۆك** بـەرەو ناوەنـدی سیاسـی دوای شکـستی لەهەڵبـژاردنی گـشتی سـاڵی ١٩٨٧ لەلایـەن حزبـەوە، رۆڵێکـی گرنگیـان هـەبوو. ئەگەرچـی رووداوەکـانی تـر بەتایبـەتی کۆمـەڵێك لـە تێـشکانەکانی هەڵبـژاردن، لـە هۆشیارکردنەوەی کەسانی بەدەستەڵاتی حزبی لەمەڕ پێویستیی گۆڕانکاری و گۆڕان لـە سیاسـەتی حـزب بایەخـدار بوون، بـەڵام راپرسییەکان وەك ئـامرازێکی پەسـەندکراو لەبەرانبـەر رەخنـەگران، یـان بـۆ داکـۆکیکردن لـە رەوتـی پرۆسـەی هەڵبژێردراو، مایەی قبوڵ بوون.

### بەهاکان:

حزبەکانی کرێکاران و پارێزگاران لەباری چوون بەرەو لێکۆڵینەوەی بەهاکانی دەنگدەرانن کە دەتوانرێ ئەوە بە بەڵگەیەکی دیکە بۆ وابەستەیی بەریتانیا لە ئەمریکا، بزانرێ. کۆمپیوتەرە پێشکەوتووەکان یارمەتی لێکۆڵەرانیان داوە تا بەهۆی چەند شێوازێکی ئاڵۆزی شیکردنەوە، لە ئەنجامەکان بکۆڵنەوە. بەڵام بودجەی پێویست بۆ ڕێنوێنی ژمارەیەکی زۆری چاوپێکەوتنە دووروودرێژەکان، فراوانکردنی ئەم جۆرە کارەی رووبەڕووی چەندان تەگەرە کردۆتەوە. لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٠ تا ساڵی ١٩٩٢، دەزگای (N.O.P) هەر چوارمانگ جارێک، چەندراپرسییەکی دەربارەی بەها بەرچاوەکانی دەنگدەران و راوبۆچوونیان لە زەمینەی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی حزب، دەخستەبەردەم حزبی کرێکاران. هەر لەو کاتەدا، حزبی پارێزگاران راسپاردەی راپرسی پێشووی (**ڕێگان**)ی سەرکۆماری ئەمریکا، **ریچارد ورسالینیان** بۆ مەبەستی ئامادەبوون بۆ لێکدانەوەی بەرزەفڕانەی بەهاکانی دەنگدەران، تاوتوێ کرد.

ئەو راگەیاندنە ئەگەرچی بابەتی جێ بایەخی دەنگدەرێك دەربارەی کەسایەتی و سیاسەتەکانی رۆژانە، لەوانەیە بگۆڕێ، بەڵام بەها بنچینەیی و شاردراوەکانی تایبەتمەندییەکی جێگیرتریان هەیە. حزبێك بتوانێ ئەم بەهایانە دەرك بکا و تا ڕاددەیەك بیانخاتە شوێنی خۆیانەوە، شانسێکی زۆرتری بۆ داڕشتنی ستراتیژێکی پەیوەندی کارا دەبێ. ئەم لێکۆڵینەوەیە، پێویستی بە قەوارەیەکی گەورەتری چاوپێکەوتنی قووڵ و زمانبڕ (و هەروەها بودجەیەکی زۆر) بوو کە تیایدا پانێلێك لە دەنگدەران دەربارەی بەها و نیگەرانییە سەرەکییەکانی خۆیان دەدوان. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم پانێلانە دەتوانرێ بە رێکوپێکی دەستنیشان بکرێ و گۆڕانکارییە دەرکەوتووەکان لە بەها و بابەتە بایەخدارترەکان، هەمیشە بەرچاوبن و پەرەیان پێبدرێ. ئەودەمەی ئەنجامەکان ئامادەبوون، ستراتیژی

ململانێ سرنج بداتە گۆڕانکارییە دەرکەوتووەکانی بەهاکان. ئەو لێکۆڵینەوەیە، هەروەها دەتوانێ لەئاستێکی خوارتر، دەستەواژەی پەسەندکراو و چەند بابەتێك بۆ گوتار و پەیوەندیی حزبی پێشنیاربکا.

پەیوەندی بەڕێز ورسالین لەگەڵ حزبی پارێزگاران، لەهەناوی پەیوەندییەکانی نێوان لێپرسراوە پێگە بەرزەکانی حزبەکانی پارێزگاران و کۆماریخوازان لەسەردەمی **تاچەر – ریگان**، سەری دەرهێنا. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لێکۆڵینەوەکەی ورسالین توانای ئەوەی پێدا کە دەنگدەران بکاتە گرووپی بایەخداری جۆراوجۆر و ئەو بوارە بەهۆیەکانی راگەیاندن و پڕوپاگندە بدا تا لەسەر بنەمای شوێنی دانیشتن، پێگەی کۆمەڵایەتی، ئایین و تایبەتمەندی دیکە روویان تێبکا. پارێزگاران بەئومێدبوون بەڕێز ورسالین بتوانێ کارێکی لەم جۆرەش بۆ ئەوان بکا، **خاتو تاچەر** پشتگیری ئەم کارەی کرد و خۆیشی لەهەندێ لەبەرنامەکانی ورسالین لەساڵانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ ئامادەبوو.

بەڵام ئەوکاتەی ئەو لەساڵی ١٩٩٠ وازی لەرێبەرایەتی حزب هێنا و هەروەها **جیمس بێکەر** لەپۆستی سەرۆکایەتی بیرۆی ناوەندی لادرا، لێکۆڵینەوەکان بەتەواوی لەلایەن ئەوانەی لێپرسراوێتییێکی گرنگیان هەبوو، پشتیوانی نەکرا. ژمارەیەك لە وەزیرانی کابینە و سەرۆکی نوێ، **کریس پاتن**، بیریانکردەوە کە ئەم لێکۆڵینەوانە بێجگە لە دەربڕینی شتە بەڵگەنەویستەکان، کارێکی تر ناکەن. (ئەمە، جۆرە کات بەفیڕۆدانێکە داوا لە وەزیری پرئیشی کابینە بکەین (هیوا) یان هەستی (مەیلکردن) بە خەڵکی ببەخشێ. سەربار، چۆن دەتوانرێ لەسەردەمی کەسادی ئابووریيدا، بەم شێوەیە لەگەڵ خەڵکدا (قسەبکرێ؟) (چاوپێکەوتن). لەساڵی ١٩٩٠وەزیرەکان بەشێوەیەك دەستەویەخەی گیروگرفتی

سیاسی بوون بەتایبەتی باجی سەرانەی نابەدڵ و هەڵاوسانی رۆژبەرۆژ زیاتر و هەڕەشە لە ڕێبەرایەتی حزبیی خاتوو تاچەر، کە بواری ئەوەیان نەبوو لە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی ورسالین وردببنەوە. هەروەها چەند گلەییەك هەبوون لەوەی ئەم لێکۆڵینەوانە، پارەیەکی زۆریان لێخەرج دەکرێ (ئەم بودجەیە لەساڵی ١٩٩٠ بەتەنیا، دەگەیشتە نزیکەی یەك ملیۆن پاوەند) و بۆ بەکارهێنان لەبەریتانیا زۆر ئەمریکایی – تەوەرن. پاتن ئەم لێکۆڵینەوانەی لەساڵی ١٩٩١ راگرت. ئەم رووداوە نیشاندەری جیاوازی نێوان جیهانبینی ژمارەیەك سیاسەتمەدارانی بەریتانی و زۆربەی کاندیداکانی ئەمریکایە.

**برندن بروس** کە کۆتایی چالاکییەکانی لەبیرۆی ناوەندی وەك بەڕێوەبەری پڕۆپاگندە، لەگەڵ تەواوبوونی بەیاننامەی حزبی پارێزگاران لەگەڵ ورسالین هاوکات بوو، بە یەکێك لە لایەنگرە سەرسەختەکانی لێکۆڵینەوەی ئەمریکایی دەژمێردرێ. ئەو دەنووسێ: ((*ئەو حزبەی بایەخی واقیعی کاری ورسالین زووتر لەوانی دیکە دەرك بکا و لەرەوتی سیاسی بەریتانیادا بەکاریبهێنێ، ئیمتیازاتی بەرچاو بە بەراورد لەگەڵ دوژمنەکانی، بەدەستدەهێنێ و شانسی خۆی لە وەدەستهێنانی دەستەڵات تا رادەیەکی زۆر زیاد دەکا*)) (بروس ١٩٩٢: ٨٦).

## کاریگەرییەکانی راپرسان

کاریگەری راپرسە تایبەتەکان لەسەر ململانێی هەڵبژاردنی حزبێك شتێکی بە ئەگەرە نەك بەردەوام. راپرسەکان بە بەراورد لەگەڵ ئەندامە هەمیشەییەکانی دەزگای حزبی، بەکەسانی بێگانە لەقەڵەم دەدرێن کە بەهۆی پسپۆرییان لەبازنەیەکی تایبەتدا –چاوەدێری و لێکدانەوەی رای گشتی– دادەمەزرێن. ئەم مەسەلەیە، هەم بەسەرچاوەی دەستەڵات و هەم بەسەرچاوەی بێدەستەڵاتی ئەم کەسانە دەژمێردرێ. ئەوان لەکۆبوونەوەی حزبیدا، وێنەیەکی واقیع بینانە لەمەڕ

ماهییەتی واقیعی گروپێك و كۆبوونەوەیەكی لایەنگرانە پێشكەش دەكەن. **مارك ئـــەبرامز** پـێش سـاڵی ١٩٦٤، چـەند خـاڵێكی دەربـارەی ئامانجـە مادییـەكانی لایـەنگرانی حـزب لـەناو چـینی ناوەڕاسـت (بـۆ نمونـە ئـارەزووی هـەبوونی خانوویەك) وەبیر ڕێبەرانی حزبی كرێكاران هێنایەوە. لەدەیەی هەشتادا، **رۆبەرت ورســتەر** بـە ستراتیژستـەكانی ململانێـی گـوت كـە چـۆن گـەلی دەنگـدەر بـەهۆی سیاسـەتەكانی بـەرگری یەكلایەنـەی حـزب، لێـی دووركەوتوونەتـەوە و هەڵمـەتی ڕاپرســەكانی **هـــامفری تـــایلۆر** لەسـاڵانی پـێش ١٩٧٠ بۆسـەر ڕێبەرایـەتی و لێپرسـراوانی حزبـی پارێزگـاران، وەبیری هێنایـەوە كـە ئـەوان دەبێ لەبەرچاوی خـەڵكی ئاسـاییدا، كـە چـاوەڕوان دەكـرێ دەنـگ بـە حزبـی كرێكـاران بـدەن، خۆشحاڵ بن، نەلەبەرچاوی كەسانی هـاوجۆر و هـەڤاڵی خۆیی (باتلەر و پنیتـۆ داشینسكی ١٩٧١، ١٩٧).

نزیكـــی ڕاپرســـییەك لەبیركردنـــەوەی ســـتراتیژیی حـــزب لەوانەیـــە بەلەبەرچـاوگرتنی، لـە حوكمـدا بـوون یـان ئۆپۆزسـیۆن بـوونی حـزب، بگـۆڕێ. وەزیرەكان كەسانی پڕئیش و كارن و حەزیان لێیە زۆرتر، لەباتی تاقیكردنـەوەی سیاسەتە نوێكان، سیاسەتەكانی ئێستا جێبەجێ بكەن و نیشان بدەن. دەزگـای حزبی – كە ڕاپرس ڕاپۆرتی خۆی پێشكەش دەكا– بەشێوەیەكی ئاسایی دوای حوكم بەدەستەوە گـرتنی حزب، پلەیەك دادەبەزێ. ئەگەرچی هۆكاری دیكـەش هەن كە كار لەم نزیكییەی دەكەن، بەڵام سرنج ڕاكێش ئەوەیە بزانین پارێزگـاران بەدرێـــژایی مـــاوەی دوو خـــول لەســـاڵی ١٩٦٦ كـــە گرووپـــی ئۆپۆزســـیۆن لەســـەركاربووە، بەرزەفڕانـــەترین بەرنامـــەی ڕاپرســـی خۆیـــان جێبـــەجێ كـــرد و لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٧٤ چەند ڕاپرسییەكی كـەمیان كردووە، گـەورەترین سوود وەرگـرتنی حزبـی كرێكـاران لەڕاپرسـییەكان، لـە خولـەكانی ئۆپۆزسـیۆنی

حــزب لەســاڵانی ١٩٦٢ – ١٩٦٤ ، ١٩٧٢ – ١٩٧٤، ١٩٧٨ – ١٩٩٢ دا بــووە. لەکاتی حوکمگێڕانی حزب، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی١٩٦٦و١٩٧٠دا چەند ڕاپرسییەکی کەم کران و لەساڵی١٩٧٩یش تەنیا چەند ڕاپرسییەك کران.

چەندجارێك بینراوە کە ڕاپرسییە تایبەتییەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لە هاوسەنگی بڕیاردان لە هەڵبژاردندا هەبووە. دوای ساڵی ١٩٨٧، ڕاپرسی بۆ فێربوونی حزبی کرێکاران دەربارەی پێویستی گۆڕانکاری لە سیاسەتەکان و وێنەی زەینی ئەم حزبە بۆ دەیەی ١٩٩٠ سوودی لێوەرگیراوە، ئەمەش لەڕێگەی پێداچوونەوەی گشتی و تایبەتییەکان لەساڵی ١٩٩١ هاندرا تا حزبی کرێکاران هێواش هێواش بەرەو ریفۆرمی هەڵبژاردن ببا. بڕیاری حزبی کرێکاران لە پتەوکردنی ململانێی هەڵبژاردنی خۆی لەسەر تەندروستی و تۆمەتبارکردنی پارێزگاران بە هەوڵدان بۆ (تایبەتیکردن)ی خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی، بە پشتبەستن بە بەڵگەی ڕاپرسییەکان، بەهێزبوو. لەبەرانبەردا، پارێزگارانیش هەڵمەتەکانی خۆیان لەدژی حزبی کرێکاران لەسەر باج، بودجە و تێچوون و خودی **نیل کینۆك** چڕدەکردەوە، بەڵام ڕاپرسییەکان ڕۆڵێکی چارەنووسسازییان نەبوو.

ئەگەری موبالەغە لەبواری کاریگەری ڕاپرسییە تایبەتییەکان و ڕاپرسە تایبەتەکان لە هەڵبژاردنەکانی بەریتانیادا هەیە. ئەوان بەزۆری هاوئاهەنگییەکی تەواویان لەگەڵ ڕکابەرییەکی پەیوەندیدا نییە، یان بەمسۆگەری لەوەی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەبینرێ، لەخوارترن. لێکۆڵینەوە پڕلە خەرجییەکەی ورسالین، وەزیرانی کابینەی پارێزگارانی رازی نەکرد کە بەپلەی یەکەم نیگەرانی بەڕێوەبردنی وەزارەتەکانی خۆیان بوون و هەروەها لەگەڵ هۆیەکانی پەیوەندی حکومتیش پەیوەندییەکی سستماتیکییان نەبوو. **جۆن**

**مێجــەر** ئـەو راپرسییەی رەتکردەوە کەلـە بـەهاری سـاڵی ١٩٩١ لەلایـەن دەزگـای (مـۆری)یـەوە کرابـوو، وئـەوەی دەرخـستبوو کـە خـەڵك پـشتیوانی لەهەڵبـژاردنی رێـــژەیی (RR) دەکـــەن و کاتـــێ حزبـــەکانی دیکـــە داکۆکیـــان لـــە بەخـــشینی خودموختـاری بـە سـکۆتلەندا کـرد و بـەپێی راپرسـییەکانیش خـەڵکی هـەر ئـەو رایەیان دەربڕی، هێشتا هەر لەسەر رای خۆی سوور بوو. روانگەی ئەو ئەوەبوو کە لەهەردوو بابەتدا گەلی دەنگدەر دیدێکی هۆشیارانەیان نەبووە و لەوانەبوو دوای جێبەجێکردنی خواستەکانیان، کاردانەوەیـەکیان هـەبێ. دەزگـای N.O.P لەقۆناغـــەکانی ســـەرەتای ململانێـــدا تێگەیـــشت کـــە ٤٠٪ ی دەنگـــدەران بـــە ئـاڵوگۆڕکردنی سـستمی هەڵبـژاردنی بـەریتانیا بـە هەڵبـژاردنی رێـژەیی رازیـن و ٢٠٪ یان دژی ئـەوەن. بـەڵام راپرسـی لەدەنگە دراوەکان کـە لەلایـەن دوو کـەناڵی (B.B.C) و (I.T.N) کرا، نیشانیدا کـە رێژەیـەکی زۆری دەنگدەران پاراسـتنی بـاری ئێـستایان لـەگۆڕینی سـستمی هەڵبـژاردن بـۆ هەڵبـژاردنی رێـژەیی پـێ باشترە. خاتو تاچەریش هەر بەو شێوەیە، بەڵگەی راپرسییەکانی رەتکردەوە کە نیـشاندەری پێناخۆشـی گـەلێك لەسیاسـەتەکانی بـوون لـەبواری بەتایبـەتیکردن، ریفـۆرمی تەندروسـتی و بـاجی سـەرانە. راپرسـییە تایبەتییـەکانی دەزگـای (هــەریس)ی ســەرۆکی حــزب بــەپێی ئــەوەی کــە داواکــاری (بێمانــاو بێــسوود) (چاوپێکەوتنی والەر) رەتکرایەوە.

راپرسییە تایبەتیەکانی مۆری (وەك راپرسییە گشتییەکان) بە رێبەرایەتی حزبی کرێکـارانی نیـشاندا کـە چـۆن یەکێتییـەکانی کرێکـارانی بازرگـانی بەدرێـژایی دەیەی ١٩٧٠ ناخۆشەویست بوون. روانگەی گشتی وابووە کـە ئـەم یەکێتییانـە لەلایەن کەسانی توندڕەو کۆنترۆڵ دەکرێن و زیانیان بە وڵات گەیانـدووە، بـەڵام کەس گوێی لەم جۆرە قسانە نەگرت.

تا ئێستا هیچ راپرسییەك لە بەریتانیا نەگەیشتووەتە رادەی نفوزی سیاسی راپرسانی ئەمریکایی وەك **نت کارل**، **ریچارد ورسالین** یان **ئوستین گرین بێرگ** کە لە وردەکارییەکانی ستراتیژی ململانێی کاندیدای سەرکۆماری خۆیان دەستەو یەخە بوون و دوای ئەوە بەمەبەستی یارمەتیدانی کاروباری پڕوپاگندەی سەرکۆمار گەیشتنە ناو کۆشکی سپی. لێکۆڵینەوەکەی کارل و راسپاردەکانی، رۆڵێکی گرنگیان لە وروژاندنی کارتەری سەرکۆمار بۆ بەڕێوەبردنی دیالۆگی خۆمانە و دۆستانە لە تەلەفزیۆن و گوتاردانی تەلەفزیۆنی لەبواری (نارەزایی نیشتمانی)ی ئەمریکا و (تەنگژەی متمانە)ی ساڵی ١٩٧٩دا هەبوو.

راپرسانی ئەمریکا لەواقیعدا، بۆ گەلی کاندید راوێژکاری پڕوپاگندەن و چاوەڕوانن بەبڕیاردان لەوەی کامە مەسەلە و بابەت پڕوپاگندەیان بۆ بکرێ و ئەوەی کەسی کاندیدکراو چۆن پێشکەش بکرێ، کاریگەرییەکیان لەململانێکاندا هەبێ. لەراستیدا کاندیداکان بەزۆری لەبڕیاری ململانێکاندا دوور دەخرێنەوە و تەنیا بەشێوەیەکی پەراوێزخراو، لە ستراتیژیەتی ململانێکاندا رۆڵیان پێدەدرێ.

بەپێی نووسینەکانی **لانتز**، (*کاندیداکان، بە پشتبەستن بەراوێژکارانی پیشەیی رۆڵێکی کەمتریان دەبێ لە بڕیاردانی پەیوەست بە ململانێکانی هەڵبژاردن و هەندێجار، وادێتەبەرچاو کە ئەوان لەباتی بەشدار، بوونەتە تەماشاکەرانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان*) (١٩٨٨: ١٤).

**پگی نونان**، بەگێڕانەوەی ئەزمونی خۆی، وەك گوتارنووسی رێگان و بۆش، بەم شێوەیە گلەیی دەکا:

((*راپرسییەکان مەسەلەی زەینی دانیشتوانی کۆشکی سپی و هەر پسپۆڕێکی سیاسی پێکدێنن، لەتەواوی ئەو کۆبوونەوە سیاسییانەی تا ئێستا بەشداریم*

*تێـداکردووە، لـەکاتی ئامـادەبوونی راپرسـێك، قـسەکانی زۆرتـرین کاریگـەری دەخستە سەر ئامادەبوان. چونکە ئەو بەتەنیا کەسێك دادەنرا کە زانیاری گرنگی لایە ... لەم رووەوە هەست دەکەم راپرسییەکان شتێکن لە سیاسەت گەورەتر، واتە مێژوو دەجولێنن))*.

راپرسـه بەریتانییـەکان، هەرچـەندە وەك هاوتـا ئەمریکاییـەکانیان نەبوونەتـە راوێـژکارانی ململانێکـان ، بـەردەوام لـەماوەی ۳۰سـاڵی رابـردوودا، خراونەتـە پـەراوێزەوە. روونکردنـەوەی ئەمــە دەکــرێ تارادەیــەکی زۆر لــەو پێکهاتــە جیاوازانەی هەڵبژاردن کە راپرسە بەریتانی و ئەمریکاییەکان کاری تێدادەکەن، بەتایبـەتی لەتایبەتمەنـدی بەرنامــەو دیـسپلینی نێـو حزبـە سیاسـیەکانی بـەریتانیادا بدۆزرێتــەوە. لــە ویلایەتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکادا زۆربــەی راپرسییە تایبەتەکان بۆ ئەو کاندیدایانە دەکرێن لە بیروبۆچوونیاندا دەربارەی مەســـەلە جۆراوجۆرەکـــان ســـەربەخۆترن. رادیـــۆ و تەلـــەفزیۆن لەئـــەمریکا بەبزوێنـەرێکی راپرسـی لەقەڵـەم دەدرێـن: ئـەم دەزگایانـە مۆڵـەت بـە کاندیـداکان دەدەن تـا کاتێـك بـۆ پەخـشکردنی بەرنامـەکانی خۆیـان بکـرن و ئەنجامـدانی راپرسییەکی زۆرتر بۆ ئامادەکردنی پڕوپاگندەی تەلەفزیۆنی، رێنـوێنی بکـەن. سـەربار، لەبـەریتانیا رێبـەرانی حزبـەکان، یارمەتیـدەرەکانیان و لێپرسـراوانی حزبـی مـەیلێکی کـەمتریان هەیـە وەك کەسـانێك بناسـرێن کـە کەوتوونەتـە بـەر کاریگەری راپرسانی رای گشتی و دەزگاکانی پروپاگندە.

ئەوان هەروەها بە حەسوودییەوە پارێزگاری لە (گۆڕەپانی غارغارانێی خۆیـان) دەکەن. لەساڵی ١٩٦٤، **مارك ئابرامز** لەنزیکەوە لەپرۆپاگندەی ململانێی حزبی کرێکاران بەشداربوو، هـامفری تـایلۆریش لەسـاڵی ١٩٧٤ رۆڵـی مـارك ئـەبرامزی بۆ حزبی پارێزگاران دەبینی. بەڵام ئەمە، لەمەڕ هیچ یەکێك لە جێگرەوەکانی ئەم

دوو حزبە وێنەیەکی واقیعی بەخۆیەوە نەگرتووە. پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ سەرۆك حزب، بەرتەسکە. هیچ کەس لە راپرسەکانی حزبی کرێکاران لەسەردەمی **رۆبەرت ورستەر** لەساڵی ١٩٧٤وە، نەیانتوانیوە بچنەناو گرووپی سەرەکی ستراتیژ کە لەدەوروبەری رێبەردا پێکدێ. ورستەر دوای ئەو ساڵە بەدەگمەن لەئەلقەی ناوەندی بڕیاری ململانێدا رۆڵی هەبووە. ئەو ئاماژەی بەو پەیوەندییە کەمەی لەگەڵ رێبەری حزب و، نەبوونی زانیاری دەربارەی تێزی ململانێکانی حزب و هەروەها ئەو تەنگ و چەلەمانە داوە کە ئەم مەسەلانە بۆیان خولقاندووە. هیچ راپرسێك نەیتوانیوە دوای هامفری تایلور کە لەساڵی ١٩٧٤ بۆ دەزگای O.R.C راپرسییەکی بەڕێوەبرد، پەیوەندییەکی وای بەرێبەرایەتی حزبی پاریزگارانەوە هەبێ. لەهەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ دا زانیارییە کۆکراوەکانی دەزگای R.C. یەکەمجار درانە **فلیپ گۆڵد**و ئەویش پێشکەشی کۆمیتەی ململانێی حزبی کرێکارانی کرد. هەروەها لەو ساڵەدا، زانیارییەکانی دەزگای (هەریس)یش لەلایەن (**کریس پاتن**)ەوە درایە **جۆن مێجەر**. لەماوەی ململانێی ساڵی ١٩٩٢ نیك مۆن سەرۆکی دەزگای (N.O.P) چاوی بە **نیل کینۆك** نەکەوت و رۆبەرت والەر لەدەزگای (هەریس)یش تەنیا دووجار، ئەویش وەك ئەندامانی گرووپێك، چاوی بەجۆن مێجەر کەوت. سیاسەتمەدارانی بەریتانی بەحەسوودی پارێزگاری لەبڕیارە پەیوەستەکانی ستراتیژی ململانێ دەکەن و بەهەرحاڵ (*زۆربەی سیاسەتمەداران وا گوماندەکەن کە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان لەگەڵ دەنگدەراندا هەیە*) (چاوپێکەوتن). راپرسەکان لەبەریتانیا بەراوێژکارانی ململانێکان لەقەڵەم نادرێن، ئەوان وەك یەدەك دانراون.

راپرسەکان دیدو بۆچوونی شەخسی و سیاسی تایبەت بەخۆیان هەیە کە دەتوانن لەیەك حزبدا رێك بخرێن و ببنە رێگرێك لەبەردەمیان. پەیوەندی **مارك**

**ئابرامز** لەگەڵ **ویلسۆن** بۆیە بەرتەسك کرایەوە، چونکە ئەویان بەکەسێکی نزیك لە **هوك گێت سکل** دەزانی. هەروەها دوای ساڵی ١٩٦٦ گرووپی پروپاگندەی حزب داخوازی راپرسییەك بوون کەلە حزب جودابێ. رۆبەرت ورستەر کە ئەندامێکی ناسراوی حزبی دیموکراتی ئەمریکابوو، تاراددەیەك لەوە نیگەران بوو کە ژمارەیەك لە سیاسەتمەداران و لێپرسراوانی حزبی کرێکاران چاودێری کورتەمێژووی کارە دوورودرێژەکەی وەك راپرس و نووسەری دەزگای راگەیاندن بوون. پەیوەندی شەخسی، بایەخێکی زۆریان هەیە. گومانکردن لەوەی راپرسێك فشەکەرە یان بێحساب قسە دەکا، ئەو لەئەلقەی ناوەندی حزب جودادەکاتەوە. لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ژمارەیەکی زۆر کەمی راپرسە ناسراوەکان بۆ گشت حزبەکان کاردەکەن، زۆربەی راپرسەکان کارکردنیان بۆ کاندیدایەك پێباشترە کە ئەیدیۆلۆژیای لەگەڵ دیدو بۆچوونی ئەوان دا بگونجێ. (لانتز ١٩٨٨: ٥١). تا ئێستا هیچ کەس لەراپرسە بەریتانییەکان لەحزبێك زیاتر کاریان نەکردووە، هەرچەندە رۆبەرت ورستەر پێش هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ و دوای تەواوکردنی کارەکەی لەگەڵ حزبی کرێکاران بەشێوەیەکی نارەسمی ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرانی حزبی پارێزگارانی لەمەڕ کاروباری راپرسی و ستراتیژی ململانێ، رێنوێنیکرد. چەندان ساڵ پێش ئەوە، لەساڵی ١٩٨١، ئەو کاتەی کە بەردەوامی کارەکەی لەگەڵ حزبی کرێکاران تەگەرەی تێکەوت، لەگەڵ چەند لێپرسراوێکی حزبی پارێزگاران، لەمەڕ کارکردن بۆ ئەو حزبە گفتوگۆی کرد. دەزگاکانی (O.R.C) و هەریس لەساڵی ١٩٦٥ بەدواوە بەردەوام کاریان بۆ حزبی پارێزگاران دەکرد، لەساڵی ١٩٦٢ بەدواوە، حزبی کرێکاران چوار دەزگای جۆراوجۆری بۆ راپرسیی تایبەتی خۆی لەبوارەکانی هەڵبژاردنی گشتیدا، بەکرێگرتووە. لەوانەیە پەیامی راستیە

تایبەتییەکانیش – بەمەرجی هەبوونی هاوئاهەنگی لەگەڵ پەیامی دیکە کەلەبواری رای گشتیدا هەن – کاریگەرییان دەبێ، بە بەڵگەکان بەهێزدەبێ یان داکۆکی لەسیاسەت و بەهاکانی حزب دەکەن. بەلایەنی زۆرەوە ئەگەر راپرسییەکان پشتگیری لە سەرچاوەی زانیاری و حوکمە سەرەتاییەکانی سیاسەتمەداران بکەن، دەتوانن قەناعەتیان پێبکەن. **ریچارد کراسمەن** بەدڵنیاییەوە، تەنیا کەسێك نەبوو دانی بە باوەڕبوونی راپرسەکان – بەمەرجی هەبوونی هاوئاهەنگبوونی بۆچوونی لەگەڵ ئەوان – دانا. یەکێك لە لێپرسراوانی پەیوەندیی حزبی کرێکاران ئیدیعای کرد کە راپرسەکان بەدەگمەن دەتخەنە بارێکەوە کە ویژدانی ناوەوەت پێت نەڵێ، بەڵام ئەوان دەتوانن ئەو دەمەی خەڵکی دژی رای گشتین، بەسوودبن. ئێمە پێویستمان بە راپرسییەکان هەبوو تا رووبەڕووی دیدی بنیتز لەناو حزب، بینەوە. (چاوپێکەوتنی تری دلانی).

رادەی تێگەیشتنی راپرسییەکانی رای گشتی لەناو سیاسەتمەداران و لێپرسراوانی بەرپرس، لێك جودایە. لەساڵی ١٩٦٦ لەناو رێبەرانی حزبەکان لەوانەیە تەنیا بەرێز **فوت** و بەرێز **کاتالان** هەبووبن کە بەدرێژایی خولێکی هەڵبژاردن لەمەڕ پێگەی حزبەکان لە راپرسییەکاندا، کەمتەرخەم بووبن. **ویلسۆن**، **تاچەر**، **کینۆك** و **مێجەر** پەیوەندییەکی تایبەتییان بەزانینی نوێترین ئاماری دەنگدان هەبووە. لەساڵی ١٩٩٢، کینۆك بەپەرۆشەوە بیروڕای دەنگدەرانی لەلێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە گرووپی (ناوەند)، (بەوردی و بەتەواوی)، خوێندەوە. ئەو، دەیگوت: بەمشێوەیە دەتوانم لەودیوی ئامارەکان، بگەم. (چاوپێکەوتنی کینۆك). هەندێك، دوای کۆتاییهاتنی هەڵبژاردن و بەپێی ئاستی وردەکاریی پێشبینییەکان – هەتا ئەگەر پێشبینییەکیشیان نەکردبێ – حوکم لەسەر راپرسییە تایبەتەکان دەدەن. هەندێکی دیکەش، هێشتا بەمانای واقیعی

وشە، داخوازی بیستنی (هەواڵی خۆشن) و یان لەکاتی ململانێدا لەگەڵ کەمترین گۆڕانکاری و لەرووی ئامارەوە بێبایەخ لە رای گشتی، دەوروژێن. هەرچەندە لەوانەیە ناهەق بێتە بەرچاو، بەلام راپرسییە تایبەتییەکانیش وەك دەزگای حزبی و رێبەرایەتییە سیاسییەکان، بەزۆری دوای شکست لەهەڵبژاردن، پردەبێ لەتۆمەتکردن بە لایەنەکانی دیکە. ئەمە، بەشێوەیەکی ناوبەناو چارەنووسی راپرسەکانی حزبی کرێکاران دەبێ. لەم بارەدا، ناسینی کەموکورتییەکانی هەڵبژاردن بەمسۆگەری بۆ فێربوونی دەرس و پەندی وەدەستهاتوو، بایەخدارە. لێکۆڵینەوەی چەندایەتی حزبی کرێکاران لەسەر شکستی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ زۆر پتەو و مایەی رەزامەندی بوو. چاوپێکەوتنی دوورودرێژ لەگەڵ پارێزگارانی (مامناوەند) لەناوچەی خواروی رۆژهەلات (*ئەگەر کرێکاران لەخولی داهاتوودا، مەبەستی سەرکەوتن بێ، ئەم ناوچەیە دەتوانێ ببێتە مەبەستێکی ستراتیژی*) نیشانیدا کە حزب لە مەسەلەی زاڵبوون بەسەر هەستی بێهاوتایی دەرکەوتووی دوو دەیەی رابردوو، تووشی شکست بووە. روانگەی خەڵکی لەسەر چالاکییەکانی حزبی ئەمەبوو کە حزب لەبەرانبەر (*سەرکەوتن*) و (*پێشکەوتن*) و خەڵکی کە داخوازی وەدیهاتنی هیوا مادديەکانیانن، هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان دەبێ.

سیاسەتمەداران ولێپرسراوان هەروەها لەروانینە راپرسەکان، جیاوازن. هەندێکیان، تەنیا چاوەڕوانی وەرگرتنی ئامارو ژمارەی راپرسییەکانن، بەلام هەندێکیتر داواکاری ئامارن لەگەڵ پێشنیاری دەرەنجامی ئەنجامە بەدەست هاتووەکان. ئەو گرفتەی رووبەرووی راپرسی دەبێتەوە، ئەمەیە: ئەوانەی ئیشیان پێیەتی، بەردەوام لەپێشبینییەکانیان دا، جێگیرنین. گەلی سیاسەتمەدار، راپرسییەکان وەك زانیاری پەراوێزو بابەت بۆ خوێندنەوە، وەك

گوتارێکی ڕۆژنامە تەماشا دەکەن و زۆربەیان تیوری تایبەتی خۆیان دەربارەی ڕەفتاری هەڵبژاردن هەیە کەلەوانەیە بەمەسەلەگەلی وەك ئاووهەوا، هەستی خۆشبەختی، ئایدیۆلۆژی، کاتێ بۆ گۆڕان و شتی لەم جۆرە پەیوەست بێ. ڕەنگە **خاتوو تاچەر**و بەڕێز **کینۆك** زۆرتر بەئەزموونی شەخسی کاریگەر بووبن نەك ئەنجامی پەیوەست بە ڕاپرسییەکان. دوای هەڵبژاردن، بەڕێز کینۆك ئیدیعای کرد کە ئەو لە دوارۆژەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا هەستی بەشکست کردو ((ئەویش تەنیا هەستێك بوو)) (چاوپێکەوتن). خاتوو **تاچەر**، بەپێی قسەکانی سکرتێرە سیاسییەکەی، لەزیاتر لەڕاپرسییەك، بەنامەی دەنگدەرێك، یان ڕاپۆرتی شەخسی دەربارەی گرفتێك کاریگەر دەبوو (چاوپێکەوتنی شربۆرن). هێشتا گەلی سیاسەتمەدار ئاپۆڕەیەکی زۆر یان جۆش وخرۆشی کەسێك لەکۆبوونەوەیەکی گشتی بەنیشانەیەکی ورەی گشتی خەڵکی دەزانن. لەهەردوو حزب دا، هێشتا دوودڵی لەمەڕ ڕەوتی گشتی نمونەگیری و پەیوەندی پیشەیی و هەروەها لەو سیاسەتمەدارانەی لەکۆتایی کاردا پێیان باشترە زیاتر لە ورەی دەنگدەران پشت بەحوکمی شەخسی خۆیان ببەستن، هەیە. ئەم گومانە لەوانەیە دوای سەرکەوتنی ڕاپرسییەکان لەساڵی١٩٩٢، زیاتربووبێ.

لەگەڵ هەندێش، لەوانەیە ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ ئەوەی ڕاپرسییە تایبەتییەکان دەیخەنەڕوو، یارمەتی دەرکێکی باشتری ڕەفتاری هەڵبژاردنی لەناو سیاسەتمەداران و لێپرسراوان-پێش٣٠ساڵ یەکێك لەئامانجەکانی داکۆکیکارانی ڕاپرسی بوو، داوە. ڕاپرس، لەوانەیە بەدیدی کەسێکی بێگانە وەبیر لایەنگرە مولتەزیمەکانی حزبێك بهێنێتەوە کە مەسەلەگەلی ئەولەویەتی ئێوە چەندە لەمەسەلەگەلی ئەولەویەتی دەنگدەرانی ئاسایی، جودایە.

ستراتیژیستەکان لەوانەیە ئێستا لەو جێگایانەی کە پێش ئەوە–پشتیان بەپرۆپاگندەو قسەی دیکە دەبەست، سوود لەبەڵگەی بەمتمانە دەبەستن. لەمەبەدوا، وادێتە بەرچاو کە راپۆرتە دەستکەوتووەکانی خەڵکی ئاسایش بەلایەنی زۆرەوە، زۆر بەوردی–وەهەتا بەگومانیشەوە–تەماشای بکرێن.

**ئەنجام**

راپرسی تایبەتی، ئێستا بۆتە رەگەزێکی جێگیری هەڵبژاردن. سیاسەتمەدارو بەڕێوەبەرانی ململانێ بۆ داڕشتنی تێزێکی ستراتیژیی پەیوەندییەکی کاراو چاوەدێری باش بەڕێوەچوونی، پێویستیان بەلێکۆڵینەوەیە. ئەوان دوای شکست، پێویستیان بە بەڵگەی بەمتمانە بۆ هەڵەکانی هەڵبژاردن هەیە. لەهەردوو حزبدا، پشت بەستنی رۆژبەرۆژ پتەوتر بە راپرسییە (گشتی یان تایبەتی)یە فیکرییەکان، وەك چەند نیشانەیەکی ورەی گشتیی خەڵکی، بایەخی لێکدانەوەکانی کادیرو ئەندامانی حزبیان لەبازنەکانی هەڵبژاردن لەناوبردووە. لەکاتی کەمکردنەوەی ژمارەی ئەندامانی هەردوو حزب، لەوانەیە تایبەتمەندیی نوێنەرایەتی هەڵسووڕاوانی حزبی بێبایەختربێ.
لەمەڕ ئەوەی بۆچی هەندێجار راپرسییە تایبەتییەکان ناخرێنە ناو سیستمی ململانێکانەوە، گەلێ بەڵگەی جۆراوجۆر هەیە. ململانێکان بەدڵنیاییەوە لەو رەگەزانە پێکهاتوون کە کار بۆ داڕشتن و گونجانیان کراوە. لەگەڵ هەندێش، لەوانەیە بەهۆی ئەو کۆمەڵە گیروگرفتەی لەرێکەوت و لاوازیی پەیوەندییەوە سەرچاوە دەگرن، لەناوەوە ڕا نارێكوشێواو بێنە بەرچاو. لەوانەیە، ئەم دوودڵییە بێتەکایەوە کە زانیارییەکی زۆری پەیوەست بەراپرسییە تایبەتییەکان لەناو رەشایی زانیارییەکاندا، بەراحەتی(بزر) دەبن (*ئەم دوودڵییە لەوانەیە لەمەڕ لێکۆڵینەوە، رێبازی سیاسی–تەوەریش راست بێ*). بەشێوەیەکی گشتی،

گیروگرفتەکانی دیکە پەیوەندییان بە راپرسییەکانەوە هەیە. راپرسییەکان لەوانەیە، نیشاندەری ئەمەبن کەدەنگدەران داواکاری ئەو سیاسەتانەن کە ناکۆکن یان ئەو سیاسەتانەی کەحزب وەدی هاتنیان لەرووی سیاسییەوە بەنەکردە، دەزانێ. ئەوان هەروەها لەوانەیە بەلێکدانەوەو بەرنامەی کاری تەواو جیاواز، هاوئاهەنگ بن. توانای حزب لەچالاکییەکان بەپێی راپرسییەکان، بەهۆی نەبوونی نموونەیەکی تاقیکراوەو بەمتمانە، بەرتەسکە. ئەگەر بابەتی جێچاوی حزب لەخوارەوە سەری هەڵدابێ، لەوانەیە بەخێرایی دووجۆرە لێکدانەوە هەڵبگرێ، **یەکێکیان**: دەبێ ئەو بابەتە زیاتر پشتگیری بکرێو بایەخی زیاتری پێبدرێو ئەوی **دیکەش**: دەبێ فەرامۆش بکرێ. ئەگەر سیاسەتی حزبێك مایەی پشتگیری خەڵك نەبێ، ئایا دەکرێ بێکاری بۆ راکێشانی کەسانی تازە بکرێتە بابەت؟ بەوشێوەیەی سیاسەتمەدارێکی نائومێد دەڵێ: ((*راپرسییەکان لەوانەیە چەند زانیارییەکمان دەربارەی گیروگرفت و مەسەلەی سەردەم بدەنێ، بەڵام دەربارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنیان، شتێکمان پێناڵێن*)).

# مەوداو تەگەرەکانی
# بازاڕدۆزیی سیاسی

لەبەشەکانی پێشوودا، نیشانمان دا کە چۆن لەماوەی سێ دەیەی رابردوودا شێوازی پەیوەندییە پسپۆرییەکان یەك لەدوای یەك لەلایەن حزبە سیاسییە گەورەکانەوە، بەکارهێنران. یەکێك لەنیشانەکانی ئەم قبوڵ کردنە، ئەمەیە ئەمڕۆ هیچ حزبێکی گەورەی بەریتانی بەبێ هەبوونی رێنوێنی پەیوەندیو ئەو راسپاردانەی لەلایەن کەسانی پسپۆر، هەتا بیریش لەچوونە ناو ململانێیەکی هەڵبژاردن ناکاتەوە. ئەم بەشە، لەئاکامە دواناوەندییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنو هەروەها لەسەر حزبەکانیش دەکۆڵێتەوە. بەکورتی، لەم بەشەدا، لەم باسانە دەکۆڵرێتەوە:

١-گەلێ دیدوبۆچوونو ئیدیعای دژبەیەك، کەلەمەڕ کارابوونی شێوازە پسپۆرییەکانی پەیوەندی خراونەتەروو.

٢-ئیدیعای پەیوەست بە سەرکەوتنی ململانێی سەلبی یان (هەڵمەتبەر)و زیادبوونی، لەئەنجامی دەرکەوتنی شێوازە نوێیەکان.

٣-توانای پێشبینی ئەو بابەتانەی لەلایەن رکابەرەکانەوە خراونەتەڕوو.

٤-پەیوەندیو رکابەریی نێوان پسپۆرانی پەیوەندی، لێپرسراوانی حزبیو سیاسەتمەدارانی بەریتانی. ئایا راپرسوراوێژکارانی بەریتانی ئەو نفووزوکاریگەرییەیان دەست کەوتووە کە هاوتاکانیان لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیانە؟

٥-کاریگەری شێوازە نوێکانی ململانێ لەسەر حزبەکان.

**پسپۆری**

بەبەراورد لەگەڵ هۆکارو رووداوە سیاسییەکان یان هەلومەرجی ئابووری-کە موبالەغە هەڵناگرن-بواری موبالەغە لەبواری کاریگەری کۆمەڵەی راپرسییەکان، بەرنامەکانی رادیۆ، تەلەفزیۆن، گوتاردان و بلاوکراوەی پرۆپاگندە لەسەر هەڵبژاردن هەیە. لەسەرەتادا دەبێ دانی پێدانێم کە پسپۆرانی پەیوەندی لەهاندانی میدیاکان بۆ بەرجەستەکردنی رۆڵیان لەململانێکان یان بەلایەنی کەمەوە لەرازیکردنی حزبەکان بەوەی لە بەرانبەر پارەیەك کەدەیدەنە راپرسەکان و شتێکی بایەخدار وەردەگرن، بەدوای بەرژەوەندییەکی تایبەتییەوەن. ململانێی هەڵبژاردن کەناڵێکی گونجاو بۆ زیاتر ناسینی دەزگاکانی راپرسی یان پرۆپاگندە ئامادە دەکاو پەیوەندی لەگەڵ لایەنی سەرکەوتوو، دەتوانێ بۆ ئایندەی کاری دەزگاکان بەسوود بێ. پرۆپاگندەی ساتچی بۆ پارێزگاران لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٩دا، ئەم دەزگایەی کردە بەناوبانگترین دەزگای ولات. راپرسی دەزگای (مۆری)یش بۆ حزبی کرێکاران لەساڵی ١٩٧٤، تاراددەیەکی زۆر بووەهۆی زیادبوونی ناوبانگی ئەم دەزگایە وەك دەزگایەکی راپرسی.

ئیدیعاو دیدوبۆچوونەکانیش کڕیاری خۆیان هەیە. میدیاکان رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر مەیلیان بەلای وەرگرتنی چیرۆکی پشت پەردەی پەیوست بە ستراتیژو هونەرەکانی ململانێی حزبەکان، رۆلی پرۆپاگندەو راپرسییە (تایبەتییەکان)و چۆنیەتی مامەڵەی حزبەکان لەگەڵ میدیاکان دا دەچێ. مەیل بۆ رەوتی هەڵبژاردن و هەر بەو راددەیەش، مەیل بۆ ناوەرۆکی ململانێ بەشێوەیەکی ئاسایی دەبێتەهۆی کاریگەری وەك موبالەغەی لەراددەبەدەر لەمەڕ پەیوەندیکاران و بایەخی لەراددەبەدەری هەواڵدەران بەوان بەهۆی سەرکەوتن

یـان تێشـكانی حزبێك. ئەمە، لەویلایەتـە یـەكگرتووەكانی ئـەمریكادا كـارێكی دیـارو لەبـەریتانیا كـارێكی مایـەی بایەخـە. لـەم بـارەدا، پێویـستی بـە وەبیرهێنانەوەیـە كـە پێگـەی سیاسـیی پارێزگـاران لەسـاڵانی ١٩٥٩، ١٩٧٩، ١٩٨٣، ١٩٨٧ ئەوەنـدە پتـەوبوو كەئەگـەری شكـستی حـزب لـەكاتی ئـەنجام نەدانی ململانێیەكی هەڵبژاردندا، مومكین نەبوو. دەزگاكان بەدرێژایی ململانێی هەڵبـژاردنی سـاڵی ١٩٩٢ بەشـێوەیەكی بـەرفراوان ستایـشی خـەباتی حزبـی كرێكارانیـان دەكـردو رەخنـەیان لەخـەباتی حزبـی پارێزگـاران دەگـرت، تـا ئەودەمـەی ئـەنجامی هەڵبژاردن ئاشكرابوو! ئاگاداریی یـەكێك لەهەڵسووڕاوانی پەیوەنـدی هەڵبـژاردنی حزبـی پارێزگـاران لەسـاڵانی ١٩٦٨ تـا ١٩٧٤، ئاگاداركردنەوەیەكی بەسوودە:

***تێگەیشتنی گشتی من ئەمەیە ئەمڕۆ هەموو ئەو شتانەی لەدنیای پەیوەندی پـسپۆردا روودەدەن، ئەوەنـدە بـەخێرایی و بـەوردی، پێداچـوونەوە دەكـرێ كەئەگـەر شـتێك بـەناوی واقیعیـەت یـان راسـتی هـەبێ، لەلایـەن ئەوانـەی بـۆ رازیكردنی هەستی خودپەسەندی خۆیان یان- بەجورئەتەوە دەتوانم بڵێم- بۆ بەرژەوەنـدی مـاددی لەپێـشینەی خۆیـان، دەچـنە مەیدانـەوە، بـەخێرایی لێكدانـەوەو دەسـتەواژەی جـودا، ئەگـەر نەشـاردێنەوە، پـەرش وبڵاو دەبنـەوە. (نامەیەك بۆ نووسەر).***

ژمارەیەك سیاسەتمەدار بەدوودڵی دەڕواننە ئیدیعاكانی هەڵسووڕاوان كەدەڵێن شێوازی ئەوان گەلێ رادەگۆڕن یان ئەوەی كەئەنجامی هەڵبژاردن دەست نیشان دەكـەن، ولەوانەیـە ئەمـە بەروانگەیـەك لەسـەر توانـای خۆیـان بـزانن. سیاسەتمەدارانی دیكە، ئەم شێوازانە بەبەڵگەی ئەوەی ئەوان دەنگدەران بەكەم دەگـرن، بابەتـەكان لەراددەبـەدەر ئاسـان دەكـەن و لەبەرانبـەر حوكمـە پـێش

وەختەکانی خەڵکی، سەردادەنوێنن، یان ڕەتیان دەکەنەوە. بەم حاڵەوە گەلی پسپۆرانی پەیوەندی بەتایبەتی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم مەسەلەیە نیگەرانن کەژمارەیەك سیاسەتمەدار لەگەڵ بەدرۆخستنەوەی ئەم داواکارییانە، لەمەڕ فرۆشتنی خۆیان بەدەنگدەران، وەك دەستە سابونێك، بێئاگایی خۆیان رادەگەیەنن. ( نیمو ١٩٧٠: مەك گینیس ١٩٧٠، گولد ١٩٨٦، سپرو، ئەشنادسون ١٩٨٤). راستی ئەودیوی ئەم قسانە کە بەقازانجی یان زیانی کاریگەری پرۆپاگندەی سیاسی دەخرێتەروو، چییە؟

ویڕای لێکۆڵینەوەی ئەنجام دراو، ئێمە هێشتا زانیارییەکی وامان لەسەر کاریگەری پرۆپاگندەی سیاسی نییە (بۆ نموونە بڕوانە براودینت ١٩٨١) لێکۆڵینەوەی ئەنجام دراو لەسەر پروپاگندەی سیاسی تەلەفزیۆنی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیشان دەدا کەئەم پروپاگندەیە کاریگەرییەکی زۆرتری بەسەر بینەرانی پەرۆشی تەلەفزیۆن، ئەوانەی لایەنگرییەکی کەمترو بێباکییەکی زۆرتریان هەیە، هەیە. (مەك کۆلەرو پترسۆن ١٩٧٤، شاگنسی ١٩٩٠: ٦١-٦٢)و هەروەها کاریگەرییان لەو هەڵبژاردنەدا هەیە کەژمارەی دەنگدەرانی کەمە. بەم بارەوە، گرفتێك کە لەم جۆرە ئەندازەگیریانەدا دەبینرێ ئەمەیە هۆکاری جۆراوجۆر کاردەکەنە سەر ئەنجامی کۆتایی، ئەو هۆکارانەی گەلێکیان هیچ پەیوەندییەکیان بە ململانێی هەڵبژاردنەوە نییە. راپرسی لەدەنگدەرانیش، بەرتەسکە، چونکە گەلێ لەدەنگدەران لەوانەیە نەتوانن ئەو بەڵگانەی رێنوێنی ئەوانی کردووە بۆ ئەو بڕیارە، دەربڕن، یان مەیلی ئەوەیان نەبێ دان بەوەدا بنێن کە ئاگادارییەکی تایبەتی کاری لێکردوون. **بردی دلانی** کە گوتارە تەلەفزیۆنییەکانی **نیل کینۆك** و بەیاننامەکانی حزبی کرێکارانی دەنووسی، دەڵی: ((*ئێوە دەتوانن کاریگەری بەیاننامەکان بزانن. ئەمانە،*

*بەشێکن لەرەوتی گشتی پەیوەندییەکان و ناتوانرێ کاریگەریی بەیاننامەیەك لەگشت رەوتەکە جودابکرێتەوە))*. (چاوپێکەوتن).

یەکێك لەهەڵسووڕاوانی پروپاگندە کە لەململانێی سیاسیشدا خاوەنی ئەزموونە، ئیدیعا دەکا کە هاوکارەکانی، بەشێوەیەکی ئاسایی لەمەڕ دەستکەوتەکانیان موبالەغە دەکەن:

*((چونکە ئەوان دەرکێکی راستیان لەمەڕ ئەو هۆکارە جۆراوجۆرانەی کە کار لەرەفتاری سیاسی دەکەن، نییە. ئێوە ناتوانن ئیدیعا بکەن کەسەرکەوتنی هەڵبژاردن بەهۆی پروپاگندەوە دەست کەوتووە. گشت تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بەرهەمێك یان حزبێك دەبێ لەشێوەیەکی گونجاو و بەردڵ دا، پێشکەش بکرێن. لەوکاتەش دا، بەڵگەی مەیلی دەنگدەران بەرەو کاندیدایەکی تایبەتی، لەوانەیە بەهۆی مەسەلەگەلی مێژوویی، ئەزموونی شەخسی یان یادەوەرییان لەحکومەتێك یان گرووپێکی ئۆپۆزسیۆن دەبێ، کەسانی هەڵسووڕاو لەپروپاگندە، هۆشیارییەکی وایان لەمەسەلە سیاسییەکان نییە))* (چاوپێکەوتنی تیم دلانی).

کەسانی دیکە هەڵوێستێکی هاوسەنگتریان هەیە. بەپێی قسەکانی **جۆن بارتل**:

*((پروپاگندە دەتوانێ هۆکارێکی پەلەکەربێ، بەڵام لەم رێگایەدا دەبێ رووبەرووی ئیقبالی چاپەمەنییەکان بێتەوە و پێ بەپێی داخوازییەکان بەرەو پێشەوە بچێ. لەکۆتاییدا، ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەماهیەت و جۆری بەرهەمی بەرچاویشەوە هەیە. پروپاگندە بۆخۆی توانایەکی کەمی هەیە...زۆر پروپاگندە، تایبەتمەندی خۆسڕەوەیان هەیە. سیاسەتمەدارانیش هەست بەپەشیمانی دەکەن، هەستێك کە بەپروپاگندەی سەلبی دروست دەبێ. چەند بودجەی زۆرتر خەرج بکرێ، لەوانەیە، کارایی پروپاگندە کەمتر بێتەوە))* (چاوپێکەوتن).

(**سێر تیم بل**)یش پشتگیری ئەم مەسەلەیە دەکا: ((*کاتێ تەماشای ئەو بەیاننامانە دەکەم کە خۆم زەحمەتم پێوە کێشاون، دەبینم شتێکی زۆرمان نەگۆڕیوە. تەنیا شتێ کەئێمە توانیومانە، بیکەین ئەمەبوو: یارمەتی پتەوکردنی ورەی خەڵکمان داوە*)) (چاوپێکەوتن). **دیڤید کینگلسلی** کە لەسێ هەڵبژاردن دا راوێژکاری **هارۆلد ویلسۆن** بووە، دەنووسێ: ((*من بەردەوام دەمگوت ئێمە ناتوانین مەیل‌ودیدێك بۆ دەنگدەران بخولقێنین، لەبەرانبەردا ئەوەی دەتوانین بیکەین، ئەمەیە مەیل‌ودیدوبۆچوونەکانی دەنگدەران بزانین‌و باشتریان بکەین. هەر لەبەر هەندێیە ((سێزدە ساڵ بەفیڕۆچووە)). یان ((پیاوانی دوێنێ)) هێشتا خەریکی چالاکیبوون*)) (چاوپێکەوتن).

پسپۆرانی پەیوەندی، بەشێوەیەکی قابیلی تێگەیشتن، چەند بەڵگەیەك پێشکەش دەکەن تا نیشانی بدەن ئەگەر چالاکییەکانیان سەرکەوتوونەبوو، بەلایەنی کەمەوە یارمەتی سەرکەوتن بداو ئەوان هەندێجارو بەزۆری بەپشت بەستن بەو بەڵگانەی لەچوارچێوەی گوتەی رۆژنامەنووسێك یان سیاسەتمەدارێکی بەرجەستە دەخرێنەروو، ئاماژە بۆ باشترکردنی بارودۆخی حزب لەرای گشتی دەکەن. **فیلیپ گۆڵد**، لەدەزگای پەیوەندی سێبەری حزبی کرێکاران ئیدیعا دەکا کە داهێنانەکانی بواری پەیوەندی حزبی کرێکاران لەساڵانی ١٩٨٧و١٩٩٢ ناچاربوون لەبواری پروپاگندەی چاپەمەنی‌و راگرتنی چەند رۆژەی خەباتی دژەباج لەلاپەڕەی یەکەمی چاپەمەنییەکان لەساڵی ١٩٩٢، بودجەیەکی زیاتر خەرج بکەن.

راپرسییەکان دەرخەری ئەمەن کە بوونی هەندێ گومان‌و دوودڵی لەبواری دەستەڵاتی پەیوەست بە پروپاگندەی سیاسی، مایەی قبوڵە. شیکەرەوەکان لەساڵانی ١٩٨٧و١٩٩٢ ئیمتیازێکی زۆریان دایە خەباتی حزبی کرێکاران بۆ

هەڵبژاردن و ئیمتیازێکی کەمیان دایە خەباتی حزبی پارێزگاران بۆ هەڵبژاردن. دەنگدەرانیش کەلەوانەیە کەوتبنە بەرکاریگەری میدیاکان، بەو ئیمتیازدانە رازیبوون. دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٧، گۆڤاری (**خەبات**)، گرووپێکی لێکۆڵینەوەی بەناوی ((بینین بەکۆمەڵ)) بۆ راپۆرت نووسین لەسەر هەڵسەنگاندنی دەنگدەران، رێك خست. ئەم گرووپە دەرکی بەوەکرد کەلەدیدی دەنگدەران، حزبی کرێکاران باشترین بەرنامەی رادیۆوتەلەفزیۆنی، حزبی پارێزگاران باشترین پۆستەرو راگەیاندنی ئامادەکردووە. هەرچەندە زۆربەی دەنگدەران نەیانتوانی بەیاننامەی هیچ حزبێك وەبیر خۆیان بخەنەوە. ئەو راپرسییەی لەلایەن دەزگای مۆری لەگۆڤاری (**کاربەدەستی نوێ**) (٢٤ی تەمموزی ١٩٨٧) بڵاوکرایەوە، نمرەیەکی کەمی بەهەوڵەکانی پەیوەندیی حزبی پارێزگاران دەداو نمرەیەکی باشتری بەچالاکییەکانی پروپاگندەی حزبی کرێکاران دەدا. بەم شێوەیە، ئەو خەباتە باشەی کەئافەرینی شیکەرەوەکانی وروژاند، بەبەراورد لەگەڵ خەباتی کارەساتباری ساڵی ١٩٨٣ ، ٤٪ کەمتری خستە سەربەشی حزبی کرێکاران. بەرنامە باشەکەی هەڵبژاردنی **نیل کینۆك**، بۆ ماوەیەکی کەم بارێکی باشترو بەرچاوی لەپێگەی ئەو-نەك لەمەڕ پشتگیری حزبی-خولقاند. وێنای زەینی حزبی کرێکاران بەتایبەتی پەیوەندییەکەی لەگەڵ مانگرتن وتووندڕەوی باڵی چەپ شتێك بوو کە لێپرسراوانی پەیوەندی حزب داخوازی گۆڕانکاری بوون و دوژمنەکانیشیان داخوازی سوود لیوەرگرتنی بوون. بەڵام ئەو وێنا زەینییە، بەرهەمی مێژوو، وبەتایبەتی ئەزموون یان وێنای دەنگدەران لەدەیەی ١٩٧٠ و زستانی ١٩٧٩ و نائارامی پیشەسازی ئەو ساڵەبوو. لەساڵی ١٩٩٢ و دوای کۆتایی کاری ئەو ئەنجوومەنەی تیایدا بەشێوەیەکی بەرچاو لەزەمینەی مەسەلەکانی ئەوروپا و باجی تاکەکەس تووشی

دەستەگەری ببوو، ئەزموونی تاڵی ململانێی دەستەڵات بۆ رابەرایەتی بواردبوو، دەنگدەران هێشتا حزبی کرێکارانیان وەك حزبی (پەرش وبڵاوتر) دەناسی. لەگەڵ کەسادی ئابووریی زاڵ، دەنگدەران هێشتا حزبی کرێکارانیان بە بەراورد لەگەڵ حزبی پارێزگاران، بەبێ توانای پێویستی لەبواری مەسەلەگەلی ئابووری لەقەڵەم دەدا. **فیلیپ گۆلد**-لەحزبی کرێکاران، دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٧، وای گوت: ((*ئێمە توانیمان بیری ئەوان بگۆڕین، بەڵام نەمانتوانی رایان بگۆڕین، ئەمە کاری چوار ساڵە، نەك کاری چوار هەفتە*)) (چاوپێکەوتن). دوای ساڵی ١٩٩٢، گۆلد پەی بەوە برد کە هەتا چوار ساڵیش بۆ ئەم کارە، کەمە.

ئەم ئەگەرەش هەیە کە ئامانجی هەنووکەیی پروپاگندەی هەڵبژاردن- واتە بەدەست هێنانی دەنگ- فەرامۆش دەکرێ. لێپرسراوانی پەیوەندی دەتوانن ئاماژە بۆ بەرژەوەندییە ناراستەوخۆترەکانی هەوڵەکانیان بکەن، ئەو بەرژەوەندییانەی وەك خولقاندنی گۆڕانکاری لەوێنە زەینییەکانی مەڕ حزب، بەرزکردنەوەی ورەی هەڵسووڕاوانی حزبی، هاندانی دەنگدەران بۆ رایەکی ئیجابی لەسەر حزب. کۆنترۆلکردنی بەرنامەی کاروئامادەکردنی ئاهەنگێك بۆ ئەوانەی پارە دەدەن دەربارەی چۆنیەتی خەرج کردنی پارەکانیان. بەڵام خەڵکی لەکابینەکانی دەنگدان، دەنگ بەوەنادەن کە کام حزب یان رێبەر خەباتێکی باشتریان کردووە یان کام حزب، سرنج راکێشترین پۆستەری پروپاگندەی داڕشتووە. لەراستیدا، تەنیا ١٪ و٢٪ی دەنگدەران گوتیان ئەوان لەساڵانی ١٩٨٣و١٩٨٧ کەوتوونەتە بەر کاریگەری پۆستەروراگەیاندنی پروپاگندەکانەوە. **جۆن شارکی** کەلەساڵی ١٩٨٧ بۆ دەزگای **ساتچی** سەرپەرشتی خەباتی پارێزگارانی دەکرد، رایگەیاند: ((*لەپروپاگندە چاوەڕوان دەکرێ بەپلەی یەکەم، تایبەتمەندیی قەناعەت پێ کردنی هەبێ و بەکردەوە گۆڕانکارییەك*

*لەنموونەکانی دەنگدان، کڕین یان بیری خەڵکیدا، بجوڵقێنێ*)) (چاوپێکەوتن).
قسەکانی ئەو، ڕەنگدەرەوەی دەربڕینی ئاشکراو بێپەردەی ئەمریکاییەکە دەڵی چالاکیی سیاسی، بەپێچەوانەی چالاکی بازرگانی، لە((فرۆشتنی ڕۆژێك دا)) دەکرێو ئەو ڕاگەیاندنەی کە لەوەدەست هێنانی دەنگ سەرکەوتوونەبێ، بە ڕاگەیاندنێکی باش لەقەڵەم نادرێ. (سی ئەب ١٩٨٧: ١٥٢).
لاوازبوونی لایەنگریی سیاسی، بێکاریگەریی ڕۆڵی بەکۆمەڵایەتیکردنی حزبەکان‌و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، زەمینە بۆ خەباتێکی کاریگەر ئامادەتر کردووە. کاریگەرییان، لەڕووی بەهێزکردن یان بەدەگمەن لەڕووی گۆڕانی ڕەفتارو مەیلە سیاسییەکان، لەوانەیە لەململانێیەکی توونددا جێگای سەرنج بێ. ناجێگیری، بەبزوێنەرێکی نائاسایی بۆ هەوڵدان‌و داهێنان دەژمێردرێ. بەڵام ئەدەبیاتە فراوانەکەی لەمەڕ کاریگەری پەیوەندییەکان‌و چاوپێکەوتنەکانی نێو ئەم کتێبە نیشانی دەدەن کە کاریگەری پروپاگندەی سیاسی لەسەر هەڵبژاردن زۆر کەمە. ململانێکانی هەڵبژاردن بەدەگمەن دەتوانن بەسەر ئەو بارودۆخە باوەدا زاڵ بن کەباڵی بەسەر رای گشتی دا کێشاوە، بەپێچەوانەوە، ئەوان دەبێ لەم بارودۆخەدا کاربکەن.

**نموونەی لیبراڵەکان**

بەهۆی ئەوەی حزبی لیبراڵ بەبێ سوود وەرگرتن لەشێوازە نوێکان سەرکەوتنێکی زۆری بەدەست دەهێنا، دەتوانێ دەعوایەکی نموونەیی باش دەربارەی کارایی ئەم شێوازانە پێشکەش بکا. نوێنەرە کەمەکانی ئەم حزبە لەئەنجوومەنی گشتی (٢٣ ئەندام لە ٦٥٠ ئەندامی ئەنجوومەن لەدوای شەڕ) دەرخەری ئەمەیە کەئەم حزبە ئامادەیی یان بوارێکی کەمی بۆ کاریگەری لەئەنجوومەن هەبووەو لەکاتی هەڵبژاردن دا کەم سوود لەمیدیاکان وەردەگرێ.

کەم بوونی بودجەش، دەبێتە تەگەرەیەك لەبەردەم راپرسی یان پروپاگندەی بەرزفڕانە. بیرۆناوەندییەکانی حزب بەسەرمایەکی کەم چالاکی دەکەن و چاوەدێرییەکی کەمیان بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن دا هەیە. ئەم هەژارییە رێژەییەو نەبوونی ژێرخانێکی دڵنیا، حزب لەلای دەزگاکانی راپرسی یان پروپاگندەی سەرەکی دەکەنە موشتەرییەکی بێرەونەق. سەربار، دەزگاکان دەزانن کەئەوان پەیوەندی بەحزبێکی لیبرالی سەرکەوتووەوە ناکەن.

بەشێك لەرەونەقی حزبی لیبرال بەو هۆیەوەیە کە ئەم حزبە لەحزبە گەورەکان ناچێ، لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر لەدەستەلات دووربووە، بەزەحمەت دەتوانرێ ئەو بەلێپرسراوی شکستە نیشتمانییەکان بزانرێ و ئەم حزبە دەتوانێ بەئیلتیزام کردن بە پرەنسیپە ئاکارییەکان، بەدگومانییەکانی خۆی لەدەستەلاتی سیاسی رابگەیەنێ. گەلێ لەئەندامانی ئەنجوومەنەکان و هەڵسووڕاوە لیبرالەکان بەشێوەیەکی دەرك کراو مەیلیان زۆرتر بەسیاسەتی ناوخۆوە هەیە نەك سیاسەتی نیشتمانی و زیاتر ئامانجە تایبەتییەکان لەبەرچاو دەگرن نەك بەدەستەوەگرتنی دەستەلات لە ویست مینیستەر. زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنی ئەندامی حزبی لیبرال لەناو کەسایەتییە سەربەخۆو دیارەکانی ناوخۆو بەبێ لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییان بە حزبی لیبرال، هەڵبژێردراون. ئەم مەسەلەیە، خۆی لەخۆیدا، مەیلی ئەوان بۆ وەرام دانەوەیەکی ئیجابی بە بەرنامەی ململانێی رێبەرایەتی، بەرتەسك دەکاتەوە.

لاوازییەکانی ئەم شێوازە لەساڵی ۱۹۷۷و ئەوکاتەی کەحزب ویستی خەباتێکی سەرانسەری دەست پێبکا، ئاشکرابوو. لیبرالەکان بەهاوڕێیەتی سۆسیال دیموکراتەکان (یەکێتییەکیان) دروست کردوئومێدێکی واقیع بینانەیان لەبواری وەپێش کەوتنەوەی حزبی کرێکاران لەدەنگدانە گشتییەکان،

لەلا گەڵاڵە بوو. بەڵام لەو شێوازەی کەرێبەرانی دووحزب، **دیڤید ستیلو دیڤید ئۆین** لەپروپاگندەدا گرتبوویانە بەر، جۆرە نارێکوپێکییەکی تێدا دەبینرا: هەردوو رێبەر شێوازێکی تایبەتییان بۆ ململانێی هەڵبژاردن دەست نیشان کردبوو کە بەزۆری لەگەڵ یەکتردا ناکۆك بوونو فەرمانە ستراتیژییەکانی ناوەندیان پێشێل دەکرد. ململانێی هەڵبژاردنی (یەکێتی) بەکەمترین رێکخستنی ململانێ لەناو حزبە جۆراوجۆرەکان دا لەقەڵەم دەدرا. رێبەران هەوڵێکیان بۆ داڕشتنی بەرنامەی کاری ململانێ نەداو ئامانجە دیاریکراوەکەی (یەکێتی) پێناسەیەکی روونی نەبوو، ورێکخستنی حزب، بەگوتەی یەکێك لەرێبەرەکانی (وێرانەی ناو وێرانە) بوو. (پاردۆ ١٩٨٩). ئەو دەزگا پروپاگندەیەی بۆ هەڵبژاردن بەکرێگیرابوو، ئەزموونی خۆی بەئەزموونێکی نائومێد لەقەڵەم داو یەکێك لەئەندامانی گرووپی پروپاگندەی حزبیش، خەباتی هەڵبژاردنی (یەکێتی) بە ((خەباتێکی بێپروپاگندە)) وەسف کرد. (کارول ١٩٨٩: ٩١). لەراستیدا هیچ یەکێك لەو دەزگایانەی لەساڵانی ١٩٨٣و١٩٨٧ بەکرێگیران، ((*بەپەرۆشەوە ئەم ئەزموونەی خۆیان دووبارە ناکەنەوە. چونکە زانیاریورونکردنەوە، نادیارو سەرگێژکەربوون، بودجەی تەرخانکراو کەمونادیاربوو، سیاسەتمەداران ببوونە داڕێژەرانی کارەکانو گشت کارەکان بەدرەنگەوە، بەپەلەو بەبێ روانگەیەکی راستوستراتیژێکی رێنوێن، بەڕێوە دەبران*)) (فلچەر ١٩٩٠).

لەگەڵ ئەم خاڵە لاوازانەو نەبوونی توانا بۆ بەکارهێنانی شێوازە مودێرنەکانی ململانێ، بەبەراورد لەگەڵ حزبە گەورەکانی دیکە، سێیەمین حزبی گەورەی وڵات توانیویەتی لەماوەی شەش هەڵبژاردنی گشتیی رابردوودا، بەشێکی دەنگەکان کەنزیکەی ٢٠٪دەبێ، بەدەست بهێنێ. لەساڵی ١٩٥٩ بەدواوە، ئەم

حزبە بەپێی راپرسییەکانی رای گشتی، دەنگەکانی لەماوەی هەر ململانێیەك دا–جگە لەتشرینی یەکەمی ١٩٧٤، (ئەودەمەی حزب خەباتی خۆی لەئاستێکی بالاّدا دەست پێکرد)و ساڵی ١٩٨٧–زیاترکردووە. ئەم حزبە لەناو هەڵبژاردن دا، نزیکەی بەهیچ شێوەیەك ناچێتە ژێرباری میدیاکانو تەنیا لە چوارهەفتەی ململانێداو ئەویش بەهۆی رێوشوێنی دانراو لەبواری پاراستنی هاوسەنگی نێوان حزبەکان، دەگاتە زیادبوونێکی لەناکاو. بلاّوکردنەوەی بەخۆڕایی تەلەفزیۆنی بەکردەوە تەنیا سەرچاوەیەکی (مودێرن)ە کە حزب سرنجی وردی داوەتێ. ئەم ئاگادارکردنەوەیەی **هاروپ** کەدەیگوت ((*زۆربوونی پشتیوانی دەنگدەران لە(یەکێتی) لەململانێی (ساڵی ١٩٨٦)، لەگەڵ نەبوونی بلاّوکراوەی پروپاگندەی ئەم حزبە لەچاپەمەنی نیشتمانیدا، دەتوانێ نیشاندەری کاریگەرییەکی کەمی پروپاگندەی چاپەمەنی لەهەڵبژاردن بێ*)) (١٩٨٤: ٢١٢). دەتوانرێ لەبواری شێوازو تەکنیکێتری پروپاگندەشدا بەکاربهێنرێ.

**ململانێی سەلبی**

میدیاکان بەبلاّوکردنەوەی هەواڵی ململانێکانی هەڵبژاردن، چەندان جار غەفلەتی سیاسەتمەدارانیان لەبواری بابەتە گرنگەکانی–وەك بایەخی کەمیان بەژینگە، قاتوقڕی لەدنیای سێ، رۆلی بەریتانیا لەیەکێتی ئەوروپا–وکاڵ کردنەوەی گەلێ بابەت بۆ شانۆسازییەکانی حزب، مەحکووم کردووە. بابەتی سەرەکی بەکارهێنراو لەزۆربەی سەرگوتارەکان، ئەم واتایە دەردەبڕێ کە ((حزبەکان توانای رووبەرووبوونەوەی تەنگژەکانیان نییە)). ململانێی سەلبی یان سوود وەرگرتن لە ((بلاّوکراوەی هێرشبەر)) لەپروپاگندەدا، بەزۆری وەك هاوردەیەکی نەخوازراو لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مەحکووم دەکرێ، هەرچەندە ئەم شێوازە لەئەمریکا تارادەیەکی زۆر دژی ((تایبەتمەندییەکانی))

کاندیـدای ئۆپۆزسـیۆن، سـوودی لێـوەردەگیرێ)) (سـباتو ١٩٨١: ٢٦٥-٢٧٤). راپرسییەکانیش نیشانی دەدەن کە دەنگدەران لەململانێی سەلبی بێزارن.

بـەڵام ئـەم جـۆرە خەباتـە لەوانەیـە لـەکاتی گونجـاودا، بەسـوودبێ. بۆ نموونـە، حزبێـك یـان کاندیـدێك کـە راپرسـییەکان بـەدوای خۆیـدا رادەکێـشێ، یـان بـۆ کاندیدا یان ئـەو فەرمانڕەوایـەی کەپێشینەیەکی بەرچاوی بۆ خستنەروو نییـە. بـۆ نموونەیـەکی سـرنج راکـێش لـەم بـوارەدا دەتـوانرێ ئامـاژە بـۆ هەڵبـژاردنی سـەرۆکایەتی کۆمـاری ئـەمریکا لەسـاڵی ١٩٨٨، ئەودەمـەی کـە ((کۆمیتـەی سیاسـی ئاسایـشی نەتـەوەیی)) راگەیـەنراوێکی پروپاگنـدەی نـەنگینی **ویلـی هارتۆنی** بۆ کۆماریخوازەکان ئامادەکرد. راگەیەنراوە تەلەفزیۆنییەکە بەم قسەیە دەستێ پـێدەکرد کـە کاندیـدای حزبـی دیمـوکرات، **مایکـل دوکـاکیس** ئـەودەمـەی فەرمانڕەوای ویلایەتی ماساچوست بووە، کەسێکی کە بەتاوانی سێکسی توونـد حوکم دراوە، بەمەرج ئازادکردووەو هارتۆنیش دوای ئازادکردنی جارێکی دیکە تاوانەکـــەی کردۆتـــەوە. ئـــەم راگەیـــەنراوە، نیگـــەرانی خـــەڵکی بـــواری یاسا وریێورەسمەکانی دەرووژاندو نیشانی دەدا کە دوکاکیس لەزەمینەی تاوان دا (مـــام ناوەنـــدوگونجاوە)و بەخولقانـــدنی گۆڕانکـــاری لەپێگـــەی بـــۆش لەراپرسـییەکان، متمانـەی خـۆی وەرگرتـووە. لـەنێوان مانگـەکانی تـەمووزو تـشرینی یەکـەم دا رێـژەی ئـەو دەنگدەرانـەی دەیـانگوت حکومـەت لەزەمینـەی تـاوانو تاوانباران (وەك پێویست توونـد) نییـە، لـە ٢٣٪وە گەیشتە ٦١٪و هـەر لەو بارەدا رێژەی ئەوانەی کە (دوکاکیس) یان ( وەك پێویست توونـد) نـەدەزانی، لـە ٣٦٪ەوە گەیشتە ٤٩٪. ئەنجامگیری **مـارجۆری رانـدوم هرشـری** لەراگەیـەنراوە پروپاگندەکەی هارتون، ئەمەبوو: ((***لەوانـەیە دۆزینـەوەی شاهیدێکی بەمتمانـەتر***

*لەبواری کارایی سیاسەتی هەڵمەت بردن، زەحمەت بێ. ململانێی هەڵبژاردن (بەم ڕاگەیەنراوە) بەکردەوە، تووشی گۆڕان هات))* (پرامپەر ١٩٨٩: ٩٦).

ئەم پەیامانە، کاریگەرییەکی زۆر بەجێدەهێڵن، چونکە ئەو باسەی ئەوان دەیخولقێنن گەلێجار لەبەرنامە هەواڵییەکان دا لێیان دەکۆڵرێتەوە. بەدەربڕینێکیتر، ئەوان دەبنە ((ڕاگەیەنراوی هەواڵ))–بەشێك لەهەواڵ کەلەوانەیە پروپاگندەی کاندیداکان پارەیان وەرگرتبێ (جیمسۆنb ١٩٩٢: ١٣٣). هەروەها ئەوان کار لەو زمانوئاوازە دەکەن کە بابەت لەلایەن ئەوانەوە لێی دەکۆڵرێتەوە، ولەباتی، بەهاکانی ڕاگەیەنراوەکە ڕەنگ دەدەنەوە. بۆ نموونەیەکی باش لەم زەمینەیەدا دەتوانرێ ئاماژە بۆ بەریتانیای دەیەی ٨٠ بکرێ، ئەودەمەی پارێزگاران و ڕۆژنامەی تابلویدی لایەنگریان کەوتنە پروپاگندەکردن بۆ هەندێ چالاکی مایەی ورووژانی لێپرسراوی ناوخۆییەکانی ژێر چاوەدێری باڵی چەپی حزبی کرێکاران، ناتۆرەی ((چەپی گێلوویل)) بەشێوەیەکی بەرفراوان لەحزبە ناوخۆیی و ئەنجوومەنەکان دەنرا.

ناودارترین ئەو پروپاگندە سەلبییەی تا ئێستا دروست کراوە، پارچەیەك وەك دەڵێن ((گوڵە حاجیلە))یە کە لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ساڵی ١٩٦٤ی ئەمریکا لەململانێی جۆنسۆن دژی **گولد واتەری** ڕکابەری کۆماریخوازە ڕاستڕەوەکەی دروست کراوە. لەم ڕاگەیەنراوە پروپاگندەیەدا، کیژۆڵەیەك نیشان دەدرا کە پەڕەکانی گوڵە حاجیلەیەك، یەك یەك لێدەکاتەوە و ژمارەکان بەشێوەیەکی ناڕێك دەڵی ...(( ٤ ،٥، ٧، ٦..))، دوای جێگیربوونی وێنە لەسەر ڕووی کیژەکە، دەنگێکی عەسکەری کەژمارەی پێچەوانە دەڵێتەوە (١٠، ٩، ٨..)) جێگای ئەو دەگرێتەوە. کاتێ ژمارەکە دەگاتە سفر، دەنگی تەقینەوە دەبیسترێ و هەورێکی قارچك ئاسا دەردەکەوێ و دەنگی سەرکۆمار لیندۆن

**جۆنسۆن** دێ کە دەڵێ: ((*ئەمانە، ئەو مەترسییانەن کەرووبەروویان دەبینەوە، دەبێ دنیایەك دروست بکەین کە گشت منداڵەکانی خودا بتوانن تیایدا بەئارامی بژین، یان دەبێ بەرەو تاریکیو گومان هەنگاوبنێین*)). ئەم راگەیەنراوە، بینەران دەخاتەوە یادی ناوبانگی گۆلد واتەر (هەرچەندە ناویشی ناهێنرێ) وەك کەسێك ملکەچی مەیلی هەنووکەییو کەسێکی مەیلداری توندوتیژی کە لەوانەیە دنیا وێران بکا. ئەم راگەیەنراوە بووەمایەی وروژانێکی زۆر، ودیموکراتەکان لەخۆڕا وازیان لەبڵاوکردنەوەی هێنا. هەڵبەتە دوای ئەوەی پروپاگندەیەکی زۆریان لەزەمینەی تۆمەتبارکردنی مەیلی شەڕانگێزیی **گۆلد واتەر** کردبوو.

کارایی خەباتی ئیجابی یان سەلبی، لەکۆتاییدا پەیوەندی بەمەیلی دەنگدەرانەوە هەیە کە پەیامەکەیان قبوڵ بکەن یان مەیلی دەنگدەران بۆ قبوڵ کردنی پەیامەکانیان خۆی لەخۆیدا پەیوەندی بەمەیلو ئارەزووەکانیانەوە هەیە.

**تۆنی شوارتز**، داهێنەری راگەیەنراوی ((گوڵە حاجیلە)) دەڵێ: ((*راگەیەنراوە بازرگانییەکان کەهەوڵ دەدەن شتێك بە گوێگران بڵێن، خۆی لەخۆیدا ئەوەندەی ئەو راگەیەنراوانەی کەپشت بەو بابەتانەی لەناویان دایە، دەبەستن، کاریگەرییان نییە*)) (وەرگیراوە لە گۆلد ١٩٨٦: ١٤٨).

پروپاگندەی (گوڵە حاجیلە)، بەبێ ناوبانگی گۆلدواتەر بەشەڕانگێزیو بەبێ نیگەرانی گشتی دەربارەی مەسەلەی چەکی ئەتۆمی، نەیدەتوانی بەم رادەیە کاریگەربێ. بەبێ نیگەرانی گشتی دەربارەی یاساو رێ‌وشوێن‌وبەبێ‌هەبوونی گوتەو کرداری خەڵکی لەمەڕ رەشپێستەکان، پەیامی (هارتۆن)یش کاریگەرییەکی کەمتری هەبوو.

تائێستا، حزبەکانی بەریتانیا لەهەڵمەتی شەخسی یان سوودوەرگرتن لەشتی عاتیفی، وەك ئەوەی لەململانێکانی ئەمریکادا دەبینرێ، زێدەڕۆییان نەکردووە.

بەڵگەی ئەمەش، تارادەیەکی زۆر ئەمەیە کە لەهەڵسەنگاندنیان، ئەم شێوازە لەوانەیە لەلایەن رای گشتییەوە رەت بکرێتەوە. لەساڵی ١٩٧٠دا **دەنیس هیلی** لەحزبی کرێکاران بەتووندی دژی بەکارهێنانی (پیاوانی دوێنێ)ی رێبەرانی حزبی پارێزگاران بوو لەلایەن حزبی خۆیەوە کە بەپۆستەرەکان هێرشیان دەکردە سەر کەسانی دیکە-. بەڵگەی ئەو، ئەمەبوو ئەم کارە تێگەیشتنی دوورودرێژی نێوان حزبەکان لەمەڕ خۆلادان لەهەڵمەتی شەخسی، پێشێل دەکرد. لەشوباتی ١٩٧٤ رێبەرانی پارێزگاران یەکسەر دوای پەخش کردنی بەرنامەیەکی توندو سەرکوتگەر لەتەلەفزیۆنەوە، پەشیمان بوونەوە. لەساڵی ١٩٧٩ بەرێز **کالاگان** پێشنیاری هاوکارەکانی خۆی لەمەڕ هەڵمەت کردن بۆسەر **خاتوو تاچەر**، رەت کردەوەو ئەم کارەی دوور لەئاستی خۆی زانی. لەساڵی ١٩٨٣ **روی جنکینز**، رێبەری حزبی سۆسیال دیموکرات سوود وەرگرتنی دەزگای پروپاگندەی حزبی لەراگەیەنراوی توندوتیژ دژی دوو حزبە سەرەکییە کە ((لەو باوەڕەدانی کەهەڵبژاردنێکی باشتر هەبێ؟)) ) ڤیتۆ کرد. **رۆجەر کارول** کەلەنووسینی گوتاری رەسمیدا یارمەتی جیم کالاگانی حزبی کرێکاران و پاشان روی جنکینزی رێبەری سۆسیال دیموکراتی لەساڵی ١٩٨٣، دەدا، بەداخەوە رایگەیاند: ((*گەورە سیاسەتمەدارانی بەریتانی پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ خەباتی سەلبیدا نییە*)) (چاوپێکەوتن). خۆلادانی لێپرسراوانی رادیۆ- تەلەفزیۆنی بەریتانی لەبلاوکردنەوەی (گرتە)ی پروپاگندەی ٢٠-٦٠ چرکەیی- کەلەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەپێگەیەك بۆ زۆربەی هەڵمەتە شەخسییەکانی لەقەڵەم دەدرێ-تەگەرەیەکی گرنگی دیکەی ئەم رێگایەیە. ئاگادارییە کورتەکان تەنیا دەتوانن پەیامێکی سادە بگوازنەوەو فۆرمۆلەکردنیان ئامادەکارییەکی زۆرتریان بۆ قبوڵ کردنی هەڵمەتەکان-لەباتی دەستەواژەی

سیاسی ئیجابی-هەیە. حزبەکان، لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەپروپاگندەکانیان دا، سوود لەبەرنامە بەوردی پێناسەکراوەکان ناکەن و بەناچاری، ململانێی سەرەتایی لەناو حزب نزیکەی وەك شتی شەخسی دەردەکەوێ، ولەم رووەوەیە کە گەلێ (گرتە) ماهیەتی شەخسی بەخۆوە دەگرن.

لەساڵی ١٩٩٢ خەباتی هەڵبژاردنی پارێزگاران بەهۆی هەڵمەتی بەردەوامی ئەم حزبە بۆسەر پێشنیارەکانی حزبی کرێکاران لەسەر باج-لەباتی رەواج دان بە سیاسەتی حزبەکەیان-بەشێوەیەکی بەرفراوان لەمیدیاکان دا کەوتە بەر رەخنە.

پارێزگاران لەسالانی ١٩٨٣و ١٩٨٧ بەهۆی هەڵمەتەکانیان بۆ سەر حزبی کرێکاران لەمەڕ سیاسەتی بەرگری و ئابووری کەوتنە بەر رەخنە. هەرسێ ململانێکان، لەبەرچاوی خەڵکیشدا، بێبایەخ بوون. خاتوو تاچەریش لەساڵی ١٩٨٧ تێگەیشت کەململانێی ئەو ساڵە بەپێی پێویست (ئیجابی) نەبووە و دەستکەوتەکانی حکومەتەکەی بەدروستی بەرجەستە نەکردووە. خەباتگێڕانی حزبی پارێزگاران دوو هێڵی بەرگرییان لەبەرانبەر تۆمەتەکانی پەیوەست بەسەلبیەتخوازی هەیە. **هێڵی یەکەم** ئەمەیە کەئەوان بەهۆی وێناکردنی هەڵبژاردن وەك (مەیدانێکی شەڕ) کەتیایدا هەڵمەت و دژە هەڵمەتی تێدا دەکەن، رەخنە لەمیدیاکان دەگرن. وادێتە بەرچاو، بیروڕای رێبەرانی ململانێ لەبەریتانیا ئەمە بێ کە گرتنەبەری شێوازێکی (ئیجابی) لەململانێکانی هەڵبژاردن دا (بۆ نموونە، پێشکەش کردنی لیستێك لەدەستکەوتەکانی حزب یان پێشنیار بۆ رەوتی سیاسەتی ئایندەی حزب)، ماوەیەکی کەم بۆ پەخش کردن، وەردەگرێ. بەواتایەکی دیکە، میدیاکان کار لەشێوەکانی ململانێی هەڵبژاردن دەکەن. بەپێی قسەکانی **کریس پاتن**، ((*ئێمە لەساڵی ١٩٩٢ کاری خۆمان بەلێکۆڵینەوە لەزەمینەی فێربوونی کارو فێرکردن دەست پێکردو رۆژی*

*دوایـی بەیاننامـەی حزبیـی خۆمـان دەرکـرد، بـەڵام لەلایـەن میدیاکانـەوە بڵاونەکرایـەوە. لەبەرانبـەردا، کاتـێ هەڵمـەتمان کردەسـەر حزبـی کرێکـاران، میدیاکان شتەکانیان بڵاوکردینەوەو بەهۆی سەلبیەتمانەوە، رەخنـەمان لێگیرا))* (چاوپێکەوتن). بـەپێی قسەکانی **نیـل کینـۆك** ((*دوای ئـەزموونێك کـە لەساڵی ١٩٩٢ بەدەستمان هێنا، من دڵنیا بووم کە خەباتی سەلبی، خەباتێکی دروستە*)) (چاوپێکەوتن).

لێکۆڵینەوە لـەبواری بڵاوکردنـەوەی پروپاگنـدەی سەلبی وهێرشی نـاو گوتـاری کاندیدایـەك تاراددەیـەکی زۆر بـەرز، رادەگەیـەنرێن (جیمینـسۆن ١٩٩٢ b). شیکردنەوەی هۆکاری بڵاوکردنەوەی میدیاکان لە لێکۆڵینـەوەکانی **کۆلیژ نافیلـد** لەسـەر سـێ هەڵبـژاردنی گـشتی رابـردوو، وکـاری ئـەنجام دراوی ((ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی پەیوەندییـەکان))ی **زانکـۆی لـۆف بـروگ** نیشانی دەدا کـە ئـەم مەسـەلەیە لەمـەڕ بـەریتانیاش، هـەر راسـتە. نزیکـەی ٤٠٪ی بڵاوکردنـەوەی ململانـێی هەڵبـژاردنی حزبـی پارێزگـاران ( بەبـەراورد لەگـەڵ بڵاوکردنـەوەی ٣٧٪ی حزبی کرێکاران و بڵاوکردنەوەی ٤٣٪ی حزبی لیبرال دیموکرات) تایبەت بـوو بـە هێـرش کردنـە سـەر حزبـەکان. ناوونیـشانەکانی هـەواڵی تەلـەفزیۆن بەدەگمـەن ئیجـابیبوون، راپـۆرتی پەیوەسـت بەقـسەی ((ئاگادارکـەرەوە))، ((تۆمەتبارکـەر))، ((هەڵمەتبـەر)) یـا((رەتکـەرەوە)) جیاوازییـەکی زۆری لەگـەڵ راپۆرتی ((ئومێدبەخش)) یان ((پێشنیارکەر)) هەبووە. (هەریسۆن ١٩٩٢: ١٦٢).

دەربـارەی **دووەمـین** خـەتی بـەرگری دەبـێ بگـوترێ، بەڵگـەی سـەرکەوتوویی خـەباتی هەڵبـژاردنی حزبـی پارێزگـاران لەساڵی ١٩٨٣، ١٩٨٧، ١٩٩٢ ئەمـەبوو کەئـەوان سـوودیان لـەو رقـە وەرگـرت کـە لەبەرانبـەر حزبـی کرێکـاران هـەبوو. بـەپێی قسەکانی بەڕێوەبەری پەیوەندییـەکانی حزبـی کرێکـاران لەهەڵبـژاردنی

ساڵی ١٩٩٢، ((*ململانێی سەلبی تەنیا بەوهۆیەوە سەرکەوتووبوو، چونکە ئێمە شتێکی زۆری رابردوومان بۆ پێشکەش کردن بەدەنگدەران نەبوو. ئێمە گەلی شتمان پێشکەشی حزبی پارێزگاران کرد*)) (چاوپێکەوتنی هیل).

لەبەرئەوەی بەڵگەیەکی لەو جۆرە لەمەڕ زەمینەی سەلبیەتگەری لەهەڵبژاردنی دواییدا بەدی ناکرێ، ناتوانین بەڵگەیەك بەبوونی مەیل بەرەو سەلبیەتگەرییەکی زۆر، دەست نیشان بکەین. بۆیە، بەزەحمەت دەتوانرێ خەباتی هەڵبژاردنی سالآنی رابردوو بەنموونەیەکی گوتاری مەنتیقی بزانین. پێش فراوانبوونی مافی دەنگدانو پێش دانانی چەند یاسایەك لەدژی گەندەڵیو بەرتیل لەدوا دواییەکانی سەدەی نۆزدە، کەشی هەڵبژاردنەکانی بەریتانیا بەمەسەلەگەلی وەك تیرۆرو هەڕەشە، بەرتیلو هەڵمەتی ریسواکارانەودەگمەن ئاوێتە دەبوو. لەم مەسەلەیەدا نامە ساختەکەی **زینوفیف** کە لەساڵی ١٩٢٤دا بلآوکرایەوە، بەنموونەیەکی کلاسیکی تیرۆر لەدژی کرێکار لەقەڵەم دەدرێ. لەماوەی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٣١دا، وەزیرەکانی حکومەتی نیشتمانی زۆر بەدڵڕەقییەوە ترسان لەحزبی کرێکارانیان لەناو خەڵکیدا بەهێز دەکرد. سەرۆك وەزیران، **رەمزی ماکدۆنالد** کۆمەڵی پارەی بێنرخی مارکی ئەڵمانی لەناو دەستیدا گوشیو وەك ئاگادارکردنەوەیەك بۆ مەترسییەکانی هەڵاوسان فڕێیدایە بەردەم یەکێك لەوانەی قسەی لەگەڵ دا دەکردن، هاوکارەکەشی ئیدیعای کرد کە حکومەتێکی کرێکاران پاشەکەوتی ئەوانەی پارەیان لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستەدا داناوە، تالآن دەکا. لەساڵی ١٩٤٥ **چەرچل**، ئاگادارکردنەوە ((گشتاپۆیی))یە بەناوبانگەکەی خۆی دەربارەی شێوازی ژیان لەسەردەمی حکومەتێکی کرێکاران خستەروو. لەساڵی ١٩٥١، رۆژنامەی **دەیلی میرۆر** زۆر بەزەقی ناوبانگە شەڕانگێزییەکەی وینستۆن چەرچلی بەبلآوکردنەوەی ئەم پرسیارە لەلاپەڕە

یەکی ژمارەی تایبەتی ڕۆژی هەڵبژاردن، زیندووکردەوە: ((پەنجەی کێ لەسەر پەلاپیتکەیە؟)). ئەوشیکردنەوەیەی لەسەر گوتاری ڕێبەرانی حزبەکان لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٠ کراوە، نیشانی دەدا کە **هارۆلد ویلسۆن** ٧٥٪ی دەستنووسەکانی خۆی بۆ هەڵمەت کردنە سەر حزبەکانی دیکەو ٢٠٪ی بۆ داکۆکیکردن لەپێشینەکانی حکومەتەکەیو ٥٪ی بۆ پێشنیارکردن بۆ ئاینده تەرخان کردووە. بەڕێز **هیس**، ڕێبەری حزبی نازیش ٧٠٪ی دەستنووسەکانی بۆ هەڵمەتو ٣٠٪ی بۆ مەسەلەکانی ئاینده تەرخان کردووە (**ڕۆبەرتسۆن** ١٩٧١). دەکرێ لەو قسانەی سەرەوە، ئەمە هەڵێنجرێ کە پروپاگندەی سەلبی ڕەوشی کۆنی خەباتە لەڕێبازی سیاسی نارازی، هاتۆتە ناو تەکنیکی پەیوەندی ئەمڕۆ. بەلام لەگەڵ هەندێش، لەپروپاگندەی بازرگانیدا، جۆرە نەفرەتێکی گشتی لەبواری ڕاگەیەنراوی هەڵمەتبەرانەدا هەبووە. لێکۆڵینەوەی **ڕێچارد ڕوز** دەربارەی ئەم بابەتە نیشانی دەدا کە ((*دروشمی دنیای پروپاگندە ئەمەیە کە پروپاگندە دەبێ بایەخی خۆی لەسەر تایبەتمەندییە ئیجابییەکانی موشتەری چڕ بکاتەوە*)) (روز ١٩٦٧: ٥١).

بەرنامە تەلەفزیۆنی (گوش جینیفەر) کە لەساڵی ١٩٩٢ لەلایەن حزبی کرێکارانەوە دامەزرا، لەوانەیە عاتیفیترین بەرنامەی سیاسی بێت کەتا ئێستا لەبەریتانیا دروست کرابێت. **کریس باول**، کەیەکێکە لەراوێژکارانی پەیوەندی حزبی کرێکاران، باوەڕی وایە ئەم جۆرە بەرنامانە لەوانەیە لەئایندەدا ببنە شێوازێکی زاڵی بەرنامەی پروپاگندە. ((*ئەم بەرنامەیە، سرنج ڕاکێشو عاتیفی بوو، بەجورئەتەوە ئەو مەسەلانەی بەلێڵی دەربارەی خزمەتگوزاری تەندروستیو ترسی خەڵکی لەبەگشتیبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی (N.H.S) خستنەروو*)) (چاوپێکەوتن). مەبەست لەدروست کردنی ئەم

بەرنامەیە، بەراوردکردنی ئەو دەرمانە جیاوازانەبوو کە بنەماڵە دەوڵەمەندەکان لەبنکەکانی تەندروستی تایبەتی و ئەوانیدیکە لەبنکەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی- کەبەزۆری بودجەی پێویستی نییە- وەریان دەگرت. دوای کەمێك، میدیاکان بەخستنەرووی پرسیارگەلێك لەبواری راستیی ئیدیعاکان، ئامادەکردنی راپۆرت لەمەڕ ناسنامەی کیژێکی تووش بوو بەپیس بوونی گوێ و گومان کردن لەکەسێ کەناوی ئەویان بۆ چاپەمەنییەکان ئاشکراکردووە، تۆمەتەکانی حزبی کرێکاریان دەربارەی (بێدادی) و تەرخان کردنی بودجەی کەم، کاڵ کردەوە. لەکۆتاییدا، مەسەلەگەلی تەندروستی گۆڕان بۆ ئاکاری بڵاوکردنەوەی بەرنامەی تەلەفزیۆنی و حزبی کرێکاران، سیمایەکی سەرکەوتووی بەخۆوەگرت.

لەگەڵ هەندێش، خاڵی سرنج راکێش ئەمەیە کە لەپێش بوونی حزبی کرێکاران لەراپرسییەکانی ٣١ی ئادارو چوار تاپێنج رۆژ دوای کپ بوونەوەی هەراوهۆریاکان، بەدەست هات. راپرسییەکان هەروەها نیشانیان دا کە گەورەیی و بایەخی تەندروستی وەك بابەتێك زۆرتربوو. چیرۆکی پەیوەست بەتەندروستی و لیستەکانی چاوەڕوانی، بەرنامەکانی هەواڵی ناوچەکەو رۆژنامەی ناوچەکەیان کۆنترۆل کردو تاماوەیەك رێگایان لەکۆنترۆلی هەڵمەتی باجی پارێزگاران لەهەواڵەکان گرت. ئامانجی خەباتی حزبێك ئەمەیە کە لەپێناوی خولقاندنی مشت‌ومرێکی گەورە لەمەڕ بەرنامەی کاری خۆی، سوود لەبەرنامەکانی رادیۆ-تەلەفزیۆن و راگەیانراوەکانی پروپاگندە وەربگرێ. لەدیدی داکۆکاریکارانی بەرنامە، ئەوەی بۆ پاراستنی داهێنانی حزب لەدروستکردنی ئەو بەرنامەیە پێویست بوو، بەدواداچوونی بەرنامەی ناوبراو لەدوا هەفتە بوو. بەرنامەی ئامادەکراو ئەمەبوو کە جارێکی دیکە روبین کوك،

وتەبێژی حزبی کرێکاران دەربارەی مەسەلەکانی تەندروستی، بەپشت بەستن بەبەڵگەی ریسوایی واقعی تەندروستیو دەرخستنی (ترس‌ودوودڵی)، بابەتەکە بخاتەروو. بەلاّم بەرێز کوك وای پێباشتربوو کارێکی لەم جۆرە نەکا. ئەو لەئامادەکردنو پێشکەش کردنی بەرنامە (بەتایبەتی لەبێ‌توانایی وەدەست خستنی رای دایك‌وباوکی جینیفەر)و دەستەویەخەبوونی دواتر ناراحەت بوو، هەستی کرد کە حزب خەریکە پشتیوانیی خەڵکی لەدەست دەدا. پسپۆرانی پەیوەندیو بەتایبەتی بەرێز **کینۆك** لایەنگیریان لەبەردەوام بوونی بەرنامەکە کرد، لێپرسراوو سیاسەتمەدارانی دیکەی حزبی کرێکاران بە بەردەوام بوونی رازینەبوونو نارەزابوونیان لەخەباتی هەڵمەتبەرانە، تەواو سەرکەوت.

هەندێ رەخنە لەخەباتی سەلبی لەکرۆکی مەسەلەکە دوورکەوتوونەتەوە. لەهەر خەباتێکدا، چ لەسیاسەتو چ لەبازرگانیدا، پسپۆرانی پەیوەندی ناچارن هاوسەنگییەکی کارا لەنێوان هەڵمەتو بەرگریدا بەدەست بهێنن. بەشێکی گرنگ لەچالاکی پەیوەندی حزبێکی سیاسی ئەمەیە سیمایەکی سەلبی بداتە پێشینەی رکابەرەکانی خۆیو ئامارژە بۆ هەڵەکانی رابردوو، وبێ‌تواناییەکانیان بکا. شێوازێك کە تا سالاّنی دوایی لەپروپاگندەی بازرگانیدا مۆڵەتی نەدەدرا. هەڵسووڕێنەرانی ململانێکان داخوازی چڕکردنەوە لەسەر هەڵبژاردە سیاسییەکانن- هەڵبەت بەوشێوەیەی خۆیان پێناسەی دەکەن، نەك بەو شێوەیەی کەلەلایەن حزبی رکابەرەوە پێناسە دەکرێ-. هەروەها حزبێك بەشێوەیەك مایەی دەرك بێ، داخوازی تەئکیدکردنە لەبواری بەراورد- هەڵبەت بەقازانجی خۆی- لەنێوان خۆیو حزبە سیاسییەکانی دیکە.

ئەوەی لەچاوپێکەوتنەکانی مندا دەردەکەوێ، بوونی ئەم بیروباوەڕە لەناو هەڵسووڕاوانی ململانێ‌دایە کەخەباتی سەلبی، کارسازن. ئەم جۆرە خەباتە

لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆتە بەشێك لەزانیاری‌وزانینی راوێژارانی پیشەیی. بەڵگەیەك ئەمەیە کە ((بەدیدی ئەوان، لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی هەر خەباتێك سەرکەوتنە، هەر شێوازێك وا بێتە بەرچاو کاراتربێ، دەبێ سوودی لێوەربگیرێ، ئەگەر بڕیار بێ خەباتی سەلبی رابگیرێ، دەنگدەرانیش دەبێ بە بەراورد لەگەڵ پەیامی ئیجابی، دەست لەوەرامی راحەتتر بۆ پەیامی سەلبی هەڵبگرن)) (فوستەرو موست ١٩٩٢: ٢٠). گەلێ دەستەی بەڕێوەبەر وا دەزانن رەچاوکردنی کورتی‌وپوختی لەراگەیەنراوێکی سیاسیدا، دەگاتە ئەو ئەنجامە کە راگەیاندنی پەیامێکی سەلبی لەمەڕ حزبی رکابەر بە بەراورد لەگەڵ رەواج پێدانی پەیامێکی ئیجابی لەمەڕ خۆی، ئاسانتر دەبێ. دەستە بەڕێوەبەرایەتییەکان لەبەریتانیا رایدەگەیەنن کەزۆربەی ئەو راگەیەنراوانەی لەدوا هەڵبژاردن دا، زۆر کاریگەر بوون‌و لەبیرناچنەوە، ئەوانەن کە سەلبیبوون. وەك: ((**پیاوانی دوێنی**))، ((**کرێکار کارناکا**))، ((**گرفتە دووسەرەکەی کرێکار**))،((**هەواڵی چاوەڕواننەکراوی کرێکار دەربارەی باج**))و((**پیاوی هەوێن**)). ئەوان، هەروەها گلەیی ئەوە دەکەن کە گەلێ سیاسەتمەدار بەبێ ئەوەی بەدروستی لەپروپاگندەی سەلبی گەیشتبن، رەخنەی لێدەگرن. بەپێی قسەکانی بەڕێز **تیم بیل**. سەلبیگەری شێوازێکی نوێ نییە، بەڵکو بەکارهێنانی یەکێك لەدوو نموونەی سەرەکی نێو زەمینەی پروپاگندەی سیاسییە:

*نموونەی یەکەم، ((سەردەم، سەردەمی گۆڕانە)) کە تیایدا خۆت نارەزامەندی خۆت لەدەوڵەت توونتر دەکەی. نموونەی دووەمیش ئەمەیە کە (سەردەم، سەردەمی گۆڕان نییە)، کەتیایدا داوا لەخەڵکی دەکەی متمانە بەحزبی رکابەر نەکەن. سرنج دان لەم خاڵە بایەخدارە کە گەلێ کەس لەژیانی واقیعیدا، حەزیان لەمەترسی نییە. ئەوان، بەزۆری بڕیاری سەلبی دەدەن، چ لەمەڕ گۆڕینی کارو چ*

*لەمەڕ گۆڕینی خانوو، چونکە لەدیدی ئەوان دا ئەم بڕیارانە بودجەی پێویستە. ئەمە، وەك لەژیانی واقیعیدا دەبێتە نائومێدی، لەسیاسەت بەم جۆرە نییە. (چاوپێکەوتن).*

**وینستۆن فلــچەر**-یش کە لەبواری پروپاگندەدا یارمەتی حزبی SDPدا، سەلبیگەری بەشتێکی تازە نازانێ، بەڵام بەکاریگەری دەزانێ: ((*پروپاگندەی ئیجابی هیچ کاریگەرییەکی نییە، چونکە گشت حزبەکان لایەنگری ئامانجی هاوشێوەن: ئاشتی، بەختیاری، خزمەتگوزارییەکی باشتر، جادەی بەئاسایش و شتی لەم جۆرە. پرسیاری سەرەکی ئەمەیە کە ئەوان (چۆن) دەتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن و نیشان دانی ئەمە لەراگەیەنراوێك دا زۆر زەحمەتە*)) (چاوپێکەوتن). بەڵام ئەوانی دیکە ئیدیعایان کرد کەپەیوەندییە سیاسییەکان لەساڵانی دواییدا، گۆڕاون. بەپێی قسەکانی **کریس پاول**:

*ڕاگەیەنراوە هەڵمەتبەرەکان کاریگەرن. خەڵکی بەشێوەیەك لەسیاسەتمەداران نائومێدبوون کەئێوە ناتوانن بەدەربڕینی شتی ئیجابی خۆت، ئەوان ڕازیبکەیت. بەڵام ئەوان ئامادەیی ئەوەیان هەیە خراپتربوونی گرووپەکانی دیکە قبوڵ بکەن... پروپاگندەی سیاسی دەبێ نیشانی بدا کەئەگەر ڕەوتی کارەکان بکەوێتە دەستی ڕکابەر، بارودۆخەکە خراپتر دەبێ. خەڵکی بەشێوەیەك لەسیاسەت بێزار بوون کە دەڵێی گوشار دەخەیتە سەر دەرگایەکی کراوە. ئەگەر ئەوان لەلایەنی ڕکابەر دوودڵن، تۆ دەبێ ئەوان لەسەر ئەو بارە دوودڵییە، بهێڵیتەوە. (چاوپێکەوتن).*

**جۆن شارکی** کە لەساڵی ١٩٨٧ خەباتی **ساتچی** بۆ پارێزگاران بەڕێوەبرد، هەر بەو بارە دەروونییەوە، ڕایگەیاند:

*خەڵك مەیلێکی زۆریان بۆ سیاسەت نییە. لەبەر هەندێیە، تۆ ناتوانی ئیجابی بی. خەڵکی حەزیان لێنییە بەدوای ئیدیعای ئاڵۆزی سیاسەتمەداران بکەون کەداکۆکی لەپێشینەکانی خۆیان دەکەن. دەنگدەران پێڕەوی غەریزەکانی خۆیان دەکەن و بەم شێوەیە ئیدیعاکانی حزبێك لەبواری دەستکەوتەکانیان دا، بەموبالەغە دەزانن. تۆ ناچاری نیگەرانییەکانی دەنگدەران رەچاوبکەی. تۆ ناتوانی ئەوان بەگوتنی ئەو خاڵەی کەدەڵی ئەوان لەکارامەیەکی ئەبەدیدا دەژین یان ئەوەی سیاسەتمەداران توانای وەدی هێنانیان هەیە قەناعەت پێبکەی. لەراستیدا، تۆ ئەم دروشمە بەرزدەکەیتەوە کەدەڵی (دەنگ بەکرێکاران بدە تا گشت شتە ناهەموارەکان هەموار بکەی))و خەڵکی لەم دروشمە ناگەن. (چاوپێکەوتن).*

یەکێك لەدەرەنجامە سەرنج راکێشەکانی راپرسی دەزگای مۆری، کەدوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ کران، وەرامی ئەم پرسیارەبوو: ((*کامە هۆکار لەدەنگدانی تۆدا کاریگەرییەکی زۆرتری هەبووە، پەیوەندی تۆ بەحزبی ناوبراو یان بێزاریت لەحزبەکانی دیکەدا؟*)) ٣٧٪ تا ٥٥٪ی دەنگدەران، بێزاری خۆیان لەحزبەکانی دیکە لەدەنگدانی ساڵی ١٩٩٢دا، بەکاریگەرتر لەپەیوەندی بەحزبێکی تایبەتی زانی. ئەم مەسەلەیە، لەوانەیە تاراددەیەکی زۆر، وەرامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە کرو کردوویەتی: ((*دەبێ ئەم بابەتە روون بکرێتەوە کە... بۆچی ئەوکاتەی کەراپرسییەکان چەندان جار باس لەحەزی خەڵکی بەکۆتایی هاتنی جوێندان، دەکەن، هێشتاش باشترین پروپاگندە، ئەو پروپاگندەیەیە کە لەچوارچێوەیەکی سەلبیدا بێ*)) (کروو هاروپ ١٩٨٩:XV).

بەڵام هۆی رەنجانی گشتی لەسیاسەتمەدارو حزبەکان چییە؟ ئایا بەبەراورد لەگەڵ رابردوو، نائومێدی لەدەستکەوتەکانی حکومەت زیاتر بووە؟ ئایا ئەمڕۆ

سیاســـەتمەداران لەداڕشـــتنی سیاســـەت و ئەنجامـــەکانی، بێکاریگـــەرترو بێمتمانـەترن؟ ئایـا مـەیل بـۆ گرتنەبـەری شـێوازی سـەلبی لەراپۆرتـە هـەواڵ دا هۆکاری رەنجانی گشتییە یان دەرەنجامەکەیەتی؟ یان هەم هۆکارەو هەم ئەنجام؟ بەڵگەی بەدەست هاتوو لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیشانی دەدەن کە مامەڵەی راستەوخۆ لەگەڵ پروپاگندەی (سەلبی) یان (هەڵمەتبەر)، بەدگومانی دەنگدەران لەمەڕ سیاسەت و رەوتی هەڵبژاردن زیاتر دەکا (ئاسنولابهەر، ئینگار، سیمۆن وڤالنتینۆ ١٩٩٤). رۆژنامەنووسی جاسووسی کە لەبەریتانیا و هەروەها لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ریسواییەکەی واتـەرگێت وەرەونـەق کـەوت، بـەردەوام لەبۆسـەی ریسواییە سیاسـی-واقیعـی یـا خەیاڵییـەکان دایـە. لەهـەردوو وڵات، هـەوڵی زۆر ئاشـکرای هەڵـسووڕاوانی حزبـی لەدەسـتکاری میـدیاکان، کاردانەوەیـەکی لـەناو هـەواڵنێران دا خولقانـدووە. لەویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا، هـەواڵنێران بـۆ ئـەوەی نیشانی بـدەن کـە قـەرزاری کاندیـدای سـەرەکی نـین، رەخنـەی زۆرتریـان لێـدەگرن (گرابـەر ١٩٨٩). هـەواڵنێرانیش لەوانەیـە بەگرتنەبـەری شـێوازێکی (بێزراوانـە) لەبەرانبـەر حزبەکان، هەوڵ بدەن ستراتیژیەتی میدیاکانیان بۆ خوێنەرو بینەران ئاشکرا بکەن. کاریگەری ئەم (پەردەلادانە) لەوانەیە بەدگومانی لەناو دەنگدەران زیاتر بکا. بەواتایەکی دیکە، خەباتی (سەلبی)ی حزبەکان لەلایەن راپۆرتە هەواڵی سەلبی هەواڵنێران تەواو دەکرێ (پترسۆن ١٩٩). بـری دی، کە لەساڵی ١٩٧٠و هەروەها لەدوو ململانێی حزبی پارێزگاران لەساڵی ١٩٧٤ هاوکاری لەگەڵ ئەو حزبەدا کرد، دەڵێ:

*ئـــەمڕۆ، میـــدیاکان گـــەلێ کـــەس بەرجەســـتە دەکـــەن و دوای لەرادەبـــەدەر گەورەکردنیان، تەواوی هێزی خۆیان بۆ بێ متمانەکردنیان دەخەنەگەڕ. ئەمە،*

*دەکرێ لەمەڕ ئەستێرەکانی دنیای وەرزش، کەسایەتییە ساختەچییەکان، بنەماڵەی پاشایەتیو سیاسەتمەداران ببینرێ. بۆ نموونە، کلینتۆن ئێستا بەشێوەیەك تێکدەشکێنرێ کە کەنەدیش هەرگیز ئەمەی بەخۆوە نەبینیوە. بەدواداچوونی میدیاکان بۆ هەواڵی سیما ناسراوەکان، بەم مانایەیە کەئەوان تەمەنێکی بەسوودی کورتیان هەیە، خەڵکی بەخێرایی ماندوو دەبن. سەربار، میدیاکان ئاگایان لەمەش هەیە کە ناوونیشانێك لەهەواڵە نەخوازراوەکان دەردەهێنرێن کەبواری دروستکردنیان لەهەواڵی ئاسایی، دەگمەنە. هەروەها پروپاگندەی سیاسی بەشێوەیەکی ئاساتر بەڕێوە دەچێ. تۆ دەتوانی لایەنی بەرانبەر ببینی کەخەریکی تێکدانی کاروبارەکانە (چاوپێکەوتن).*

ئەو شتەی لەچاوپێکەوتنەکانم دا نەبینرا، ئەم ئەگەرە بوو کە پروپاگندەی سیاسی بەتەئکید لەلایەنە سەلبییەکەی، لەوانەیە ببێتەهۆی نائومێدی گشتی لەسیاسەت.

**خەباتی پێشبینیکارانە**

حزبەکان هەنگاوگەلێکی خۆپارێزانە بۆ پاراستنی تێزە خەباتگێڕەکانیان دەنێن. گرووپی ساتچی لەساڵی ١٩٩٢، چەند قفڵێکی تایبەتی بۆ دەرگاو سندووقەکانی خۆی لە بیرۆکانی نهۆمی سەرەوەی بارەگای ناوەندی لەمەیدانی برکلی، دروست کردبوو. دەزگاکانو کەسانی خۆبەخش ئەوە زامن دەکەن کەتەنیا کەسانی هاوڕا بەحزب لەپرۆسەکەدا بەشداربکەن، بەڵگە نامەکان دەژمێردرێنو مۆری (شەخسیونهێنی)یان لێدەدرێو بەشێوەیەکی ئاسایی کورتەیەك لەژیانی کەسانی هەڵسووڕاوی ململانێ ئامادە دەکرێ. (ئەم کورتەیە، سیاسەتمەداران دڵنیا دەکا کە کاروبارەکانیان کۆنترۆڵ کردووەو لێپرسراوانی پەیوەندیش، لەوان بەبیروباوەرترنین). گشت حزبەکان لەبواری پاراستنی

ئاسایش و ڕێگاگرتن لەدزەکردنی تێزەکانیان تەواو سەرکەوتوو بوون. بەڵام دەربارەی ڕێگاگرتن لەپێشبینی دروستی شێوازەکانی پروپاگندە لەلایەن حزبی ڕکابەرەوە، ئەوەندە سەرکەوتوو نەبوون. کاتێ گرووپەکانی پروپاگندەی هەردوولا (حزبی کرێکاران و حزبی پارێزگاران) لەبەڵگەکانی دەنگدان یان دەنگ نەدانی خەڵکی بۆ حزب دەکۆڵنەوە، بەشێوەیەکی بەردەوام لەخاڵە لاوازەکانی خۆیان و لایەنی بەرانبەریش دەکۆڵنەوە. سەربار، ڕاپرسییەکان و گرووپە ناوەندییەکان یەك بابەت بۆ حزبەکان دەڵێنەوە. بەپێی قسەی یەکێك لە لێپرسراوانی پەیوەندیی حزبی کرێکاران ((*نووسینەوەی خاڵە لاوازەکانی نێو زەینی خەڵکی دەربارەی حزب، بەکردەوە بەواتای نووسینەوەی شێوازی ڕکابەرە*)). گەلێ لەحزبە فەرمانڕەواکان پەیامێکی سەرەکی دەخەنەڕوو، ئەوان لەدەنگدەرانیان دەوێ مۆڵەتی بەردەوامی کارو کۆتایی پێهێنانیان پێبدەن و بۆ گۆڕان و وەرگۆڕان، نەکەونە مەترسییەوە. ئەم پەیامە، داواکاری ئاشکرای حکومەتەکانی کرێکاران لەساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٦، ١٩٧٠، ١٩٧٩ و هەروەها پارێزگاران لەگشت هەڵبژاردنەکانی دوای ساڵی ١٩٧٩ بووە. بەڵام شێوازە پەیڕەوکراوەکان بەدەگمەن نوێبوون. ئەم پەیامە، هەروەها لەدرووشمی (یەکەم شت ئاسایش)ی **بالدوین** لەساڵی ١٩٢٩ و دروشمی **چەرچل** ((یارمەتی بدە تا کارەکەی بکا))، لەساڵی ١٩٤٥ ڕەنگی دایەوە. حزبی نارازی بەردەوام و بەبێ هەڵاوێردن، وادەڵی کەسەردەم، سەردەمی گۆڕانە. لەساڵی ١٩٦٤، حزبی کرێکاران دروشمی (سێزدە ساڵ بەفیڕۆ چووە)ی بەحزبی پارێزگارانەوە چەسپاند و حزبی پارێزگارانیش لەساڵی ١٩٧٩ (نارەزایی زستان)ی لەیەخەی حزبی کرێکاران داو هەردوو گرووپی نارازی سوودیان لەڕای گشتی بۆ گۆڕان، وەرگرت. حزبە فەرمانڕەواکان چالاکی خۆیان لەسەر پێکهاتەی

خۆشحاڵی وترس لەخولقانی گۆڕان لەناو دەنگدەران، بنیات دەنێن. لەبەرانبەردا، حزبە نارازییەکان تەقریبەن بەتەواوی چالاکییەکانیان لەسەر بنەمای نارەزایی، دادەمەزرێنن. لەبەرهەندێ، هەرحزبێك دیدێکی روونی دەربارەی بارودۆخی لایەنی بەرانبەرو شێوەی چالاکییەکانی، هەیە.

ئەمە، بەئاشکرا لەساڵی ١٩٩٢ بینرا. تێکۆشەرانی هەردوو حزبی کرێکاران و پارێزگاران، دەنگدەرانی گرنگ بەو پارێزگارە (سستانە)، یان ئەوانەی لەساڵی ١٩٨٧ دەنگیان بەحزبی پارێزگاران داوە، بەڵام دواتر وازیان لەحزب هێناوە، دەزانن. حزبی کرێکاران بەبێ راکێشانی ژمارەیەکی زۆریان نەیدەتوانی سەرکەوێ و پارێزگارانیش لەئەگەری گێڕانەوەی رێژەیەکی بەرچاو لەوان، دەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. لەساڵانی ١٩٨٧ و١٩٩٢ هەردوو گرووپ دەیانزانی کە باج، بەڕێوەبردنی ئابووری و مەسەلەی بەرگری خاڵی لاوازی کرێکاران و تەندروستی، فێرکردن و (دادپەروەری) خاڵی لاوازی پارێزگارانن. هەردوولا بەوردەکارییەکی ئاقڵانە هێڵە پێشبینی کراوەکانی هەڵمەتیان لەلایەن حزبی بەرانبەرەوە، هەست پێ کرد.

ژمارەیەك لێکچوونی ناو بەڵگەنامەکانی بەرنامەرێژیی تایبەتی حزبەکان مایەی سرنج دانن. لەئایاری ساڵی ١٩٩١ دەزگای ساتچی وساتچی لەرێکخستنی شێوازێکی پروپاگندە بۆ پارێزگاران رووبەرووی گرفت بۆوە. حکومەت بەقبوڵ کردنی رەخنەکانی حزبی کرێکاران لەبواری گرفتەکانی بازاڕ، لەزەمینەی حزبی کرێکاران کەوتە ئیش کردن. دەزگاکە بەڵگەی ئەوەی هێنایەوە کەحزبی پارێزگاران دەبێ لەباتی رکابەری حزبی کرێکاران لەبواری پێشکەش کردنی وێنەیەکی (مرۆڤدۆستانە) لەسەر حزب، بگەڕێتەوە بۆ توانا رەسەنەکانی خۆی–لەبواری بەڕێوەبردنی ئابووری–وئەمە بەباشترکردنی خزمەتگوزاریی گشتی

پەیوەست بکا. هەر لەوبارەدا، گرووپی پروپاگندەی حزبی کرێکاران، نووسی: ((*بەڵگەیەکی ئاشکرا هەیە دەڵی دەنگدەران لەو باوەڕەدان کە پارێزگارانی خولی دوای تاچەر لایەنگیریی و بەردەوامییان لەکارەکان دا لەدەست داوە. گۆڕان بۆ (هەڵوێستێکی میانەڕۆ) و هەر لەوبارەدا، پشتگیری زارەکی لەشۆڕشی تاچەر، حکومەتێکی پەرش و بڵاوو بێ ئیرادەی لەزەینی خەڵکیدا، وێنا کردووە*)).

لێکۆڵینەوەی هەردوو حزب لەبواری ئەو بەڵگانەی کەخەڵکی بۆ دەنگ نەدان بەحزبی پارێزگاران لەهەڵبژاردنی گشتیدا، پێشکەشیان کردووە، نیشانیدا گەلێکیان ترسیان لەوە هەبوو کە خولێکی دیکەی حوکمی پارێزگاران لەوانەبوو ببێتەهۆی (بەتایبەتیبوونی) خزمەتگوزاری تەندروستی (N.H.S). ئەم تۆمەتە بەشێوەیەکی کاریگەر لەلایەن حزبی کرێکارانەوە لەهەڵبژاردنی نێوان دوو خول (مان مۆس) لەحوزێرانی ١٩٩١، واتە ئەوکاتەی تەندروستی وەك بابەتێکی هەڵبژاردن بایەخێکی زۆری پەیداکرد و حکومەتی کرێکاران، توانی دەستەڵات بەدەستەوە بگرێ، خرایەروو. خەڵك، لەسەر بنەمای راپرسییەکان، ئینکار نەکردنەکانی حزبی پارێزگارانیان لەبواری هەبوونی بەرنامەیەکی کاری لەم جۆرە قبوڵ نەکرد و حزبی کرێکارانیش پێش هەڵبژاردنی گشتی و لەماوەی هەڵبژاردن دا ئەم هەڵمەتەی درێژە پێدا. لەکۆتایی ساڵی ١٩٩١، کاتێ دەزگای **ساتچی** پێشنیاری کرد حزب بەتەرخان کردنی یەك یان دوو پنی لەبەهای باوی باج لەسەر دەرامەت، ئیلتیزامی حکومەت بەخزمەتگوزاری تەندروستی گشتی بخاتەروو، **کریس پاتن** ئەو شتەی بەکارێکی نومایشی زانی و دژی راوەستا. هەر لەوبارەدا، نیل کینۆکیش رێبازێکی لەو جۆرەی بەتایبەتی بۆ **جۆن سمیس** راسپارد. ساتچی داخوازی پشتگیری لەپارێزگاران لەبواری تەندروستی و کینۆك داخوازی گەشەی زیاتری حزبی کرێکاران لەم بوارەبوو.

بەشێوەیەکی ئاسایی، پارێزگاران بەرنامەکانی حزبی کرێکاران–لەسەر بنەمای بەیاننامەی رەسمی حزب (کەلەساڵی١٩٩٢تێزەکانی بودجەی خۆی بەئەنقەست کەم کردەوە)و هەروەها لەسەر بنەمای راگەیانراوەکانی کۆنفرانسەکانی حزب، وتــەی لێپرســـراوە بەدەســـتەڵاتەکانی حزبـــی کرێکـــاران و بەڵگەنامـــەکانی سیاسەتگوزاری حزب– بودجەی خۆیان دادەنێن و پاشان ئەم پرسیارە دەکەن کە ((**پارەی ئەم کارانە لەکوێوە دێ؟**)) لەساڵی ١٩٨٧، تێزەکانی بودجەی کرێکاران بە ٣٤ ملیارد پاوەند مەزەندە کرا کە بەپێی هەڵسەنگاندنەکان، نزیکەی ٥٠ پنی لەبەهای باوی باجی دەرامەتی دەگرتە خۆ. لەکانوونی دووەمی ١٩٩٢ لەگـەڵ هەوڵـەکانی حزبـی کرێکـاران لەزەمینـەی رێگـاگرتن لەبـەکارهێنانی پێشنیارەکانیان لەلایەن نارازییانەوە، پارێزگاران درێژەیان بەچالاکییەکانیان داو بەداڕشتنی ئاگاداری ((**هەواڵی هەژێنەر لەبواری باج**)) ئیدیعای ئەوەیان کرد کە ئەم پێشنیارانە بۆ هەر خێزانێك ساڵانە بودجەیەکی زیادەی ئەوەندەی ١٢٥٠ پاوەند لەسەر باجی دەرامەت، دەگرنەخۆ. لەبەرانبەردا، حزبی کرێکاران هەوڵیدا رێژەی ئەو پارەیەی بەهۆی هەڵەکانی سیاسەتگوزاری حکومەت بەفیرۆ دەچوو، دەست نیشان بکا، بەڵام ئەم کارە لەلایەن میدیاکانەوە، بایەخێکی وای پێنەدرا.

لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩١، بەڕێوەبەری پروپاگندەی حزبی پارێزگاران، **شـاون ودوارد** لە بەڵگەنامەی ستراتیژیخۆی بۆ رێبەرانی حزب، باسێکی بەناوی ((سەرسووڕماویی هەڵبژاردنی حزبی کرێکاران)) نووسی. ئەو پێشبینی کرد حزبی کرێکاران لەدوا قۆناغەکانی ململانێدا، پشتگیری لەهەڵبژاردنی رێژەیی دەکەن. ودوارد لەم بارەیەوە پشتی بەراپرسییەکانی سەرەتای هەمان ساڵ بەست کەنیشانی دەدا، بەو هەنگاوە ٢ تا٣٪ی دەنگ بۆ حزبی کرێکاران زیاد دەبێ. لەراستیدا، **نیل کینۆك** لەبواری سوودی ئەم هەنگاوە راسپاردەی راپرسییە

تایبەتییەکانی وەرگرتبوو، لەسەرخۆ حزبی بەرەو ئەوە دەبرد. هەنگاوێك كە لەدوا هەفتەی ململانێکان، وەدیهات. بەپێی بەڵگەنامەکانی ستراتیژی حزبی پارێزگاران، حزبی کرێکاران داستانێکی گوناه یان خەمبارانەی لەبواری مەسەلەی تەندروستی وەك ساڵی ١٩٨٧ دادەڕشت و وەزیران و لێپرسراوانی حزبیش لەم رووەوە، چەندان ئاگاداریی پێویستیان دایە سەرنووسەرانی رۆژنامە دۆستەکان بۆ رووبەرووبوونەوەی. حزبی کرێکاران لەململانێکان دا، بەو شێوەیەی پێشبینی دەکرا، دەرکەوت.

لەماوەی ئەو رۆژانەی کە **جۆن مێجەر** وەك سەرۆك وەزیران جێی **خاتوو تاچەری** گرتەوە، **فیلیپ گۆلد** لەحزبی کرێکاران پێشبینی کرد کە ئێستا پارێزگاران دەتوانن مەیلی دەنگدەران بۆ گۆڕان هەڵسەنگێنن. حزبی پارێزگاران ململانێکانی خۆی لەسەر بنچینەی دروشمەکانی ((ئێوە ناتوانن متمانە بە کرێکاران بکەن. ئێوە دەتوانن متمانە بە مێجەر بکەن)) و ((ئێمە گۆڕانکارییەکانمان خولقاندووە)) و هەروەها لەسەر بنچینەی هەڵبژاردن، موڵکایەتی، باجی کەم و خزمەتگوزاری گشتی شایستە، دامەزراندبوو. هەروەها، گرووپی پروپاگندەی حزبی کرێکاران جۆری ئەو هەڵمەتانەی کە لەوانەبوو پارێزگاران لەدژی کینۆك و حزبی کرێکاران و بودجەی بەرنامەکانی کرێکاران بیگرنەبەر، پێشبینی کرد. لەسەر بنچینەی پێشبینییەکانی ئەم گرووپە، ئیدیعاکانی پارێزگاران بەم شێوەیەبوو:

((حزبی کرێکاران حزبی باجی سەنگینە)).

((ئەندامانی حزبی کرێکاران بێ ئەزموونن)).

((حزبی کرێکاران لەلایەن یەکێتییەکانی بازرگانی کرێکارانەوە رێبەرایەتی دەکرێ)).

((حزبی کرێکاران لەرووی ئابوورییەوە، بێتوانایە)).

**گرژی نێوان سیاسە تمەداران و لێپرسراوانی پەیوەندی**

لێپرسـراوانی پەیوەنـدی پیـشەیی، هەنـدێجار بـەبارێکی بـەئازار لەگـەڵ سیاسـەتمەدارو دەزگا حزبییـەکان دەژیـن. راسپاردەکانی ئـەوان لەوانەیـە، وەك راسـپاردەی کارمەنـدانی حکومـەت یـان لێپرسـراوانی حزبـی لەلایـەن سیاسەتمەدارانەوە پشتگوێ بخرێ یان مایەی سرنج دان بێ. هەر بەو شێوەیەی کـە راپرسـە تایبەتـەکان بـەزۆری لـەدەرەوە دەهێڵرێنـەوە، یـان رێگـا لەدیـدەنی راستەوخۆ یان لەگەڵ رێبەران دەگیرێ، لەمەڕ لێپرسراوانی پەیوەندیش بەزۆری ئەم نێوانە لەبەرچاو دەگیرێ. لەهەردوو حزب دا، دەبێ راگەیەنراوی پروپاگندەو زۆربـەی بەرنامـەکانی رادیۆوتەلـەفزیۆن دەربارەی هەڵبـژاردن (حزبـی کرێکـاران، بـەهۆی بێسـەروبەری نـاو سـەرکردایەتییەکەی لەسـاڵی ١٩٧٩، ئیستـسنابوو) لەلایـەن لێپرسـراوێکی پلەبـەرزەوە کەهەنـدێجار دەگاتـە سـەرۆکی حـزبیش، ببینرێن. راوێـژکارانی ململانێی **هارولد ویلسۆن** و **جیمس کالاگان** گومانیـان نـەبوو کە دوا بڕیار لەلایەن رێبەری حزبەوە دەدرێ.

# پوختە

ئەم بەشە، لەڕێگا جۆراوجۆرەکانی بەراوردێکی کارای ململانێکانی هەڵبژاردن دەکۆڵێتەوەو ئەم پرسیارە دەکا ئایا مەسەلەگەلی وەك بەرنامە داڕشتن، پەیوەندیی پیشەیی و چالاکییە چڕکراوەکان چ جیاوازییەکیان هەیە؟ لەدواییدا، تەگەرەکانی بەردەم کارایی تاووتوێ دەکرێن و ئینجا رادەی یارمەتی ململانێ مودێرنەکان بۆ باشترکردنی چۆنایەتی دیموکراسیی هەڵبژاردن، هەڵدەسەنگێنرێن.

**یەکەمین** گرفت کە رووبەرووی دەبینەوە، خودی واتای (خەبات)ە. ئاماژە بۆ وشەی (خەبات)، ئەو رێکخراوە تاك مەبەستانە وەبیردێننەوە کەتیایاندا کاندیدا، کارمەندو لێپرسراوانی حزب بەبەشداریکردن لەچالاکییەکی چڕوپڕ بەمەبەستی وەدیهێنانی ئامانجە دەست نیشان کراوەکان، پێکەوە هاوکاری دەکەن. ئەمڕۆ، بەدڵنیاییەوە حزبەکان سرنجێکی زۆرتر دەدەنە بەڕێوەبردنی بەرنامەی کاری خەبات، سوودوەرگرتن لەشێوازەی پسپۆرتری پروپاگندەکان، سوودوەرگرتن لەراپرسییەکان بۆ بەدواداچوونی ورەی دەنگدەران و مولزەم کردنی وتەبێژانی حزبی بەملکەچ کردن بۆ ستراتیژ یان یان (بەرنامە)ی حزب. لەگەڵ ئەمەش، ژمارەیەکی کەمی بەشداران یان چاودێرانی پلەبەرز لەوانەیە بوونی ستراتیژی جدی و پێڕەوکردنی واقیعی شێوازە وردەکانی هەڵبژاردن، بدەنە پاڵ حزبەکانی بەریتانیا. ئەو راپۆرتە واقیع بینانەی کە لەململانێکانەوە ئامادە دەکرێن، دەبێ رۆلی بڕیاری تایبەت، پێشهاتەکان، کاروباری رۆژانەو سستی لەکارەکان و کەمێك لەئیلهامە شەخسییەکان و هەروەها هەڵە گەورەکانیش لەخۆدا رەنگ بدەنەوە. **کریس پاتن**، بەڕێوەبەری ململانێی هەڵبژاردنی حزبی پارێزگاران لەساڵی ١٩٩٢ کە بەتووندی کەوتبووە ژێرباری کاروبارەکان. دەڵێ: ((هیچ

*بوارێك بۆ بڕیاری ستراتیژیك نییه. بارودۆخی ئێمه وەك بارودۆخی ئەو کەسانەیە کە سواری لۆژ (عارەبانە ئاسا کە لەبەرزاییە پڕ لەبەفرەکاندا سوودی لیوەردەگیرێ و.ف) دەبن و هەوڵ دەدەن لەناویدا خۆیان کۆنترۆل بکەن))* (چاوپێکەوتن).

سەربار، شیکردنەوەکان دەبێ تاکگەرایی رووتی گەلێ لەگەورە سیاسەتمەداران کەداخوازی جێبەجێکردنی مەبەستەکانیانن، بخەنەبەر باس و لێکۆڵینەوە. **تۆنی بن** لەساڵی ١٩٧٠، وەك نەژادپەرستێك هەڵمەتی کردەسەر **ئینوچ پاول**، وئەمەش **هارۆلد ویلسۆنی** سەرۆك وەزیرانی تووڕەکردو ئەو لەو باوەڕەدابوو کە ئەم هەڵمەتانە دەبنەهۆی پروپاگندەیەکی زۆرتر بۆ پاول و زیاتر خۆشەویست بوونی لەناو دەنگدەرانی کرێکارانی **ویست میدلندز**. لەساڵی ١٩٨٣ **جیم کالاگان** بەئاشکرا خۆی لەسیاسەتە بەرگرییەکانی حزبی کرێکاران جوداکردەوەو **دەنیس هیلی** چەند بیروبۆچونێکی نالەباری لەمەڕ ((شانازییەکانی)) **خاتوو تاچەر** دەربارەی (کوشتار)ی فوکلاند راگەیاند، **نیل کینۆك**-یش وێڕای راسپاردەی داڕێژەرانی ململانێکان بەوەی کەخۆ لەشەڕی فوکلاند نەگەیەنێ، بیروبۆچونێکی هاوشێوەی راگەیاند. سیاسەتمەدارە گەورەکان بەشێوەیەکی ئاسایی، بەزەحمەت گوێ لەئامۆژگاری دەگرن. وەبیرهێنانەوەی گوتەکانی یەکێك لەکەسە نزیکەکانی حزبی پارێزگاران لەم بارەیەوە، بێسوودنییە. ئەو ئیدیعا دەکا کە لەساڵانی ١٩٨٧و١٩٩٢ هیچ نیشانەیەکی نەبینی ستراتیژی حزب لەوان ساڵان نیشان بداو جگە لەپروپاگندە، هەبوونی ستراتیژێك لەلای ئەو، جێگای گومان بوو: ((*لەهەڵبژادنێك دا، خەڵکی بوارێکی زۆریان بۆ بیرکردنەوە لەستراتیژ نییە. ئەوان بۆ گوێگرتن لەپروپاگندە کات تەرخان دەکەن، بەلام بۆ شتەکانی دیکە، نا. ئەوە*

*زۆرتر کاری وەزیرە پڕئیشەکانە کەدەچنە تەلەفزیۆن و ئەوەی مەبەستیانە دەری دەبڕن. هیچ کەس بەمێجەر، هێرد یان لامونت ناڵی چی بڵێن))* (چاوپێکەوتنی شربۆرن). یەکێکی دیکە، لەوەزیرەکانی کابینەی پارێزگاران ئیدیعای کرد کە بەپێی ئەزموونی خۆی، کابینە سیاسییەکان ((کەبەزۆری خەریکی زەمینەخۆش کردنن بۆ مەسەلەکانی هەڵبژاردن)) ((بێسەروبەری و ئاژاوەیەکی رووتن)).

*کۆبوونەوەکانی کابینە ئاژاوەو بێسەروبەربوون، چونکە وەزیرەکانی کابینە خوویان بەباس کردنی گیروگرفتێک و ئامادەکردنی نووسینێک دەربارەی و پاشان بڕیاردان لەسەری، گرتبوو. بەڵام کاتێ قسە لەبارەی ستراتیژی هەڵبژاردن بێ، هەر وەزیرێک دیدی تایبەتی خۆی باس دەکا و لەدیدێکی جیاواز دەدوێن و لەبەرهەندێیە ئەم کۆبوونەوانە درێژە دەکێشن (چاوپێکەوتن).*

بەڵگەیەکی زۆر لەسەر لادانی گەورە سیاسەتمەداران لەبەرنامەی کاری ململانێکان هەیە. ژمارەیەک لەم شتانە بریتین لەچاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی کینۆک لەگەڵ فرۆست لەساڵی ١٩٨٧و خۆشحاڵی ئەو لەکۆبوونەوەی شفیلد لەساڵی١٩٩٢، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی خاتو تاچەر لەگەڵ دیڤید دیمبل بی لەساڵی ١٩٨٧، شێوازی مامەڵەی حزبەکانی کرێکاران و پارێزگاران لەگەڵ بەرنامەی تەلەفزیۆنی ((گوش جنیفەر) لەساڵی ١٩٩٢وگوتاری مێجەر لەداکۆکیکردن لەیەکێتییەکانی کرێکاران لەرۆژەکانی دوا هەفتەی پروپاگندە لەساڵی ١٩٩٢. یەکێک لە لێپرسراوانی بیرۆی ناوەندی دوای گوتارەکەی جۆن مێجەر، گوتی: ((بۆچی ئەم قسانەی کرد، مەگەر بڕیارنەبوو ئێمە بابەتی باج بکەینە مەسەلەی یەکەم؟)) ومەسەلەی لەم جۆرە.

**کارایی لەبۆتەی تاقیکردنەوەدا**

هەڵسەنگاندنی کارایی ململانێیەکی هەڵبژاردن یان شێوازێکی تایبەتی بابەتێکی ئاسان نییە، چونکە ئەنجامی هەڵبژاردنێك بەهۆی کۆمەڵە هۆکارێکەوە دیاردەکرێ، ئەو هۆکارانەی کە گەلێکیان ناکرێ بەتەنیا هەڵسەنگێنرێن. زیادبوونی خۆشەویستی حکومەتێك لەوانەیە پەیوەندی بە بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان، گۆڕانی رێبەر یان سیاسەتەکان، هەڵەکانی گرووپی نارازی، یان گۆڕانی رای گشتی خەڵکی کەبەهۆی هۆکاریدیکە روودەدەن، هەبێ، واتە ئەنجامێك لەگەڵ کۆمەڵێ هۆی پێشبینیکراو. ژمارەیەك مەحەکی پەیوەست بەکاریگەری ململانێ تاراددەیەك رۆشن و قابیلی تێگەیشتن، وەك لێکۆڵینەوەی ئاماری لەبواری رێژەی ئەو خێزانانەی بڵاوکراوەکانی حزبیان وەرگرتووە یان لەلایەن هەڵسووڕاوانی حزبەوە بەهۆی پروپاگندەوە راکێشراون. لەبواری راگەیەنراوەکانی پروپاگندە، پۆستەرو بەرنامەکانی رادیۆوتەلەفزیۆن لەسەر هەڵبژاردن، لێکۆڵینەوەی ئاماری دەتوانن لەئاستەکانی یادەوەری یان ناسیاوی لەناو دەنگدەران، بکۆڵنەوە. بەڵام دەبێ سرنج بدرێ کەئەمانە دەرهاوێشتەکانی خەباتێکن و دەرەنجامەکانی. بەواتایەکی دیکە، ئەوان شتێك دەربارەی هۆکارە کاریگەرەکانی سەر دەنگدان بەئێمە ناڵێن. هەروەها دەتوانرێ بۆ وەرگرتنی دیدێك لەمەڕ کاریگەرییە بینراوەکان، لەرەوتی راپرسییەکانی رای گشتی لەبواری رێبەری حزبەکان و بابەتە جۆراوجۆرەکان بکۆڵرێتەوەو تاووتۆی بکرێ. بۆ نموونە، دەزگاکانی پروپاگندە کە کارامەیی چالاکییە بازرگانییەکانی خۆیان بەلەبەرچاوگرتنی ئاماری فرۆشتن یان زیادبوونی بەشی بازاڕ دەپێون، بەشێوەیەکی ئاسایی، لەکاتی قسەکردن لەسەر کارایی لەهەڵبژاردن، بەلێبڕاوییەکی کەمتر دەدوێن. ئەوان، لەوانەیە ئاماژە بۆ کاریگەرییە هەست پێنەکراوەکانی وەك بەرزکردنەوەی وورەی هەڵسووڕاوانی حزب، کاریگەری

خستنه سەر نووسەران، حزبی رکابەر ناچار بە بەرگریکردن، سەرکەوتن لەگفتوگۆکان، زەمینە خۆشکردن بۆ هەڵبژاردنی دواترو شتی لەم جۆرە دەکەن. حزبی لیبرال–کە بە بەراورد لەگەڵ حزبی کرێکاران و حزبی پارێزگاران لەلایەن بەرژەوەندیگەلێکی کەمترەوە لایەنگریی لێدەکرێ–حزبێکە لەدوا هەڵبژاردن دا زۆرترین زیادەی لەناکاوی پشتیوانیی خەڵکی هەبووە.

پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندنی کارایی، لەوانەیە (سەرکەوتن) لەخودی خەبات بێ، لێکۆڵەرو راپرسەکانی رای گشتی دیدوبۆچوونی جۆراوجۆر دەربارەی چۆنیەتی خەباتی هەڵبژاردنی حزبێك پێشکەش دەکەن. حزبی کرێکاران لەساڵی١٩٨٣ لەرووی راگەیاندنەوە بایەخێکی گونجاوی پێنەدرا–بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن پشتیوانانی خۆیەوە–و لەسەر بنچینەی راپرسییەکان چوارییەکی پشتیوانی خۆی لەماوەی ململانێی هەڵبژاردندا، لەدەستدا. (بڕوانە ئەم خشتەیە):

**وێناکردنە گۆڕاوەکانی خەڵك لەسەر حزبەکان (١٩٨٣) (سەرچاوە: مۆریMori)**

| ئایا لەدەستپێکی هەڵبژاردن تائێستا باوەڕی ئێوە لەمەڕ حزبی (......) باشتربووە، نەگۆڕاوە، یان خراپتربووە. | | | |
|---|---|---|---|
| حزبەکان | کرێکاران | پارێزگاران | یەکێتی |
| (خراپتر) | ٪٤٦ | ٪٢٨ | ٪١٤ |
| باشتربووە | ٪٨ | ٪١٣ | ٪٢٣ |

لەساڵی ١٩٨٧، بەڕێوەبەرانی حزبی کرێکاران سووربوون نیشانی بدەن کەحزب توانای بەڕێوەبردنی خەباتێکی پەسندکراوی-گرنگتر لەهەمووی، قبوڵ کردنی ئەم بابەتەی کەحزب گۆڕاوە-هەیە.

لێکۆڵەران لەساڵی ١٩٨٧و جارێکی دیکە لەساڵی ١٩٩٢ چالاکی ئەم حزبەیان بە بەراورد لەگەڵ حزبی پارێزگاران باشتر هەڵسەنگاند. لەساڵی ١٩٨٧ دەزگای گالوپ ئەوەی هەڵێنجا کە ٤٧٪ی خەڵك خەباتی تەلەفزیۆنی حزبی کرێکاران بەباشترین خەبات دەزانن و ڕێژەی ٢١٪ بۆ حزبی پارێزگاران و ١٧٪ بۆ یەکێتی لیبرال دادەنێن. لەساڵی ١٩٩٢، سەردەمێ کەدەزگای گالوب لەدەنگدەرانی پرسی کامە حزب خەباتێکی بەرچاوتریان هەبووە، ئەم ژمارانە بەدەست هات: کرێکاران ٣٦٪، لیبرال ٣٤٪و حزبی پارێزگاران تەنیا ١٠٪. کاریگەریی ناوبراو هەروەها دەتوانرێ لەچاوەڕوانییەکانی خەڵکی لەمەڕ ئەوەی کامە حزب سەردەکەوێ، ببینرێ. لەنێوان یەکەم و دوا هەفتەکانی ململانێی ساڵی ١٩٩٢، دەزگای گالوپ تێگەیشت کە ڕێژەی ئەو کەسانەی چاوەڕوانی سەرکەوتنی پارێزگاران بوون لە٤٨٪وە دابەزییە ٢٤٪ و هەر لەو بارەدا ئەو کەسانەی چاوەڕوانی سەرکەوتنی حزبی کرێکاران بوون، لە ٣١٪ەوە گەیشتە ٤٧٪ و ڕێژەی ئەو کەسانەی پێشبینی هەڵپەساردنی ئەنجوومەنیان دەکرد لە ٥٪ەوە گەیشتە ١٨٪.

لەدواییدا، دەکرێ ڕەوتی گۆڕانکاری لەڕای گشتی بخرێتە بەرچاو. لەساڵی ١٩٩٢ لێکۆڵینەوەکانی ئامار نیشانیان دا کەحزبی کرێکاران بەدرێژایی ماوەی خەبات بۆ مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان لەپێش بوونێکی گەورەی هەبوو، وەدەنگدەران بەزۆری بابەتەکانی ئامانجی حزبی کرێکارانیان( تەندروستی، فێرکردن و بێکاری) دەخستە لیستی دیارترین بابەتەکان. لەماوەی هەڵبژاردنیش

دا، بایەخی تەندروستیو فێرکردن تارادەیەکی زۆر، بەرزبۆوە. بەڵام ئەم حزبە لەبەرنامەی کاری ئابووریدا، بەتایبەتی لەبواری باجوهەڵوسان دا نەیتوانی درزی نێوان خۆیو پارێزگاران پڕبکاتەوە. دوا راپرسی پانیلی دەزگای مۆری بۆ **سەندەی تایمز** نیشانیدا کە ٧٠٪ خەڵکی بەواژەی ((*زۆربەی خەڵکی لەکاتی سەرکەوتنی حزبی کرێکاران لەهەڵبژاردن دا، باجێکی زۆرتر دەدەن*)) رازیبوونو تەنیا ٢٤٪ دژی بوون. زۆربەیەکی گەورەی خەڵکی لەو باوەڕەدابوون کە باجەکان لەکاتی حکومەتی کرێکاران دا، بۆ ئەوانەی دەرامەتێکی مام ناوەندیان هەیە، زیاد دەبێ. راپرسی دەزگای هەریس لەدەنگە دراوەکان کە بەشێوەی هەواڵی تەلەفزیۆنی سەربەخۆی (I.T.N)کرا، نیشانی دا کە ٤٩٪ی دەنگدەران، رایانگەیاند باردۆخیان لەکاتی پێڕەوکردنی سیاسەتی حزبی کرێکاران لەمەڕ باج خراپتر دەبێوتەنیا ٣٠٪ ی خەڵك، بارودۆخی خۆیان بەباشتر هەڵسەنگاند. هاوڕێبوونی دەرەنجامەکانی پەیوەست بەباجو مەسەلەکانی ئابووری لەگەڵ پێشڕەویی حزبی کرێکاران لەو پرسیارانەی کە بەمەبەستی دەنگدانەوە پەیوەست دەبوون، گومانی هەندێ کەسی دەربارەی بایەخی گەلێ پرسیاری بابەتی وەك دەرخەری دەنگدان، وروژاند. هەتا لێکۆڵینەوەکانی ئامار دوای هەڵبژاردنو هەروەها لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە دەنگە دراوەکانیش، ئەوەیان دەردەبڕی کە دەنگدەران هێشتا بایەخێکی زۆرتر بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن. راپرسییەکانی رای گشتی– وگەلێ لە لێکدانەوەکانی میدیاکان کە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابوون– نیشانیاندا حزبی کرێکاران بەئاشکرا بەهۆی بەرنامەکەی خۆی لەململانێدا سەرکەوتووە. لەگەڵ هەندێش، ئایا ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییانە، وەك دیدەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی ئابووریو ئاستی ژیان، چارەنووسسازبوون؟

ئایا گوتەی رۆژنامەنووسێك لەدەستەواژەی ((ئێمە میللەتێکی درۆزنین)) راست بـوو؟ (هـەریس ١٩٩٢). بەمـسۆگەری، مەسـەلەکانی ئـابووری گـرنگترین بابـەتی بەرنامـەبوونو حزبـی پارێزگـارانیش لەگـەڵ بـوونی لاوازی لەبابەتـەکانی دیکـە، هەوڵیدا ئەم لایەنە کۆنترۆڵ بکا.

حزبی کرێکاران لەململانێکانی ساڵی ١٩٩٢ هەوڵیدا گوناهی کەسادی ئابووری بخاتە ئەستۆی حکومـەتی مێجەر، لەبەرانبـەردا پارێزگـارانیش تازەکاریی جـۆن مێجـەرو جیـاوازیی ئـەویان لەگـەڵ پـێش خـۆی، بەراسـت زانـی. لـەم ململانێیـەدا پارێزگاران گرەویان لـەحزبی کرێکـاران بـردەوە. دەزگـای گـالوپ لـەئاداری ١٩٩٢ نیــشانی دا کــە ٤٨٪ی خــەڵکی، کەســادی ئــابووریی جیهــانی بەئــەنجامی گیروگرفتەکانی ئابووری بەریتانیا دەزانن. ٤٣٪ ئـەوان، ئەمـە بـەکاری حکومـەتی **تـاچـەر** دەزانـنو تـەنیا ٤٪ی خـەڵکی، حکومـەتی **جـۆن مێجـەر** بەخـولقێنـەری ئـەم بارودۆخــە لەقەڵــەم دەدەن. ســەربار، حزبــی کرێکــاران هــەوڵی دەدا متمانــەی دەنگدەران لەبواری توانای ئـابووریو رێبەرایـەتیی **نیل کینـۆك** بەدەسـت بهێنـێ، خەڵکی دەیانتوانی متمانە بەحزبی کرێکارانو هەروەها بە نیل کینۆکیش بکەن. لەگەڵ ئەوەش، راپرسی دەزگای گالوپ لەدەنگە دراوەکان نیشانی دا کە گومانو دوودڵیــی دەنگـدەران لـەم بوارانـە دوو بەڵگـەی گـەورەبوون کەئـەوان بـۆ قبـوڵ نـەکردنی حزب بـەرزیان کـردەوە. لێرەدا پـەیامی حزبـی پارێزگـاران، کارابیـەکی زۆرتری هەبوو: ((ئێوە ناتوانن متمانە بەکرێکاران بکەن)).

رەنگە پێویست بێ بۆ ململانێیەکی (خواستراو) چەند گۆڕانێك لـەپێوەرەکانمان بکــەین. تائێــستا لێکۆڵــەران بەشــێوەی جۆراوجــۆر تەئکیــدیان لەئــەنجامی راپرسییەکانی رای گـشتی کـردووە- هەرچـەندە هەڵـسەنگاندنی دەنگـدەران بـۆ ململانێکـان لەوانەیـە لەبـەر کاریگـەری راپـۆرتی راپرسییەکان دروسـت بووبـێ-

هەڵسەنگاندنی شەخسیی خۆیان لە ورەی گشتیو ((کاری)) (بەشێوەیەکی ئاسایی پسپۆریی نومایشی) سیاسەتمەدارانو هەتا لەکاراییو ئاستی هاوکاری حزبەکان لەچالاکییەکانی میدیاکان، وەرگرتووە. ململانێکانی هەڵبژاردنی حزبی کرێکاران لەساڵانی ١٩٨٧-١٩٩٢ گەلێ لێکۆڵەریان (ئەفسوناوی) کردو خستنیە ئەو بیرەوە کە کاریگەری پروپاگندەی حزب، گرفتە سەرەکییەکانی زەینی ئەوانی تیمارکردووە. کریس پاول، ئەندامی گرووپی پروپاگندەی حزبی کرێکاران لەساڵانی ١٩٨٧و١٩٩٢ گوتی:

*ئایا بایەخی ململانێکانی هەڵبژاردن تا ئەم رادەیە گەیشتووە؟ ئایا ئێمە بەزیانی حزبی کرێکاران هەڵدەسووڕاین؟ ململانێیەکی خوازراو دەتوانێ ئومێدی هەڵبژاردن هەتا ئەودەمەی سیاسەتو کەسایەتییەکانی حزب نەکەوتوونەتە سەر هێڵێکی راستودروست، بپارێزێ. ململانێیەکی باش تەنیا دەتوانێ گرفتە بنچینەییەکانو پێویستیی گۆڕانکارییە بنچینەییەکان لەزەین دا دوور بخاتەوە. (چاوپێکەوتن).*

شیکردنەوەی ململانێی خۆی لەلایەن حزبەوە، لەوانەیە شتێ کە پێی دەگوترێ (کاریگەری پیرۆزبایی- ئاراستەکردن) (لومبو سمیس ١٩٦٨)، بڕووشێ. ئەمە، کاندیدو هەڵسووڕاوانی سەرکەوتوو هان دەدا یارمەتی خۆیان بەسەرکەوتنی حزب زیاد لەپێویست دەربخەنو دەنگدەران بەهۆی هۆشو هێزی دەست نیشانکردنیان، ستایش بکەن. هەر لەم بارەدا، لایەنە دۆڕاوەکانیش بەکەمە زانینێکی لێپرسراویتیان لەشکست، دڵی خۆیان دەدەنەوە، لەوانەیە، هەڵسەنگاندنی گرووپی دۆڕاو لەبواری کاریگەری ململانێکان لەراستی نزیکتر بێ. قەبارە گەورەکەی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر رەوتاری دەنگدان لەبەریتانیاو جێگاکانیتر نیشان دەدا کەهێزە خۆڕاگرەکان وەك چینی

کۆمەڵایەتی، ئایین و لێك جوداکردنەوەی ئینتیمای حزبیی دەنگدەران و هەروەها پێشینەی حکومەت و وێنە زەینییە کۆنەکانی حزبەکان لەرووی هەڵبژاردنەوە چارەنووسسازترن. لەبەرئەوەی لەوانەیە دەنگدەران وەفایەکی کەمتریان بۆ حزب هەبێ و تێکۆشەرانیش شێوازی ئاڵۆزتر پەرە پێبدەن، ئەم مەرجانە گۆڕابن و هەڵبەت، ململانێیەکی لاوازی وەك ململانێی حزبی کرێکاران لەساڵی ١٩٨٣ دەتوانێ بۆچوونەکان بەبێ توانایی و ناشایستەیی حزبێك پەیوەست بکا و حزب بۆچوونەکانی لەدەست بدا. حزبی کرێکاران بەدرێژایی ململانێکانی، لەسەر بنەمای راپرسییەکان چواریەکی پشتیوانیی خۆی لەدەست دا، بەڵام هێشتاش زۆربەی چالاکییەکان بەشێوەیەك لەکاریگەری خستنەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن بایەخێکی پەراوێزییان هەیە. هەڵبەت، ئەم چالاکییە کەم بایەخانە دەتوانن لەململانێ نزیکەکان دا، جیاوازی نێوان سەرکەوتن و شکست دەست نیشان بکەن و سیاسەتمەدارانیش بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئەگەرەی کەلەوانەیە هەوڵەکانیان جیاوازی بخولقێنێ، مەیلی چالاکی پەیدا دەکەن.

**هۆیەکانی ناکارایی**

گەلێ تەگەرە لەبەرانبەر ململانێی کارادا هەن. **ریچارد روز**، نزیکەی سی ساڵ پێش ئێستا، لەلێکۆڵینەوەی داهێنانی خۆی لەسەر ململانێکانی هەڵبژاردن، باسێکی بەناوی ((تەگەرەکانی ئەقڵانیەت))–یان تەگەرەکانی بەردەم بەدواداچوونێکی کاریگەرو سیستماتیکی بیرورا– پێشکەش کرد. ئەو، باسەکەی خۆی بەم ئەنجامەی خوارەوە، تەواوکرد: ((*سیاسەتمەدارانی ئاقڵ، ئەوانەی بەدوای پێشینە دروست کردنی بیروڕاکانی خۆیانەوەن و بەهەنگاوی جێگیروبەسوود وەرگرتن لەبەڵگەی تاقیکراوەیان، تەنیا ئامانجێکی هەڵبژاردن دەگرنەبەر، هەر تەنیا ئەفسانەیەکە. تێکۆشەران تەنیا بەنیوەچڵی و ناوبەناو*

*ئاقڵانە کار دەکەن*)). ئەم هەشت خاڵەی خوارەوە، بەشێکن لەو تەگەرانەی دێنە بەردەم خەباتێکی کارا.

**١-دیارکردنی کات**

دەستنیشانکردنی کات لەهەڵبژاردنێکدا، وەك خەباتی پەیوەندی بایەخدارە. حکومەتێك بەشێوەیەکی گونجاو هەنگاوە نەگونجاوەکانی یان سیاسەتە ئابوورییە تووندەکانی خۆی لەقۆناغە سەرەتاییەکانی کاری ئەنجوومەن پێڕەو دەکا تا بێزاریی کاتی دەنگدانی تا پێش رۆژی دەنگدان، نەمێنێ. لەبەرانبەردا، حکومەتی ناوبراو رێك پێش هەڵبژاردنو ئەوکاتەی کەهۆشیاریی دەنگدەران زیاتر دەبێ، بەرژەوەندیی ئابووری (بینراو)ی (وەك داشکاندنی باج یان زیادکردنی ئیمتیازی خۆشگوزەرانی) یان پێشکەش دەکا. کۆنترۆلکردنی بودجەی ساڵانەی وڵات لەلایەن حکومەتەوە، ئەم بوارەیان پێدەدا کە هەندێ ئیمتیاز دابەش بکەنو ئابووری وڵات بەمەبەستی خولقاندنی هەستی خۆشگوزەرانیو بەهێزی لەناو گەلێ دەنگدەر، دەستکاری بکەن.

حزبی کرێکاران، هاوکاتی بەدەستەوەگرتنی کاروبارو هەروەها لەپێگەی حزبی ئۆپۆزسیۆن، بەزۆری دەستنیشان کردنی هەڵبژاردنی گشتی بۆ بەرنامەکانی هەڵبژاردنی خۆی، بەنەگونجاو زانیوە. لەساڵی ١٩٦٤، ئەم حزبە بودجەیەکی بۆ یەکەمین سوودوەرگرتنی فراوانی خۆی لەتەکنیکی پەیوەندییە گشتییەکان لەهەڵبژاردنی حوزێران تەرخان کردبوو، بەڵام حکومەتی پارێزگاران کاتی هەڵبژاردنی تا مانگی تشرینی یەکەم دواخست. ئەوکاتەی حزبی کرێکاران حکومەتی کەوتەدەست، بارودۆخ زۆرنەگۆڕا. لەساڵی١٩٧٠، پروپاگندەچییەکانی حزب، تێزەکانیان لەسەر هەڵبژاردن لەمانگی تشرینی

یەکەمەوە ئامادە کردبوو، بەبڕیاری **هارۆلـد ویلـسۆن** لـەوەی هەڵبـژاردن لـەمانگی حوزێران بەڕێوەبچێ، غافڵگیرکران.

حکومـەت بـەردەوام لەدەستنیـشان کردنـی کـاتی هەڵبـژاردن سەربەسـت نییـە (کاڤاناک ١٩٨٩). لـەخوولی دوای شەڕ، هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ١٩٥٠، ١٩٦٤، ١٩٩٢ ڕێـک دوای کۆتـایی هـاتنی کاروبـاری ئەنجوومـەن، ئـەنجام دراون. هەڵبژاردنـەکانی سـاڵانی ١٩٥١، ١٩٦٦و تـشرینی یەکـەمی ١٩٧٤ ڕێـک کـەمێك دوای دەست پـێکردنی کاری ئەو ئەنجوومەنانەی کەتیایدا حزبی فەرمانڕەوا، زۆرینەیـەکی پێویست یان هـەر جۆرە زۆرینەیـەکی دیکـەی نەبوو، ڕاگەیـەنران و لەسـاڵی ١٩٧٩ شـدا بـەرێز کالاگـان بەناچـاری کـاتی هەڵبـژاردنی ڕاگەیانـد. لەئـەنجام دا، حکومەتـەکان تـەنیا لـەپێنج خـوولی گـشت هەڵبژاردنـەکانی دوای شـەڕ١٩٥٥، ١٩٥٩، ١٩٧٠، ١٩٨٣و ١٩٨٧ لـەکاتی گونجـاودا کارەکـانی خۆیـان تـەواوکردو توانـای بەرزکردنـەوەی باری ئابووری وڵاتیـان هـەبوو، ولەلایـەن ڕای گشتیشەوە تاڕادەیەکی زۆر پشتگیرییان لێکرا. لـەم پێنج هەڵبژاردنـەدا، حزبی فـەرمانڕەوا تـەنیا لەسـاڵی ١٩٧٠، بەشـێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، هەڵبـژاردنی دواخست. بەڵام هەتا ئەوکاتەی حکومەت کاتی هەڵبژاردنی بەوردی لەبەرچاوە، هۆکاری دیکە لەوانەیە ئامادەیی حزب بۆ هەڵبژاردن ڕووبەڕووی گرفت بکەنەوە، نائـارامی پیـشەسازی، تەنگـژە جیهانییـەکان یـان ئامـاری ناسـازی ئـابووری لەوانەیە حکومەت ناچار بەگرتنەبەری سیاسەتی نەخوازراو بکەن، یان پـەیامی سـەرکەوتن و شایـستەیی بـوونی، بڕووشـێنن. بڵاوکردنـەوەی ئامـاری لاوازی پەیوەسـت بەهاوسـەنگی دراوەکـان، ئـەویش سـێ ڕۆژ پـێش ڕۆژی دەنگـدان لەساڵی ١٩٧٠، لەمستێك دەچوو بەرەو سەرمایەگوزارییە سیاسییە گەورەکەی حزبی کرێکاران لەبواری باشترکردنی هاوسەنگی بازرگانی، ڕاوەشێنرابێ.

**٢-ناكۆكی نێوان ئامانجە سیاسییەكان و ئامانجەكانی هەڵبژاردن**

هەندێ سیاسەتمەدار، لەكۆی بیروڕادا، ئەو جدیەت و پشتیوانییەیان نییە كە دەگوترێ بەمەبەستی قازانج لەبازرگان دا هەیە. هەندێ كەس دەڵێن مەبەستی هاتنیان بۆ ناو ململانێ مەسەلەی ((گرنگتر)) لەسەركەوتن لەهەڵبژاردنە. ریچارد كراسمەن لەساڵی ١٩٦٠ گەیشتە ئەو رایە كە حزبی كرێكاران نابێ سیاسەتەكانی خۆی بەتایبەتی لەبواری موڵكایەتی گشتیدا بەوەی لە رای گشتیدا بە (ناوەڕاست) لەقەڵەم دەدرێ، هاوشان بكا. لەباتی ئەوە، حزب دەبێ چاوەڕوانی شكستی سیاسەتەكانی حكومەتی پارێزگارانی ئێستا و دەركەوتنی بەناچاری تەنگژەی ئابووری بێ: ((*ئەوانەی ئەمڕۆ تەنیا ئامانج یان هەتا گەورەترین ئامانجی حزبی كرێكاران بەدەستەوە گرتنی حوكم دەزانن، لەدیدی من دا نەتەنیا واتای سۆسیالیزمی بەریتانیایی یان دەرك نەكردووە، بەڵكو بەراستی ئاشنای شێوازی كاری دیموكراسی بەریتانیاش نین*)) (١٩٦٠: ٤).

گشت حزبەكان خاوەنی ئەندامانی بنیاتگەران (زۆر دڵسۆز). ئەو هەڵسووڕاوانەی كەبەبێ لەبەرچاوگرتنی پشتگیری هەڵبژاردن یان ئەوەی لەراپرسییەكانی رای گشتیدا، وەك ورەی گشتی پێشكەش دەكرێ، خۆیان بە لێپرسراوی بەرەو پێش بردنی هەندێ سیاسەت و بەها تایبەتییەكان دەزانن. هەندێجار پێشنیار دەكەن، باشترە حزب لەهەڵبژاردن دا شكست بهێنێ و لەپێگەی ئۆپۆزسیۆندا بانگەوازی پرانسیپە (سەرەتایی)یەكانی خۆی رابگەیەنێ: راستكاربوون و دۆڕاندن لەهەڵبژاردن باشترە لەهەڵپەرستی و سەركەوتن بەو هۆیەوە. بۆ نموونە، ئەوان لەوانەیە وا ئیدیعا بكەن كە ((زۆرینەیەكی بێدەنگ)) چاوەڕوانن بەرێبەرایەتییەكی سیاسی خۆبەزل زانی حزبی كرێكاران لەپێڕەوكردنی سیاسەتی سۆسیالیستی یان حزبی پارێزگاران

لەپێڕەوکردنی سیاسەتی ڕاستڕەوانە، بکەونەگەڕ. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، **بری گۆلدواتەر** (ساڵی ١٩٦٤)و **جورج مەکگاورن** (ساڵی ١٩٧٢) نموونەی کلاسیکی ئەو کاندیدایانە بوون کە ململانێی هەڵبژاردنی خۆیان یەك لەدوای یەك بەرەو چالاکی پارێزگارانەو لیبرال ڕێنوێنی کردو لەکۆتاییدا کارەساتێکی هەڵبژاردنیان خولقاند. باڵی چەپی حزبی کرێکاران لەدەیەکانی ٧٠، ٨٠ چەندان جار داوای موڵکایەتی گشتی‌و وازهێنانی یەکلایەنەی بەریتانیا لەچەکە ئەتۆمییەکانی خۆی دەرکرد. لەگەڵ ئەوەی لێکۆڵینەوەکانی ئامار، ئەم مەسەلانەیان بەهۆکاری مسۆگەری لەدەست دانی دەنگ زانیبوو. بەیاننامەی حزب لەمەڕ هەڵبژاردن لەساڵی ١٩٨٣ چەپترین بەیاننامەبوو کە لەلایەن حزبەوە بۆ چەندان ساڵ، ئامادەکرا. هەڵبژاردنی **مایکل فوت** وەك ڕێبەرو جێبەجێکردنی هەندێ ریفۆرمی ناوخۆی حزبیش، ئەو هەنگاوانەبوون کە بۆ دڵخۆشی هەڵسووڕاوانی حزب کران. لەکۆتاییدا، ئەم هەنگاوانە بوونەهۆی ئەوەی بەشی دەنگی خەڵکی بۆ حزب لەهەڵبژاردن لەساڵی ١٩١٨ بەدواوە گەیشتە نزمترین ئاستی خۆی. بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەی حزب دوای شکست، *ڕەخنەی لەبێ‌توانایی حزبی لەنووسینی بەیاننامەیەکی ڕەسمی‌و بەرنامەیەکی سیاسی کە بەدروستی ڕەنگدەرەوەی نیگەرانی‌و پێداویستییەکانی دەنگدەرانی ئاسایی بێ، گرت.* (باتلەرو کاواناگ ١٩٨٤: ٢٧٨) (تەئکید لەدەقی ئەسڵییەوە وەرگیراوە).

حزبەکان، هەندێ کات کەسانێك وەك ڕێبەر هەڵدەبژێرن کە بەپێی ڕاپرسییەکان لەرووی هەڵبژاردنەوە لەچاو مودەعیانی تری ڕێبەرایەتی، ئەوەندە خۆشەویست نین، هەڵبژاردنی **لۆرد هوم** لەلایەن پارێزگارانەوە لەساڵی ١٩٦٣و دەست نیشانکردنی **مایکل فوت** لەلایەن حزبی کرێکاران لەساڵی ١٩٨١ سرنج

راكێشترین نموونەن لەم بوارەوە. هەڵبژاردنەكان زۆرتر كەوتبوونە بەر كاریگەری نیگەرانییەكانی پەیوەست بەتەبایی ناوخۆی حزب، نەك رەونەقیان لەبەرچاوی دەنگدەران. لەهەردوو بواردا، حزب لەهەڵبژاردنی گشتیدا، تێشكاو كەموكورتییەكانی لەمەڕ ڕێبەران وەك بەڵگەیەكی گەورەی شكست لەقەڵەم دراو هەردوو ڕێبەر ماوەیەكی كەم دوای شكست دەستیان لەكاركێشایەوە. وەفاداری بۆ ڕێبەری نوێ، ستراتیژی پێشینەسازی دەنگی كاڵ كردەوە. هەڵسووڕاوانی ناسراوی حزبی كرێكاران لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢، لە كۆبوونەوە تایبەتییەكان دا وەبیریان هێنایەوە كە حزب تا ئەودەمەی نیل كینۆك لەپلەی ڕێبەریدایە، ناگەنە سەركەوتن.

لەوانەیە ڕێبەری حزبێك لەمەڕ رەونەقی هەڵبژاردنی سیاسەتێك گومانی هەبێ، بەڵام لەپێناوی پاراستنی گونجانی حزب، پێی رازی دەبێ. هەموومان شایەدی ئەمەبووین كە بەڕێز كینۆك ماوەیەكی زۆر پێش هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢، پێشنیارەكانی حزبی لەباجو بودجەكان پێناخۆش بوو. بەڵگەی بەدەست هاتووی راپرسییەكانی رای گشتیو تایبەتی ئەو نیگەرانییەی دەنگدەرانی دەردەبڕی كە لەوانەبوو حزبی كرێكاران باجەكان زیادبكا، بەڵام لەمەڕ بودجەی گشتی بە ((لاوازی)) كاربكا. بەدرێژایی ساڵی ١٩٩١، ئەو لەسەرخۆ قەناعەتی كرد كە پێشنیارەكانی حزب لەبواری باجی زۆرتر دەیتوانی بارودۆخی لەرزۆكی باشتركردنی ئابووریش رووبەرووی مەترسی بكاتەوە. بەم بارەوە، نەیتوانی وەزیری دارایی سێبەر، **جۆن سمیس** بەخولقاندنی چەند گۆڕانكارییەك قەناعەت پێبكاو خۆیشی دوای نەزانانە ئاگاداركردنەوەی رۆژنامەنووسان، بەدوای بابەتەكەدا نەچوو. بۆچی؟ هۆیەكی ئەمەبوو كە پێگەی بەڕێز جۆن سمیس لەناوەوەودەرەوەی حزبدا، پێویستی بەوە هەبوو دەبێ بەپارێزەوە مامەڵەی

لەگەڵدا بکرێ. ئەو سیمایەکی دیاری سیاسیو رکابەری بەرێز کینۆك بوو،و بەلایەنی زۆرەوە، دوای شکستی حزبی کرێکاران لەهەڵبژاردن دا جێگەی ئەوی دەگرتەوە. ئەو بەتووندی داکۆکی لەراپۆرتی وەزارەتی دارایی خۆی کرد، داوای کرد تا ئەوکاتەی حکومەت بودجەی خۆی لەساڵی ١٩٩٢ پێشکەش دەکا، سەبر بگرێو هیچ بایەخێکیشی بەحوکمی کینۆك نەدا، هۆیەکی دیکەش ئەمەبوو کە بەرێز کینۆك قەناعەتی کردبوو پێشێل کردنی ئیلتیزاماتی پەیوەست بە بودجەکان لەوانەبوو کابینەی سێبەر پەرشو بلاوبکاتەوەو باری گونجاوی ناوخۆی حزبیش برووشێنێ. ئەنجام ئەمەبوو لاوازی هەڵبژاردنی حزبی کرێکاران–ئەم وێنایەی کە لەوانەیە حزب باجەکان بۆ زۆرینەی کەسەکان زیادبکا– هەروەك خۆی مایەوە.

**٣–نەبوونی زانیاریی بەمتمانە**

هیچ زانستێك لەبواری ململانێی سیاسی یان رەفتاری دەنگدان بوونی نییە، هەروەها هیچ جۆرە کلێشەیەکی زانیاری بوونی نییە کە راوێژکارانی ململانێ وا لێبکا بتوانن ئەم راسپاردەیە بە کاندیداکان بدەن ((ئەگەر دەتەوێ سەرکەوتن بەدەست بهێنی، ئەمەبکە)) یان ((ئەگەر دەتەوێ ئەوەندە دەنگە بدۆڕێنی، ئەو کارە بکە)). راپرسی دەتوانێ حزب لەخاڵە لاوازو بەهێزەکانی ئاگادار بکاتەوە، بەلام ناتوانێ راچێتەیەك بۆ تیمارکردنی خاڵە لاوازەکانی حزب بنووسێ. ئەگەر راپرسییەکانی بیروڕا نیشان بدەن کە رێبازی حزبێك یان رێبەرەکەی لەلای خەڵك باش نین، دەتوانرێ ئەم هۆیە بۆ کەم بایەخ کردنی رێبازی حزب یان رۆڵی رێبەر یان بۆ بەڕێوەبردنی پروپاگندەیەکی چڕوپڕ دەربارەی ئیمتیازەکانیان بەکار بهێنرێ. لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٤ سەرۆك وەزیری حزبی پارێزگاران، سیر **ئەلك دوگلاس هۆم** پسپۆرێکی ناسراوی بواری بەرگریو کاروباری دەرەوە بوو،

وهەر لەبەر ئەم هۆیەش پارێزگاران لەراپرسییەکان دا دەربارەی هەردوو بابەت بەشێوەیەکی بەرچاو لەپێش حزبی کرێکارانەوە بوون. لەلایەکی دیکە، خەڵکی بایەخێکی وایان بەو بابەتانە نەدەدا، بەڵام سێر ئەلك چەندان جار لێیان دوا. لۆرد پۆل، یەکێك لەیاریدەدەرانی سەرۆکی بیرۆی ناوەندی رایگەیاند: ((*هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن بابەتێکی تایبەتییان هەیە کە زۆرتر لەبابەتەکانیتر لێی دەدوێن. بابەتی جۆی بایەخی ئەلکیش بۆمبێکە. ئەو هەتا بەنرخی لەدەست دانی هەڵبژاردنیش، ئامادە نییە واز لەم بابەتە بهێنی*)).(چاوپێکەوتن، فایلی باتلەر). لەساڵانی ۱۹۹۱و۱۹۹۲ راپرسییەکان نیشاندەری کەم بوونەوەی دەنگی حزب لەکاتی نارازیبوونی جۆن مێجەر بەهەڵبژاردنی رێژەیی یان رەتکردنەوەی سەربەخۆییەکی زیاتری سکوتلەندا بوو، بەڵام جۆن مێجەر نەکەوتە بەر کاریگەری ئەم راپرسییانەو دژایەتی خۆی لەدژی ئەوان دەست پێکرد. ئەو نەتەنیا رای گشتی دەربارەی بابەتە ناوبراوەکان بە (مام ناوەندیو عاتیفی) دەزانی، بەڵکو جۆشوخرۆشێکی زۆری بۆ نیشاندانی جیاوازیی سیاسی حزبی پارێزگاران-وەك حزبێکی پاشایەتخوازی یەکگرتوو، وجێگیریی قانوونی- سیاسییەکانیتر دا هەیبوو. بەشێوەیەکی گشتی لەو بڕیارانەی سیاسەتمەداران دەیدەن، دەتوانرێ چەند رەگێکی شەخسی، ئیلهامو گومانی تێدا ببینرێ.

**٤-جیاوازی دیدوبۆچوون لەبواری ستراتیژو شێوازەکانی ململانێ**

تێکۆشەران لەوانەیە لەبارەی ئامانجی سەرکەوتن لەهەڵبژاردن دا، هاوڕابن، بەڵام لەبواری چۆنیەتی وەدیهێنانی دا بیروباوەڕیان جودابێ. لەململانێکانی تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۹۷٤، ژمارەیەك راوێژکارو هاوکارە پلە بەرزەکانی بەرێز هیس گەیشتنە ئەو رایە کە ئەگەر ئەو لەکاتی گەیشتن بەرێبەرایەتی، مەیلی خۆی بەئامادەنەبوونی لەحکومەتێکی (نیشتمانی)دا رابگەیەنێ و تەگەرەیەك لە

بەردەمی حکومەتی نیشتمانیدا بخولقێنێ، ڕەونەقی نیشتمانیی بوونی حزب لەدیدی دەنگدەران کاریگەرییەکی زۆرتری دەبێ. ئەو پێش ئەوە، گفتی دابوو ئەگەر لەهەڵبژاردن دا سەرکەوێ، کەسانیتری دەرەوەی حزبەکەی بۆ وەزارەتەکەی خۆی بانگ دەکا. لەم ڕووەوە، ئەو پێشنیارەی وەك فێڵێك ڕەت کردەوە. لەبەرانبەردا، ژمارەیەك لەدۆستە نزیکەکانی بەرێز هیس کە ڕەونەقی (یەکێتیی نیشتمانی) یان بە بەرزکەرەوەی دەنگەکان دەزانیو پارێزگارانی دیکە لەوانە خاتوو تاچەر، ئەوەیان بەهەنگاوێکی نائومێد زانیو ڕەتیان کردەوە. لەساڵی ١٩٨٧ خاتوو تاچەرو ژمارەیەك لەراوێژکارەکانی، هەوڵەکانی بیرۆی ناوەندیو ڕاگەیەنراوە پروپاگندەییەکانی دەزگای ساتچییان بەهۆی (سەلبیبوون)ی لەراددەبەدەر، خستە بەر ڕەخنە، ئەوان شتی (ئیجابی)تریان دەویست کەپێشینەو کارەکانی حکومەت وەسف بکا. دەزگای ساتچیو سەرۆکی حزب وایان دانابوو کە ئیدیعاکانیان ناراستو بێ بنچینەیەو لەکۆتاییدا، جوداییەکان بوونەهۆی مشتومڕێکی گەورە لە (پێنج شەممەی ناجێگیر)و گۆڕانی شێوەی پروپاگندە.

لەگەڵ تەئکیدی هەڵسووڕێنەرانی ململانێکان لەقسەکردن بەپێی بەرنامەی ڕێبەران، بەزۆری جیاوازیی بیروبۆچوون پەیدا دەبێ. بەیاننامەیەکی ڕەسمی لەوانەیە نەتوانێ جیاوازییە قووڵەکانی بواری سیاسەتەکان چارەسەر بکا، یان ڕێنوێنی-گەلێکی نەگونجاو بۆ مەسەلەکانی ئایندە پێشکەش بکا. پێشتر، ئاماژەمان بۆ بێسەروبەریی حزبی کرێکاران لەهەڵبژاردنی تشرینی یەکەمی ساڵی١٩٧٤کردو ئەوساڵە **ڕوی جنکینزو شرلی ویلیامز**-کەسانی پشتیوانی یەکێتیی ئەورووپا-لەدوو کۆنفرانسی چاپەمەنیدا ڕایانگەیاند کەئەوان وەك ئەندامێکی حکومەتێکی کرێکاری کەئەگەر لەئەنجامی ڕاپرسیدا بەریتانیا

لەیەکێتی ئەوروپا ببەنە دەرێ، نامێننەوە. حزبی کرێکاران و کابینە بە نائومێدییەکی تەواو لەمەڕ مەسەلەی ئەندامێتی بەریتانیا لەیەکێتی ئەوروپا تووشی دووبەرەکی بوون و بەمەبەستی پەردەپۆش کردنی جیاوازییەکانیان سوودیان لەراپرسی وەرگرت. لەساڵی ١٩٨٧، بەڕێز کینۆک و وەزیری دارایی حکومەتی سێبەری حزبی کرێکاران، وەرامی لێک جودایان بەپرسیاری پەیوەست بەئاستی ئەو دەرامەتەی کە پێشنیارەکانی حزبی کرێکاران لەمەڕ باج کاریگەرتر دەکا، دایەوە. هەر لەو هەڵبژاردنەدا، خاتوو تاچەرو وەزیری فێرکردنی کابینەکەی، **کینیس بیکەر**، وەرامی ناکۆکیان دەربارەی پرسیاری رۆژنامەنووسان لەمەڕ ئەوەی ئایا ئەو خوێندنگایانەی لەژێر چاوەدێری لێپرسراوانی ناوچەیی چوونەتە دەرەوە، دەتوانن مانگانە لەخوێندکارەکانیان وەربگرن و دەزگای زانستی خۆیان دابمەزرێننەوە، دایەوە. هەوڵەکانی حزبی (یەکێتی) لەساڵی ١٩٨٧ بەدەرکەوتنی جیاوازی ئاشکرای بیروڕا لەنێوان دوو رێبەردا، **دیڤید ستیل** و **دیڤید ئۆین**، لەبواری مەیلیان بۆ هاوکاری لەگەڵ حزبی پارێزگاران بەرێبەرایەتی خاتوو تاچەر لەکاتی هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەن، بەفیڕۆچوو. نارازییە سیاسییەکان و پشتیوانەکانیان لەمیدیاکان زۆر بەخۆشحاڵییەوە سوودیان لەم جیاوازییانە وەرگرت. جیاوازی بیروبۆچوون لەسەر سیاسەتەکان، لەناو حزبێک دا کارێکی نائاسایی نییە. بەڵام ئەم جیاوازییانە بەزۆری لەکەش وهەوای بەجۆش وخرۆشی ململانێی هەڵبژاردنداو لەبەرچاوی وردبینیی بێبەزەییانەی میدیاکان، لەرادەی خۆیان تێپەڕبون.

**٥-خاڵی لاوازیی یاریکەران**

تایبەتمەندی هەمیشەیی ململانێکانی هەڵبژاردنی بەریتانی ئەمەیە کە سیاسەتمەدارانی هەردوو حزب بەشێوەیەکی تایبەتی گلەیی لە بێتوانایی

لێپرسـراوانی حزبـی دەکـەن و لێپرسـراوانی حـزبیش لیـستێك خـاڵی لاوازی سیاسەتمەداران دەخوێننەوە. ڕێنوێنی شتێکەو چۆنیەتی بەکارهێنانی شتێکی دیکەیـە. ڕێبـەرانی حزبـی پارێزگـاران چ بـدۆڕێن و چ سـەرکەون، بەشـێوەیەکی ئاسایی دەڵێن بیرۆی ناوەندی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووە. هەندێجار ڕەخنـەکان بـەجێ و شایـستەن. دوای شکست لەهەڵبـژاردنی تـشرینی یەکـەمی ١٩٧٤، بـەرێز هـیس ڕەخنـەی لـەکاری بـیرۆی ناوەنـدی گـرت و چـەند گۆڕانکارییەکی لەناو کارمەندان و ڕێنوێنییـەکانی حزب بۆ هەڵبـژاردنی کۆتـایی ئەو ساڵە، کرد. شکستی هەڵبژاردن، بەشـێوەیەکی ئاسایی ڕێگا بە دەرکەوتنی ڕەخنـەی پەیوەسـت بەچـۆنیەتی ململانـێی حزبێـك دەدا، ئـەوەی مایـەی سـرنج دانـە، ئەمەیـە کـە سـەرکەوتنەکانی پارێزگـاران لەسـاڵانی ١٩٨٧و١٩٩٢ هـەر تووشی ئەو چارەنووسە بوونەوە. دوای هەڵبژاردن، سەرۆکی نوێی حزب، **سێر نورمان فاولـەر** کە لەسەفەرەکانی جۆن مێجەر بە پاسـی هەڵبـژاردن، هاوڕێگـای بـوو، لەیەکـەمین دیـداری لەگـەڵ کادیرەکـانی بـیرۆی ناوەنـدی زۆر ڕاشـکاوانە گوتی: ((هەڵبژاردن لەپاسەکە سەرکەوت، نە لەبیرۆی ناوەندی)). بەرنامەی کاری کارمەندانی حزبی کرێکاران لـەبیرۆ ناوەندییـەکانی حزبیش چەندان جار بووە مایـەی ڕەخنـەی ڕێبـەران و کارمەنـدەکانیان-هـەتا ئەودەمـەی حـزب سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـا- و **بـەرنارد دانـۆگ** کـە لەسـاڵی ١٩٧٤ لەگـەڵ هارۆلـد ویلـسۆن هاوکـاری دەکـرد، وەبـیری دەهێنـاوە کەبەرنامـەی کۆبوونـەوەکانی هەڵبـژاردن و کۆنفرانسی چاپەمەنی ڕێبەر ((بەزۆری زۆر خراپ و ریسواکارانە ڕێك دەخران)) (١٩٨٧: ٤٣) ودەزگـای حـزبیش بـە ((حەسـوودییەکی تەسـکبین و هات‌وهـاواری نـاوخۆ)) پـەرش‌وبڵاودەبۆوە و بەدەسـت ((ناکاراییـەکی بـاوەڕ نـەکراو))ەوە دەیناڵاند (١٩٨٧: ٤٤).

کەسایەتی و پسپۆریی ڕێبەرانی حزب لەداڕشتنی پەیامی حزب دا، بایەخی هەیە. لەسەر بنچینەی رای گشتی و گەلی بەڵگەی ڕەوایی، نە بەرێز هیس و نە بەرێز کینۆك، هیچیان بۆ حزبەکەی خۆیان بە بەهرەی هەڵبژاردن لەقەڵەم نەدەدران. ئەوان لەپێگەی ڕێبەرایەتیداو لەدوا هەوڵ دا، وەك ئەندامانی ((گرووپی)) (خەباتگێران) دەناسێنران. بەپێی ڕاپرسییەکان بەرێز هیس کەسێکی (میزاج سارد)و لەپەیوەندیدا لاوازو بەرێز کینۆك ڕێبەرێکی زۆربلێ و بێبڕیاربوو. تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرایەتی بەرێز کینۆك لەحزب دا، مایەی پیاهەڵدانی گەلێ ئەندامی دەزگای پروپاگندەی سێبەری حزب بوو، بەڵام ژمارەیەکی کەم نەبێ، هەموویان ئەویان بە کارەساتێکی هەڵبژاردن دەزانی.

### ٦-بێمتمانەیی لەناو تێکۆشەرە ڕەسەنەکان

ئەندامە پلە بەرزەکانی ململانێ لەوانەیە لەخوێندنەوەکانیان دا بۆ دەستکەوتەکانی هەڵبژاردن جیاواز بن. بوونی بیروبۆچوونی جیاواز دەتوانێ ئاکامی لێپرسراوێتییەکان یان دیدی جیاوازی خاوەنەکانیان و هەروەها ڕکابەریی سیاسی یان ڕێکخراوەیی بێ. ڕێبەرانی حزب ئاگایان لەوەیە کە هاوکارەکانیان هەڵپەرستن و چ حزب سەرکەوێ و چ بدۆڕێنێ، داخوازی بەرزکردنەوەی پلەکانی خۆیانن. هەستی ڕکابەری، ئەوان بەرەو ئەم پرسیارە بەکێش دەکا بۆچی ژمارەیەك لەهاوکاران، پێشینەی کارێکی باش یان بێبایەخیان هەیە، لێکۆڵەرانیش لەم گەمەیەدا بەشدارن. ڕاوێژکارانی ململانێ و لێپرسراوانی حزبی لەهەر پلەیەك دابن (وەك خەزنەدار، کارمەندی پروپاگندە، ڕاپرس، ڕاوێژکاری میدیا یان ڕێکخەری ناوخۆیی)، ((گۆڕەپانی غارغارێن))ێکی تایبەتییان هەیە کە بەردەوام پارێزگاری لێدەکەن. هاوڕێی ڕێبەر لەوانەیە بەدیدێکی جیاواز لەلێپرسراوانی حزبی بڕوانێتە خەباتی هەڵبژاردن. ئەو، زۆرتر

بەرژەوەندی ڕێبەر لەبەرچاو دەگرێو لێپرسراوانی حزب، بەرژەوەندییەکانی حزب لەبەرچاو دەگرن. بەردەوامی کارەکەی پەیوەندی بەسەرکەوتنی ڕێبەرەوە هەیە، لەبارێکدا کاری زۆربەی لێپرسراوانی حزب بەبێ ڕەچاوکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن، بەردەوام دەبێ.

لەمەڕ حزبی کرێکاران، گرفتی چەندان سەنتەری دەستەڵات لە PLP وبیرۆ ناوەندییەکانی حزب بەدەستەگەری بەردەوامی نێوان چەپوراست توندتر بووە. لەنێوان حکومەتەکانی ویلسۆنوکالاگان لەلایەکو بەشی لێکۆڵینەوەی حزبوکۆمیتەی راپەڕاندنی نیشتمانی (N.E.C)، لەلایەکی دیکەوە، گرژییەکی بەردەوام هەبوو، تا ئەو رادەیەی کەهەردوو ڕێبەر دەزگای حزبییان لەدیدی خۆیان دەربارەی ڕێنوێنیو کاتی هەڵبژاردن لەساڵانی ١٩٧٠و١٩٧٨، بێئاگا هێشتەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٠ کرا: ((*لێپرسراوانی ترانسپۆرت هاوس چەندان جارگلەییان لەوە هەبوو کە بەرێز ویلسۆن متمانەی بەوان نییەو هەست دەکا (ئەوان لەکارەکان دا سستن)و زانیارییە بەدەستکەوتووەکان بۆ ستوونی پروپاگندەی ڕۆژنامەکان دەگوازنەوە*)) (باتلەرو پینتوداشینسکی ١٩٧١: ٦١).

جیاوازییە سیاسییەکانی نێوان ڕێبەرایەتی حزبی کرێکارانو دەزگای حزبی تارادەیەکی زۆر لەدەیەکانی١٩٧٠و١٩٨٠دا بەردەوام بوون. بەدرێژایی ململانێی ساڵی ١٩٩١و هەتا بەدرێژایی ململانێکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ متمانەیەکی یەکسان لەنێوان ئەندامە سەرەکییەکانی دەزگای پروپاگندەی سێبەری حزبو کارمەندانی حزب، لەنێوان کارمەندانی حزبو ئەندامانی بیرۆی کینۆكو–بۆ ماوەیەك– نێوان ئەندامانی کادیری کارگێڕی کینۆك، نەبوو. هەندێ کۆبوونەوەی تەرخان کراوی حزب بۆ ململانێکان ((بەشێوەیەکی تایبەتی))و

بەئامادەبوونی بەڕێوەبەری ململانێ و پروپاگندەی حزب، **پیتەر مەندلسۆن** و نە بەڕێوەبەرانیتر، کرا. هەرچەندە، ئەگەر بڕیاربوو بڕیارەدراوەکان جێبەجێ بکرێن، هاوکاری بەڕێوەبەرانی دیکەش، پێویست بوو. جێگری مەندلسۆن نە لەگەڵ یاریدەدەرەکەی خۆی و نەلەگەڵ لێپرسراوی چاپەمەنیی نیل کینۆك، پەیوەندییەکی باشی نەبوو. ئەم گرفتانە، توانای حزبی بۆ داڕشتن و ڕێنوێنی پروپاگندەیەکی کاریگەر لەکاتی پێش هەڵبژاردن، پەرش وبڵاوکردەوە.

ئەو گرژییانە بەمشت ومڕە توونـدوبێزراوەکانی ئەندامانی حزب لەسەر هۆیەکانی چوارەمین شکستی یەك لەدوای یەکی حزب لەقۆناغێکی ترسناك نزیك بۆوە. لایەنگرانی باڵی چەپی حزبی کرێکاران، ڕێبەرایەتی و دەزگای پروپاگندەی حزبیان بەهۆی گچکەکردنەوەی بەهاکانی حزبی کرێکاران (باو) (واتە چینی کرێکار) و سیاسەتەکانی باڵی چەپ، سەرزەنشت کردو گلەییان لەنفووزی ڕاپرسە هەڵنەبژێردراوەکان و خۆبەخشەکانی کاروباری پروپاگندە لەدەزگاکە لەبەر غەفڵەتی سیاسەتمەداران و لێپرسراوانی حزبی، کرد. دوای هەڵبژاردن یەکێك لە لێپرسراوە پلەبەرزە ڕەنجاوەکانی حزب لەیادداشتێك دا بۆ کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی نیشتمانی (N.E.C) بەم شێوەیە کەوتە گلەییکردن: ((*بڕیارەکان دەبێ لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە بدرێن، ئەو سیاسەتمەدارانەی ڕاوێژ بە پسپۆرانی بەئەزموون و ئەوانە دەکەن کە سیاسەت ئاوێتەی خوێنیان بووە، ئەو سیاسەتمەدارانەی کەخۆیان لەکۆڕی تێکۆشەران دابوون و کەسانێك کەحزب دەتوانێ حسابیان لەسەر بکا*)). بەدرێژایی سالانی تێکۆشان، کەسانی (خودی) و (بێگانە) هەن. ئەو کەسانەی پێگەیان بەنزیکی لەڕێبەری حزب یان بڕیاردەرانی سەرەکی دەست نیشان دەکرێ. ئەو یادداشتانەی ئێستا باسمان لێوەکرد، گلەیی بەردەوامی کەسانی (بێگانە)یە.

ململانێکـانی هەڵبـژاردن، هـەروەها بـەهۆی جیـاوازی نێـوان سیاسـەتمەداران لەسـەر ئـەوەی کـە کـێ ببێتـە (ئەسـتێرە) (یـان بەواتایـەکی دیکـە، لەتەلـەفزیۆن و کۆنفرانسی چاپەمەنیدا دەرکەوێ) وکێ بەهۆی نەبوونی پسپۆرییەکی تـەواو لـە (نومایش)دا دەربکرێ (زاراوەیەکە خاتوو تاچەر حەزی لێبوو بەکاریبهێنێ، تێك دەچن. **نیگل لاوسۆن** بێزاریی خۆی لەبێبەش کردنی وەدەست خستنی رۆڵێکی گـــەورەتر لـــەململانێکانی ســـاڵی ١٩٨٧ راگەیانـــد. لەبیرەوەرییەکانیـــدا بەدەسـتەواژەی درشـت لەبایەخ وئاسـتی سـرنجی میـدیاکان بـەخۆی دەدوێ (١٩٩٢: ٧٠١). نۆرمـان لامونـت، وەزیـری دارایـی حـزب لەهەوڵـەکانی بـیرۆی ناوەندی بۆ بەرتەسك کردنەوەی ئامادەبوونی لەمیـدیاکان لەهەڵبـژاردنی ١٩٩٢- بەبەڵگەی ئەوەی ناتوانێ رکابـەرێکی بەهێزی **جـۆن سمـیس**-ی حزبی کرێکـاران بێ- ناراحـەت بـوو، وهـەتا گەیـشتە ئـەوەی هەڕەشـە بکا کـە بـەبێ گەڕانـەوە بـۆ بیرۆی ناوەندی، خۆی ئامرازگەلێك بۆ سرنج راکێشانی میدیاکان رێك دەخا. بەم شێوەیە، رێبەرایـەتی حزبـی کرێکـارانیش هەوڵیدا لەهەڵبـژاردنی پێشوو، رۆڵـی کۆمەڵایەتی **تۆنی بن و جۆن پرسکات** تادەکرێ، بەرتەسك بکاتـەوە. رێبـەریی حزب لەقسە تووندەکانی ئەمانـەو ئەگـەری نـاکۆکی گوتـەکانی ئەمانـە لەگـەڵ پـەیامی حزب، هەراسان بوو.

**٧-گرفتەکانی هاوئاهەنگی**

هەرچـەندە پێکهاتـەی تێکۆشـانێك ئاڵۆزتربـێ، خـراپ تێگەیـشتن و ئەگـەری سەرنەکەوتن لەجێبەجێکردنی ئەو خەباتەدا زۆرتر دەبێ. پارێزگاران، بەبەراورد لەگـەڵ حزبـی کرێکـاران پێکهاتەیـەکی تاراددەیـەك سـادەی هەیـە، مەسـەلەکە تاراددەیـەکی زۆر ئـەنجامی چڕبوونەوەی دەسـتەڵاتی رەسمـی حـزب لەدەسـتی رێبەردایـــە. رێبـــەر بەیاننامـــە رەسمییـــەکانی حـــزب دەردەکـــا، دامەزرانـــە

سـەرەكییەكانی مەكتەبـە ناوەندییـەكان لەلایـەن ئـەوەوە دەكـرێ و كۆنفرانـسی ساڵانەی حزب تەنیا رۆڵێكی راوێژكارانەی لەدیاركردنی سیاسـەتەكان دا هەیە. لەبەرانبەردا، رێبەری حزبی كرێكاران وا هەست دەكا هاوكارەكانی (لەكابینـەی سـێبەر)ی حـزب لەلایـەن نوێنـەرانی ئەنجوومەنـەوە هەڵدەبـژێردرێن، كۆمیتـەی راپەڕاندنی نیشتمانی و كۆنفرانسی ساڵانەی حزب راسپاردەی گرنگ بۆ دەست نیـشان كردنـی رێبـازی حـزب ئامـادە دەكـەن، كۆمیتـەی راپەڕانـدنی نیـشتمانی بــەرەسمی بەهاوشــانی PLP لــەدانانی نــاوەرۆكی بەرنامــەی هەڵبــژاردن و بەڕێوەبــەرانی رێكخــراوی حزبــی، لەقەڵــەم دەدرێ. لــەم رووەوە مایــەی سەرسووڕمان نییە كەئەم حزبە، هەندێجار لەململانێی هەڵبژاردنەكانی دەیەی ١٩٧٠دا دوودەنگـی جیـاوازی هـەبووە– یـەكێك لەلایـەن كۆمیتـەی راپەڕانـدنی نیشتمانی و بیرۆی ناوەندی باڵی چەپتری حزب و ئەوی دیكە لەلایەن رێبـەری مام ناوەندیتری حزب كەئەندامی ئەنجوومەن بوو، ئەم دەستەبەندییە، نەتـەنیا یارمەتی زەینی خەڵكیدا وەك حزبێكی پـەرش وبڵاو لـە حزبی كرێكاران بڕوانـێ، بـەڵكو ئـەو خۆبەخـشانەشی كـە لـەبواری راگەیانـدنی پروپاگنـدەو بەرنامـەكانی رادیـۆ–تەلـەفزیۆنیی حـزب هەڵدەسـووڕان، تووشــی شــەڕی (نــاوخۆ) كــرد. هەرچەندە نیل كینـۆك دەسـتەڵاتێكی زۆری لەنووسینگەكەی خڕكردبۆوە، بـەڵام هێشتا دەكرا گرفتی هاوئاهـەنگی لەهەڵبـژاردنی ١٩٩٢ دابـبینـرێ. ژمارەیـەك لـەو گرفتانە بریتیبوون لە: بێمتمانەیی ناوبراو لەناو گرووپە سەرەكییەكان و زۆریـی گرووپەكانی بڕیار كە بەزۆری لـەجێگا جۆراوجۆرەكـان دا هـەبوون. نووسـینگەی رێبــەر لەئەنجوومــەنی گــشتی، بـیرۆی ناوەنـدی حـزب، دەزگــای پروپاگنــدەی سـێبەریی حـزب كـە كەسـانی جۆراوجـۆر لـەبیرۆجۆراوجۆرەكان دا هاوكارییـان دەكــردو كۆنفرانــسی چــاپەمەنی پەیوەســت بــەململانێكانی هەڵبــژاردن و

کۆبوونـەوەکانی پەیوەسـت بـە ڕێنـوێنی تێکۆشـانی هەڵبـژاردن کـە بینایـەکی میلبەنك نزیك ئەنجوومەنی گشتی بەڕێوە دەچوو، **فیلیپ گۆلد** لەرەخنەیـەك دا کـە دوای هەڵبـژاردن بـۆ حزبـی نووسـی، رایگەیانـد ((ململانیـی هەڵبـژاردنی حـزب لەرووی پێکهات و فیزیکییەوە ورد ورد کرابوو)).

پارێزگارانیش لـەململانێکانیان دا رووبـەرووی چـەندان گـرفتن. بـەهۆی ئـەوەی ڕێبــەری حــزب، بــەزۆری ســەرۆکی وەزیرانــە، تەقریبــەن نەکردەیــە لەگــەڵ بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی هاوبەش، دوو ناوەندی بڕیار، دروست نـەبێ، یـەکێك لـە**داونینگ ستریت**، لـەناو ئـەو کارمەندانـەی وەك بـاوە لەگـەڵ سـەرۆك وەزیـران کـار دەکـەن و ئەویدیکـە لەنوسـینگەی ناوەنـدی و ئـەو شـوێنەی بیروکراسـی حزبـی تێدایـە. جیاوازییـەکانی نێـوان دوو ناوەنـد لەسـاڵانی ١٩٨٧و١٩٩٢ دەرکـەوتن. بەشێوەیەکی ئاسایی بەدرێژایی ململانێکان، سـەرۆکی وەزیـران لەلەنـدەن نییـەو سـەرۆکی حـزب گـەورەترین دەسـتەڵات بەدەسـتەوە دەگـرێ. هەڵبـەت، سـەرۆکی حــزب تاراددەیــەکی زۆر بــەهۆی زەمینــە سیاســییەکان (وەك پــشتگیری ئــەو لەرێبــەر) هەڵدەبــژێردرێ و بــەردەوام بــەم شــێوە نییــە کــە پــسپۆرییە ڕێکخراوەییــەکان یــان ململانێکــان لەهەڵبژاردنیــدا رۆڵێکیــان هــەبێ. تایبەتمەندییـەکانی سـەرۆکی حـزب تاراددەیـەکی زۆر گـۆڕاوە، تـا راددەیـەك کـە لەوانەیە ژمارەیەکیان بۆ بەدەست هێنـانی کورسییەکانی ئەنجوومـەن بەتوونـدی دەسـتەویەخەی ململانـێ بـن- وەك ئـەوەی کـریس پـاتن لەسـاڵی ١٩٩٢، بـەو شێوەیە بوو.

**٨-قورسایی لەراددەبەدەری کارەکان**

بەردەوامی شەورۆژی میدیاکان لەبڵاوکردنەوەی بابەت وهەواڵ لەمەڕ هەڵبـژاردن گوشاری سەر تێکۆشەران تاراددەیەکی زۆر، توندتر دەکا. ئەوان بەبـەردەوامی

خـــەریکی ئامـــادەکردنی بابەتـــە هـــەواڵی نـــوێ، خـــواردنی بـــەیانی ونیوەڕۆ، ئامادەکردنی بەرنامە هەواڵییەکانی ئێوارەو شەوانەو بەرنامە پەیوەستەکانی کاروبارەکـانی ئێـستان. خـەریکبوونی ٢٤سـەعاتەی میـدیاکان بـەکاروباری هەڵبـژاردن، خەبات وتێکۆشـانەکانی کردۆتـە چـالاکی شـەوورۆژ. ئەنـدامانی گرووپـە هەڵـسووڕاوەکانی ناوەنـد، بەشـێوەیەکی ئاسـایی ١٦تـا١٨سـەعات لەرۆژێکـداو بـۆ مـاوەی مانگێـك–وبـەزۆری چـەند مانگێـك پـێش هەڵبـژاردن– دەکەونە گەڕ. لەماوەی ئەم چەند هەفتەیەدا تووشی بێخەوی دەبن و خواردنیـان نارێك وپێکە. گـەلێ لـەم کەسانە نزیکترین ماوەیـان بـەرەوتی ململانێوە هەیـەو ئەمـەش هۆیـەکی بـەهێزی حـەزوئارەزووی ئەوانـە–وهـەروەها کاردانـەوەی لەراددەبـەدەری ئـەوان–بـۆ راپرسـییەکانی رای گـشتی، ((درۆ گـەورەکان))، پەخشی بـەردەوام و رووداوەکـانیتر. ئەمـە نهێنییـەکی ئاشکرایە کـە بڕیـاردەرە سەرەکییەکانی ململانێکان بەشێوەیەکی ئاسایی خەریکی خواردنەوەیەکی زۆر دەبـن و یـان نیـشانەکانی دیکـەی مانـدووبوونیان تێـدا دەبینـرێ. ململانێکـانی سـاڵی ١٩٩٢ ئەوەنـدە قـورس و گـران بـوون کـە **فیلیـپ گۆڵـد** لەچاوپێکەوتنە تایبەتییەکانی خۆیدا ئەم ئەزموونەی بەشەڕێکی واقیعی چواند. **کـریس پـاتن**–یـش ئـەو ئەزموونـەی وەك سـواربوونی شـەمەندەفەری هـەوایی وەسـف کـرد. هەروەها **شاون وودوارد** دواتر دانی پێدانا کەئەو بۆ باشترکردن و گەڕانەوە بۆ باری ئاسایی بەلایـەنی کەمـەوە پێویستی بەشـەش مـانگ پشوودان هەیـە. لـەماوەی رۆژەکارێـك لـەبیرۆی ناوەنـدی حـزب، یـەکێك لـەوەزیرەکانی کابینـە بـەبینینی جۆش وخرۆشی ناو نووسینگەکە، گوتی: ((ئێوە چۆن دەتوانن لێرە کاربکەن و شێت نەبن؟)).

رووداوە گـچكەكانى سـاڵى ١٩٩٢، وەك ئاشـكرابوونى ئـەم بابەتـە كـە يـەكێك لەكارمەندانى بەشى كارگێڕى بيرۆى ناوەندى حزب راوێژكارى جنيفەربينێت/ى راسـپارد كـە پەيوەنـدى بەرۆژنامـەى دەيلـى ئيكسپرێـسەوە بكـا، لەگـەڵ ئـەو واقيعـەدا كـە لێكۆڵـەرانى حزبى كرێكـاران لەمـەڕ ئـەو دوو كەسـەى چاوەڕوانى خزمـــەتگوزارى تەندروســـتى گـــشتيبوون، بەهەڵـــە نەخۆشـــييەكەيان دەســـت نيـشانكرد، لـەناكاو لەلايـەن رۆژنامەيـەكى بەهـەراوهۆرياوە بـووە رووداوێكـى گـەورەى هـەواڵو پرسـيارگەلێكى ديكـەى لەكۆنفرانـسە هەواڵييەكانـدا، خـستە پـەراوێزەوە. هـەردوو رووداو، دەربـڕى لاوازيـى رێكخـراوەيين. كـرێس پـاتن/ى توورە لەپەيامى تەلەفۆنى يان ئـەو نامە گرنگـەى باپيرى جنيفـەر نووسيبووى‌و لەفايلـەكانى حـزب دا هـەبوو، ئاگادارنـەكرابوو. رۆبـين كـوك وتەبێـژى حزبـى كرێكـاران لـەكاروبارى تەندروسـتى بـەهۆى نـەزانينى ئـەو باسـەى كـە بەرنامـەو پروپاگنـدەى حزب لەلايـەن دايكوباوكى جنيفـەرەوە پشتگيرى نـەكراوە، هـەژا. هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنى ئەوەى گەلێ كەس، لەبەر گوشارێكى زۆر كاردەكەن، ئەم لاوازييە ناچار دێتـە بەرچاو. لەوانەيە زانينى ئەم واقيعە، سەرسووڕهێنەر بێ، ئەو كەسانەى لەبەر ئەو گوشارانە كاردەكەن– ئـەو گوشارانەى لەوانەيـە بۆ چـينەكانى تـرى كۆمـەڵ چـاوەڕواننەكراو يـان بەرگەنـەگر بـێ– هەڵەناكـەن يـان حوكمى نادروستى لەوە زياتر، نادەن. بە لەبەرچاوگرتنى ئەم بابەتـە، تووڕەيى‌و بەدخولقى(وبەردەوام خواردنەوە)ى هەڵسووڕێنەرانى ململانێكان، دەرك دەكرێ. هەڵـسووڕاوانى ململانێـى هەڵبـژاردنى سـەركۆماريى كلنتـۆن لەسـاڵى ١٩٩٢ بەپەرۆشەوە تەئكيديان لەسەر تێزى (كـاتى پشوودان)ى بە بەرنامـە، بۆ كـاديرە سەرەكييەكانى ململانێ، كردەوە.

لەبەرهەندێ پرۆسەیەکی ململانێی هەڵبژاردن، بەتەواوی ڕێك وپێك نییە. ئیدیعای پەیوەست بەپسپۆریی و کارایی لەباتی ئەوەی وەسفی واقیع بێ، ڕەسم کردنی ئامانجە داواکراوەکانن. هەڵبەت ئەمە، لەمەڕ گەلێ ڕێکخراو ڕاستە. ململانێکان، سەرباری هۆکاری سەرکەوتن، هۆکاری دیکەشیان بۆ حزب و کاندیدەکان لەخۆدا جێکردۆتەوە. (روز ١٩٦٧، کاڤاناگ ١٩٧٠). ئەوان پێگەیەك بۆ سیاسەتمەداران دەرەخسێنن تا خۆیان بناسێنن، بوار بە حزبەکان دەدەن خەریکی گفت وگۆو لێکۆڵینەوەبن، بوار بەلایەنگرانی حزبەکان دەدەن تا ناسنامەی خۆیان بدۆزنەوەو ئامانجی خۆیان بزانن و هەل بۆ ڕێکخراوە حزبییەکان دەرەخسێنن تا کارایی و ورەی خۆیان تاقیبکەنەوە. ئەوان هەروەها دەتوانن بەیاننامەیەکی گشتی دەربارەی ماهیەتی حزب پێشکەش بکەن. دوای شکستە ئاشکراکەی حزبی کرێکاران لەساڵی ١٩٨٧، بەڕێوەبەری ململانێ و پەیوەندییەکانی حزب گوتی: ((*بەڕێوەبردنی ململانێیەکی باش ئامرازێك بوو تا نیشانی بدا حزبی کرێکاران حزبێکی کاراو شایستە بوو*)) ( چاوپێکەوتنی ماندلسۆن).

**کاریگەرییەکانی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن**

شکستێکی هەڵبژاردن بەزۆری دوامۆر لەپیشەوکاری ڕێبەری حزب دەداو یان ئەگەر پێشینەیەکی دووروودرێژی لەپلەی ڕێبەرایەتیدا هەبێ دەبێتەهۆی لاوازبوونی دەستەڵاتەکەی. **کلمانت ئاتلی** دوای دووەمین شکستی یەك لەدوای یەکی حزبی کرێکاران لەهەڵبژاردن، لەساڵی ١٩٥٥ وازی هێنا، **تدهیس** لەساڵی ١٩٧٥ دوای دوو شکستی یەك لەدوای یەك لەماوەی دوازدە مانگ دا، نەیتوانی بگاتە پلەی ڕێبەرایەتی حزب، **جیمس کالاگان** دوای شکستی حزبەکەی لەهەڵبژاردن، وازی هێنا. لەهەموو ئەم هەڵوێستانەدا، ئەم دیدە لەناو ئەندامانی

پەرلـەمان دا بڵاوببـوٚوە کـەحزب بـەبێ گۆڕانکـاری لەدەسـتەی ڕێبەرایەتیـدا، سـەرکەوتوو نابـێ. پێگـەی هـۆگ گیـت سـیکل تاماوەیـەکی زۆر دوای شکـستی حزبـی کرێکـاران لەسـاڵی ١٩٥٩ زۆر لاوازبـوو، ودەسـتەڵاتی هارۆلـد ویلـسۆن هـەرگیز دوای شکـستی حزبـی کرێکـاران لەسـاڵی ١٩٧٠ بەتـەواوی خـۆی نەگرتـەوە. بـەپێی ڕاپـۆرتی هاوکـارو دۆسـتە نزیکـەکانی ڕێبـەرو هـەروەها شایەدیی خودی خۆی، شکست لەهەڵبژاردن دا بەزۆری مستێکی تووندە رووەو ڕێبەری حزب، ولێدانی ئەم مستە ئەوکاتە توندتر هەستی پێدەکرێ کەپۆستی سەرۆك وەزیریش، لەدەست دەچێ.

شکست هەروەها پێگەی ریفۆرمیستەکان لەناو حزبی تێشکاودا بەهێز دەکا. ئـەم مەسـەلەیە هەنـدێجار بـەوە دەگـا حزبـی دۆڕاو دەباتـە ئـەو شـوێنەی حزبـی سـەرکەوتوو پـێش هەڵبـژاردن، گرتبـووی. راسـتی ئـەم مەسـەلەیە دەتـوانرێ لـەپراکتیکی حزبـی پارێزگـاران دوای شکـستە قورسـەکەیان لەسـاڵی ١٩٤٥ دا ببینـرێ، دوای ئـەم دۆڕانـە، ئـەوان لـە–خزمـەتگوزاری گـشتی، فـراوان بـوونی کاروبـاری خۆشـگوزەرانی، ئیش‌وکـار، موڵکایـەتی دەوڵـەتی و دوورکەوتنـەوە لەسـەردەمی ئیمپراتـۆری–دا پـشتگیری سیاسـەتە سـەرەکییەکانی حزبـی کرێکارانیـان کـرد. پارێزگـاران جارێکیتر دوای شکست لەهەڵبـژاردنی سـاڵانی ١٩٦٤و١٩٦٦ سیاسەتەکانی خۆیان چاك کرد تا نیشانی بدەن ئەوان سەرباری ئـەوەی ئـەو سـێزدە سـاڵەی سـەرۆکایەتی حکومـەتیان کـردووە، هێـشتاش بیروباوەڕودیـدی نوێیـان پێیـە. دوای شکـست لەهەڵبـژاردنی شـوباتی ١٩٧٤، پارێزگاران خۆیان بۆ هەڵبژاردنێکیتر ئامادەکردو ئەم جارە تەنیا بواریان هەبوو، دەسـتکاری سـتراتیژی هەڵبـژادنیی خۆیـان، بکـەن. لـەململانێی هەڵبـژاردنی تـشرینی یەکـەم بـەرێز هـیس رۆڵێکـی زۆر دیـاری نـەگێڕاو حـزب داکـۆکی

لەحکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی کردو شەڕەقسەی رەتکردەوە. کاتێ خاتوو تاچەر دوای دووەمین شکستی حزب لەساڵی ١٩٧٤، جێگەی بەرێز هیس/ی گرتەوە، حزبی روەو رەوتێکی جیاواز رێنوێنی کرد، ئەو رەوتەی دژی ئەو شتە بوو کە پێیدەڵێن مام ناوەندی یان هێڵی ناوەڕاست.

دوای سێیەمین شکستی یەك لەدوای یەك لەساڵی ١٩٥٩، لێپرسراوانی حزبی کرێکاران لەبوارەکانی رێباز، رێبەرایەتی، سۆسیۆلۆژیای هەڵبژاردن و ستراتیژی سیاسی کەوتنە گفتوگۆو لێکۆڵینەوە. ریفۆرمیستەکان دەیانگوت حزبی کرێکاران دەبێ واز لەماددەی چواری پرۆگرامەکەی خۆی بهێنێ کەدەڵی حکومەت موڵکایەتی گشتی دەپارێزێ، ولەبەرانبەردا سیاسەتی (بۆرژوازی سازی)و وەدیهێنانی حەزوئارەزووەکانی چینی کرێکاران بگرێتەبەر. حزب، هەروەها دەبێ بەرەو گۆڕان بە(حزبێکی سەرانسەری)و حزبێك بۆ هەموو چینەکان، بڕوا. کاردانەوەی شکستی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٩-و بەرنامەی حکومەتی حزبی کرێکاران لەپێنج ساڵی پێش ئەوە- بریتیبوو لەگۆڕانێکی تەواو بەرەو (چەپ)، لەوانە گۆڕانێکی زۆر لەپرۆگرامی حزب و وەرچەرخانێکی گەورەتریش لەرێبازی حزب. شکستە یەك لەدوای یەکەکان لەسالانی ١٩٨٣، ١٩٨٧، ١٩٩٢ حزبی ناچارکرد بگەڕێتەوە ناو بازنەی سیاسەتی دەست نیشان لەلایەن رکابەرەکانییەوە. حزب ئەوەی قبوڵ کرد کە لەدیدی گەلێ دەنگدەران زۆر دوورکەوتۆتەوە، لەبەرهەندێش گەلێ سیاسەتە چەپرەوییەکانی خۆی وەلانا، تەکنیکی ململانێگەلێکی مودێرنی وەرگرت و پەیوەندییەکانی حزبی لەگەڵ یەکێتیی بازرگانیی کرێکاران، خاوکردەوە.

**کاریگەری ململانێکانی هەڵبژاردن**

بازرگانـەکان بـۆ هەڵـسەنگاندنی کـارایی چـالاکییەکانیان دەتـوانن زیـادبوونی ئاماری فرۆشتن، قازانج یان ئاستی بەشەکەیان لەبازاڕ بکەنە پێوەر، بەڕێوەبەری تیپێکی فوتبۆلیش دەتوانێ سەرکەوتن لەپێشبرکێدا یان سەرکەوتن بۆ پلەیەکی بەرزتر بکاتە پێوەری خۆی. بەڵام هەڵسەنگاندنی کارایی هەڵبـژاردنی حزبەکان‌و کاندیـداکان تارادەیـەکی زۆر لەسـەر بنـچینەی ململانـێ–واتـە شکـست یـان سـەرکەوتن–دەکرێ. بـەڵام ئەمە بەزەحمـەت دەتوانێ دەرخـەرێکی باش‌ومایـەی رەزامەنـدی بـۆ هەڵـسەنگاندنی کاریگـەری یـان بـەهای زیـادەی ململانێیـەکی هەڵبـژاردن بـێ. حزبـەکان، هەڵبـژاردن لەئاسـتێکی وەك گۆڕەپـانی یـاری دەسـت پێناکـەن. نزیکـەی چـوار لـەپێنجی دەنگـدەران پـێش دەسـت پـێکردنی ململانێکـان، بڕیاریـان لەچـۆنیەتی دەنگـدانی خۆیـان داوە، دەنگـی زۆربـەی دەنگـدەران بـەری ئـەزموونی ژیانیانـە (روزو مـەك ئەلیـستەر، ١٩٩٠). هەنـدێ لەکاندیـداکان یـان حزبـەکان لەوانەیـە بەشـێوەیەکی واقیـع بینانـە ئامـانجی مـام ناوەنـدیتریان لەمێـشك دابـێ–هەڵبـەت بـەو ئومێدەی بتـوانن لـەدوا سـات، بـاری خۆیـان باشـتربکەن، بەشـی خۆیـان بپـارێزن‌و پێگەیـەکی پتـەو بـۆ هەڵبـژاردنی داهاتوو بەدەست بخەن. هەندێکیتر، لەشوێنی دیکە بەدوای مایەی دڵدانەوەی خۆیان دا دەگەڕێن. لەساڵی ١٩٨٣ **تۆنی بن** نیشانەگەلێکی ئیجابی لەخراپترین بەرنامەی حزبی کرێکاران بۆ هەڵبژاردن بەدرێژایی پەنجا ساڵ، دۆزییەوە، بۆ یەکەمین جار لەسالی ١٩٤٥ تـا ئێـستا حزبێکی سیاسی بەسیاسـەتی تـەواو سۆسیالیستی خۆی پشتگیری زیاتر لەهەشت ملیۆن‌و نیو دەنگدەری بەدەست هێنابوو. لەساڵی ١٩٨٧ ساڵی دووەمین شکستی ناخۆشی کرێکاران بوو، بەڵام گرووپێك لەهەڵسووڕێنەرانی ململانێ ئیدیعایان کرد کەوەدەست خستنی پلەی دووەم لـەم هەڵبژاردنەدا لەراستیدا لەبەرانبەر گرووپێکی یەکگرتوودا، بەجۆرە

سەرکەوتنێك لەقەڵەم دەدرێ. کرێکاران دوای ئەوە، پێگەی خۆیان وەك تەنیا جێگرەوەی واقیع بینی حزبی پارێزگاران، پتەوکرد.

چەندان ساڵە شێوەی بەڕێوەچوونی ململانێکانی ناوخۆ، بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن لێکۆڵەرانی زانکۆ نووسراوە. ئێستا ئاشکرابووە، دەنگدەران لەباتی چۆنیەتی رێکخراوی ناوخۆی حزبێك یان شەخسی کاندید، لەبەرانبەر بابەت و رووداوە نیشتمانییەکاندا کاردانەوەیان دەبێ. **ئەنتونی کراسلەند** ماوەیەکی کەم دوای شکستی حزبی کرێکاران لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٩ لەنووسینەکانیدا، تەئکیدی کردەوە کەئەم هەڵبژاردنە نیشانیدا :

***جۆش‌وخرۆش بۆ پۆست‌وپلە، پێگەو پێشینە رۆژ بەرۆژ کاریگەرییەکی کەمتریان لەسەرکەوتنی هەڵبژاردن دەبێ. ململانێی سیاسی لەگەڵ نفووزێکی فراوان و رۆژ لەدوای رۆژ زیاتری میدیاکان تاراددەیەکی زۆر چڕبۆتەوەو، چالاکییە باوە ناوخۆییەکان، پروپاگندەی کۆڵان بەکۆڵان و شتی دیکە ئێستا بوونەتە جۆرێك پروتۆکۆل (مینکین ١٩٨٠: ٢٧٦).***

بەڵام ئێستا بەپێی بەڵگەکانی بەردەست، ململانێ ناوخۆییەکان لەدوا هەڵبژاردنی گشتیدا، زیاتر لەوەی پێشبینی کرابوو، کاریگەرییان هەبووە. **مایکل ستید** و **جۆن کرتیس** لەلێکۆڵینەوەی هەڵبژاردنی نافیلد نیشانیان داوە کەنوێنەرانی پەرلەمان ئەوانەی بۆ جاری دووەم بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، دەتوانن لەئیمتیازی٧٥٠دەنگی زیاتر -ئەو دەنگانەی کەدەتوانن لەململانێیەکی هەڵبژاردندا، چارەنووسسازبن- بۆ سەرکەوتن سوودی لێوەربگرن. ئەمە دەتوانێ بۆ نوێنەرە چالاکەکانی پەرلەمان کەچالاکانە خزمەت بۆ ناوچەی هەڵبژاردن پێشکەش دەکا، یان هەڵویستێکی سەربەخۆ، بەڵام مایەی رەزامەندی خەڵکی لەپەرلەمان دەنوێنێ، بەپاداشت دەژمێردرێ. (پاتی و ئەوانی

دیكـه، ١٩٩٤). لێكۆڵینـەوەی دیكـە كـە لـەم بارەیـەوە، كـراون، نیـشانی دەدەن ئاسـتی بـەرزتری چـالاكی سیاسـی، بەلایـەنی كەمـەوە بـۆ ناوچـە حزبییـەكانی كرێكاران، دەتوانێ دەنگی حزب لەنێوان ١٠٠٠تا٢٠٠٠ دەنگ زیاتر بكا (سیدو وایتلی، ١٩٩٢، دنورو هندز ١٩٩٢). لەو هەڵبژاردنە گشتییەی كە ركابەری زۆر نزیـك لەیـەكتر بەڕێوەدەچـێ، وەك هەڵبـژاردنی سـاڵانی ١٩٥٠، ١٩٦٤، شـوباتی ١٩٧٤ ئـەنجام ٢٠ كورسـی پەرلـەمان بـوو كەشـێوەی حكومـەتی دەسـت نیـشان كـرد. لەسـاڵی ١٩٩٢، زۆرینـەی پارێزگـاران لەپەرلـەمان بەوەدەسـت خـستنی ٢١كورسی زیاترو ژمارەیەكی خوارتر لە ٢,٥٪ سەركەوتنی بەدەست هێنا. لە٢٪ دەنـگ كەنوێنـەرێكی پەرلـەمان بـەهۆی كەسـایەتی، خـەباتی بـێرادده یـان پێـشینەیەكی پرشـنگداری خەباتگێڕانـەی خـۆی لەناوچـەیەكی هەڵبـژاردن دا بەدەستی دەهێنێ، دەتوانێ گۆڕانێكی بەرچاو لەئەنجامی گشتی دەنگدەكان دا، بخولقێنێ.

**ئەو دەرسانەی كەدەبێ لەململانێیەك فێریان بین**

هەڵسووڕاوانی ململانـێی هەڵبـژاردن دەبـێ پەنـد لەسـەركەوتن‌و شكستەكانی پێشووی خۆیان وەربگرن، هـەروەها لەسـەركەوتن‌و شكستی حزبـەكانی دیكـەو هەڵبژاردنـەكانی دەرەوەش. لەسـاڵی ١٩٦٢ حزبـی كرێكـاران تاراددەیـەكی زۆر پەندی لەسەركەوتنی پارێزگاران لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٩ وەرگرتبوو، تاسوود لە كارامەیی پسپۆرانی پەیوەندییە گشتییەكان وەربگرێ. هـەروەها بڕیـاری ئـەم حزبـە بـۆ داوای یارمـەتی كـردن لەدەزگایـەكی پروپاگنـدە لەسـاڵی ١٩٨٣ تاراددەیـەكی زۆر كـەوتبووە بـەر كاریگـەری سـوودوەرگتنی حزبـی پارێزگـاران لـەدەزگای ساتچی‌وساتـچی لەسـاڵی ١٩٧٩. هەرچـەندە ئـەم ئەزموونـە سـەركەوتنێكی بـەدواوە نـەبوو، بـەڵام حـزب لـەناو خۆبەخـشان دا دەزگایـەكی

پەیوەندی خولقاند تا نیشانی بدا لەململانێکانی ئایندەدا سوود لەشێوازی مودێرنی پەیوندییەکان وەردەگرێ.

دوای ساڵی ١٩٩٢، ئەو دەستە ڕێبەرایەتییەی دوای کینۆك گەیشتبوونە ڕێبەرایەتی حزب، ڕایانگەیاند کە دەزگای ناوبراو داهێنانێکی زۆری تاقیکردۆتەوەو پێویستە دەزگایەکیتری پروپاگندە بخەنەگەڕ. کارگێڕیی ناوەندی حزبی پارێزگاران بەتووندی کەوتە بەر کاریگەری سوودوەرگرتنی حزبی کرێکاران لەراپرسییە تایبەتییەکان لەساڵی ١٩٦٤و لەسەر ئەوەسووربوو کارێکی لەوجۆرەش بۆ حزبەکەی خۆی بکاو ئەو تاوتوێ‌و لێکدانەوانەی دوای سەرکەوتنی حزبی کرێکاران لەساڵی ١٩٨٧ کرا، نیشانی دا چالاکییەکانی حزب لەبواری ڕاگەیاندن دا، بەتایبەتی لەتەلەفزیۆن، مایەی ڕەزامەندی نەبووەو پارێزگاران دەبێ لەم ڕووەوە شتگەلێ لەحزبی کرێکاران فێربن. لەساڵی ١٩٩٢ بەرنامەی تەلەفزیۆنیی **جۆن مێجەر** کەباسی لەبیوگرافی ئەو دەکرد، تاراددەیەك لەبەرکاریگەری سەرکەوتنی فیلمەکەی کینۆك لەساڵی ١٩٨٧ ئامادەکرابوو، هەروەها دانیشتنی پرسیارو وەرامی جۆن مێجەر کە بەناوی (دیداری جۆن مێجەر) بڵاودەکرایەوە، لەراستیدا هەر درێژەی ئەو دانیشتنانەبوو کە لەساڵی ١٩٨٧ لەلایەن کینۆکەوە، بەڕێوەدەچوو. یەکێك لەبەهێزترین گوتارەکانی جۆن مێجەر لاساییکردنەوەی گاڵتەئامێزی ئاگادارکردنەوەکانی نیل کینۆك لەساڵی ١٩٨٣ بوو کەتیایدا خەڵکی ئاگاداردەکردەوە کەبێکار نەمێنن، نەخۆش نەکەون، بێ خانوونەبن‌و بەرەو پیربوونیش نەچن، چونکە حکومەتێکی سەربە پارێزگاران ژیانیان گرانتر دەکا. ئەو لە مانچستەر بەشێوەیەکی هەڕەشە ئامێز ڕووی کردە ئەوانەی بەشداری گوتاردانیان دەکردو نارازی سەرکەوتنی حزبی کرێکاران بوو، گوتی:

*((ئاگادارت دەکەمەوە (ئەگەر رکابەر سەرکەوێ) لەهیچ کارێک دا توانات نەسەلمێ، هەرگیز لەژیانت دا نەگەیە پلەیەك، هیچ بەشێك لەهیچ کۆمپانیایەك نەکڕی، ...لەکارەکەت دا پێش نەکەوی... و هەرگیز نەبیە خاوەنی خانووێك...)).*

**ئەنجام**

ململانێکانی هەڵبژاردنی دیموکراتیك لەچەند رووێکەوە بەکاردەهێنرێن و کاردەکەن. ئامرازێکن بۆ هەڵبژاردنی حکومەتێك، هەڵبژاردەیەك کەهەم حوکمی پشتگیری دەنگدەرانی لەمەڕ پێشینەی حزبە حوکمڕانەکان لەخۆ دەگرێ و هەم نیشاندەری دیدی پێش وەختی ئەوانە بۆ وەدیهاتنی ئەو گفتانەی لەلایەن حزبەکانەوە دراون. ململانێکانی هەڵبژاردنی دیموکراتی بوارێکە بۆ بەشداری خەڵکێك کەخۆی دەتوانێ دەستەڵاتی حوکم و رەوایی قانونی بداتە حکومەت، هەروەها بەئامرازێك بۆ فراوان کردنی هۆشیاریی سیاسی و هاوولاتیبوون لەقەڵەم دەدرێ. دواکار، شتێکە ئەمڕۆ چەند نیگەرانییەکی دروست کردووە. هەڵبژاردنی مودێرن تا چ رادەیەك دەبێتە (هەڵبژاردنێکی هۆشیارانە) و ئایا ئەو رەوتانەی کەپێش ئەمە، باس کران دەتوانن بۆ گەیشتن بەم جۆرە (هەڵبژاردنە) کاریگەربن یان ئەوەتا لەبەرانبەری دا تەگەرە دەخولقێنن؟.

پەیوەندییە مودێرنەکان لەچەند رووێکەوە سوودیان هەیە. راپرسییەکانی رای گشتی وردەکارییەکی بەسوودیان خستۆتە خزمەتی هەڵبژاردەکانی کۆمەڵ و دەنگدەران لەدیدوبۆچوونی خەڵکانی دیکە ئاگادار دەکەنەوە. پۆستی راستەوخۆ و کەناڵی میدیا پێشکەوتووەکان بوار بە حزبەکان دەدا پەیامەکانی خۆیان بەشێوازێکی وردتر بگەیەننە دەنگدەران. تەلەفزیۆن زەمینە بۆ سیاسەتمەداران دەرەخسێنێ تا راستەوخۆ پەیوەندی بەدەنگدەران و هەروەها

بەشێوەیەکی بەردەوام پەیوەندی بەرێبەرانی سیاسییەوە بکەن‌و گفت‌وگۆ بکەن. پەخشی بەردەوامی میدیاکان لەسەر ململانێکانی هەڵبژاردن دەبێ بواری وەدەست خستنی زانیاری‌و هەلی پێویست بۆ (حوکمێکی هۆشیارانە) بدەنە هەمووان.

ئەنجامەکان چیدەڵێن؟ ئامارو‌ژمارە بەدەست هاتووەکان لەرووی ئاستی مەیلی گشتی لێڵ‌و نادیارن. ئارەزووی سیاسەت لەسەردەمی هەڵبژاردن دا زۆرتر دەبێ‌و سێ لەچواری دەنگدەران لەم باوەڕەدان کە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن سیاسەتمەداران والێدەکا رووبکەنە خەڵکی (باتلەرو ستاکز ٣-٣٢: ١٩٦٩). بەڵام ئەم نیشانە ئیجابییە هاوکات لەگەڵ رێژەیەکی بەرچاوی هەقم چییەی دەنگدەران‌و بەدبینیدا ئاوێتەیە. ئەندامێتی‌و چالاکی لەحزبە سیاسییەکاندا چەندان ساڵە کەم بۆتەوەو هەرئێستا لەئاستێك دایە هەر لەسەردەمی دوای شەڕ دەچێ. تەکنیکی نوێی میدیاکان لەگەڵ سیاسەتی ( لەقالب دراو)ی، بەپێی دیدی نووسەرێك، باسی سیاسی راستەوخۆی لاواز کردووە. بەقسەی ئەم نووسەرە ((دەنگدەران، لەباتی بەشداری لەم باس‌وگفت‌وگۆیانەدا، تەنیا تەماشا دەکەن)) (فرانکلین ٢٣: ١٩٩٤). نزیکەی دوو لەسێی دەنگدەران باوەڕیان وایە حزبەکان ((تەنیا دەنگی خەڵکیان دەوێ، نەبیرو‌ڕاو دیدوبۆچوونەکانیان))، نوێنەرانی پەرلەمان ماوەیەکی کەم دوای هەڵبژاردن، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ خەڵکی دەپچڕێ‌و ئەوەی کە خەڵکی وەك ئەوان هیچ دیدێکیان لەمەڕ ئەوەی حکومەت دەیکا، نییە (جاول‌و تاف ١٩٨٨، باول، مەك گیرگیرو وبر ١٦٥: ١٩٩٢). گەلێ کەسی دیکەش گلەییان لەپەخشی لەراددەبەدەری کاروباری هەڵبژاردن لەلایەن میدیاکانەوە، هەیە-ئەم گلەییە بەشێوەیەکی دەرککراو دەتوانرێ لەرەنجانی گەلێ دەنگدەر بەهۆی گۆڕانی بەرنامەکانیان لەبەر شێوەی

مەیلی سیاسی بەڕێوەدەچێ، تێبگەین، لەساڵی ١٩٩٢ نزیکەی دوو لەسێی دەنگدەران گلەییان لەوە هەبوو کەپەخشی کاروباری هەڵبژاردن لەلایەن میدیاکانەوە ((زۆرزۆرە)) یا((زۆر))بووە. (باتلەروکاڤاناگ ١٧٩: ١٩٩٢).

ڕەخنەگران هەندێجار لەشێوەی بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ لەلایەن بەڕێوەبەرانی ململانێکان بەداخەوەن. مایەی دوودڵی نییە کەئێستا هەڵسووڕێنەرانی ململانێکانی هەڵبژاردن لەبەریتانیا بەئومێدی وەدەست خستنی پەخشی میدیاکان، مەیلێکی زۆریان بۆ خوڵقاندنی وێنەی هەڵبژاردەو نیمچە ڕووداو هەیە. ئایا تەلەفزیۆن-بەتەئکیدکردن لەسەر وێنە لەباتی لێکۆڵینەوەو بەڵگە، مەسەلەگەلی مەجازی لەباتی مەسەلەی سەرەکی، وسوود وەرگرتنێکی زۆر لەبڕگەی هەڵبژاردەی دەنگی، ((دروشمەکانی ڕۆژ))و((ڕستە نە وشە))- ناوەڕۆکی ئەقڵانی ئەو شتەی پێشکەشی دەنگدەران دەکرێ، لەناوبردووە؟ ئەم جۆرە ململانێیانە بەمسۆگەری گوتارو مشتومڕی سیاسی یان گفتوگۆی مەسەلە ئاڵۆزەکانی، کۆتایی پێهێناوە، ئەمڕۆ ڕێبەرە سیاسییەکان بە بەراورد لەگەڵ بیست یان سی ساڵی رابردوودا، کەمتر گوتاری دوورودرێژ دەدەن (ئەتکینسۆن ١٩٨٤). بایەخی ئامادەبوونی شەخسی لەتەلەفزیۆن بەم مانایەیە کە بۆ نموونە، سەرکۆمار **ترومان** یان **کلیمەنت ئاتلی**-یش ئەمڕۆ بەبێ ئەوە ناتوانن سەرکەون. هەڵبژاردن بەشێوەی مودێرن و لەژێر نفوزی تەلەفزیۆن، پەیوەندی شەخسی و ڕاستەوخۆی لەنێوان ڕێبەرانی حزبەکان و دەنگدەرانیش بەرتەسك کردۆتەوە. یەکێك لەڕەخنەگرە جدییەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ ئیدیعا دەکا کەئەم ڕەوتانە خەریکی وێرانکردنی پرۆسەی دیموکراتین. **جوراگالی** لەفاینەنشال تایمز لەمەڕ ئەو بابەتانەی لەململانێی هەڵبژاردن دا لەبیرکرابوون، گلەیی کردو گوتی: ((*ئەو کۆنفرانسە*

*هەواڵییانەی پێشتر بەرنامەرێژکراون-دەربارەی بابەتی وەك كەسادی ئابووری، تەندروستی، فێرکردن و پەیوەندی دەرەکی، تاوان و خانوو-هەموویان بەخوێندنەوەی دەستەواژەی کورت و تەواو روون دەست پێدەکەن و بەچوونی کامیراکانی تەلەفزیۆن بەرەو ئەو هەواڵنێرانەی پرسیاری کورت دەکەن، کۆتایی دێ))* (فاینەنشال تایمز، ٩ی نیسانی ١٩٩٢).

گەشەستاندنی پروپاگندەی سیاسی سەلبی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەپێی دیدی کین و جۆستا (١٩٩٤)، بۆتەهۆی زۆرتر پشت کردنە پرۆسەی هەڵبژاردن لەلایەن خەڵکەوە. لەبەرانبەردا، هەواڵنێرانی میدیاکان مەیلێکی زۆرتریان بۆ ریسواکردنی بێزراوانەی هەوڵی حزبەکان لەبواری داڕشتنی بەرنامەی حزبیدا پەیداکردووە کە ئەنجامەکەی لەوانەیە خولقانی رەشبینییەکی زۆرتر لەناو دەنگدەران بێ. ئەم خوولە، خولێکی بێبناغەی هەژارییە، چونکە ((*پروپاگندەی سەلبی بۆیە باوەڕی پێدەکرێ چونکە سیاسەتمەداران بەشێوەیەکی رۆژبەرۆژ زیاتر دەکەونە بەر هەڵمەتی بێمتمانەیی ئەو کەسانەی کەباوەڕیان بەپروپاگندەی سەلبی هەیە*)) (کین و جوست ١٣: ١٩٩٤).

تەنیا کەم کەسانێك دەتوانن گومان لەسوودی هەڵسەنگاندنی بیروڕا وەك تەعبیرێکی رای گشتی و سەرچاوەیەکی وردەکارییەکان بۆ سیاسەتمەداران، بکەن. بەڵام رەونەقی میدیاکان پێشگوتن و شێوەی رۆژنامەنوسی (غارغارێن) بەم مانایەیە کە پەخشی زیاد لەم بوارەدا، بەلەدەست دانی بایەخی هەواڵە گرنگ و بنچینەییەکان بەڕێوەدەچێ. پێوانەی بیروڕای گشتی بەشێوەیەکی بەردەوام و بەدرێژایی ساڵیش بەخولقاندنی فەزایەکی هەڵبژاردن ئاسا و لەوانەیە نیگەرانییەکی بێبەڵگە لەبواری کەمی کات، کۆتایی دێ. پێوانەی رای گشتی

بەشـێوەیەکی هەفتانەومانگانـە، هەڵبـژاردنی نێـوان دووخـولو هەڵبـژاردنی ساڵانەی ناوخۆ (کەهەموویان لەلایەن میدیاکانەوە بەجۆش وخرۆشەوە باسیان لێوە دەکرێ)، هەستی بوونی ململانێیەکی هەڵبژاردنێکی بەردەوام، دەخوڵقێنن. گوتارە تاڵەکەی وازهێنانی **نۆرمان لامونت** لەئەنجوومەنی گشتی لەساڵی ١٩٩٣، بێداواکاریو پاڕانەوەی تایبەت نەبوو. بەڵام سرنج راکێش بوو کە گلەیی لەحەزوئارەزووە زۆرەکەی هاوکارە پێشینەکانی بۆ پێوانەی رای گشتی کردو بڕیارە سیاسییەکانی بەکاریگەری ئەوە زانی- ((بڕیارەگەلێکی زۆر گرنگ بۆ بەڕێوەبردنی ٣٦سەعات پروپاگندە، دەگیرێتەبەر)) خوێندنەوەکانی پێوانەی رای گشتی تاچ رادەیەك دەتوانێ ببێتەهۆی خولقاندنی گونجانێکی زۆرتر لەپەیوەندییە سیاسییە دروستکراوەکانی ئەو حزبانەی بەدوای دەنگەوەنو لەئەنجام دا، دەگاتە بەرتەسك بوونەوەی هەڵبژاردن (دەنگدەران). خاڵی مایەی سرنج دان لەساڵی ١٩٩٢ ئەمەبوو کە جیاوازییە گەورەکان لەنێوان حزبەکانی کرێکارانو پارێزگاراندا کەم بوون- لەباتی باسی پەیوەست بەرێژەی پەراوێزیی باجە راستەوخۆکان، رازی بوون یان رازی نەبوون بە بەرنامەی کۆمەڵایەتی یەکێتیی ئەوروپا لەلایەن بەریتانیا و گۆڕانکاری لە رێوشوێنە قانونییەکان- ودەنگدەران بەئاشکرا کەم بوونەوەی جیاوازی نێوان دوو حزبی وڵاتیان دەرك کرد. (هیسو جاول ١٩٩٤).

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەشێکی سەرەکی نیگەرانییەکان لەمەڕ کاریگەری ئەم رەوتانە لەسەر ژیانو چالاکی حزبەکان، تایبەتمەندیی کاندیداکانو بەرنامەی سیاسەتمەداران بووە. **دیڤید میهیو** (١٩٧٤) تێگەیشت کە کۆنترۆلی رۆژبەرۆژ زیاتری میدیا ئەلکترونیکییەکان بەسەر کۆنگرەی ئەمریکا، ئەندامانی کۆنگرێسی هاندا لەباتی سیاسەتی فراوانترو گێڕانی رۆڵی یاسا

دانـەران، هـەوڵی خۆیـان بـۆ وەدەسـت خـستنی دەنگـی نـاوخۆو چـالاکییەکانی دڵخـوازی میـدیاکان چڕیکەنەوە. ململانـێی بـەردەوامی هەڵبـژاردن، چـۆنیەتی داهێنــانو چــاودێرییە قانوونییــەکان کــەم دەکاتــەوە. لەراســتیدا، تــەکنیکی پەیوەنــدیو زنجــیرەی ململانــێ سیاســییەکان خۆیــان لەتەکنیکــەکانیتر کــە لەسیاســەتی (ســەردەمی ئاشــتی)دا دەبینــرێن، جیــاوازنین. سیاســەتمەدارانو رێبازە سیاسییەکان بەشێوەیەکی رۆژبەرۆژ زیاتر بۆ میدیاکان (ئامادەکراون)و حزبــەکان لەهەوڵــەکانیان دا بــۆ کــۆنترۆل کردنــی هــەواڵ، ئــاڵۆزترو هــەتا سەرســەختریش بــوون. (فــرانکلین ١٩٩٤، کاکیریــل، هنــسیو واکــەر ١٩٨٤). حکومەتی ناوخۆ، ئیدارەی حکومەتی بەریتانیا و رێکخراوە حزبییەکان لەهەوڵ دان بـۆ فۆرمۆلـەکردنی بەرنامـەی کاریـان بەشـێوەیەکی رۆژبـەرۆژ زیـاتر سـوود لەپەیوەندییە گشتییەکان، راوێـژکارانی بازاڕ دۆزەرەوەو راوێـژکارانی میـدیاکان وەردەگرن.

بـەریتانیا هێشتا وەك ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا لـەم زەمینەیـەدا پـێش نەکـەوتووە. بـەڵام لێکۆڵینـەوە لـەوەی تەکنیکـە نوێکـان بەراسـتی چـۆنیەتی لێکۆڵینەوە گشتییەکانیان پێش خستووە، هەڵبژاردنێکی باشتریان بۆ دەنگدەران لەهەڵبژاردن دا دەست نیشان کردووە. یان ئەوەی ئەم تەکنیکانە پەیوەندییەکی زۆریان بەئەرکی حکومەتەکان لەسەردەمی دوای هەڵبـژاردن هەیە، زەحمەتە. بۆ نموونـە: لـەململانێی هەڵبـژاردنی سـاڵی ١٩٨٧ کۆمـەڵی بابەت کـە لەپەرلـەمانی تازەدا وەك بەشێك لەبابەتە گرنگەکان ناسرابوون-وەك باجی سەرانە، ئەندامێتی لە (میکانیزمی گۆڕینی بەها) (E.R.M) و ریفۆرمی خزمەتگوزاری تەندروستی- هـــەرگیز لێیـــان نەکۆڵرایـــەوە. لەســـاڵی ١٩٩٢ کاریگـــەری پێـــشکەوتنە بەدەسـتهاتووەکانی کۆمـەڵی ئـەوروپایی لەسـەر بـەریتانیا لەلایـەن رێبـەرانی

حزبەکان و میدیاکان پشت گوێ خرا. هیچ حزبێکی گەورە ئامادەنەبوو خەریکی گیروگرفتەکانی بەریتانیای دوای هەڵبژاردن بێ، گرفتی وەك مانەوەی بەریتانیا لە (میکانیزمی گۆڕینی بەها)، دابینکردنی بودجە بۆ بەرنامە کۆمەڵایەتییە کارپێکردنەوەکان و دۆزینەوەی هاوسەنگییەك بۆ کەمی مایەی نیگەرانی بودجە، ئەم بابەتانە لەناو ئاگادارکردنەوەکانی حزبی پارێزگاران لەوەی ئەگەر حزبی کرێکاران سەرکەوێ، کورتیی بودجە زۆرتر دەبێ، تێچوونی گشتی زیاتر دەبێ، باجەکان زیاتر دەبن و ئەندامێتی بەریتانیا لە (E.R.M)دەکەوێتە مەترسییەوە، بزربیوو. وەك زەمینە خۆش کردن بۆ ئەو شتەی بەراستی دوای هەڵبژاردن روویدابوو، ئەم ئاگادارکردنەوانە وەدی هاتن، بەڵام مەسەلەکە ئەمەبوو کەئەم رووداوانە لەسەردەمی حکومەتێکی پارێزگار روویان دا. لەماوەیەکی کەمتر لەدوو ساڵ دوای سەرکەوتن لەهەڵبژاردن، خۆشحاڵیی گشتی لەبەرانبەر جۆن مێجەرو حکومەتەکەی لەراپرسییەکان دا، بۆ خوارترین ئاست دابەزی.

تەکنیکە نوێکان بەمسۆگەری باروتخانەی تێکۆشەرە سیاسییەکانیان پڕکردووە. لێکۆڵینەوە لەزەمینەی باش یان خراپ بوونی ئەم تەکنیکانە– بۆ دەنگدەران، سیاسەتمەداران، وپرۆسەی سیاسی–سوودێکی وای نییە. داکۆکیکارانی پەیوەندییە نوێکان، لەوانەیە راستگۆیانە ئیدیعا بکەن کە نیگەرانییە سەرەتاییەکانیان ئەمەیە یارمەتی سیاسەتمەداران بدەن بۆ رازیکردنی خەڵکی و بەدەست هێنانی دەنگەکانیان و بڵاوکردنەوەو گەشەپێدانی فێرکردنە مەدەنییەکان یان بەرزکردنەوەی چۆنیەتی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت–. ناتوانرێ بەهۆی هەڵبژاردنی ستراتیژی کە لەلایەن سیاسەتمەدارانی بەشداری ململانێ، هەڵدەبژێردرێ، گلەیی لەوان بکرێ. شیکردنەوەیەك وحوکمێك لەم بارەیەوە، ئەمەیە کە ((بازاڕی سیاسی، رووبەری چۆنیەتی و سوودی

پەیوەندییەکانی نێوان دەنگدەران و حزبەکانی باشتر کردووە)) و گریمانەی ئەمەی کە دەتوانرێ بەبێ ململانێی بازاڕدۆزینەوەی سیاسی ((لێکۆڵینەوەی واقیعی لەمەڕ بابەتەکانی سەردەم، بکرێ))، کردۆتە گریمانەی واقیع بینین (هاروپ ۲۹۰: ۱۹۹۰) هەروەها واقیع بینانە نابێ ئەگەر چاوەڕوان بین حزبە سیاسییەکان تەکنیکەکانی پەیوەندی پەیوەست بەپروپاگندەی بازرگانی کەدەنگدەران پێی ئاشنان، بەکارنەهێنن.

پسپۆرە نوێکانیش بەمسۆگەری لەبەرامبەر حزبەکان، کاریگەرترن. -هەڵبەت ئەم مەسەلەیە پێش ساڵی ۱۹۵۹ جیاوازبوو. ئەمە ببووە مایەی نیگەرانی ژمارەیەك رەخنەگر- بەتایبەتی ئەو رەخنەگرانەی سەرکەوتنەکانی پارێزگارانیان لەساڵانی ۱۹۵۹و ۱۹۷۹ بەخستنەگەڕی سەرمایەی زیاتری حزب، بە بەراورد لەگەڵ حزبی کرێکاران لەبواری پەیوەندییە گشتییەکان، زانی، ترسی ئەوان لەمەبوو کە سامان و توانایی بتوانێ هونەری پەیوەندییە گشتییەکان بکڕێ و بەو هۆیەوە دەستەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێ. لەگەڵ هەندێش، ئەم حوکمانە کاریگەریی بەرنامە خۆڕاییەکانی حزبەکان لەهەڵبژاردن، لەکەم کردنەوەی کاریگەری دارایی حزبەکان لەم بوارانەدا، پشت گوێ دەخا. قەدەغەبوونی پروپاگندەی سیاسی لەتەلەفزیۆنیش کاریگەری پارەوسامان لەو ئامرازە، کەم دەکاتەوە. ئاستی پشتگیری خەڵکی لەحزبی سێیەم و حزبە بچووکەکان، کە سوودێکی کەمتر لەم تەکنیکانە وەردەگرن، لەماوەی بیست ساڵی رابردوودا گەیشتۆتە ئاستی دوای شەڕی جیهانی، لەساڵانی ۱۹۵۹و ۱۹۷۹ پێکهاتی سیاسی وڵات تارادەیەکی زۆر بۆ پارێزگاران مایەی رەزامەندی و بۆ حزبی کرێکارانیش جێی رەزامەندی نەبوو. هەر ئەو بارودۆخە لەمەڕ سیاسەتەکان، رێبەرایەتی و پێشینەی حزبایەتی هەردوو حزب لەهەڵبژاردنەکانی ساڵانی

١٩٨٣و١٩٨٧ بينرا. هەر وەك هاروپ بەكورتی دەری دەبڕێ: ((ستراتيژی زۆر لەپێشكەوتن گرنگــــترە)) (١٩٩٠:٢٢٨). خەباتی پەيوەنديیە پسپۆرييەكانی حزبی كرێكاران لەساڵانی ١٩٨٧و١٩٩٢ نەيتوانی بەسەر دوودڵييە بنچينەييەكانی زەمينەی دەستەڵات و توانای حزبدا سەركەوێ.

ئەم لێكۆڵينەوەيە، پشتگيری لەوديدە ناكا كە باوەڕی بە كۆنترۆڵی كارامەی دەنگدەران و سياسەتمەداران لەلايەن ماموستاكانی پەيوەنديیە گشتييەكان هەيە. سياسەتمەدارە گەورەكان هەرگيز پێويستيان بەراسپاردەی سياسی– لەلايەن ميدياكان، هاوكاران، راوێژكارە تايبەتييەكان، هەڵسووڕاوانی حزبی، لێپرسراوانی حزبی، هەڵبژاردەكان و كارمەندانی دەوڵەت–نابێ. هەندێ لەم سەرچاوانە هەروەها پەيوەست بەستراتيژێكی هەڵبژاردن، راسپاردەی خۆيان دەخەنەروو. پسپۆرەكانی پەيوەندی لەحزبێكدا، لەبوارێك دا پسپۆرييەكی زۆريان هەيە– واتە پێشكەش كردنی راپۆرت لەسەر بارو فەزای دەنگدەران و دۆزينەوەی كاريگەرترين رێگا بۆ چێكردنی پەيوەندی لەگەڵ دەنگدەران. بەڵام راسپاردەی ئەم كەسانە لەگەڵ پێشنياری جێگۆڕكێی راوێژكارانيتر دەكەونە ناكۆكی و هەندێجار– بەتايبەتی سەردەمێ كە ئەو راوێژكارانە كەسانی ناو حكومەت بن– پسپۆرە كارامەكان بۆ سرنج راكێشانی سياسەتمەداران دەكەونە هەوڵ و تێكۆشان.

سياسەتمەدارە گەورەكان بەشێوەيەكی ئاسايی تارادەيەكی زۆر دەستەويەخەی گيروگرفتە هەنووكەييەكانی بەڕێوەبەرايەتی حزبی، پەرلەمان، داڕشتنی سياسەتە گشتييەكان و وەدەست خستنی رووبەرێكی باشی بڵاوكراوەكانن، نەك نيگەرانی خۆ ئامادەكردنی ستراتيژی ململانێی هەڵبژاردنێك كەدوای يەك دووساڵ دەكرێ. هەروەك لەبەشەكانی سەرەتای ئەم كتێبەدا گوتمان، رێبەرانی

سیاسی نەتەنیا راسپاردە گرنگەکانی پێشکەشکراو لەلایەن لێپرسراوانی پەیوەندییەوە- کەهەقێکی سەلمێنراوی ئەوانە- رەت دەکەنەوە، بەڵکو بەزۆری لەنزیك بوونەوەو ئاشنایی ئەو لێپرسراوانەی پەیوەندی دوور دەکەونەوە. لێپرسراوانی حزب و کادیرە تایبەتەکانی رێبەرانی حزب کە تەرخانی کاروچالاکین، لەبەرانبەر هاتنی کەسانی بێگانە، (گۆڕەپانی غارغارانێ)ی خۆیان دەپارێزن.

دۆزینەوەی ململانێیەکی هەڵبژاردن کە لەم دواییانەدا کراوەو ئەنجامەکەی تاراددەیەکی زۆر لەلایەن راپرسەکانی رای گشتی، دەزگاکانی پروپاگندە یان کارمەندانی پەیوەندی دەست نیشان کرابێ، کارێکی زەحمەتە. لەململانێی هەڵبژاردنی نزیك، وەك ئەوەی لەسالآنی ١٩٦٤و١٩٩٢دا بینرا، خۆتێگەیاندنی ئەوان دەیتوانی چارەنووسسازبێ، بەلآم لەهەڵبژاردنێك دا کەئەنجامەکەی بەهۆی رێژەیەکی کەمی دەنگ بەقازانجی لایەنی سەرکەوتوو، لەقەڵەم بدرێ، هەر هۆکارێکی دیکە دەکرێ لەم سەرکەوتنەدا بەکاریگەر لەقەڵەم بدرێ. پێوانەی رای گشتی و راسپاردەکانی پەیوەندی لەبواری ستراتیژی تێکۆشانی حزب لەوانەیە ئەوسەردەمە زۆرتر قبوڵ بکرێ کە ببنەهۆی بەهێزکردنی زانین و هۆشیاریی سیاسەتمەداران، وەك کۆبوونەوەی حزبی کرێکاران لەدەوری **هارولد ویلسۆن** لەسالآنی ١٩٦٤و١٩٧٠، تەئکیدکردن لەبەهای رووەو گەشە، لەباتی یاخیبوونی کرێکارانی کانەکان لەشوباتی ١٩٧٤، تەئکیدکردن لەبەرنامەی کاری کۆمەلآیەتی لەساڵی ١٩٨٧، وتەئکیدکردن لەمەسەلەکانی تەندروستی لەساڵی ١٩٩٢. هەر ئەم بابەتەش دەتوانرێ لەپشتیوانی حزبی پارێزگاران لەیەکێتیی نیشتمانی لەتشرینی یەکەمی ١٩٧٤، پێشکەوتنی رێبەرایەتی بێ ئەم لاو ئەولای **خاتوو تاچەر** لەسالآنی ١٩٨٣و١٩٨٧، وتەئکیدی ئەم حزبە لەباج و رێبەرایەتی لەساڵی

١٩٩٢ دا ببینرێ. لەهەموو ئەم مەسەلانەدا، سیاسەتمەدارە گەورەکان بوون کە بڕیاری ستراتیژییان دەدا.